نووسەرانی بوێر و ئازا

چەند وردە بابەتێک لە زمانی تورکییەوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

نووسەرانی بوێر و ئازا

چەند وردە بابەتێک لە زمانی تورکییەوە

نازم حیکمەت، یەشار کەمال
عەزیز نەسین

وەرگێڕانی: شوکور مستەفا

ناوی کتێب: نووسەرانی بوێر و ئازا
نووسینی: نازم حیکمەت، یەشار کەمال، عەزیز نەسین
وەرگێڕانی: شوکور مستەفا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٩٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: ناسیح ساڵح
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٦٠ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

پێڕست

هونەری نازم حیکمەت 7
ڕیپۆرتاجی تانگانیکا لە ١٠ نامەدا – نازم حیکمەت 31
نامە بۆ ژنەکەم – نازم حیکمەت 51
نامەی حەوتەم بۆ تارانتا بابوو – نازم حیکمەت 54
بۆ کوڕەکەم – نازم حیکمەت 57
بۆ نووسیارانی ئاسیا – ئافریقا – نازم حیکمەت 60
چەرخی نووسەرانی بوێر و ئازا – یەشار کەمال 63
شیری ماین – یەشار کەمال 68
گفتوگۆ لەگەڵ یەشار کەمال – سازدانی: ئەردال ئۆیز 74
لەبارەی ئەدەب و تەکنۆلۆجیاوە – یەشار کەمال 133
مەسەلە کڕین و فرۆشتنە – عەزیز نەسین 154
سفرە و خوانی بەربانگکردنەوەی ماڵە مەدەنییەک – عەزیز نەسین 161

هونەری نازم حیکمەت

ئەکبەر بابایێف

ژوورەکەی نازم حیکمەت، تابلۆی (هێرشەکەی) عابدین دینۆ بەدیوارەکانەوە، فۆتۆگرافە ڕەنگاوڕەنگەکەی ئەستەموول، (ئەسپەکانی عەونی)، دیارییەکەی پێشەنگەکانی بولگارستان: قالیچەیەکی نەخشین وێنەیەکی زۆر جوانی، زۆر گەورە، کوتومت لە نازم حیکمەت دەچوو بەقالیچەکەوە.

لەسەر مێزەکەی نازم، بەتایپەکەی نازم، پێشەکییەک بۆ کتێبەکەی نازم دەنووسم، بەو قەلەمەی نازم پێی بەخشیبووم هەڵە ڕاست دەکەمەوە.

نازم لەبارەی پۆشکین، شاعیری گەورەی ڕووسەوە وای نووسیوە:

«پۆشکینم بەسینەما، بەشانۆ دیت، چەندین کتێبم، چەندین بیۆگرافیم لەبارەی پۆشکینەوە خوێندەوە و لە هەموو جارێکیاندا دڵم هاتە سەر لێوانم، دەمگوت ئامان هەر ئێستا خۆی بەکوشت دەدا و لە هەموو جارێکیاندا هەستم بەخەم و پەژارەیەکی سامناک دەکرد و دەمگوت پۆشکین مرد».

سێزدە ساڵی ڕەبەق هاوڕێتییەکی زۆر نزیکم لەگەڵ نازمدا گوزەراند. هەموو شیعرەکانیم لە زمانی خۆیەوە بیست، بووم بەیەکەم خوێنەری ئەو شیعرانەی کە لە مۆسکۆ نووسرابوون، لە بیست و نۆی حوزەیرانی ١٩٥١دا لە (ڤۆگۆڤۆ) فڕۆکەخانەی مۆسکۆدا بەپیرییەوە چووم و لە سێی حوزەیرانی ١٩٦٣دا لە (نۆڤۆدیڤیچیە) گۆڕستانی مۆسکۆدا ماڵئاواییم لێی کرد.

جا ئێستا، کە ئەم پێشەکییە دەنووسم، ئەو ١٣ ساڵە زەق و زۆپ لە پێش چاوم زیندوو دەبنەوە و هەرکە لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣ نزیک دەبمەوە دڵم دێتە سەر لێوانم: ئامان نازم دەڕوا و خەم و پەژارەیەکی زۆر بەسام دام دەگرێ.

– «نازم بەم دنیایەدا تێ پەڕی»، «والا نوورەدین، هاوڕێی منداڵی و لاوێتیی نازم ئەم نەخشە نووسینەی بۆ کێلەکەی دانابوو: نازم بەم دنیایەدا تێ پەڕی».

نازم حیکمەت نووسینی زۆر و زەبەندەی لەسەر دەرچوو و هەتا دێ زۆرتریشی لەسەر دەردەچێ. لەبارەی هونەرییەوە ڕەخنە و ڕەخنەکارییەکی زۆر بڵاو کرایەوە و هەتا دێ هی تریشی دەربارە بڵاو دەکرێتەوە. بەڵام شتێک هەیە لە هەمووان گرینگتر: ئەویش ئەوەیە کە نازم بەزمانی خۆی لە هونەری خۆی دەدوێ.

نازم حەزی بەوە نەدەکرد بەزاری خۆی لە هونەری خۆی بدوێ. ئێمە بەزۆر و تۆبزی پێشەکیمان بۆ کتێبەکانی پێ دەنووسی، جارێکیان ملی لێ نا پێشەکییەکی ئاوهای نووسی:

«منداڵ بووم ئەگەر لە ئیملا و نووسینەوەی مەشقدا هەڵەم کردبا، دەبوو دەرسەکەم بەلایەنی کەمەوە بیست و پێنج جار نووسیبایەوە و بەو ڕەنگە سزا دەدرام. ئێستاش گرانترین سزا بەلامەوە ئەوەیە کە پێشەکی و سەروتار بۆ کتێبەکانم بنووسمەوە. ئەوە کتێب و ئەوە خوێنەر، زۆرم متمانە بەئەقڵ و هۆشی خوێنەران هەیە. ئەگەر متمانەم پێیان نەبوایە، داوای خوێندنەوەی کتێبەکانمیانم لێ نەدەکردن، کەواتا چ پێداویستییەک بەپێشەکیی من هەیە؟ من هونەر شێلە تێ دەگەم، یا بێلە تێ دەگەم مانای چییە؟ نیگای هونەرم، ئەم نیگایە چۆن نەشونما و گەشەی کردووە، بەر چ جۆرە گۆڕان و هەڵسوکەوتێک کەوتووە، چەند نووسینێکی هەڵبژاردەی وا بەلای خوێنەری کتێبەکانمەوە ڕوون و ئاشکرا نەبێ هەرچییەکی بیکەم پووچ و بێ مایەیە، بەڵام سەرەڕای ئەم قسانەش پێشەکی هەر دەنووسم، لچ و لێوی خۆم دەکرۆژم، نێوچاوانم کرژ دەکەم. هەڵدەستم، دادەنیشمەوە، بەڵام هەر دەشنووسم. لەبەرچی؟ بۆچی؟ بۆ ئەوەی چیم ویستووە بیکەم، چیم توانیوە بیکەم، بەئاواتی چییەوە بووم، چەندم لەمانە توانیوە بەجێ بێنم، دەمەوێ ئەمانە هەموو ڕوون و ئاشکرا بن، واتە نیگای هونەریم، ئەوەی دەمەوێ بیکەم، ئاواتم بەخوێنەران ڕادەگەیەنم. خوێنەر دەڕوانێ ئەوەی کردوومە و ئەوەی توانیومە بیکەم

دەیخوێنێتەوە، دەیانپێوێ، جوداوازی هەبێ دەیبینێ. هەڵبەت هەیە. ئاوات و عەزرەتمان گەلێ لە نوای ئەوانەوەن کە توانیومانە جێبەجێیان بکەین و گەلێ گەورەترن. جیاوازی هەیە، بەڵام دژایەتی نییە. من تاکە دێرێکم دژی نیگای هونەریم نەنووسی، تێش کۆشام قەت نەنووسم».

لە پاشان نازم چەند جارێکی تریش لەم بابەتە پێشەکییانەی نووسی. بەڵام ئەوەی من مەبەستم بوو – ئەوە بوو کە هیچی وای نەدەنووسی لە هونەرەکەی بدوێ، یا هەر نەیدەویست بنووسێ. هەمووشی هەر سەبارەت بەو هۆیانەی سەرەوە.

ڕۆژێکیان لە ئیتاڵیاوە، لەو دەزگایەوەی کە کتێبەکانی نازمی لە چاپ دەدا نامەیەک هات... خاوەن دەزگاکە نووسیبووی بەتەمایە هەموو کتێبەکانی نازم، هەرچی تا ئێستا نووسیویە با چەند بەرگیش بێ لە چاپ بدا و داوای ئەوەشی لێ کردبوو کە دەربارەی بیروباوەڕی هونەرەکەشی شتێک بنووسێ. ئەوەشمان لە بیر نەچێ ئەم دەزگایە دەزگایەک بوو کتێبەکانی نازمی لە هەموو دەزگاکانی تر چاکتر لە چاپ دەدا و تەنانەت جارێکیان سێیەم کتێبی (دیمەنەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکەمەوە)ی بەرانبەر یەک لاپەڕەیەکی بەتورکی و لاپەڕەیەکی بەئیتاڵیایی لە چاپ دابوو. نازم زۆری ڕێز لەو دەزگایە دەگرت و خواستەکەی بەخۆشحاڵییەوە قوبووڵ کرد.

دەستمان بەکۆکردنەوەی ئاسەوارەکانی نازم کرد، بەڵام کارەکە بەنیوەچڵی مایەوە. نازم چوو بۆ تانگانیکا، لە گەڕانەوەیدا بۆ بەرلین، لە پاشان زۆری پێ نەچوو... سێی حوزەیرانی ١٩٦٣.

پێش ئەوەی بۆ تانگانیکا بڕوا وامان بڕیار دا:

من هەرچییەکی لە کاتی جۆربەجۆردا نووسیوە و ئەو نووسینانەی لە کن منن (مۆنتاج)ێکیان لێ ساز کەم و نازم پاش گەڕانەوەی چاوێکیان پێدا بگێڕێ و هەر جێیەکی پێویستی بەقەڵەم تێوەردان بوو تێی وەردا و بەگوێرەی پێویست (پردیان) لە نێواندا بۆ هەڵبەستێ.

ئەمن (مۆنتاج)ی خۆمم ساز کرد و پێشانی نازمم دا، پەسندی کرد. لەبارەی پردەکانەوە دواین، دەبوایە پردەکان لە پاش دوو ڕۆژ هەڵبەسترابان...

جا ئەم نووسینەی خوارەوە ئەو مۆنتاجەیە. بەڵام بەداخەوە بەبێ پرد. ویستم پردەکان خۆم هەڵیان بەستم بەمەرجێ ئەوانەی نازم دەیویست بیانکات بەبیر بێنمەوە.

ئیملا ئیملای نازمە، دەسکاریم نەکرد.

«بۆچی شیعر دەنووسم؟ یا بەجۆرێکی تر بپرسم ڕاستترە: لەبەرچی و چۆن دەستم بەشیعر نووسین کرد؟» یا بیری خۆمی بێنمەوە.

سێزدە ساڵان بووم. لە ئەستەموولّ بووین. باپیرم شاعیر بوو، بەڵام تا ئێستاش لە شیعرەکانی ناگەم. بەشێوەی عوسمانلی شیعری دەنووسی. لە سەدا حەفتا و پێنجی وشەکانی عەرەبی و فارسی بوون، تورکیی لەسەر شێوە ڕێزمانی عەرەبی و فارسی دەنووسی، شیعرەکانی شیعری سۆفییانە و بابەتی ئاینی و دیدەکتیکانە (١) و دۆغماتیکانە بوون. تێیان نەدەگەیشتم. بەڵام من نەوەی باپیرێکی شاعیر بووم. دایکم شەیدای لامارتین بوو. بەفەرەنساوی شیعری دەخوێندەوە، جارێکیان، لەو سەردەمەدا شیعرەکانی لامارتین کرابوون بەتورکی، چەند شیعرێکی بەشێوەی عوسمانلی بوو، دایکم فەرەنساویی چاک دەزانی، بەڵام ئەویش وەکو من عوسمانلیی نەدەزانی.

باپیرم، مەولەوی نازم پاشا شاعیر بوو، دایکم شەیدای لامارتین بوو. لە ماڵەوە، سەرەڕای ئەوەی کە باوکم هیچ سەروساختێکی لەگەڵ ئەدەبیاتدا نەبوو، بەڵام شیعر لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو.

ماڵەکەی بەرانبەرمان ئاگری تێ بەربوو. بۆ یەکەم جار بوو چاوم بەئاگرکەوتنەوە دەکەوت. شڵەژام، ترسام. باپیرم بۆ ئەوەی ئاگرەکە بەرەو ماڵی ئێمە نەپەڕێتەوە، قورئانێکی هەڵگرت و بەرەو ڕووی ئاگرەکەی ڕاگرت، ئاگرەکە کوژایەوە. ئاگرەکە هەر لەخۆڕا دامرکایەوە، بەڵام لە پاش چی؟ لە پاش ئەوەی خانووەکەی کرد بەخۆڵەمێش. ئیدی منیش لە دوای سەعاتێ

یەکەم شیعرم بەناوی سوتمانەوە هۆندەوە. شیعرەکەم بەخەیاڵی خۆم لەسەر کێشی عەرووزی هۆندەوە کە زۆر جار باپیرم بەدەنگی بەرز شیعری پێ دەخوێندەوە، هەمیشە لە گوێمدا دەزرینگایەوە منیش لاساییم کردەوە. واتە نەکێشی پەنجەیی بوو و نەعەرووزیش بوو. کێشی سەربەستیش بووبێ، نازانم، لێی بێ خەبەر بووم، شتێک بوو خۆم ڕێکم خستبوو. زمانەکەشی هەر بەو تەرزە بوو، لاسایی شێوەی عوسمانلیم کردبووەوە بەخەیاڵی خۆم.

شیعرەکەش ئەمەیە:

دەسووتێ دەسووتێ

سامناکانە دەسووتێ چوکڵ و چیوان

بۆ باوەشی خۆی ڕادەکێشێ ئەم

دژمنی بەشەرە

خانووان، هەژاران، هەتیوان...

لە کاتێکدا ئەمانە دەنووسم هەستم بەشتێ کرد. تومەزا من لە ژێر تەئسیری ئەدەبیاتی نوێ لە باپیرمەوە و مەسەلا لە ژێر تەئسیری فیکرەتدا بووم. بۆچی؟ نازانم. بگرە سەبارەت بەوە بووبێ کە باوکم هیچ حەزی لە شیعریش نەدەکرد دووجار شیعری تۆفیق فیکرەتی بەدەنگی بەرز – ئەویش بەجۆرە عوسمانلییەکی تایبەتی شیعری دەنووسی – بۆ خوێندبوومەوە؟

بگرە ئەوە بووبێ.

پێم وایە شیعری دووەمم لە چواردە ساڵیدا نووسی. لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهاندا بووین. خاڵم لە چەناقەڵا شەهید بووبوو. تا بڵێی نیشتمانپەروەر بووم. شیعرێکم بۆ شەڕ نووسی چەند سەیرە، زۆر چاک دەزانم نووسیومە، تەنانەت بەشێوەی عوسمانلیشم نەنووسی، بەتورکی ئەو تاک و تەرا شیعرانەی (محەمەد ئەمین)م نووسی کە لە فێرگە دەمانخوێند و وشەی عەرەبی و فارسیی کەم تێدا بوون، بەڵام بەداخەوە یەک دێریم لە بیر نەماوە.

لە پاشان سێیەم شیعرم – هەڵەم نەکردبێ – لە تەمەنی شازدەساڵیدا نووسی، پێم وایە شاعیرێکی گەورەی تورک، (یەحیا کەمال)، کە زمان و بیروباوەڕێکی شیعرییانەی تازەی بۆ ئەو سەردەمە هێنابووە ئاراوە سەوداسەری دایکم بوو. دایکم شیعرەکانی لە ماڵەوە دەخوێندەوە. ئەم شاعیرە لە فێرگەی دەریاوانی مامۆستای مێژووم بوو. ئەوەی نووسیبووم بۆ پشیلەی خوشکەکەمم نووسیبوو. پێشانی یەحیا کەمالم دا، ویستی پشیلەکەش ببینێ، ئەو پشیلەیەی من شیعرم پێدا هەڵگوتبوو زۆری بەپشیلە ڕاستەقینەکە نەچوواند، گوتی: تۆیەک بتوانی بەم پشیلە پیسە گەڕەدا بەم ڕەنگە هەڵبلێی دەبی بەشاعیر.

لە دەوروبەری تەمەنی حەڤدە ساڵیمدا یەکەم شیعرم بڵاو کرایەوە. شیعرەکە بەناوی (سەروستان)ەکانەوە بوو، واتە بۆ ئەو مردووانەم گوتبوو کە لە ژیاندا تووشی عەشق و دڵداری هاتبوون و لە گۆڕستانەکاندا دەگریان. یەحیا کەمال زۆر شوێنی بۆ ڕاست کردمەوە.

لە پاشان بەسەودای کچانەوە گلام، شیعرم نووسی. دوایی ئیئتیلاف ئەستەموولی داگیر کرد، شیعرم لەبارەی ئەوان و ئەوانەی لە ئەنەدۆڵ شەڕیان دەکرد نووسی، ویژدان چییە، نامووس چییە، فلان چییە، بیرم کردەوە، شیعرم نووسی، بەڵام ئیدی زمانم پاراو و ڕەوان بووبوو و بەکێشی پەنجەیی و قافیەی ڕاست و دروست فێری شیعر هۆنینەوە بووم.

پەڕیمەوە بۆ ئەنەدۆڵ. میللەت بەئەسپی لەڕ و لاوازەوە، بەچەکی پاشماوەی حەزرەتی نووحەوە، بەبرسێتی، بەئەسپێ و ڕشکەوە لە دژی لەشکر و ئۆردووی یۆنان دەجەنگی. میللەت و شۆڕشەکەیم بۆ ئاشکرا بوو، پەشۆکام، ترسام، عەشق بووم، بوورامەوە، هەستم کرد پێویستە ئەمانە هەموو بەجۆرێکی تر بنووسمەوە، بەڵام نەمنووسی، هەژانێکی گەورەتری پێ دەوێ.

(ئیتر لەو ڕۆژەوە بێ شیعرنووسین هەڵناکەم).

کاتێ لە ئەستەموولی داگیرکراوەوە بەرەو ئەنەدۆڵ بوومەوە، بەتایبەتی کە

گەیشتمە بۆلوو و تێکەڵ بەخەڵک و خوا بووم و لەگەڵ گوندییەکاندا پێوەندیم پتر پەیدا کرد و ئاگا و ڕووداوی ڕووسیای سۆڤیەتیم بەگوێی خۆم دەبیستەوە، هەستم کرد گەلێ شتی تازە هەن هێشتا بەشیعر نەگوتراون و بەپێویستم زانی بیانخەمە نێو چوارچێوەی شیعرەوە. لەم کارەدا لە پێشدا کەوتمە سەر کەڵکەڵەی ئەوە چۆن ڕێبازێکی خۆیی شەکڵێکی تایبەتی خۆمەوە بدۆزمەوە. تازەکاری لە شەکڵدا بەگشتی ساناتر بەدەستەوە دێ، لە قافیەوە دەستم بەکارەکە کرد. قافیەکانم تەنیا لە کۆتاییی دێرەکانەوە دانەنا، یەکیانم لە کۆتاییەوە و ئەوی تریانم لەسەر دێرەکانەوە دانا بۆ نموونە:

یلدزلر له افقه صارقان بیاض،

دوم دوز بر گیجه

ساعتلر جر ناصل قوشمق

آرەزوسنی ویررسه...

لەگەڵ ئەستێرەکاندا شۆڕ بووەتەوە

شەوێکی سپی و ڕاست و بێ خەوش

چۆن بە سەعاتان ئارەزووی

تاودان بدا...

کە لە بۆلووە هاتمە تەرەبزوون، بەو مەبەستەی بپەڕمەوە ڕووسیای سۆڤیەتی، زۆر بەپەرۆشی ڕێبازێکی خۆییەوە بووم. بەڵام ئەم خۆیەتییە، واتە ئەم خۆیەتییەی من بەشۆڕشگێڕانەم لە قەڵەم دەدا، ویستم بەپێوار و ڕەمز و هێمای گشتی بیخەمە ڕوو.

بۆ نموونە:

ئەی ئەهرامی دەشتە سووتاوە

سوورهەڵگەڕاوەکانی میسر

ئەمڕۆ ئەو پیاوەی بەزمانی دڵی

خۆشی دەوێی بەڵکو دڵ ئازایەکە،

بەڵکو شێتێکە.

بەڵام سوێندی خواردووە بە

هەر جۆرێ بێ بتڕووخێنێ...

هاتمە باتووم. پێوەندیم لەگەڵ ڕیالیزمی سۆڤیەتیدا پەیدا کرد. لەلایەکەوە شیعری لەشکری سوورم نووسی، لەولای دیکەوە دیسان مەسەلەی ڕێباز و شکڵ سەرومڕ خەریکی کردم. (کتێبی پیرۆزم) بەچواردە پەنجەیی و حەوت پەنجەیی نووسی. ئەم جۆرە ئەزمەوونانە پێش منیش کرابوون. بەڵام من بۆ یەکەم جار ئەم ئەزمەوونەم لە شیعرەکانمدا بەکار دەهێنا، لە ڕۆژنامەی (پراڤدا)، یا (ئێزڤێستیا) دابوو، ئێستا وەبیرم نایەتەوە، بەهەرحاڵ شیعرێکی مایاکۆفسکیم بەرچاو کەوت، کورت و درێژیی دێرەکانی زۆری سەرنج ڕانەکێشام، بەڵام شیعرەکەم بۆ پێ نەکرا بەتورکی و لە مانا و مەبەستەکەی نەگەیشتم. کاتێ لە باتوومەوە هاتمە مۆسکۆ تخووبی ناوچەی برسێتیم بەزاند. ئەوانەی بەچاوی خۆمم دیتبوون زۆریان کار تێ کردم. بەڵام ویستم بقیرێنم کە برسێتییەکی وا شۆڕش ناڕووخێنێ. لە مۆسکۆ ویستم شیعرێک لەسەر کێشی پەنجەیی و بەهەموو ڕیزە پەنجەیەکانەوە لەبارەی برسێتییەوە بنووسم، بەڵام سەری نەگرت. ئەوساکە شێوە و شکڵی شیعرەکەی باتوومم هاتەوە پێش چاو. سەبارەت بەهەرچییەک بوو قەناعەتم بەوە هێنا کە لەسەر کێشە سەربەستەکانی فەرەنسی نەبوو، بگرە شتێکی نرت و نوێ بوو و شاعیر زۆر جار لە حاڵەتی داڵغەدا وا بیر دەکاتەوە و ئیتر ئەوە بوو شیعری (بیبلەی چاوی برسییەکانم) نووسی.

هەندێک

سوقان

بەئەژنۆی خۆیاندا دەکێشن

بەسکێکی خڕەوە

هەندێک

پێست... پێست

تەنیا

هەر چاویان دەژین

لەو سەردەمانەدا پێم وابوو ئەم تەرزە قافیەیە دەورێکی گەورە دەبینێ و بۆ ئەوەی بەسەر قافیەدا زاڵ بم دەستم بەمەشق و خۆڕاهێنان کرد. بۆ نموونە:

ببارە باران ببارە

ببارە باران ببارە

تۆڕەکان بدۆشە

هی باوکێتی

دیسان چەم وشکاویی هێنا ماسی

دەرناچێ...

هەر لەو کاتەدا قەناعەتم بەوە هێنا کە ئاوازی شیعر تەنیا سازێک، تەنانەت تاکە کەمانێک نییە، بگرە دەبێ ئۆرکێستڕایەک بێ بەچەندین ئامێری جۆراوجۆر و چەندین ڕیزی جوێ جوێ ئاواز و ئاهەنگی لێوە بێ، (هونەری نوێ)، (دەریای خەزەر)، (هێشوە بی) ئەم شیعرانە هەموو لە ڕووی تەکنیکەوە ئەزموون و بەرهەمی ئەم قەناعەتەمە.

لە تەواوی ئەم شکڵکارییانەدا کرۆک و بنیچەی شیعرەکان سرشتەکانی کێشی پەنجەیی، واتە شێوەی شیعری فۆلکلۆری میللیمان و هی عەرووزی، واتە ئەدەبیاتی دیوانی نەدۆڕاندبوو و هەمووی دەپاراست. لە قافیەسازیدا بەرەنگاری هیچ ئاستەنگێک نەدەهاتم. چونکە ئەدەبیاتی دیوان ئەوپەڕی هونەری قافیەسازی و ئیمکاناتەکانی پێ بەخشیبووم و ئەم لایەنەش بەشێک بوو لە داو و دەستوور و عەنعەنات و نەریتم.

شیعرەکانی ئەم سەردەمەم بەتایبەتی بۆ شانۆ یا بۆ خوێندنەوەی بەکۆمەڵ

دەنووسی. هەڵبەت ئەمەش کاری لە شکڵ و شێوە دەکرد. ئەمە نموونەیەکە بۆ ئەوەی بەکۆمەڵ و بەیەک دەنگ خوێندنەوەییم مەبەست بوایە و لەگەڵ تێمپۆی مارشی ڕەوتدا هەڵم دەبەست:

هەنگاو

هەنگاو

هەنگاوەکان هەنگاوە-کانی

قاڵ-درمە، قاڵ-درمە

قاڵ-درمە-کان، قاڵ-درمە-کانی...

شەقام

شەقامەکان -

قەڵەباڵغ

قە-ڵە-با-ڵغ

ئەم هەمــوو لێتــۆژینەوەیە، ئەم هەمــوو لێکۆڵینــەوانە بەدوای گونجـاوترین و سازترین شکڵدا بۆ خـۆیەتی لە تەئسیری ڕێبازێک یا چەند ڕێبازێکی شـیعری ئەو سەردەمەی سۆڤیەت بەدوور نییە.

«مـەبەست (لەو سـەردەمـە)ی کە نازم حیکمـەت دەڵێ واتە سـاڵەکانی ١٩٢٠. جا بەڕاستی لەو ساڵانەدا چەند ڕێبازێک لە شیعری سۆڤیەتیدا هەبوون، لە هەمــوویان گــرینگتــر «فــوتوریزم – ئایندەکــاری» بوو کــە مــایاکــۆفــسکی سەرۆکایەتیی دەکرد. لەمانە شاعیرە بەناوبانگەکانی وەکو ئیلیاسێلڤنیسکی و ئەدوارد باگریتسکی سـەر بە «کۆنسـتروکتیڤیـزم – ئینشـائیـەت – بنائیـەت» بوون. لەو سـاڵانەدا کە هێشـتا نازم حیکمـەت فێری زمـانی ڕووسـی نەبووبوو مەسـەلەکانی شکڵ و شێوە، نەک ناوەڕۆک و خۆیەتی، سـەرنجی ڕادەکێشا. نازم حیکمەت شکڵی شیعرەکانی مایاکۆفسکیی پەسند دەکرد و بەو تەرزە (لە ڕووی شکڵـەوە) دەستـی بەشیـعر نووسین کرد و خۆی بە (فـوتوریست) دادەنا، بەڵام ڕۆژێکیان تورکێکی ڕووسیزانی، لە کۆڵانێکدا تووش هات پێی گوت:

– ئەریّ تۆ شێتی؟ خۆت بە (فوتوریست) دەزانی، گۆیا تا ئێستا نەتزانیوە کە فوتوریستەکان ئینکاری لیریزم لە شیعردا دەکەن؟

نازمیش دەڵێ:

– هەی نەبێ، کەواتا من فوتوریست نیم، باشە ئەوانەی کە لیریزم ئینکار ناکەن کێن؟

– کۆنستروکتیڤیستەکانن.

– دە کەواتا من کۆنستروکتیڤیستم!

بەڵام کۆنستروکتیڤیستایەتیی نازم زۆری نەخایاندووە.

هەر لە پاش ماوەیەکی کورت، یەکێکی تر بەنازم دەڵێ: ئەوانەی لیریزم لە شیعردا ئینکار دەکەن فوتوریستەکان نین، کۆنستروکتیڤیستەکانن. نازم حیکمەتیش سەرلەنوێ دەبێتەوە بە (فوتوریست).

سەرەڕای ئەوەی کە تەئسیری فوتوریزم و کۆنستروکتیڤیزم لە ڕووی (خۆیەتی – ذاتیە)تەوە لە شیعرەکانی دواییی نازم حیکمەتدا بەدی دەکرا، بۆ نموونە: لە شیعری (هونەر هەڵمشتندا) – ئەو باڵانەی لەسەر شانی پەری ئیلهامی شیعرمدا کرابوونەوە لە پوترێلە (٢) ئاسنەکانی پردە ئاسنە هەڵواسراوەکانمن، بەڵام ئەم تەئسیرە بەگشتی لە شکڵدایە.

ئەمەش نموونەیەکی تر لە تەئسیری شیعری سۆڤیەتیی ئەو سەردەمە لە نازم حیکمەت، لە ساڵەکانی بیستدا شیعرێک لە مۆسکۆ زۆر باو بوو و دەماودەم بەسەر زاری خەڵکەوە دەگەڕا، شیعرەکە (گرەنادا)ی میخائیل سڤێتلۆف بوو. گرەنادا ناوی شارێکە لە ئیسپانیا. قارەمانی **شیعرەکە** (گرەنادا، گرەنادا) گرەنادا مۆیا! بەگۆرانی دەڵێ و لە ناکاو گوللەیەک لە نێوچاوانی دەدرێ وشەی گرەنادای بۆ تەواو ناکرێ و دەڵێ (گرەنا) و دەمرێ. نازم حیکمەتیش لە مانای شیعرەکە ناگا و وا دەزانێ ئەم وشە بەنیوەچڵی گوتنە و قرتاندنی بەشێکی لە بەشەکەی تری جۆرە هونەربازییەکە و لە شیعرەکانی (هێشوە بی) و (دەریای خەزەر)دا ئەم هونەربازییەی بەکار هێناوە:

شوکور مستەفا (٢)

ئەسپ سوارەکان، ئەسپ سوارە

کان، ئەسپ سوارەکان

ئەسپ سوارە باڵی ئەسپە

کانیان با!

ئەسپەکانیان باڵیان با...

ئەسپەکانیان با.

ئەسپەکانیان.

ئەسپ...

(هێشوە بی)

قایغ بڵند دەبێتەوە

قایغ نزم دەبێتەوە

قا بڵند دەبێتەوە...

قا نزم دەبێتەوە...

بڵند...

نزم...

بڵند...

(دەریای خەزەر)

لە پاش ماوەیەکی زۆر، لە ١٩٥٢دا کە قسە لەسەر ئەم شیعرانە دەکرا، نازم ئەمانەی گوتبوو:

– هیچ لە شیعرەکانی سڤێتلۆفدا نەتەقیبووەوە، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت نارنجۆکێک دەتەقێتەوە، لە شیعرەکانی منیشدا هیچ نوقم نەبووبوو، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم قایغێک نوقم دەبێ و ئەسپێکیش دەگلێ.

گوتمان:

– ئەوە چ دەڵێی؟ نارنجۆکی چی ئوستاد.

– ئەی گرەناتا نارنجۆک نییە؟

– بەڵێ، نارنجۆکە، بەڵام لە شیعرەکەدا (گرەناتا) نییە (گرەنادا)یە واتە شارێکە لە ئیسپانیا.

– نەباوە! دەک خوا بیبڕێ، چی بکەم، وای تێ گەیشتم، تازە شیعرەکەم نووسیوە.

ئەم نموونەیە، ئەوە پێشان دەدا کە شیعری سۆڤیەتی لە پێش هەموو شتێکدا لە شکڵدا تەئسیری لە نازم حیکمەت کردووە. پێویستە تەئسیری شیعری سۆڤیەتیی ئەو سەردەمە لە پێش هەموو شتێکدا لەو هەوا و بوارەدا منەیی بکەین کە شیعری ئەو سەردەمەی خوڵقاند، لەو ورووژان و هەیەجانەدا منەیی بکەین کە داگیرکردن هێنابوویە گۆڕی. ئەم ئیحتلالەی کە شیعری باگرێتسکی و سڤێتلۆف دەنووسی، بەشاعیری وەکو مایاکۆفسکێ و هەوای شەڕی نیشتمان ن د پ(٣) ئەو شیعرە بەهەیەجانەی بەنازم حیکمەت گوتووە. ناوەڕۆکی شیعری ئەو سەردەمەی سۆڤیەت چ لە شیعرەکانی سۆڤیەتیدا و چ لە شیعرەکانی نازم حیکمەتدا هاوبەشن. نازم حیکمەتێک کە لە خۆیەتییەکی نوێ، لە شەکڵێکی تازە دەگەڕا سوودی لە هەندێ شەکڵی شیعری شاعیرە سۆڤیەتییەکان وەرگرتووە. لە تەئسیرکردنی شیعری سۆڤیەتی لە نازم حیکمەت لەو باوەڕەدام ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە زۆر بەسوودە.

کە بۆ یەکەم جار گەڕامەوە وڵات، لە ١٩٢٥دا، ئەو شیعرانەی، چ لە ڕووی شەکڵ و چ لە ڕووی خۆیەتییەوە ڕووی دەمیان لە جەماوەر و کۆمەڵ دەکرد لە سەرنج ڕاکێشانمدا بەردەوام بوون.

لە نێو شیعرەکانی ئەو سەردەمەدا، شیعرەکانم لە شانۆدا، ڕاستەوخۆ دەتوانی بۆ گوێگرە کرێکارەکان بخوێنمەوە.

گەڕامەوە بۆ مۆسکۆ، لەلایەکەوە ڕیالیزمی یەکەتیی سۆڤیەت، لەلایەکەوە ڕووداوی مێژووانەی شۆڕشگێڕانەی نێو میللەتان، لەلایەکەوە داخ و حەسرەتی وڵات لە شیعرەکانمدا ڕیزی پێشەوەیان گرت.

بەتایبەتی لە دوای ئەوەی کە بۆ یەکەم جار هاتم بۆ مۆسکۆ گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە شیعر بەبێ سرشتی لیریک، کە جاران نەمدەسەلماند، ناگونجێ.

جا دووبارە گەڕانەوەی سرشتی لیریک بۆ نێو شیعرەکانم بوو بەهۆی نەرمونۆڵی لە شەکڵدا بۆ نموونە:

دەمەوێ بۆ دەریا بگەڕێمەوە

لە ئاوێنەی شینی ئاوەکاندا

قووت بخۆمەوە و بینێرم

دەمەوێ بۆ دەریا بگەڕێمەوە...

دەمەوێ بۆ دەریا بگەڕێمەوە...

ئەو خەیالانەی کە لە ناکاو و کوتوپڕ بۆ مرۆ دێن و وەک بڵێی تایبەت بێ بەجۆری کەسەکەوە بەرەبەرە دایانە کزی و کەمی. با چەند نموونەیەک بۆ ئەو جۆرە خەیالانە بخەمە پێش چاو.

بۆ یار:

ئەی پووانکارەی کراس هاودامانی

بێ موو

یا:

ئەی، ئەو ژنەی ڕۆحی قەمەرەی

لۆردانە

یا:

... من ئەوسا بەختەوەرم

کە جووتێ پەروانە بەکلکمەوە

ببەستم...

تۆربینێکیش لەسەر سکم دانێم

گەڕامەوە بۆ وڵات، سنوورم بەزاند و نەبەزاند کەوتمە زیندانەوە. تەئسیری

زیندانی هۆرا، لە ڕووی خۆیەتییەوە خۆی لە شیعرمدا نواند. نۆتەکانی زیندانی هۆرا واتە گەیشتن بەبەهرەی وەرگرتنی جۆرە ڕیالیزمێکی تازە. هەرچی شکڵیشە بەو پێودانە بوو بەتەرزە ڕوونکردنەوەیەک، چیرۆک گێڕانەوەیەک. خەیاڵەکانیش نوێ بوونەوە. ئەمە نموونەیەک لە شیعری (بێدەنگی):

دەرەوە

دەڵێی یاخییەکە

سورمە بە شەرواڵەکەیەوە

دەسووتێ.

وێڕای ئەوەش، جۆرە ڕووکەشییەک لە ڕووی شکڵەوە هێشتا بەسەر شیعرەکانمدا زاڵ بوو.

بزووتنەوەی پارتەکانی نێو وڵات بەجارێ لە سەدا نەوەت و هەشتی یاساغ بوو. بەڵام ڕێگەی هەندێ بڵاوکردنەوەی قانوونی هەبوون. نەمدەتوانی شیعرەکانم لە شانۆوە بەدەنگی بەرز بۆ کرێکاران بخوێنمەوە، بەڵام دەکرا بەشێوەیەکی قانوونی واتە بەچوونە زیندانەوە لە چاپ بدرابان، ئەم هەڵوێستە تەئسیری هەم لە ناوەڕۆک و هەم لە شکڵی شیعرەکانم کرد.

وێڕای بەکارهێنانی قافیەی توندوتیژ و خەیاڵیی کوتوپڕ و لە ناکاو لە هەندێ شیعری وەکو لە (کەرەم) و هەجووەکانمدا بەدی دەکرێ، لە شارێی خۆیدا، سرشتی لیریک، بەسرشتی دڵداری تێ ناگەم، بەرەبەرە بەهێز بوو، قافیەکان نەرم بوونەوە. دەنگی شاعیر لە ڕووی زمانەوە جا لەگەڵ تاکە کەسێک، یا چەند کەسێکدا بدوێ نزم و هێدی بووەوە. (ئی ریزەکە)، (مردنی ئی ریزەکە)، (ئەو تەلگرافەی شەوێ هات)، (چیرۆکی لێک دابڕانێک)، (خۆشبینی)، (بەشکو من)، (دێوی چاوشین) و... هتد، نموونەی قسەکانمن.

بەشکو من

لەو ڕۆژەوە

زۆر لەمێژتر،

بەسەر پردەکەوە شۆڕ بوویێتمەوە

لە سبەینانێکدا سێبەرەکەم بەر بدەمەوە

سەر

قیرتاوەکە.

بەشکو من

لەو ڕۆژەوە

زۆر لە پاشتر،

لە چەناگەمدا نیشانەی ڕدێنێکی سپی

یا:

بەساغی دەمێنم...

ئەو دێوێکی چاوشینە.

حەزی لە ژنێکی خنجیلانە کرد

ژنەکە خەیاڵی لەماڵێکی چکۆلانە

دەکردەوە

ماڵێک

لە باخچەکەیدا

گوڵەبەهارە بپشکوێ...

ڕووداوەکانی نێو میللەتان جێگەیەکی زۆر گرینگی لە شیعرەکانمدا دەگرت، ئەم شیعرانەم بۆ باری ئەوێ ڕۆژێی وڵات، ناچار بووم جۆرە تەمومژێکی بخەمە سەر. دەنا لە چاپ نەدەدران. هەندێکیان جارجار لە واقیعی تورکیا دەدوا. هەروەکو لە (بۆچی خۆی کوشت)دا بەدیار دەکەوێ. لە هەندێکیاندا ناچار بووم لە ژێر پەردەی سرشتێکی فەنتازیدا بیروباوەڕم دەربڕم.

کەچی هەروەکو لە (ژوکۆند لەگەڵ سی – یا – ئو)دا هەستی پێ دەکرێ. لە

هەندێکیاندا بەئاشکراتر دەمتوانی بنووسم. لەمانە بەتایبەتی دەکرا سرشتی هەجوو گاڵتەوگەپ و جەفەنگ بەکار بێن. هەروەکو لە (نامە بۆ تارانتا بابوو)دا بەدی دەکرێ. دیارە ئەم هەموو ناوەڕۆکە کاری خۆی زۆر چاک لە شکڵیش دەکرد.

دوا بەرهەمی ئەم ڕیزە داستانە داستانەکەی بەدرەدینە. لەمانەدا لە ڕووی شکڵەوە، سروشتەکانی کێشی نێو خەڵک، سروشتەکانی ئەدەبیاتی دیوان، بەلای منەوە تا ئەوپەڕی لەکار هاتوون. لەلایەکی ترەوە، ئەم کتێبە، لە ڕووی شکڵەوە موحاسەبەیەکی سەرلەبەری ئیمکاناتەکانی شکڵ بوو کە تا ئەو سەردەمە وەدەستم هێنابوون. لەم کتێبەدا، کە پەلەی تێدا کرا و توانرا تەنیا نیوەی بنووسرێتەوە لەم کتێبەدا لە ڕووی شکڵەوە ویستم هەموو قۆناغەکانم، هەندێ جار لە پارچەیەکدا و هەندێ جار لە پارچەی جوێ جوێدا بەکار بێنم:

گەرمە

گەرم

کێردێکی دەسک خوێناوی، ئاسنی کولە

گەرم...

یا:

«گوتمان،

گوتمان

ببینین

بنووسێین

بەدەستەدووەکەوە

با سەرێک ئێمەش زەویی ئەم برایە

لێ خوڕین، گوتمان.

یا:

ڕەخت کەسک و ئاڵ، تاڵ تاڵ

ئاوریشمی بورسە،

چینی کوتاهیای وەکو باخچەیەکی

شین بەدیوارەوە

مەسینەی زیوی پڕ لە شەراب

بەرخی سوورەوەکراو لەسەر

سینیی مس

براکەی خۆی مووسای بەتاری

کەوان خنکاند

لە لەگەنێکی زێڕی نوێدا بەخوێنی

برا دەسنوێژی هەڵگرت.

چەلەبی سوڵتان محەمەد لەسەر

تەخت بوو خوونکار بوو...

لام وایە لە دوای ئەم کتێبە، مەسەلەکانی شکڵ، پاش چوونە زیندانم، لە مێشکمدا پتر بریقەی پەیدا کرد. لە پێشدا ئینکاری ئیمکانی هیچ شکڵێک ناکەم، هیچ تەرزێک لە حیسابان دەرناهاوێژم.

شیعر، قافیەدار، بێ قافیە، بە کێش، بێ کێش، پڕ وێنە، بێ وێنە، بە هەرا و گاڵە، کڕوکپ، هەمووی دەکرێ بنووسرێ، هەر هێندە بەسە ئەوەی کە دەنووسرێ گونجاوترین شکڵی خۆی، هەندێ جار بەپێی قۆناغێکی مێژوویی گونجاوترین شکڵی خۆی – زۆر بەوەستایانە لەبەر کرابێ.

من بەش بەحاڵی خۆم دەمەوێ شکڵ بەجۆرێ لەگەڵ ناوەڕۆک و خۆیەتیدا بگونجێنم و جۆشیان بدەم کە ناوەڕۆک و خۆیەتییەکە دوو هێندەی تر ڕوون بکاتەوە، بەڵام شکڵەکە خۆی ڕوون نەبێ، ئەمە وەکو ئەو گۆرەوییە وایە پووزی ئافرەتێکی جوان هێندەی تر جوانتر دەکا بەڵام گۆرەوییەکە لەبەر تەنکی

بەحاڵیش نابیندرێ. ئەمە ئەو شکڵەیە ئەمڕۆ تەرجیحی دەکەم. بەڵام بێگومان، سبەینێ دەتوانم شکڵە ڕەنگاوڕەنگەکانیش تەرجیح بکەم. لە پاشان، بەپێی ئەو قەناعەتەی ئەمڕۆ گەیشتوومێ، شیعر هەرچەند کورت بێ و تەنانەت لە کورتترین شیعردا، پێویستە شکڵیش بەپێی مەوجدانەوە و کشانی ناوەڕۆک و خۆیەتی بکشێ و مەوج بداتەوە. مەسەلا شیعرێک کە بێ قافیە دەست پێ دەکا پاش ئەوەی لە قافیە مقەیەدەکان دەترازێ، دوایی دیسان دەکرێ بەبێ قافیە کۆتاییی پێ بهێنرێ، یا بەپێچەوانە، یا دەکرێ ڕیزکارییەکی شکڵیی تری بۆ بسازێندرێ. ئەمە لە ڕووی زمان و ئاواز و ئاهەنگیشەوە هەر وایە.

لە پاشان مرۆ تا بۆی بکرێ قسەکانی کورت و قەدبڕ بن چاکە، پیاو تا پتر بۆی بلوێ خۆی لە ڕووکەشکاری بدزێتەوە پەسندە. تەواوی ئەم قسانەی کردم لە شیعری (دیمەنەکانی مرۆڤ) و شیعرەکان سەردەمی دواییدا تاقی کردووەتەوە و بەنموونەش دەلوێ ڕوونی بکەمەوە:

سەرلەبەری دەرگەکان داخراون

هەموو پەردەکان دادراونەوە

لە کوێن، لە کوێن، لە کوێن

لە شوێنێکن نەکەسی بۆ دەچێ و

نەکەسی لێوە دێ

لاڵەکان لە دوورەوە زۆر لە

دوورەوە لەگەڵ کەڕەکان فسکە

فسکیانە.

نیگا چاوی نییە لەشکر بێ پێیە

هێندەم گرتن ڕاونا ماندوو بووم

با جگەرەیەک بکێشم.

دەمەوێ تا بۆم بلوێ، خۆم لەو شتانەی کە شیعر دادەپۆشن: وەکو مانگەشەو، دووکەڵ، توول، هێمابازی، یا قسەی باڵدار و حەماسەتی ئەسپێ

کە دەکەوێتە شاخ و باڵ و ئیتر چیی تر؟ دەمەوێ خۆم لە هەموویان لادەم. نەک دێرێکی زیاد بگرە نامەوێ وشەیەکی زیادیش بنووسم، دەمەوێ ئەوانەی هەستیان پێ دەکەم، ئەو شتانەی بیریان لێ دەکەمەوە، بەڕووت و قووتی زیندووەوە ڕاستەوخۆ و یەکسەر و لە قەدبڕترین ڕێگەوە بیاننووسم. دەمەوێ بۆ هەر ناوەڕۆک و خۆیەتییەک گونجاوترین شکڵ پەسند بکەم نەک هەر لە ئەدەبیاتی خۆم، بگرە لە نەریت و عەنعەناتی سەرلەبەری ئەو ئەدەبیاتانەش سوود وەرگرم کە دەیانناسم. تەنانەت ئەگەر پێویست بێ هەندێ جار نەریت و عەنعەناتی ئەدەبیاتەکەی خۆشمیش دەخەمە لاوە. قەناعەتیشم بەوە نییە کە لە ئەسەرێکدا دەبێ نەریت و عەنعەنەیەک گەشە پێ بدرێ و هەر ئەوە بەماکی ئەدەبەکە بزانرێ. هەموو هونەرمەندێک تا دوا هەناسەی دەبێ لە گەڕان و لێکۆڵینەوەدا بێ. جا لەم گەڕان و سووڕانەدا دەبێ بۆ هەر ناوەڕۆک و خۆیەتییەکی دیاریکراو گونجاوترین شکڵ بدۆزێتەوە، تا دەتوانێ خۆی لە خۆدووبارەکردنەوە بپارێزێ، کەسایەتیی خۆی نەدۆڕێنێ، لاسایی نەکاتەوە.

هەڵبەتە دەبێ سوود لە کۆمەڵێ بنکەی ئەزموونکراوی هونەر وەرگرێ، پێویستە سوود لە نەریت و عەنعەناتی هونەری خەڵکەکەی خۆی، هونەری خەڵکەکانی جیهان، هونەری کلاسیکی گەلەکەی خۆی و گەلەکانی جیهان وەرگرێ. بەڵام هەروا بەسادەییەوە دەبێ سوودیان لێ وەرگرێ، نابێ کۆت و زنجیریان لە پێ بکا.

لێرەدا سەرنجتان بۆ وشەی هەموو مرۆڤایەتی ڕادەکێشم، سەرپاکی مرۆڤایەتی تەنیا ئەوروپا. تەنیا یۆنانی کۆن، ڕۆمانیە. بەئاسیاوە، بەئەفریقاوە، بەئەمەریکای کۆن و نوێوە، مرۆڤایەتی برێتییە لە هەموو دنیا کلاسیکەکانی چین، ژاپۆن، کلاسیکەکانی هیند، ئێران، تورک و هونەرمەندانی نێو خەڵک، بەگشتی بەشی ئەم وڵاتانە لە خەزێنەی کولتووری مرۆڤایەتی لەم بەشی ئەوروپا و یۆنانی کۆن و ڕۆما و ڕۆینەسانس لە خوارتر نەبووە... ئەمە لە ڕەسمیشدا، لە شیعریشدا، لە پەیکەرتاشیشدا، لە ئەدەبیاتیشدا، لە سەما و ڕەقسیشدا هەر بەو جۆرەیە.

مادام له کلاسیک دەدوێین، دەمەوێ هەندێکی تر لەسەر ئەم باسە بووەستین. هەندێ لە ڕەخنەگرەکان حەزیان لەوەیە کلاسیکخوازەکان و نوێخوازەکانی ئەمڕۆمان بەگژ یەکدا بکەن و بیانکەن بەدوژمنی یەک. ئەم جۆرە حەز و مەیلەش وەنەبێ تایبەتی بێ بەڕەخنەگرانی ئەم سەردەمەی ئێستامان، ئەمە هەر لە کۆنەوە باو بووە... ڕاستە؟ بەلای منەوە ڕاست نییە، جارێ کە دەڵێین کلاسیک چی لێ تێ دەگەین؟ بەکام هونەرمەند دەڵێین کلاسیک. بەپێی کتێبەکانی ئەدەبیاتی فەرەنسی، بەپێی زۆربەی زۆری ڕەخنەگرەکانیان، ئەدیبەکانیان، کۆڕنەی، ڕاسین، مۆلیێر، نووسەری کلاسیکن. هەرچی ڤیکتۆر هۆگۆیە، بۆ نموونە ڕۆمانتیکە. گۆتەش هەر ڕۆمانتیکە، پۆشکینیش ڕۆمانتیکە، بەڵام بەگوێرەی بەشێکی زۆری ئەدیبەکانی ئەڵمانیاوە، گۆتە، شیللەر کلاسیکی ئەدەبیاتی ئەڵمانن. هەروەکو بەگوێرەی ئەدیبە ڕووسەکان پۆشکین و لێرمۆنتۆف شاعیری کلاسیکن. کەواتە وشەی کلاسیک و ڕۆمانتیک بەگوێرەی هەموو وڵاتەکان دەگۆڕێ. بەڵام تۆ بڵێی ئەندازەیەک بەگوێرەی هەموو وڵاتەکان نەبێ؟ هەیە. وەنەبێ تەنیا یەکێکیش بێ. چەندین ئەندازە هەیە. من لە گرینگترینیان دەدوێم. هونەرمەندی کلاسیک نوێکاری سەردەمی خۆیەتی، ئەو کەسەیە کە شتی نوێی هێناوەتە بەرهەم. هەڵبەتە ئەم نوێکارییە ئەوەیە کە بەر زەبروزەنگی زەمانە بگرێ. واتە هونەرمەندی کلاسیک، ئەو باخەوانەیە یە نەمامێکی نوێی لە باخچەی هونەردا ڕواندووە. نەمامەکەش بەرگەی هەموو وەرز و با و زریان و شەختە و بەستەڵەک و زوقومێکی گرتبێ و هەڵی دابێ و فراژی بووبێ و تا ئێستاش سەوزایی و نشونمای خۆی پاراستبێ.

با لەم ڕووەوە پۆشکین بەنموونە بێنینەوە: بێگومان ئەم شاعیرە هەرە نوێخوازی سەردەمی خۆی بوو. جا چ لە ڕووی ناوەڕۆک و خۆیەتییەوە و چ لە ڕووی شکڵەوە نوێیایەتییەکی زۆری بەشیعری ڕووسی و شیعری دنیا بەخشیوە. ئەم نوێیاتییانەش کورسیی خۆیان بەستووە و چەسپیوون. هەر سەبارەت بەمەشە کە کلاسیکن. کەچی لە سەردەمی خۆیدا هیچ بەکلاسیک لە

قەڵەم نەدەدران. با لە مایاکۆفسکی بدوێین، ئەم شاعیرە مەزنە تازەیەش ئەمڕۆ کلاسیکە.

کەواتا کلاسیکایەتی دوژمنی نوێیایەتی نییە. بەپێچەوانەوە، هیچ هونەرمەندێک لە سەردەمی خۆیدا نوێکار نەبووبێ نەبووە بەکلاسیک.

لە باسی هونەردا گەورەترین دوژمنمان (سێکتەر – تعصب)یەتییە، کە سێکتەرایەتیش جۆرێکە لە (نهلیست – عدمیە)ت.

سێکتەر جگە لە زەوق و چێژی خۆی بەولاوە باوەڕی بەهیچ شتێکی تر نییە، هەرچی گۆشە و نیگایەکی هونەریی تر هەیە هیچی بەهیچ نازانێ و نایسەلمێنێ. جارێ خۆ ئەوە لەلایەن شکڵەوە سێکتەرایەتی هێندەی خراپە زۆرە هەر وەختە بڵێم لە ژمارە نایەت ئەو کەسانەی دەڵێن شیعر بەبێ کێش و قافیە نابێ مێشکیان هێندەی مێشکی ئەو کەسانە تەسکە کە دەڵێن شیعر نەکێشی دەوێ و نەقافیە. شیعر بەم جۆرەش دەنووسرێ و بەو جۆرەش. ڕای ئەو کەسانەی کە دەڵێن زمانی ئەدەبیات، بەتایبەتی زمانی شیعر بەخەیاڵ و تەشبیه و فلان و فیسار دێتە گۆڕێ تەنیا زمانێکی وا زمانی شیعرە چەند هەڵەیە سەلماندنی پێچەوانەی ئەم ڕایەش هێندە هەڵەیە.

لە چاخی لاوێتیمدا منیش، قسەی خۆمان بێ، کەم سێکتەر نەبووم، لە پاش ئەوەی کە شیعرم بەکێشی کلاسیکەکانی نێو خەڵک دەنووسی، لە شکڵدا دەستم بەگەڕان کرد لە دووی نوێیایەتی، بەگوێرەی خۆم، لەسەر جۆرە کێشێکی ڕەها و سەربەست دەستم بەشیعر نووسین کرد. لە هیم و بنەڕەتدا دیسان ئەندازە و پێوانەی خەڵکی تێدا بوو.

لە باسی قافیە و زمانیشدا هەر بەو جۆرە. بەڵام کەوتمە لاف لێدان و ئیدیعای ئەوە کە شیعر تەنیا هەر بەم جۆرە دەنووسرێ و لەم شکڵە بەولاوە بەهیچ شکڵێکی تر نانووسرێ. ماوەیەکی دوور و درێژ شەمەم لە شیعری دڵداری نەکرد و نەمنووسی.

تەنانەت وشەی (دەروون)م لە شیعرەکانمدا بەکار نەهێنا، دەمگوت دەروون

پێوار و ڕەمزی شوعوور نییە، هی ئیحساساتە. سەردەمێک هەر خەریکی ئەوە بووم لە نوای ڕەنگاوڕەنگترین و بەئاواز و دەبدەبەترین شکڵەکانەوە غار بدەم، بیرم کردەوە ئەوانەی دەمویست بەخەڵکی ڕاگەیەنم ئەگەر بەم شکڵانە دەریان برِم پتر بەدڵەوە دەنووسێن و ساناتر گوێیان لێ دەگیرێ، زیاتر هەست دەبزێون. سەردەمانێکیش هات هەمووی پێچەوانە بووەوە، ویستم بەسادەترین شکڵ، بەو شکڵانەی کە بەرچاو ناکەون گۆرانییەکانم بۆ خەڵک بڵێم. کەی بەهەڵە چووم؟ بەلای منەوە ئەمەش پێویستە و ئەوەش، ئی تریش و ئی تریش. هونەرمەند بۆ ئەوەی خەڵک گوێ بۆ گۆرانییەکانی هەڵخەن بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەم شکڵ و ئەو شکڵ ناچارە تا دوا هەناسەی هەر لە گەڕان و سووڕاندا بێ. هەندێ جار ئەم گەڕان و سووڕانەی چەندین مانگ دەخایەنێ، جگە لە سەرێشە و دەمارکرژی هیچ ئەنجامێکی تر بەدەستەوە نادا. جا با وابێ. هەندێ جار بەهەڵە دەچێ. با بەهەڵە بچێ هونەرمەندێک سەری چەندین مانگ نەیەشێت، دەمارکرژی تووشی نەبێ، بەهەڵە نەچێ ئەوە هەر لە جێگەی خۆی دەمێنێتەوە.

من ئێستا لە هەموو شکڵ و شێوەکان سوود وەردەگرم. بەکێشی فۆلکلۆرییانەی خەڵکیش دەنووسم، شیعری قافیەداریش دەنووسم، بەپێچەوانەشەوە دەنووسم. لە دڵداری و سەودا، لە ئاشتیش، لە شۆڕشیش، لە ژیانیش، لە مەرگیش، لە پەژارە و خەمیش، لە ئومێد و نائومێدیش لە هەمووان دەدوێم. دەمەوێ هەرچی سەر بەمرۆڤایەتییە و تایبەتی ناوەڕۆک و خۆیەتییە سەر بەشیعرەکانم بێ و تایبەتی هەڵبەستەکانم بێ. دەمەوێ خوێنەرەکانم بتوانن هەموو هەست و نەست دەربڕینەکانیان لە مندا، یا لە ئێمەدا بدۆزنەوە، کاتێ دەیانەوێ لەبارەی یەکی مایسەوە شیعر بخوێندرێتەوە ئێمە بخوێننەوە. کاتێ دەیانەوێ لەبارەی دڵداری بێ پاداشت شیعر بخوێننەوە لە دوای کتێبەکانی ئێمە بگەڕێن. شاعیر لەبارەی خۆیەوە بدوێ یا نەدوێ دەنگی بەتاکە کەسێک یا ملیۆنان کەس ڕابگەیەنێ، نیگای فەلسەفی و سیاسیی ئەو شاعیرە ڕوون ناکاتەوە. چەندین شاعیر هەن لەگەڵ ملیۆنان مرۆڤدا دەدوێن و

هیچ باسی خۆیان ناکەن، لە نوێنەرانی فەلسەفەی سۆفییەت و سەبجەکتیف و ئایدیالیستن. بەپێچەوانەوە چەندین شاعیری وا هەن کە تەنیا باسی خۆیان دەکەن، یا زۆر جار باسی خۆیان دەکەن ماتریالیستن، جا شیعری ئەم شاعیرانە بووە بەماڵی کۆمەڵەکان.

هەرچی خۆمم حەز دەکەم لە شیعرەکانمدا تەنیا لە خۆشم بدوێم و دەمەوێ لە سێوێکیش بدوێم، هەروەها دەمەوێ لەبارەی خاکێکی کێڵدراو و لەبارەی ڕۆحی کەسێک کە لە زیندان دەگەڕێتەوە بدوێم، دەمەوێ لەبارەی شۆڕشی ئەو کۆمەڵانەی کە بۆ ڕۆژێکی خۆشتر تێ دەکۆشن، لەبارەی خەم و پەژارەی تاکە کەسێک کە باسی دەردی دڵداریی خۆی دەکا شیعر بڵێم.

دەمەوێ هەم لەبارەی لە مردن ترسانەوە و هەم لەبارەی لە مردن نەترسانەوەش شیعر بنووسم.

دەبێ هونەر تەرجومانی ئێش و ئازاری خەڵک، دەرد و مەینەتیی خەڵک، هیوا و ئاواتی خەڵک، خۆشیی خەڵک، خەم و حەسرەت و پەژارەی خەڵک بێ. ئەوەی لە بیروباوەڕی هونەرمدا نەگۆڕاوە ئەمەیە. لایەنەکانی تر هەمیشە لە گۆڕاندایە و دەگۆڕێ. ئەوەی ناشگۆڕێ، بۆ ئەوەی بتوانم بە هەرە هەست بزوێن، بەوەستایانەتر، بەسوودتر، جوانتر و پێکەڵتر رای بگەیەنم، بەبێ ماندووبوون دەگۆڕێم و دەگۆڕێم.

ئەو بیروباوەڕانەی کە نازم حیکمەت لەبارەی هونەرەکەی دەری بڕیوە هەندێکی بەدەستی خۆی و هەندێکی بەمن نووسیوەتەوە.

پاشکۆی عێراق، ژمارە ١٢ – ١٣، شوبات و ئاداری ١٩٧٨

ڕیپۆرتاجی تانگانیکا لە ١٠ نامەدا

نازم حیکمەت

نامەی یەکەم

بەدەشتە بەفرگرتووەکانی ئۆکرانیادا دەفڕم.
چەندین ساڵە، ئەمە یەکەم گەشتی ئاسمانیمە بێ تۆ.
لە دەستت گەڕام کە لە زەوی دابڕام،
ڕاهاتنە،
کە دەشنیشمەوە هەر دەگەڕێم.
دوێ شەو باوڵەکەم دەپێچایەوە،
سەرشانەکانت خەمبار بوون،
بەڵکو واش نەبێ، من پێم وابوو، چونکە حەز لە خەمباربوونیان دەکەم.
ئەم بەیانییە لەگەڵ ڕووناکیی بەفردا بەخەبەر هاتم.
مۆسکۆ لە خرپەی خەودا بوو، تۆیش لە خرپەی خەودا بووی.
قژت لە ڕەنگی کا، بژانگت شین.
گەردنە سپییەکەت درێژ بوو، خڕ بوو،
لێوە سوورە گۆشتنەکەت بەبارێ خەمەوە.
ڕەنگە واش نەبێ، من پێم وابوو، چونکە حەز لە خەمباربوونی دەکەم.
بەسەر نووکی پەنجەوە دام کێشایە نێو ژوورەکەی لاتەنیشتەوە.
وێنەکەت لەسەر مێزەکەم بوو، سەیری خۆرەتاوێکی هاوینانت دەکرد،

لە لارا وێنەکەت گیرابوو.
بەتەنگ ڕۆیشتنمەوە نیت.
ئاخنیمە گیرفانمەوە.
دنیا تەواو ڕوون بووەوە.
تابلۆیەکی بۆیەی چەوری دینۆ بەدیوارەوە:
گەواڵۆکەیێ هەور بە ڕووی ئاسمانێکی بێ سنوورەوە،
ڕەنگە نەڕووی ئاسمان، نەهەور،
بزاوتۆکەیەکی سپی لە شینایییەکی بێ سنوورەوە،
نیگاری گەشبینی، بەختەوەری.
ژنە دەرکەوانەکان لە حەوشە کرەکرِ دەستیان بە بەفرماڵین کرد.
چوومە ژوورەوە.
لە سەر و سوورەتم ڕاماوی، پەشێو، خەمناک،
ڕەنگە خەم نەبێ، چاو خەواڵوویی بێ،
گوتم: «بۆ بەڕێکردنم مەیێ»،
کەچی هەر وەخت بوو بۆ بەڕێکردنم سوێم بێتەوە، تۆ نازانی.
باوڵەکەمت بەدەستی خۆت کلیل دا.
دەرکەم کردەوە چوومە نێو دالانەکە.
تۆ لە ژوورێ لەگەڵ دەرکەدا دیمەنی بەهارێ بووی، دیمەنی بەهارێ
لە گەرمەی چێشتاندا، گەڵا و ئاونگ یەکپارچە بریق و باق.
بێ سێبەر.
دەرکەم لەسەر پێوە دای.
تا گەیشتینە ڤۆنۆکۆڤا، دوو بەدوو لەگەڵ (ئەکبەر) هەر لەبار تۆوە
دواین،

ڕاستت دەوێ هەر من قسەم دەکرد، ئەو گوێگر بوو.
وا بەسەر دەریای ڕەشدا دەفڕم، لە بڵێندیی هەشت هەزار مەترەوە.
نازانم لە بیرت دێ،
ئەوە بوو بەساڵێ،
پێکەوە بەسەر وارشۆ - ڕۆما - پاریسدا بۆ قاهیرە فڕین.
تۆ بڵێی قاهیرە هەر ئەو قاهیرەکەی جاران بێ بێ تۆ؟
لە بڵێندایی هەشت هەزار مەترەوە، وام بەسەر ئەنەدۆڵەکەمەوە.
لە قووڵایی هەشت هەزار مەتردا، لە ژێر هەورەوە، وڵاتەکەم
زستانی ڕەش.
گوندەکان لەمێژە ڕێیان بڕاوە، ڕێبەندانە.
هەریەکە بەتاقی تەنیا لە چۆڵێکی بەفرگرتوودا.
شۆربای ساوار بەبێ چەوری.
لەبەر چەق و دووکەڵی تەپاڵە چاو چاو نابینێ.
ساوا هێند زوو دەمرن، وەختی ئەسپێ و ڕشک تێدانیان وەچەنگ ناکەوێ.
کەچی منیش لە بەرزایی هەشت هەزار مەترەوە، لە سەرووی هەورەوە
دەفڕم.
بەڵێ ئاوها تولیاکۆڤا...

نامەی دووەم

لە قاهیرە باخچەی ئوزبەگییەت لەبیرە؟
چووم ئەو ڕیزەی لێی دانیشتین دیتمەوە.
لاقی شەلەیان هێشتا نەگرتووەتەوە.
شەو بوو، بەبیرت دێ؟
دنیا تێکەڵ و پێکەڵ،

ئەستێرە، چرا و چراخانی ئۆتۆمۆبێل، جامخانەی موغازەکان.
دەرۆزەکەرە دیزداشە درێژ لەبەرەکە.
لە ژنە خەمبارەکە دواین لەبیرتە؟
دەموچاوی لە نیڤەرتیتیی قرِاڵیچە دەچوو.
مێردە کۆمۆنیستەکەی پێنج ساڵە لە گیانەلاّدایە،
لە ناوەندی چۆڵێ، لە وارگەیەکی بەند داکردن.
لە قاهیرە باخچەی ئۆزبەگییەت لەبیرە؟
چووم ئەو ڕیزەی لێی دانیشتین دیتمەوە.
لاقی شەلەیان هێشتا نەگرتووەتەوە.
دار و درەخت بەم ڕۆژگارە هەر وا تۆزاوین.
دەرۆزەکەرە دیزداشە درێژ لەبەرەکە بەجارێ وشک و ڕەق هەڵاتووە.
مێردی ژنە خەمبارەکەیش بۆ خۆی مردووە.
لە قاهیرە باخچەی ئۆزبەگییەت لەبیرە؟

نامەی سێیەم

شەوێ، درەنگێ، لە قاهیرەوە فڕین
لە دوور چرای سووری لێک دابڕان بەسەر نووکی باڵەکەوە دەسووتا.
توند توند دەستم بەئەستێرەکانەوە گرت، لێی نووستم.
لەگەڵ چاوڕۆشنانی بەیاندا لە فڕۆکەخانەی خورتووم نیشتینەوە،
چاوڕۆشنانێکی سپی، بێ هەور و هەڵا،
چاوڕۆشنانێکی وەک چوڕی شیر،
وەک کاژە فنجانی تەنک.
– فڕۆکەخانەی سوودان (کۆمێت)ێکی لێ بوو هێندەی دێوێ.
فڕۆکەیەکی وەرزشوانیی لێ بوو زەرد، سوور، چکۆلە و خنجیلانە.

– ئەوە چی بوو هیچی لێ حاڵی نەبووم.
فرۆکەخانەی خورتووم پاک و خاوێن.
ڕۆژ فێنک فێنک بەرز دەبووەوە.
بەرانبەری لێی دانیشتم، پاڵتۆیەکەم لە شان کرد.
لە هەر کوێ بم،
تەنانەت لە زیندانیشدا
ڕۆژگارم بە موژدە بەگوێ چرپاندنەوە دەست پێ دەکا.
سوودانییەکان جوانن.
– ژنە سوودانییەکی شاعیر دەناسم، شای جوانانە –،
لەسەر داری هەرە ڕەسەنی ئەبەنۆس هەڵکەندراون.
بەکراسی سپییەوە، بەسەرپۆشی سپییەوە، بەمێزەری سپییەوە.
ئەفسەری سوودانی دێن و دەچن، بە ئینگلیزی قسە دەکەن،
نێچیروانە سوورە چاوکاڵەکان وێسکییان دەخواردەوە.
نێچیروانەکان بۆ ڕاوە شێر هاتوون.
وە بۆ ڕاوە لۆکەیش.
تفەنگەکانیان کیفیان نایلۆنە.
ڕۆژ ڕمبێ بەرز بووەوە.
پاڵتۆیەکەم فڕێ دا، چاکەتەکەم دەرێنا.
(کۆمێت)ی تاین وەک ئاورپژێن گرماندی،
فڕی بەرەو لۆندەرە.
تۆ لە کوێ بزانی کچم،
عوسمانییەکانی منیش لەم خاکە سوورە کۆیلەفرۆشییان دەکرد.
کۆیلەکان بەژنیان دوو مەتر،

دانی فیل، زێڕ،
باج و سەرانەیان خڕ دەکردەوە، ژنان، لە دەرلنگی دەرپێوە پشیلەیان
تێ بەردەدان.
ئەم دەستووره ڕەنگە ئێستاکەیش هەر باو بێ لە ئەنەدۆڵ.
بەڵام کۆیلەکانی ئەنەدۆڵ کورتەبنە و ڕەقەڵەن.

نامەی چوارەم

ڕەنگە باڵدار لە ئەستەموولەوە، لە مۆسکۆوە بێن بۆ داروسەلام.
باڵدار لە کوێوە بۆ کوێ ناچن.
بەڵام یەکەم فڕۆکەی مۆسکۆیی تا ئێستا بەچڵی ئەم خاکەوە نیشتبێتەوە
هینەکەی ئێمەیە
یەکەم ئەستەموولیش منم.
بۆنی ئافریقام بەر لووت کەوت،
بۆنی ئافریقای گەورە، ئافریقای ڕەش:
بۆنی دار و درەختی زل، زیندەوەری زل، خۆری زل، بارانی زل،
ئەستێرەی زلی لێ دێ.
بەناو دارخورما و دارمۆزدا چووینە ناو شارەوە.
ئینجا چووینە ناو ماڵە شووشەیەکەوە[1]، ئەوەندی چاو بگرێ سەوز،
ئەوەندی چاو بگرێ گەرم.
لە ڕۆژاوای داروسەلام، لە ئۆقیانووسی هیند،
بەر لە محەمەد عەرەبە بازرگانەکان لەگەڵ قورسانە عەرەبە
برۆ ڕەشەکاندا گەیشتنە ئەم کەناراوانە.

---

(١) مەبەست لە ماڵە شووشە: ئەو شوێنانەیە کە بۆ ماسی بەخێوکردن و نموونە شەتڵە درەخت دروست دەکرێن.

لە پاشان قورسانی تر لەگەڵ قورسانی تردا.
ئەمانە برۆیان خورمایی بوو.
بەڵام مەسەلەکە کاری بەبرۆوە نییە.
پێتەختی تانگانیکا داروسەلام.
تانگانیکا.
تانگانیکا، تانگانیکا.
هۆرەیەک بەم ڕەنگە دەتوانێ دەست پێ بکا
لەسەر هەوای تەم تەم:
تانگانیکا، تانگانیکا...
لە خەمباری، لە دڵشادی، لە ژیری، لە شێتی، لە سەوزی،
لە سووری، لە زەردی، لە ڕەشبۆری، لە ڕەشی.
تانگانیکا، تانگانیکا...
دەزانی،
تانگانیکای باشووری ڕۆژهەڵاتی ئافریقا،
١٠ ملیۆن ئینسانی تێدا دەژی لە ١٢٠ هۆز.
لە موسڵمان، لە عیسایی، لە بتپەرست.
دەزانی،
ئیرووی سەرەکی: قاوە، پەز، گوشە.
گەڵاگوش شمشێرێکی ڕووتی سەوزە.
شریت و گوریس و جڕوجەواڵی لێ ساز دەکرێ.
دەزانی،
ئەمانەم هیچیان بەر لەم گەشتەم نەدەزانی.
گەشتەکەت بەبیر دێ پێکەوە لە هارتا کردمان.

کەشتییەکەمان سێ ستوونی بوو، سەری کەوانی.
وێنەی کچە زێڕەکەی بەپێشەوەی کەشتییەکەوەیە لە خۆت دەچێ.
لەبیرتە شیعرەکانم لەسەر ئالاکەی بوو نووسیت؟
وە ڕاوە ماسیمان کرد، هەموو چاو زومڕووت چاو زومڕووت.
باڵدار بەستوونەکانەوە نیشتبوونەوە، شاپەڕ سوورمەیی، شاپەڕ سوورمەیی.
لە گوێ دەریاکانەوە مەیموون مۆزبارانیان کردین.
بە پشتەبا لە دەریا گەرمەسێرەکانەوە تێ پەڕین.
هەروەها وەرسووڕاینەوە بەهەزار حاڵ لە تۆڕی دایەرە قوتبییەکان
ڕزگار بووین.
تا داروسەلاممان
دۆزییەوە.
گەشتەکەت بەبیر دێ لە هارتا پێکەوە کردمان؟
لە داروسەلام لەگەڵ سەربازە کەسنەناسە تانگانیکاییەکەدا قسەم کرد.
لە برنجە داڕێژرا بوو، لە هێرشبردندا،
بەسەر لاقە باریک و ڕووتەکانیەوە ڕاوەستابوو چەک بەدەست.
بولوارێکی لە پشتەوە، بەرانبەر بە شۆسەکە، جامخانەی موغازەکان.
لای ڕاستی بینای بانقێ، لای چەپی کڵێسەیەک.
- گوتم هێرش بۆ سەر کێ دەبەی؟
- گوتی بۆ ئەڵەمان.
گوتی هی ئەڵەمان بووین، تا شەڕی یەکەمی جیهان.
ئینگلیز هاتن، کۆمیتەیان گرت، لە ئەڵەمان ڕۆهاتین.
ئەڵەمان ڕۆیشت، ئینگلیز مایەوە.

ئینگلیز لە ١٨وە تا ٦٢ مایەوە.
لە ٦٢دا پاڵمان بە ئینگلیزەوە نا،
گوتی، کۆماری سەربەخۆین
هەر هێندەی گوت و بڕییەوە.
داروسەلام شارۆکەیەکی دڵگیرە
شارێ و شەقامەکانی پاک و خاوێن، بەتەعمیرات و ئاوەدان و خۆشن.
گەڕەکێکی گەورەی خۆشی هیندییەکانی لێیە.
هیندییەکان بێ بەزە سەرگەرمی بازرگانین.
بۆیان بکرێ ئاوی ئۆقیانووسەکانیش بە شووشە دەفرۆشن.
تانگانیکایی دژمنی سەری هیندییە بازرگانەکانن.
یانەیەکی ئینگلیزەکان لە نێو شاردایە.
وەختی خۆی هەر بۆ سپییەکان بوو.
ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە، هاتوچۆکەرانیشی.
کۆشک و سەرای سەرکۆمار.
وەختی خۆی والیی ئینگلیزی تێدا بوو.
کۆلێجێکیش، ٤٨ قوتابیی هەیە، هەموو تانگانیکایی.
پرۆفیسۆرەکان ئینگلیزن.
کڵێسە، مزگەوت، ڤێللا، ئوتێل، باڵیۆزخانە،
باڵیۆزخانەی سۆڤێت لە خانووی موسڵمانێکدایە.
دەرگاکەی بیسمللایەکی بەئەلفبێکەی عەرەبیی لێ نووسراوە.
تڕاموای و پاس و فلانی نییە،
بەڵام لە هەر مارکەیەکت ئۆتۆمۆبێل دەوێ هەیە.
هەمووشیان سوکانەکانیان لای دەستە ڕاستەوەن.

سیستێمی ئینگلیزە.
شوفێری تانگانیکایی فرە وەستان.
کاباریێشی لێیە تا بەیانی دەر وەتاک.
تانگانیکاییەکان، خەڵکی وڵاتەکە
لە زنج و کولبەی قەمیش و ژاژدا لەسەر زەوی دەژین.
زمانی دەوڵەت بەسەواحیلی و ئینگلیزییە.
ئەندازیاری تانگانیکایی لە سەرانسەری تانگانیکادا
١ دانەیە.
٣ پزیشک
سەرخۆشی تانگانیکاییم نەدیت.
سەرخۆشەکان لە سپییەکانن.
سپیی بێ کارم نەدیت.
بێ کار هەموو تانگانیکایین.
ئەوانەی لەسەر شۆسەکان شێرەدارینە بەتووریستان دەفرۆشن
تانگانیکایین.
ئەفسەری تانگانیکاییم دیت، سەرکۆمارم دیت، مامۆستام دیت.
سەرکۆمار نایرێری بێ وچان بەچاوی مامۆستایەکی خەیاڵ بردووەوە لە
دیوارەکانەوە سەیر دەکا.
لە نێو چوارچێوەکەیدا، لە ژێر جامێکەوە دانیشتووە، خۆی بەسەر
باستۆنە سپییەکەیدا داوە.
پۆلیسەکان، ئەوانە من دیتمن تانگانیکایی بوون.
لە بانقەکاندا کارمەندی تانگانیکاییم نەدیت.
یا سپی یا هیندین.

گارسۆن و حەماڵ تانگانیکایین.

گوندییەکانیش، شوانیش، کرێکاریش، سەرەک خێڵ و هۆزانیش.

لێروکانەیش فێست لەسەر زۆرن، ڕەنگاوڕەنگ، بابەت بابەت،

بەگێز و گوڵینگ، بێ گێز و گوڵینگ.

ئێمە، تورک، فێستمان لە یۆنانییەوە وەرگرتووە،

لەسەر عەرەبانمان داوە،

ڕەنگە لەسەر سوودانییانیش،

ئەوانیش لەسەر ئافریقاییی ڕەش،

یا ئەوان، یا ئینگلیز،

ئینگلیز لەسەری نابن،

کەرکەدەنێکی فێس لەسەر ببینم سەرسام نابم.

نامەی پێنجەم

لە یانەی (سپای ڕزگاری) لە داروسەلام، لە گەرمان خەو لە چاوان ناکەوێ.

گەرما فیچق فیچق بەپێستمەوە دەنووسێ.

ژن و مێردە کەنەداییەکان دوعای شێوانیان بەماگنیتۆفۆن[٢] لەمێژە لێ دا.

شێر نەڕەیان نایێ.

شێر لە ژوورێن.

شێر، فیل، کەرکەدەن،

زێبرا، زورافە، مامز.

لە مۆسکۆ، لە پارکی زۆلۆجی پڵینگیش هەیە، ورچی سپیش،

---

(٢) ریکۆردەر، موسەجیلە.

پێنگوینیش.
دۆندرمەی سەرتوێژداریش هەیە.
لە مۆسکۆ کولوو کولوو بەفر دەبارێ.
گەرما بەپێستمەوە دەنووسێ
لە ژێر پەردە و کولەکەمدا ڕووت و قووتم.
سەر پەردە و کولەکەم قومقومۆک تەنیویە.
قومقومۆک لە چەشنی بێچووە تیمساح، زمانیان دەردێنن،
ڕەنگە قومقومۆکیش نەبن.
لە بەندیخانەکەی بورسە پەردە و کولەمان لە چەرشەفی نوێنەکان
دروست کرد،
سبەینان تەختە کالۆسمان بە مەشکە فڕێ دەدا.
گەرما بە پێستمەوە دەنووسێ.
گەرما لە نەبزمدا پل دەدا.
بەخوێنی شادەمارەکانمدا دەگەڕێ.
لە مۆسکۆ بەفر دەبارێ،
یانەکو نابارێ؟
پێش نووستن سەیرێکی تەرمۆمەترەکەت کرد بەتەنیشت پەنجەرەکەوە؟
١٥ لە ژێر سفرەوەیە، ١٧ لە ژێر سفرەوەیە؟
چرایەکی شین بەسەر سیسەمەکەتەوە.
بیر لە چی دەکەیەوە؟
یاخۆ هەرکە سەرت خستە سەر سەرین و نەخست، خپ خەوت لێ
کەوت؟
لە یانەی (سپای ڕزگاری) لە داروسەلام، خەو لە چاوان ناکەوێ.

نامەی شەشەم

ئەم بەیانییە سەیری ئۆقیانووسی هیندم کرد.
جووتێ قسەم لەگەڵت هەیە لەبارەی ئۆقیانووسەکان.
لە کەناری هەر ئۆقیانووسێکەوە بڕوانی
لەگەڵ مەرمەڕەدا جیا ناکرێتەوە.
ئۆقیانووسەکان لە خۆشەویستییەکی گەورە دەچن تولیاکۆڤا
لە سەیرکردن
ئۆقیانووس قنیاتی پێ دەکرێ.

نامەی حەوتەم

کووچە و بازاڕ گەڕام، ئافرەت!
نرخی شمەکانم یاداشت کرد.
تانگانیکا هەرزانییەکی سەیرە.
مەسەلا، هەتاو،
هەرە گەییوەکەی، هەرە سوورەکەی،
مەسەلا، باران،
لەوانی بەمانگان لێ ناکاتەوە، جۆری شەست و ڕەهێڵە.
یا لەرزوتێ، بابەت بابەت، هەمەچەشنە.
یا دەست و مەچەکی ئەسمەری تێر،
لە کاڵ، لە گەییو.
هەروەها لەوانی کە ناولەپ و نینۆکی هەموویان پەمەیی.
تەنانەت مۆز،
هەر هێشووێکی پێنج کیلۆیی،

لە بوتڵێ پیپسی کۆلا هەرزانتر.
ئەمانەم بۆ نووسیت، هەردوو دییەکەم، بیر دەکەمەوە،
ئەی ئەنەدۆڵەکەی من، لە تانگانیکا گرانیترە؟
لە هێندێ جێی، باران زۆر گرانترە،
لە هێندێ وەرزدا هەتاو،
بەڵام نرخی لەرزوتا،
یاخۆ دەست و مەچەک،
خۆ یەکجار، ئەوانی پەنجە بەخەنەکانیان
هیچ لێرە هەرزانتر نین.
ئەگەر مۆز دەڵێی،
لای ئێمە پێ ناگا،
بەڵام پیواز و خوێ،
نەک پێنج کیلۆی، بگرە کیلۆیەکی
بەنرخی مۆزی ئێرەیە.

نامەی هەشتەم

چۆنی تولیاکۆڤا، لە چ عالەمێکدای؟
قژە ڕەنگ کاینەکان چۆنن؟
لە چ عالەمێکدان مژۆڵە شینەکان؟
مژۆڵە شینەکان ڕێم بدەن،
دەمەوێ سەیری ناو چاوەکانتان بکەم،
بەشکو لە گەڕاندا لە نێو چاوەکانتاندا تووشم بێن،
بەشکو لە توێی دێری کتێبێکەوە،
لە (پێسچاننایا)ی دووەم، لە جێ سواربوونی پاسدا.

لە نێو چاوەکانتدا تووشم بێن و
بڵێن: (مەرحەبا نازم!) چۆنی، کەیفت سازە؟،
سڵاو لە ڕۆخانەکەی مۆسکۆ دەکەم،
سڵاو لە مەیدانی سوور، لە دووکێشی کارگاکان، سڵاو لە سەربەلەری شانۆخانەکان دەکەم،
سڵاو لە وێنەکەی ئەستەمووڵ دەکەم کە بەدیوارەوە هەڵواسراوە!
ئەگەر لە من دەپرسن، من ئەمە دوو ڕۆژە لە باکورم.
لە ئارووش، لە مۆشی،
لە دەوروبەری کوێستانە بەبەفرەکانی کلیمانجارۆم.
کوێستانێکی گەشت و سیاحەتە.
خۆشگوزەرانیی ئوتێلەکان بۆ ئیسویچراییەکانە.
مۆشی، هۆزی جاگگای لێ دەژی.
لە ئوتێلان، لە مەزرا قاوەکان،
لە مەزرا گوشەکان کار دەکەن.
مەزرا گوشەکان هی ئینگلیزن، هی هیندین،
هی ڕۆمەکانن.
تیرەی جاگگا ڕووخۆش و ژیر و نەرم ڕەفتارن.
پیاویان بەکراسەوە، بەشۆرتەوە دەگەڕێن.
بەڵام زۆربەیان حەز لە سواریی پایسکل دەکەن.
ژنانیان بەکراسی ڕەنگاوڕەنگەوە بەلەنجەولار دەڕۆن.
وەک سەرلەبەری ژنانی ئافریقا، ئەوانیش باری لەخۆ زلتر
بەسەر سەریانەوە هەڵدەگرن.
کیژی گەنج و جحێڵم دیت.

ڕەش ڕەش وەک بیبەری ڕەش، شیرین وەک شەکر و
بادام،
بەتەنوورەی فش و فۆڵەوە،
خوێندەواری لە ئەنەدۆڵ بەرزتر.
چووم بۆ نگۆرۆنگۆرۆ کراتێر.
زارکی ئاورپژێنەکە بەچیمەن و دار و درەخت تەنراوە.
گوتیان دوو سەد کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.
کەرکەدەنی سیاحییانەم دیت
زورافەی سیاحییانە، فیلی سیاحییانە،
گەلە گەلە دەگەڕێن، تۆز دەکەن.
جێبەکەمان بەناویاندا دەڕوا، نزیک، هەر لە بن لووتیانەوە،
جار ناجارێ سەریان هەڵدەبڕن سەیر دەکەن،
مارکەی ئۆتۆمۆبێلەکە دەناسنەوە:
لاندرۆڤەر.
بەخەم و نیگەرانییەوە بەڕاست و چەپدا ئاوڕ دەدەنەوە،
وەڕەزییە.
برێ مامز نامۆییان لە لاندرۆڤەرەکە دەکرد،
بەگومەتە دایان کێشا.
ئێوارەیەکیان ئەمریکاییەک لەو سەر هەرێزە دەبوورێتەوە.
تا سبەینێ شێر لەسەری ئێشک دەگرن،
سەیر دەکەن بەهۆش نایەتەوە،
دەیخۆن.
گۆڕەکەیم دیت.

بەسەرهاتەکەی لە کێلی گۆڕەکەی نووسراوە.
دەوروبەر (ماسایی)یەکانی[٣] لێ دەژین، ڕووت و قووت،
تەنیا هەر عەیبی ژنان بەدەرەوە نییە.
ئینسانەکان درشت و زەبەلاح.
ئاشقە ڕەنگی قاوەیین.
خۆیان لە ڕەنگی قاوە وەردەدەن.
نەرمەی گوێیان لەسەر شانیان دەخشێ،
بەشتی قورس شۆڕی دەکەنەوە،
ماساییەکان ڕەوەندن.
پەز و ڕەشەوڵاخەوانن.
گۆشتی گایەکانیان دەخۆن و شیرەکەی بەگەرمی دەخۆنەوە.
هەر شێرێ هەڵکاتە گاڕانیان، لە گوێی دەگرن، بەڕمبان وەگی دەدرن.
لە کراتێر چیتان لە هەموو پێ پەسندتر بوو؟
فیل؟
کەرکەدەن؟
ماساییەکان؟
مامز؟

نامەی نۆیەم

ڕۆژانی پاش لە زیندان دەرچوونم بەبیر دێتەوە،
نەک لە زیندان دەرکرانم، لە زیندان دەرچوونم،
ڕۆژانی لە ژوورەوەبوونی خۆم، لە دەرەوەبوونی دۆستان و بەزۆری[٤]

(٣) ناوی هۆزێکە.
(٤) زەغت، تەوژم. مەبەستی لە زیندان دەرکرانیەتی بەزۆری ڕای گشتیی جیهان.

ڕۆژگار لە زیندان دەرچوونم.

شادی،

شایی، جێژن

کەمێ سەرسام.

شادی،

چریسکەی خەون و خەیاڵ، ئاوات و هەویا بەلقەوە، نەک بەروبوویان،

چریسکەیان.

بەدەنگی بەرز مانای زیندان لە هەموو کەس و خۆت گەیاندن تا ئێستایش

بەدەم زیندان

چوونە خەونەوە ڕادەچن.

بەیاسا و دۆزی سالانی ساڵی زیندانەوە ڕاهاتن بەرۆکت بەرنادا.

زەرفی نامەکانت داناخەی،

قەرەوانە چاوەڕێکردن.

لەگەڵ ئێوارە داهات، دەرکە لە دەرێڕا کلۆم دران،

چرا لەخۆڕا هەلایسان.

شادی،

شایی، جێژن.

بەلام ڕۆژانی جێژنیش هەروەک هەموو ڕۆژانی تر دواییان دێ.

سەیرەکەی ماڵەکەت دلۆپە دەکا،

پەنجەرەکان، دەرکەکان چاکردنەوەیان دەوێ،

ئاوهێنان، گازکردنەوە، ئەلەتریک داگیرساندن.

چەرشەف کڕین، دەفر و ئامان، کتێب.

دەست و مەچەکت تەیار بۆ کار و فرمان.

ئەوان لە ژوورێیش کار و فرمانیان پێ کرا،
بەڵام زانست لەبیر کرا.
پارەشت نییە.
کەوتنە ناو قەرز و قۆڵەیشەوە خەتەرە.
بەچی، لە کوێوە، چۆن پێویستە دەست بەبنیاتنانی ماڵی ئازادی بکرێ؟
دەمەوێ بڵێم،
حاڵی تانگانیکا لە حاڵی تازە لە زیندان دەرچوو دەکا.

نامەی دەیەم

گوێم بۆ زەوی هەڵخست،
گوێم لە خاکی ئافریقا گرت،
خوتەوبۆڵە دەهات لە ئۆگانداوە، لە مۆزامبیکەوە،
لە ئافریقای باشوور پێ پاژنە پەمەیییەکان بەتووڕەیییەوە زڕە لە زنجیرەکانیانەوە دێنن.
لێڕەوارەکانی ئانگۆلا وەک شێرە سەوزەکانی لە خوێنی خۆدا گەوزیو دەنەڕێنن.
ئیمپریالیزم وەخۆ کەوتووە دوا شەڕ و گەڕی بەکار دێنێ،
بەڵام چەکداری، زیندانەکانی،
سەر بەوالییەکانی.
سەرم هەڵبڕی سەیر دەکەم:
ئافریقا لەسەر دووڕیانێ وەستاوە،
ڕێگا هەیە گرگڕ دەچێتەوە بۆ هەڵدێری کۆیلەیەتی،
ڕێگا هەیە دەچێتەوە بۆ برایەتیی گەورەی ئازادیی گەورە...

واتە دەمەوێ بڵێم،

هاوسەرۆکە ژیرە شۆخەکەم،

نامەی نۆیەمم جارێکی تریش بخوێنەوە.

خۆ تۆ بێ ئەوەی بگوترێ لەب، لە لەبلەبی دەگەی.

هێندەی، کە نایزانی، ئارەزووی چاوپێکەوتنتم هاتووە مۆسکۆییەکەم،

تولیاکۆڤام!

ڕەشەمێی ١٩٦٣ تانگانیکا

نامه بۆ ژنەکەم

نازم حیکمەت

١٩٣٣/٩/١١

بۆرسە

بەندیخانە

دەنکەکەم،

لە دوا نامەتدا،

دەڵێی،

«سەرم دێشێ

دڵم هەڵدەشێوێ».

دەڵێی

«بێتو هەڵتواسن

تۆم لە دەس چی»

«ناژیم»

دەژیت ژنە خنجیلانەکەم،

یادگارم وەکو دووکەڵێکی ڕەش لەگەڵ

بادا بڵاو دەبێتەوە،

دەژیت، باجیە قژ سوورەکەی دڵم،

ئازاری مەرگ

لە خەڵکەکانی چەرخی بیستەمدا
ئەوپەڕەکەی هەر ساڵێک دەکێشێ
مردن،
مردووێکی بە پەتەوە هەڵواسراو،
دڵم بەم جۆرە مردنە قایل نابێ،
بەڵام،
دڵنیابە خۆشەویست،
ئەگەر دەستی تووکنی ڕەشی وەکو جاڵجاڵۆکەی
قەرەجێکی بەسەزمان،
پەتی سێدارەی لە ملم کرد،
بۆ ئەوەی لە چاوە شینەکانمدا
ترس بەدی کەن،
بێهوودە دەکەن
تەماشای نازم!
من،
لە تاریک و ڕووندا، لە دوا بەرەبەیانمدا
دۆستەکانم و تۆ دەبینم و
تەنیا،
ئازاری گۆرانییەکی نیوەچڵ
دەبەمە ژێر خاکەوە.
ژنەکەم، ژنەکەی من،
دڵ و دەروون چاکەکەی،
ڕەنگ زێڕەکەی،

چاوەکانی لە هەنگوین بەتامترە مێشەنگەکەم،
بۆم نووسیبووی،
داوای لەسێدارەدانم کراوە،
دەعوا هێشتا لە یەکەم هەنگاویدایە و
سەری پیاویش هێشتا وەکو شێلمێک
هەڵناکێشن.
لەمانە گەڕێ پیاو، هەمووی فشەن،
ئەمانە ئیحتیمالێکی دوورن،
ئەگەر پارەت هەیە،
دەرپێیەکی فانیلەم بۆ بکڕە،
باداریەکە قاچ و قولی کۆڵەوار کردووە،
لە بیریشت نەچێ کە
ژنی بەندییەک
دەبێ هەمیشە بیر لە شتی
چاک بکاتەوە.

پاشکۆی عێراق، ژمارە ١٥، ١٩٧٨/٨/٢١

نامەی حەوتەم بۆ تارانتا بابوو

من دەزانم،
ئەو پرسانەی،
وەکو شووشەی،
قەپات،
لەسەر ڕەفەی
مێشکت
ڕیز کراون،
لە پێنج، شەشێکان،
پتر نین...
تۆیەکی وەک هەر پڕۆفیسۆرێکی حوقووقی دەوڵەتان
نەخوێندەوار و کوێرەوار...
وێڕای ئەمەش
ئەگەر بێتو لێت بپرسم
بڵێم ئەمن:
«ئەگەر هاتوو بزنەکانمان،
مووە لوولەکانیان هەڵوەرین،
شیری وەکو دوو تیرێژ تیشک
لە گوانی دوو گۆیان بڕا
پرتەقاڵمان یەکە یەکە وەک ساوای ڕۆژ

بەدارەوە وشک بوونەوە،
نەهات بەپێی ئێسکانیەوە،
وەکو قڕالی خۆماڵی
بەخاکماندا بێتو ڕەت بێ
تۆ چ دەکەی؟
تۆ پێم دەڵێی:
– «وەک شەوێکی بەئەستێرە،
لەگەڵ گزنگ چۆن تا دێ ڕوون دەبێتەوە.
دڵۆپ دڵۆپ منیش بۆیەم لە دەست دەدەم
تنۆک تنۆک کاڵ دەبمەوە».
تۆ پێم دەڵێی:
– «پرسیاری وا لە ژنێکی ئافریقایی دەکرێ هیچ؟
نەهات مردنە،
هات دڵخۆشی...
بەڵام ئەمە چ حیکمەتێکە تارانتا بابوو.
ئەمە لێرە سەرلەبەری ئاوەژووە!
دنیا لێرە فرە سەیرە
بەهات دەمرێ
بەنەهات دەژی
مرۆ نەخۆش، وەک گورگ برسی
لە وارشەکان دەخولێتەوە.
عەمبارەکان کلیل دراون
عەمبارەکان پڕن لە گەنم

خۆ کارخانەکان دەتوانن
لەگەڵ قوماشی هاوریشما
ئەو ڕێگەیەی لە زەوییەوە بۆ ڕۆژ دەچێ
ئەویش بچنن.

ئینسانەکان پێخاوسن
ئینسانەکان ڕووت و قووتن...
دنیا لێرە هێندە سەیرە
ماسی قاوە دەخواتەوە
منداڵ شیری دەست ناکەوێ
خەڵکی بەقسە بەخێو دەکەن
بەراز شەق لە پەتاتە هەڵدەدا.

پاشکۆی عێراق، ژمارە ٢٥، ساڵی ١٩٧٩.

بۆ کوڕەکەم

نازم حیکمەت

هەبوو نەبوو، کوڕم، سێ هەرزەکاری هاوباڵا و هاوتەمەن هەبوون، هەریەکە لە سووچێکی سێ سووچەی لێک دووری سەر زەوی بوو، کوڕم، هەرسێ هەرزەکاری هەریەکە لە سووچێکی سێ سووچەی لێک دووری سەر زەوی نەیەکتریان دیتبوو، نەناو و شان و شکۆی یەکدییان بیستبوو.

ئەم سێ هەرزەکارەی کە هەریەکەیان لە سووچێکی سێ سووچەی سەر زەوی دەژیان، بۆ دۆزینەوەی بەردی (لەشساغی هەتاهەتا) لە ئان و زەمانێکدا، لە یەک ڕۆژدا، لە یەک ساڵدا، لە وڵاتی خۆیان بەڕێ دەکەون، کوڕم!

مەڵێ، بەردی (لەشساغی هەتاهەتا)ش لە پشت چەندیناوچەندین لێ ناکەوێ.

چیای گەردن کەشەوە، لە نێو بیرێکی خوێناویدا بووە. بۆ دیتنەوەی بەردی (لەشساغی هەتاهەتا) کە لە پشت چەندیناوچەندین چیای گەردن کەشەوە لە نێو بیرێکی خوێناویدا خۆی شاردبووەوە، هەرسێ هەرزەکارەکە، کە هەریەکە لە وڵاتێکی دوور لە وڵاتی ئەوی تریان دەژیا، ملی سێ ڕێگەی لێک جیاواز دەگرن، کوڕم.

یەکەم هەرزەکار دەڕوا، دەڕوا هەتا کاڵە ئاسنینەکەی و گاڵۆکە ئاسنینەکەی دەستی هێندەی شووڵەبییەکی باریکیان دەمێنێ، لە نیوەی ڕێگە دادەنیشێ دەڵێ:

با تۆزێ پشووێک بدەم، کەمێ ماندوویێتیم بحەسێتەوە.

یەکەم هەرزەکار بۆچی لە تاو ماندوویێتی نابۆرژێ و خپ خەوی لێ ناکەوێ.

لە پاش ماوەیەک یەکەم هەرزەکار چاوی هەڵدێنێ کوڕم، بەڵام چ ببینێ، تەماشا دەکا کچێکی دەست و پەنجە بەخەنەی چاو بەکلی جوانی جوانان لە ژوورسەری وەستاوە. کچە دەپرسێ: «ئۆغر بێ، هەرزەکار، ئەوە بۆ کوێ دەچێ؟» هەرزەکار لە وەڵامدا دەڵێ:

«لە بەردی لەشساغی هەتاهەتا دەگەڕێم». کچە دەڵێ: «بەردی لەشساغی هەتاهەتا لە پشت چەندیناوچەندین چیای گەردن کەشەوە، لە نێو بیرێکی خوێناویدایە. ژیان هێندەی بەبەرەوە نییە بەشی گەیشتن بەوێ بکات. ژیان پێنج و دوو ڕۆژێکە، پێویستە بەخۆشی و کامەرانی بیگوزەرێنی، تۆ مێشەنگ و من گوڵ، وەرە لەگەڵمدا بمێنەوە هەنگوینەکەم بگرە».

یەکەم هەرزەکار سەری شۆڕ دەکا، کوڕم، لە نیوەی ڕێگە دەمێنێتەوە. هەرچی دووەم هەرزەکار دەبێ دەڕوا دەڕوا، دەڕوا، دەڕوا، دەڵێ نەبادا ماندوو ببم و خەو بمباتەوە چەقۆکەی دەردێنێ لەشی لە چەند لاوە بریندار دەکا و خوێیەکی زۆر بەبرینەکانیەوە دەکات.

دووەم هەرزەکار ئێش و ئازارەکەی لەوەدا نابێ، برینەکانی زۆر دێشێن، هەرزەکار، هەرزەکار بۆچی ماندوویێتیت لەبیر ناچێتەوە، بەڵام لە تینووان زمانی بەمەڵاشوویەوە دەنووسێت. دووەم هەرزەکار هێندەی تینوو دەبێ، کوڕم، لە پڕ، لەوبەرەوە چاوی بەئاوێک دەکەوێ خۆی پێ ناگیرێ ڕادەکا بۆ سەر ئاوەکە. ئاوەکە لە ژێر تیشکی ڕۆژدا وەکو زێڕ چریسکەچریسک دەچریسکێتەوە. دووەم هەرزەکار فرێک ئاوی زێڕ دەخواتەوە، هەناوی وا فێنک دەبێتەوە کوڕم، ئیدی جارێکی تر ئەو سەراوە بەجێ ناهێڵێ و لە دوو سێیەکی ڕێگەدا دەمێنێتەوە.

یەکەم هەرزەکار لە نیوەی ڕێگە، دووەم هەرزەکار لە دوو سێیەکی ڕێگەدا دەمێنێتەوە. ئینجا با هۆدەینەوە سەرەوکاری سێیەم هەرزەکار، بزانین ئەو چیی بەسەر هات؟ سێیەم هەرزەکار هەر دەڕوا، هەر دەڕوا، تینووی دەبێ لە

ئاوی چریسکەداری سەر ڕێگە ناخواتەوە،ماندوو دەبێ لەسەر رانی دەست و پەنجە بەخەنەی چاو بەکلی جوانی جوانان ناحەسێتەوە...

هەر دەڕوا، هەر دەڕوا، هەر دەڕوا، هەر کەسێ وا بڕوا کوڕم، دەگاتە جێ.

دە تۆش وەکو ئەو، بێ ماندووبوون، تۆش وەکو ئەو بێ تینووبوون، تۆش وەکو ئەو بڕوا بکە و بڕۆ، کوڕم.

خاوەن بڕوا دەگاتە ئەنجام.

پاشکۆی عێراق، ژمارە ١٧ی تەمووزی ١٩٧٨

بۆ نووسیارانی ئاسیا - ئافریقا

نازم حیکمەت

١٩٦٢

براکانم،
مەڕواننە ئەوەی قژم زەردە،
من ئاسیاییم.
مەڕواننە ئەوەی چاوم شینە،
من ئافریقاییم.
دار و درەختەکانی ئەوێی من
سێبەریان بۆ ژێر خۆیان نییە کوتومت وەک
ئەوانی ئەوێی ئێوە.

لە وراگەی من نان لە دەمی شێردایە
سەرچاوە حەزیای لەسەر دەنوێ
پانپانکی لەسەرە.
پێ لە پەنجا نانرێ دەمرێندرێ لەوێ
کوتومت وەک ئەوانی ئەوێی ئێوە.
مەڕواننە ئەوەی قژم زەردە،
من ئاسیاییم.
مەڕواننە ئەوەی چاوم شینە،

من ئافریقاییم.
له سەتا هەشتای ئەوانی من نەخوێندنەوە دەزانن،
نەنووسین.

شیعر دەماودەم دەگێڕدرێ، بەگۆرانی دەگوترێ
شیعر دەتوانێ لەوێی من ئاڵا پیرۆزە بکا
کوتومت وەک ئەوانی ئەوێی ئێوە.

براکانم!
دەبێ شیعرەکانمان بەگەڵ گاڕیوەڵە کەون
جووتیان پێ بکرێ
دەبێ بتوانن بچنە نێو زۆنگی مەرەزەوە
تا چۆکان.
دەبێ بتوانن هەموو پرسیارێ بکەن
دەبێ هەموو مەشخەڵێ بتوانن خڕ کەنەوە
دەبێ بتوانن لە سەرەڕێیان بوەستن
دەبێ شیعرەکانمان وەک کێلەڕێی کیلۆمەتر خوێنەوەکان بن
کە دژمن نزیک کەوتنەوە بتوانن
بەر لە هەرچی بەدییان کەن
دەبێ بتوانن لە ناو جەنگەڵستاندا لە تەمتەمان بدەن،
ئەوەی لەم سەرزەوییە دیلە،
تەنیا وڵاتە،
تەنیا مرۆ.
تا گەواڵە هەورێکی بەئاتۆم بەئاسمانەوە بمێنێ

دەبێ شیعرەکانمان سەروەت و سامانیان،
ئاوەز و بیریان، ڕۆح و گیانیان، هەرچییان هەیە و نییە،
بەئازادیی گەورەی بدەن.

نووسەری کورد، ژمارە ١٢، خولی دووەم، ئابی ١٩٨٣

چەرخی نووسەرانی بوێر و ئازا

یەشار کەمال

ئێمە چ دەڵێین؟ دەڵێین یەکسانی هەبێ. ئینسان وەکو دیل نەژی. مرۆ ئازاد و سەربەخۆ بێ. توخوا، بۆ نووسەرێکی ئەم چەرخە چی شتێ لەمە ئاساییتر دەبێ؟ چی لەمە خاوێنتر و پاکتر هەیە. تێکڕای نووسەرانی بێ دەسەڵاتی دنیا داوای ئەمە دەکەن کەچی کەسیش پێیان ناڵێ ئێوە چ دەکەن و برۆ بە سەر چاوتانەوەیە. سەد سەد و پەنجا ساڵە نووسەران داوای دەکەن. نووسەران زمانی حاڵی میللەتانن. نووسەران هەمیشە، سەبارەت بەو ئەرکەی لە ئەستۆیانە، زۆریان کاری گەورە کردووە و دەشیکەن. چالاکیی بەرچاویان زۆر نواندووە و دەشینوێنن. کێشەی وڵاتی ئێمە، لە چاو کێشەی وڵاتانی دیکە، کێشەی بە ئاشووب و سەر بەگۆبەندە. نووسەری ئێمەش لە سۆنگەی ئەم ئەرک لە ئەستۆگرتنە دەیەوێ –با هێندەی مێروویەکیش بێ– شتێک بە شتێک بکا، خۆ دنیا خراپ نابێ.

ئینسانەکانمان دیلی خاکن. بەشێکی زۆری خەڵکەکەمان تا ئێستاش لە خانووبەرەیەکدا دەژین کە لە ئەشکەوت پتر دەچن تا شتێکی دیکە. فەرموو بچنە رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ. بە هەزاران گوند دەبینن خانووەکانیان لە ژێر زەویدان. ئێمە دەمانەوێ ئەم خانووانە لە ژێر زەوییەوە سەرکەونە سەر زەوی و بەر رووناکی. خواستەکەمان خواستێکی زۆر چکۆڵەیە. تۆ بڵێی وەسەر زەویخستنی ئەمانە کارێکی هێند سەخت و دژوار بێ؟ ئی وا لە نێو ئینسانانی وڵاتانی ئێمەدا هەن کە هێشتا لە نێو بەرد و تاوێری کوڵراودا دەژین.

هەموو دنیا جارِی پێشکەوتوویی وڵاتی ئێمەی داوە و لەو ناوە بارەی دێ. بۆ کەس ماوە بە لیستەی راستەقینە و ژمارەی تەرازوو کراوەوە لە دواکەوتوویی ئێمە نەخوێنێ؟ چ دەخۆین، چ دەخۆینەوە، لە کوێ دەنووین، هەموو دنیامان تێ گەییون.

ئێمەش خۆمان ئەمە دەزانین و نکووڵیی لێ ناکەین و لە هەموو دەرفەتێکدا دەیدرکێنین و دەڵێین و هاوار دەکەین بابە ئێمە وڵاتێکی دواکەوتووین. خۆ هەر ئێمە هاوار ناکەین. گەورەپیاوان و دانا و زاناکانیشمان دەیڵێین.

ئەمە هەموو جوانە، زەریفە، بەڵام هەر کە ئەمەت بە چیرۆکێ نووسییەوە دنیا وێران دەبێ. خۆ ئەگەر بۆ شانۆت نووسی ئەوە هەر باسی سەرتە و رۆژی حەشرە. خۆ سینەما، ئەوە هەر باسی مەکە. هەرکە لێی نێزیک دەکەوییەوە و ناکەویتە تارمایی رەقیبت وەکو هەیوولا، وەکو شتی نابینا، بێ هەناسەدان لەبەر مێشکا دێ و دەچێ.

بەڵێ تێکرای نووسەرانمان بەرەنگاری گرفتاری ئەمەن. کە بەرەنگاریشیان دەبن چ دەبێ و چ دەقەومێ؟ ناچار لەگەڵ کۆنەپەرستی و رژێمدا دەستەوبەرۆکی یەک دەبن و کارەساتێکیان بەسەر دێ با بەسەر دەواری شڕی ناهێنێ.

جا لەم بەینەدا خەڵک چ دەکا؟ دنەی نووسەران دەدەن و ورەی مێرخاسی بوێرییان وەبەر دەدەن. بەکورتی بە پاڵەوانیان لە قەڵەم دەدەن. کێش و ترازووی نووسەرێتی دەپێچرێتەوە، تەنیا کێش و ترازووی مێرخاسی و ئازایەتی لە ئارادا دەمێنێتەوە.

«کورە تۆ تەماشا تەماشا، نووسەر چ چیرۆکێکی بۆ شانۆ نووسیوە. بابە ئەگەر ئەم نووسەرەیان لەسەر ئەم چیرۆکە لە زیندان نەپەستا من دەستی خۆم لە بندا دەبرِم. بەراستی نووسەرە. بەڵام چ نووسەرێ. ئاغاکانی بەدەردێ بردووە، نەبووە و نەبیستراوە. پەروای لە هیچ نییە، لە هیچ ناسڵەمێتەوە. مل لە چەقۆ دەسوێ.»

«بنۆڕە بنۆڕە، چ ریپۆرتاژێکی نووسیوە... ریپۆرتاژە ها، نە گاڵتە. چ لەمە سەیرتر دەنووسرێ، باسی ئەو کەسانەی کە بێ تێ و لەرز دەمرن، یا ئەوانەی کە لە ژێرەوە هەمیشە خەریکی دزی و درۆزنین وا دەکا، وەک بلێی ئەم نووسەرە گوڵمەزێکی بە چاوەوە بێ وایە.»

«فیلمێکی هێند سەیرە پێم وایە رەقیب قەت فیلمی وا رێگا نادا... بلێ چییان کردبێ باشە. گوندیی پێخاوس و مێخاوسیان پیشان داوە. ئەی ئافەرین بۆ خۆتان و فیلمتان. بەڕاستی ئازایەتییە.

تۆ وەرە، لە پێپەتیی پیشاندان نەترسی» جا بەڕاستی نووسەرەکانمان وەکو لە سەرەوە باسمان کرد بە مەتح و بە شان و باهوو هەڵدانا پێشوازی دەکرێن.

نووسەرەکانمان ئەگەر سەبارەت بەوانەی لە سەرەوە وتمان بۆسۆ و ناونۆچک نەکرێن، ئەوەی بەسەریان دێن بەسەریان نەیەت، بەگوێرەی خواست و ئارەزووی خۆیان، بەو داخواز و پێشنیارانەی کە بۆ راستینەکانی وڵات دەری دەبڕن بنووسن، ئەگەر نووسینی ئەمانە بە کردەوەیەکی ئاسایی بزانرێ کەس بە نووسەرانمان نالێ قارەمان و بە چاوی پاڵەوانەوە سەیریان ناکەن. نووسەران قەرزی خۆیان دەدەنەوە. ئەرکی سەرشانیان بەجێ دێنن. دەڵێن نووسەر کاری خۆی دەکا و دەڕوا.

بەڵام ئەوەی لە دنیادا بە قەرزدانەوە و ئەرک بەجێهێنان دەزانرێ بۆ نووسەر لە وڵاتی ئێمە مایەی بۆسۆکردن و تێهەڵدان و زیندانکردن و برسێتییە و دەڵێی بە ئازار و ئەشکەنجەدان تۆڵەیان بۆ دەکرێتەوە. جا هەر سەبارەت بەوەشە کە خەڵک وا دەزانن لەبەر ئازایەتی دەگیرێن و خۆشەویستن.

با هەر شانازی بەخۆیانەوە بکەن. بەقارەمان و پاڵەوان بزاندرێن. کێشەم لەسەری نییە. دەڵێم سەرەڕای ئەوەش هێشتا هەر کەمە. دەڵێم خەڵک هیچ نادا. بەڵام ئێمە، نووسەران، بەرانبەر ئەم حاڵە، شەرممان بە خۆدا دێتەوە.

ئایا بە چ ڕەنگێ خـەڵکەکــەم لەم حــاڵە رزگــاریان دەبێ؟ زۆرمـــان ڕێگای چارەسـەرکردنی زانستییەکەشی دەزانین و دەیلێین و دەیلێینەوە. فێرگەمـان نین. هەشـتا لە سـەدمـان نەخوێندەوارین. دەڵێن بە ئەزمـوون سـاغ بووەتەوە تا فێرگە لە گوندان نەکرێتەوە خەڵکەکە فێری هیچ نابن.

لێرەوارەکانمان بەرەو نەمان دەچن. خۆ وەنەبێ پیاوی زانامـان نەبن. بەڵکو زۆریشمان هەن و تەنانەت ڕێگای چارەسەرکردنیشی زۆر چاک بەڵەدین. بەڵام لە هەمــوو تاڵ و ناخـۆشـتـر ئەوەیە کـە کـەس هـەست بە پێـویسـتی چەنە – چەنێکیش ناکـا. دەڵێی قـسـه لەگـەڵ دار و بـەرد دەکــەین. ئـاغـاکــانمان قـایمقـامـەکان بۆ سـوودی خۆیان لێ دەخـۆن. ئێمـە ناچارین مـەسـەلەکە بەو ڕەپ و ڕاسـتی و ڕووت و قـووتییە وەپێش چاو خـەین. کوڕە نەبووە نەبووە، وا دنیا وێران دەبێ، کەچی ورتە لە کەسەوە نایەت.

ئێـمـەش هـەر هێندەمـان بۆ مـاوەتەوە بەگـژ کـۆنەپـەرست و کـاری چەوت و چێڵی میریدا بچین و لە ئاکامدا لە زیندانێمان پەستن.

ئەم وڵاتـە جــوان و خــۆشـــەیان لێ کــردووین بە یاســاخـخــانـە و وڵاتی ڕەشبگیری، تووشی یاساخیی هێند سەیروسەمەرە دێین. تەنانـەت کەرەپووی کەرەپوو ئـاسـاییش پڕ نـاکـاتەوە. هیزە بـەچاوەوەی نەکـەن، ئەم وڵاتـە لە سـای ســەری ئەم هەمـوو یاسـاخ و مـاسـاخـەوە بەم ڕۆژە گـەیشت. جا لە هـەمـووان سـەیروسـەمـەرەتر ئەوەیە ئێـمـە هـەر پەڵـەی ڕەشـی نێـوچاوانی چەوت و چێڵی دەژمێـرین. کـەچـی کـەسـمـان وەچنگ ناکـەوێ هیچ نەبێ پێ بکەنێ. ئێمـە لە هیچە و لە خۆڕایی داخی دڵی خۆمان هـەڵدەڕێژین.

خۆ هیچ نەبێ ئەو نووسـەرانەمـان کە چاکن و بە گوڕن و خـاوەنی سـۆزێکی ڕاسـتـەقـینەن، دنیـایەکی جـوان و ڕەنگینمـان پێـشکەش دەکـەن. ئێـمـە زۆر نووســەری وامــان هەن. نووســەرانی ئێــمـــە بە گــوڕێکی گــەورەوە بـەســەر ڕاستینەکانی خەڵکەکەماندا، وڵاتەکەماندا دانووشتاونەتەوە.

با ئیـتـر باسی برسـێـتی و یەکسـانیکردن بە ئازایەتی و دلێـری زانین

بپێچرێتەوە. پێویستە ئەمە ببێ بە یەکەم ئەرکی نووسەر.

نووسەرێک کە باسی یەکسانی و هەژاری دەکا، بەگژ چەوساندنەوە و زۆرداریدا دەچێ. ئەمە لەم چەرخەدا شتێکی یەکجار ئاساییە.

ئەوەی کە ئەمە بە ئەرک نەزانێ دیارە ئەوانەش بە نووسەر نازانێ کە ئەرکی مرۆڤایەتی و هاوولاتێتییان لە ئەستۆ گرتووە. جا نابێ لە ولاتی ئێمەش وابێ؟ کوا؟

رۆژێ کە ئەمانە دەبن بەشتی ئاسایی، رۆژێ کە نووسەرانمان قسە لە راستینە نیشتمانییەکانمان دەکەن جا با قسەکانیشیان زۆر تاڵ و جەرگبڕ بن، ئەگەر تووشی بەڵا نەهاتن، واتە: رۆژێ کە چەرخی نووسەرانی ئازا و قارەمان بەسەردەچێ ئەوە لەو دیموکراسییەتە نێزیک دەکەوینەوە کە شانازیی پێوە دەکەین.

لەوانەیە بڵێن چەرخی نووسەرانی ئازا و بوێر لە هیچ ولاتێ بەسەر ناچێ.

بەلام من دەڵێم باسکردنی یەکسانی و راستینە نیشتمانییەکان لەم چەرخەدا شتێکی ئاساییە و بۆ نووسەرێ وەکو نان و ئاوی لێ هاتووە، نابێ بە کارێکی ئازایانە و کەڵەمێردانە بزانرێ.

پێویستە لە پێناوی ئەمەدا تێ بکۆشین.

بەیان ژمارە ٣٣، ١٩٧٦

شیری ماین

یەشار کەمال

مرۆ ئاگری لە شت کوڵینەوە و ڕازهەڵینان و هەرکە هەڵیشی هێنا لە خۆشییان وەک شێت لێ هاتنێکی – تێدایە.

ئێمە کە بەدیداری ئەم دنیای ئەمڕۆمانە شاد و شوکور بووینەتەوە، هەموو لە سای سەری ئەم ئاگرەوەیە. لە سای سەری هێز و گوڕی ئەم ئاگرەوەیە کە ئاڵقە لە گوێی فەرمانان نییە.

بەڵام مرۆ هێندێ لایەنی دژ بەو ئاگرە پیرۆزەیشی تێدایە، بەڵای خوام لێ دا، زۆر بڵحە. ئەم لایەنەی تێیدان، بوون بە سندمی دەست و پێی. بۆ شکاندنی ئەم سندمەیش ڕەنجێکی زۆری بەبا داوە. ئەم سندمە نەبوایە، مرۆ لە شەڕ و شۆڕشی داهێناندا، لە ڕازهەڵێناندا، بەگژ ئەو چەڵەمانەی لە پێی ئالاوون، چووبا، لەوانە بوو دنیا شتێکی تر بوایە و ئەم شوێنەی پێی دەڵێن مانگ زۆر زووتری پێ گەیشتبا.

مرۆ سالانی ساڵ بە لاس و پەلاسدا دەچێ، شەڕ دەکا، تا یاسا و دۆزێ پێکەوە دەنێ. دامەزراندنی ئەو یاسا و دۆزە سالانی ساڵی دەوێ. ئەمە کارێکی چاک نییە؟ زۆر چاکە. لە پاش ماوەیەک ئەو یاسا و دۆزە کۆن دەبێ، دەوری بەسەر دەچێ. کە یاسا و دۆز کۆن بوو، جارکێشانی یاسا و دۆزی تازە، شۆڕشگێرانی یاسا و دۆزێکی نوێباو دەست بەدەرکە لە تەپان و گرێژەنە دەرێنان دەکەن. لە نێو خۆیاندا بەشەڕ دێن، یاسا و دۆزپەروەرانی کۆن دەبەزن، بەڵام لەپاش چی... لەپاش ئەوەی کاری زۆر چاکیان لەدەست دەچی...

ئینسـانانی ئەو شـوێنەی پێی دەڵێن ڕۆژاوا گـورج و گـۆڵانەتر وەخـەبەر هاتوون. گوتوویانە ئێمە خەریکی چین؟ یانێ چی بەپاشەوە نووساوین، هۆ هۆ ئینسانینە لە هەر ڕازهەڵێنانێکی تازە، لە هەر بیر و ئەندێشەیەکی نوێ چاکە و خێروبێرێکی گەورە و زۆر و زەوەندەمان بەگیر دەکەوێ. ئەوانەی لە هەموو ڕووێکەوە داکۆکی لە بیر و ئەندێشەی نرت و نوێ دەکەن زۆر بوونەتەوە. جا ڕۆژاوا لە هەموو مەیدانێکدا پێش کەوتووە و بەرەو پێشەوە دەڕوا...

مرۆ هەر هێندە لە بیروبڕوای پێوە قالْب گرتوو بەدەر نەختۆکەیێ، بیری کردبێتەوە کاری کراوە... ئەدی چەرمیان نەگورووە، چاویان دەرنەهێناوە، چی و چییان لێ نەکردووە. هەر بۆ ئەوەی نەبادا داهێنانێکی نوێباو، بیرێکی تازە لە کەلێنێکەوە بەناو وڵاتەکەیاندا بتەنێتەوە، پێکدا هەڵپڕژاون، بەلاس و پەڵاسدا چوون، چونکە بیری نوێ، ڕازهەڵێنانی نوێ، یاسا و دۆزی کۆنیان ژێر و ژوور دەکا، سەراسوودەیی برێ ئینسان دەشێوێنێ. کار لەوەش خراتری لێ هاتووە. یاسا و دۆزیان وا شێواوە، بەڵام چ شێوانێ! ئەو ئینسانە ڕۆژاواییانەی کە بەکوڵێ داهێنانی نوێ و بیری نوێوە هاتوون، ورد و باریک ئەوانیان کردووە بەبەندەی ئاڵقە لەگوێی خۆیان. ئێمە بەهێندێ جۆرە سەر و مێشکمان گوت سەر و مێشکی ڕۆژهەڵات. گوتیشمان هەی بەبڕین چێ. جا ئەم سەر و مێشکە بەبڕین چووە، لە پێشان هەرچی داهێنانێکی تازە، ڕۆژاوا دای هێنا لە گژی ڕاچوو. نزیکەی سەد ساڵێ بەگژیدا چوو. ڕۆژاواییەکان ئەم تازە ئیجاتانەیان، چ بەزۆر چ بە خوایشت، بەهەر جۆرێ بوو بەلالوێچێ ڕووناکبیری وڵاتە ڕۆژهەڵاتەکان سەلماند. ئەوانیش تەماشایان کرد، خراپ نییە. یاسا و دۆزەکە نەختۆکەیێ شیرازەی تێک چوو، بەڵام کەمۆکەیێ. ئەوەندکۆکە عەیبە لە کیژی قازییش دەگیرێ. سواری شەمەندەفەر بوون، سواری پاپۆڕ بوون، سواری فڕۆکە بوون... بەدیداری کارەبایش گەیشتن. ڕۆژاوا ئەو هەمووەی پێ بەخشین. کەچی ئەوان هەر لێی بەلادا کەوتوون و لە خرپەی خەودان.

ڕۆژاوا ئێستاکە وا بەدوای کاروبارەوەیە. وا شۆڕشێکی تر

هەڵدەگیرسێنێ: ئاتۆم دروست دەکا، یەک. خۆی بۆ چوونە سەرمانگ ئامادە دەکا، دوو. شتێکی تر دەکا[1]، ئەمە لە هەمووی گرینگترە: دژ بەمرۆ بەدەست مرۆ چەوسانەوە ملی لە شۆڕشێکی بەسام ناوە.

ئینسانانی بەرەی هێزی پێشکەوتەی ئەم شۆڕشە بەسامە هەموو ڕۆژێ شتێ پتریان وەچەنگ دەکەوێ، بەڵام سەر و مێشکە ڕۆژهەڵاتییەکە، بەبڕین چێ، هەر بۆ ئەوەی، نەوەکا یاسا و دۆزەکە کەلێنێکی تێ کەوێ، گیانی خۆی بۆ بەخت دەکا و لە دژی گۆڕانەکەیە...

ئینسانانی ڕۆژهەڵات برسی، ڕووت، پەرێشان، بۆ پارووێک خۆیان بەدار و بەردردا دەدەن.

بڕوانن برسێتی لەم ئەنەدۆڵە ڕۆژهەڵاتەدا چ کارێ دەکا. هی وا هەن، دەڵێن بەپیتاک و باربووکردن بەری لێ دەگرین. من هەر لە ئێستاوە پێتان دەڵێم. ئەنەدۆڵ وا بڕوا، خەڵکەکە لەگەڵ ئەم برسێتییەدا ساڵانی ساڵ دەستەوبەرۆک دەوەستن.

مێشکی ڕۆژهەڵات چارەسەرێ بۆ ئەمە نادۆزێتەوە. لە چارەسەر گەڕان، چارەسەر دۆزینەوە دەبێتە بەهای سەر لێشێوان و هەرەسهێنانی یاسا و دۆزی ئەمڕۆکە. خۆ مێشکی ڕۆژهەڵاتیش ناشکوری نەبێ هەروا لە خۆیەوە یاسا و دۆز ناشێوێنێ... شەقڵ و مۆری ناشکێنێ... دەبا نەیشێوێنێ، پیاو. من خۆم لە قەرەی ئەو لایەنەی نادەم. جا وڵاتەکەی ئێمەیش وا لەم بارەدا و دەستەیێ کۆنەپەرست، کە گۆیا میللییەتچی، تووڕانچی، مقدساتچییان پێ دەڵێن، پەیدا بوون.

ئەمانە چ بڵێن باشە؟ ئێمە ڕەگەزپەرستین، میللییەتچین. چاکە، خاسە، بڕۆن بین. کارێکی لەبارە. ڕەگەزی تورک لە سەرووی هەموو ڕەزەکانەوەیە. سەردەمانێ ئەمەیان بەتەک گورگە دەم داپچڕلوەکەوە لەسەر بەرگی کۆواران دەنووسی. ڕەگەزی تورک لە سەرووی هەموو ڕەگەزەکانەوەیە، نییە، ئەوە

(١) ئەم وتارە لە ١٩٦٢/٢/٢٨دا بڵاو کراوەتەوە. وەرگێڕ

نازانم. پیاوانی زانست ئەم کاری ڕەگەزپەرستییەیان کرد بەدۆ و دۆشاو. پەڕ و باڵی پێشکەوتیان پێوە نەهێشت. ئێستا ئەم ئینسانانە، سەرباریش، دەڵێن، ئێمە موسڵمانین، مقدەساتچین. لە موسڵمانەتیدا هیچ موسڵمانێ لە سەرووی هیچ موسڵمانێکی ترەوە نییە. سەرلەبەری موسڵمانان، لە هەر ڕەگەزێ بن، بران.

کەواتا ئەمانە یا ڕەگەزپەرست نین یا موسڵمان نین. ئەمانە درۆزنن. ئەمانە ئەو کۆنەپەرستانەن کە پاشکەوتەیی میللەتیان دەوێ، بۆ سوودی خۆیان، نەشێوانی یاسا و دۆزیان دەوێ. ئەمانە لەگەڵ ئەو ئاغایانەشدا کە لە دژی یاسا و دۆز شێوانن یەکیان گرتووە، ئەمانە هەر ئەو کەسانەن کە لە دژی شۆڕشی ڕزگاری دەستیان لەگەڵ دژمندا تێکەڵ کرد.

شازدە حەڤدە ساڵان بووم، سەردەمێ شیعرم دەنووسی توورانچی، ڕەگەزپەرست، میللییەتچی چ بوو سەرەودەرەم لێ دەرنەدەکرد. قوتابخانەکەشمان بزاوتێکی توورانچێتیی ئاواوایی تێدا هەبوو.

توورانچییەکان بەدوو جۆر کاریان دەکرد: بەمنداڵە هەژارەکانیان دەگوت، تەماشای ئەم دەوڵەمەندانە بکەن، تەماشای کۆشک و تەلار و ئەپارتمانیان بکەن سەیری کێڵگە و بەرەجووتەکانیان بکەن و ئاوڕێکی ژیرانەیش لە حاڵی خۆتان بدەنەوە... منداڵە هەژارەکان دڵیان دەچوونێ. هەرچی منداڵە دەوڵەمەندەکانیش بوون پێیان دەگوتن، هاوڕێیینە، تەماشاکەن لە دەرەوە ملیۆنان هاوڕەگەزی برسی و ڕەش و ڕووتمان هەن، با ڕزگاریان کەین. لەمەش پێوە هاش و هووش و پڕوپاگەندەشیان بۆ سایەچەوریی دەواری ڕەش و قمز و تیروکەوان و شەڕ و خوێنڕشتن دەکرد دەیانگوت، نێر ئەو کەسەیە شەڕی بووێ، مەردی کوڕی مەرد ئەو کەسەیە لە شەڕدا بمرێ. دۆڵیان دۆڵیان خوێن، خوڕخوڕ خوێن... سەرلەبەری شیعری کۆوارە گورگ دەم داپچڕیوەکانی ئەو سەردەمە خوڕخوڕ خوێناوی بوون، خوێنیان لێ دەتکا. ئەوی شەڕی نەویستبا غایەنی نیشتمان بوو.

من ئەو دەمی زمانم سووتا باسی (زەوی)م کرد، گوتم دەوڵەمەندەکان

زەویوزاریان زۆرە. ئێمە نیوە کارین. زەویوزارمان نییە. چیم بەخۆم کرد. پۆلیس کارێکیان پێ کردم با بەدەواری شڕی ناکا. لە هاتوچۆ و چوونە ناو خەڵک کەوتم. هێندەی نەما بمکوژن. بەڵام کەس نەبوو بەتوورانچییەک بڵێ، برۆ بەسەر چاوتەوەیە. کۆوارەکانیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بەهۆی ماموستاکانەوە بەفرۆتن دەدا. ئێستاکانێ چەندیان ڕوو دەدرێتێ ئەوسایش ئاوهایان ڕوو دەدرایێ.

ئەو سەردەمە شیعریشم نووسی. شیعرەکانم نیوە دێرێکی لەم بابەتەی تێدا بوو! «ئالآیەکی سپی لەسەر خەون و خولیاکانم هەڵکەن...».

کاکە زاریان لێ داپچڕیم، وەکو گورگی هار هاشاوڵیان بۆ هێنام: تورکێ تورک بێ دەم لە ئالآی سپییەوە دەدا؟ سپیی هامانا، ئاشتی، ئەوەی خۆی بەتورک بزانێ قەت ئاشتیی دەوێ! کە گوتت تورک، واتا خوێن.

ئێمە ئەو سەردەمانە زۆر لەو کارانە نەدەگەیشتین. جگە لەمەیش، کاکە باس هەر باسی «قمز» بوو. قمز وا و شێلە وا...

پێنج شەش هاورێ، لە پەنایەکەوە سەرمان بەیەکدا گرت ئاخۆ ئەم قمزە چی بێ؟ قمز پیاو مەست دەکا. ها لە پاش چەند و چەند ڕازەکەمان هەڵێنا: کە جۆرە شەرابێکە لە شیری ماین دەگیرێتەوە. یەکێ لەوانەی ئەقڵی لە سەردا هەبوو گوتی، ئێستا بەدەست ناکەوێ. بۆ ئاسیای ناوەندیش بچن هەر نییە. خەڵک ئیتر شەرابی وا ناخۆنەوە. قمز خواردنەوە ناچارییەک بوو سەردەمی بەسەر پشتی ئەسپ و ماینەوە گەڕان دای هێنابوو. ئیتر هەرچییەک بوو، دەبێ شەرابێکی زۆر خراپ بووبێ.

ئیتر هەر بەجارێ وڕ و گێژی کردین... شەرابی زۆر خراپی قمز... خوڕخوڕ خوێن... دەوجا وەرە، ئەنەدۆڵ بەم برسێتی و پەرێشانییەی خۆیەوە، هەر ئەوەی ماوە، بە تیروکەوانەوە بۆ سەفەری ئاسیای ناوەند بەڕێ کەوێ.

نووسینەکەم درێژای کێشا، دەمەوێ بڵێم، ئینسان شتی نوێباوی بەزۆر سەلماندووە. زۆر جاران لە بیر و ئەندێشەی نوێ دوورەپەرێز وەستاوە و

بەئامـان و زەمـان توخنی نەکـەوتووە، بگرە بەچاوی دژمنایەتیش سـەیری کردووە.

ئێمە، منداڵی شازدە، حەڤدە ساڵە، هەر ئەوەندە نەختێ بیرمان کردەوە، تێ گەیشتین قمز شەرابێکی سەروبەند بەسەرچووە، نەپیرۆزە و نەتەڕەماش. خوڕخوڕ خوێنڕشتنی ئینسان کارێکی بڵج و بوغرنجە.

ئەنەدۆڵ بەم ڕەزیلی و سەفیلی و برسێتی و پەرێشانییەوە، هەڵتەک هەڵتەک، بە تیروکەوانەوە چی لە سەفەری ئاسیای ناوەند داوە.

مرۆ هەر ئەوەند فێری بیرکردنەوە بووبووایە... چونکە کۆنەپەرستەکان هەمیشە لە هەڵپە و هەڵوەدای ئەوەدان نەهێڵن فێرە بیرکردنەوە ببێ.

نووسەری کورد، ژمارە ١١،

خولی دووەم، شوباتی ١٩٨٣

گفتوگۆ لەگەڵ یەشار کەمال

سازدانی: ئەردال ئۆیز

* یەشار کەمال، لەم دەمودەستەدا کتێبێکت بەدەستەوە هەیە، بیخوێنییەوە؟

– بەڵێ. ستاندال دەخوێنمەوە. (دێری پارما)کەی. کێ دەزانێ ئەمە چەندەمین جارە دەیخوێنمەوە.

* هیچ شتێکی جیاوازت لە نێوان ئەم خوێندنەوەیەی دوایی و خوێندنەوەکانی تریدا دۆزیوەتەوە؟

– هەمیشە شتی جیاواز جیاواز لە ستاندالدا دەدۆزمەوە. ستاندال نووسەری سەرەکیمە. تۆلستۆی کە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (شەڕ و ئاشتی)ی نووسی. لە گێڕانەوەی باسی شەڕی بۆرودینۆدا لاسایی ستاندالی کردووەتەوە. ستاندال لە (دێری پارما)دا باسی شەڕی واترلوو دەگێڕێتەوە. ئەم باسە زۆری کار لە تۆلستۆی کردووە. من ئەمەم پێشتریش دەزانی، بەڵام دوای ئەمە، بیروباوەڕم لەمڕووەوە زێتر چەسپی. باسی شەڕوشۆڕ تا سەردەمی ستاندالیش تا بڵێی زۆر سامناکانە دەگێڕدرایەوە: گرموهۆڕ، هەراوزەنا، تەپوتۆز، دووکەڵی بارووت، بەرپێ نەدیتن، لە کورتی، شەڕوشۆڕ، بە هەموو بارودیوێکیدا قەڵەمی وەکار دەخرا. زۆر بەفراوانی و بەربڵاوی دەگێڕدرایەوە. وەک خەڵک هەموو بارودیوێکی شەڕوشۆڕ بە چاوی خۆیان ببینن وا بووە. کەچی بەلای ستاندالەوە، شەڕوشۆڕ لە نیگای ژنە ئاڵووێرچییەوە، لە نیگای منداڵێکەوە دەگێڕدرێتەوە، کە بۆ چوونە بەرمەیدانی

شـەر هەر وەختـە بووە فـراقی ڕەش بکا. سـتـاندال لە جـیـاتی، ئەوەی ئەو شـەڕوشـۆڕانـە وەک جـاران بەو هەمـوو بەزم و ڕەزمـەوە بگێـڕێتـەوە هاتووە، بەڕاسـتـتـر و ئینسـانانەتریانی گـێـڕاونەوە. سـتـاندال شـەڕ، تەنانەت باسی لەشکرێکی گـەورە و گـرانی بەزیویش بەوپەڕی سـادەییـیـەوە دەگـێـڕێتـەوە. ئەمەیش پێم وایە لە مێژووی ئەدەبیاتی دنیادا، بۆ یەکەم جار، ستاندال ڕچەی شکاندووە. تەنانەت تۆلسـتـۆیش لە گـێـڕانەوەی باسی شـەڕی بۆرینۆدا، لە ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی)دا هێندەی ستاندالی جوان، هێندەی ستاندالی سادە نەگێڕاوەتەوە.

تۆلسـتـۆی لە نووسـینی (شـەڕ و ئاشـتی)دا نیـشـانەی لاسـاییکردنەوەی سـتـاندالی لە نووسـینی (دێری پارمـا)دا بە ئاشکرا پێـوە دیارە و چ گـومـان لەوەدا نیـیـە. لە هـەرتک ڕۆمـانەکـەدا تا ڕادەیەکی پڕاوپڕ، نموونەی وەک یەک، کەسـانی وەک یەک دەتوانین ببـینین. ئەسـپـەکان هەر ئەو ئەسـپـانەن کـە غار دەدەن. شتەکانی تر هەر ئەو شتانەی تر. بێگومان ئەوانی تۆلستۆی بەرچاوتر و بەتەنتـەنە و سـەنسـەنەترن. هەرچی ئەوانی سـتـاندالن سـادەترن. سـتـاندال ئەدەبیـاتی فـەرەنسـزانی بەرەو ڕووکـارێکی ڕاست ڕێ بەدێیی کـردووە، وەسـەر شاڕێییەکی ڕاست خستووە. ئەو وەک فلوبەرت نییە. فلوبەرت قسەیەکی هەیە، گوتوویە: «مادام بۆڤاری خۆمم».

وای گـوتووە ئـەمـە قـسـەیـەکی ئێجگار هەڵەیە. لەوەتی ئەدەبیات ئەدەبیـاتە، بێـگـومـان، نووسـەران، سـەردەمـانێ، باسی خـۆیان دەکـردە کـەرەسـتـەی نووسینەکانیان، بەڵام ئەوە بزانە کە ئەم باسی خۆبەکەرەستەی نووسینکردنە هیچ پێـویست نییـە. گێـڕانەوەی باسی دەوروبەر، خـۆی لە ناو کرۆکدا، واتە گـێـڕانەوەی باسی خـۆ. کـە بـاسی ژیان دەگـێـڕییـەوە، واتە باسی خـۆت دەگێڕێیەوە. دوشێ سانسێڤریناکەی ڕۆمـانی (دێری پارمـا) ستاندال نییـە. چونکە سـتـاندال، سـا هەرچۆنێ بووبێ ئەو دەوروبەرە ژیاوە. (دێری پارمـا) گـەرچی ڕۆمـانێکی دیرۆکـانە و مـێـژووانەیە، بـەڵام سـتـاندال بێ سێ و دوو دەوروبەری ڕووداوەکانی ژیاوە. ژیانی دوشێ سانسێڤرینا، یا یەکێکی وەک

ئەو، یا چوزانم ژیانی برێ بنیادەمی وەک ئەو ژیاوە، ئینجا دەستی داوەتە قەڵەم. واتە ستاندال ئەو ئاووهەوایەی لە ڕۆمانەکەیدا ژیاندوویە، ژیاوە. نازانم توانیم تێت گەیەنم؟ بە نموونە هەمیشە دەڵێم: هێلینا نییە هۆمیرۆس. ناتاشا نییە تۆلستۆی. چونکە بەداو و دەستووری داستانبێژی، بە نموونە لەو داستانە زاندراوانەی ئەمڕۆماندا، هیچ کاتێ کەس باسی خۆی، باسی کەسایەتیی خۆی نەهێناوەتە ئاراوە. ئەی باسی چ دەکا؟ لەگەڵ باسی خۆیدا باسی دەوروبەری خۆی دەکا، باسی ژیان دەکا. ئەمەیە داو و دەستووری داستانبێژی. هەرکەسە ژیانێکی خۆی بەرانبەر بە ژیان، شایەتییەکی خۆی هەیە. قسەیەکی سەرەتاییانە هەیە، دەڵێ: «ژیانی هەرکەسێ بگرێ ڕۆمانێکە بۆ خۆی.» نەخێر وا نییە. هەموو کەسێ ڕۆمان نییە. ڕۆمان ژیانێکە. ڕۆمان ئاووهەوایەکە. ڕۆمان ڕۆنانی دنیایەکی نرت و نوێیە. لەگەڵ ئەم دنیای خەونەدا ڕۆنانی دنیایەکی ڕاستەقانێتییە، ئەفراندن و گووراندنە ڕۆمان.

* ڕاستەقانێتیی ڕۆمانێ

– ڕاستەقانێتییەکی نرت و نوێ. دنیایەکی تەڕ و تازە. سەرەڕای ئەوەیش، دنیایەکی وایش نەبێ کە کوتومت و بەڕاستی لە دنیایەکەمان بچێ. دروستکردنی دنیایەکی تایبەت بە خۆی، پڕ بە باڵای خۆی، ڕۆمان. لەم دنیا تازەکوورەیەدا، ڕاستەقانیەتیی ئینسان یەکلا دەبێتەوە، یەکچاو دەبێتەوە. ساغ دەبێتەوە. لە داستانە گەورەکاندا ئەمە، هەموو، بەو جۆرە بووە. هۆمیرۆس بەو جۆرەی کردووە، ستاندال وای کردووە، تۆلستۆی وای کردووە، سێرڤانتس بەو ڕەنگەی کردووە. سێرڤانتس (دۆن کیشۆت) نییە. سێرڤانتس ئینسانێکە ژیان و ئاووهەوای (دۆن کیشۆت)ی لەو چەرخانەدا لە چاو خۆیەوە ژیاوە. ئینسانێکە دواهاتنی سەروبەندی شۆڕسواریەتی ژیاوە. ئینسانێکە شیرازە تێکچوونە گەورەکە ژیاوە. ئینسانێکە شۆڕەسواریەتی بوون بە بابەتێکی گاڵتەوگەپ ژیاوە، بیانی کەوتن و نامۆییکردن ژیاوە. لەبەر ئەوە. نەسێرڤانتس پێویستی بەوەیە ببێ بەو دۆن کیشۆتەی خۆی گووراندوویە،

نەسـتـاندالیش پێـویسـتـی بەوەیە ببێ بـەو دوشێ سـانسـێـڤـرینایەی، خـۆی گووراندوویە. کارەکـە کـاری خـوڵقـاندنە، کـاری گـووراندنە. واتە گـووراندنی ئەوەی دەیـژییـی، گــووراندنی ئـەوەی بـۆی بـە تاســەوەی، گــووراندنـی ئەوەی هەسـتی پـێ دەکـەی، گـووراندنی ئەوەی کـاری لە خـوێن و ڕەگ و ڕیشـەت کردووە. ئەمانە سەرلەبەر لەو گووراندن و ئیجاتکارییەدایە. واتە داسـتـان چ پێویستی بەوە نییە، ئیلکەم و بیلکەم هەر دەبێ یەکێکی هەبێ. چونکە ئەو بۆ خـۆی ئـیـجـاتکارە. ئەو بـۆ خـۆی دەوروبەر و دنـیـاکـە دەگـووڕێنـێ، ئەوە پەی بەڕاسـتـیـی ئینسـان دەبا. ئەوە پـەی بەڕاسـتـیـی سـروشت دەبا. لەبـەر ئەوە فلوبەرت کـە گـوتوویە: (مـادام بـۆڤـاری خـۆمم) قسـەکـەیم زۆر بەلاوە سـەیر و سـەمـەرەیە. من ئەمـەم، وەک هەڵە بێ، بەلاوە وایـە، هونەرمـەندان، بڕێ شـتـی سـەر بە ژیانی خـۆیـان تێکەڵ بە نووسـینەکـانیـان دەکـەن، بەڵام ژیانی خـۆیان، سـەربـهـوردی خـۆیان نانووسن. شـتـهـایەک لە نوێژەنەوە دەگـووڕێـنن. دنیـایەک دەگـووڕێـنن. جـا لەم ڕوانگەیەوە سـتـاندال زۆر بـە گـرینگ دەزانم. من خـووێکم هـەیە: پێش ئەوەی دەست بە ڕۆمــان نووسـیـنـێ بکەم، سـتــانـدال جـارێ دەخـوێنمـەوە و تەواوی دەکـەم (دێری پـارمـا) و (سـوور و ڕەش) ئینجـا نازم حـیکمـەتیش دەخـوێنمـەوە. پێش ئەوەی دەست بە نووسـینی ڕۆمـانـێ بکەم، دەمـەوێ بەرکـاری ئەم هـەردوو ڕۆمـانە بکەوم. نازم تـورکـییـەکی بەسـام لەکار دێنێ. ئەمـە کـاتێ لەگـەڵ چەمکی ڕۆمـاننووسـیـی سـتـاندالدا یەک دەگـرنەوە. میعمـارییەتێکی بەسام و ڕوختەی ڕۆمـانـێ دەبەخشێ. ئینسانی هـەرە نزیک لە بیـر و بڕوای مـنەوە سـتـانداڵە. ئەو خـەسـیـەتانەی ئـەو وەسـفـیـان دەکـا، نموونـەکـانی، ئـەوانەن کـە لە کـەسـایەتیی ڕۆمـاننووسـیـی منـەوە نزیکـتـرن. سـەرلـەبەری کـەسـانی ڕۆمـانەکـانی سـتـاندال کـە لە چینی هـەرە خـوارێی کۆمەڵەوە دێن زۆر بەهـەڵوەداوە بەرەژوور هەڵدەکشێن.

لە قارەمانی (سوور و ڕەش)، لە جۆلیان سۆرێلەوە بگرە تا قارەمانی (دێری پـارمـا) فابریس دێ دۆتگۆوە، ئەمـانە هـەمـوو کەسـانی تا بڵێی بەئیحـتیـراس و گیـرۆدەن، تا بڵێی بەشوور و شـەوقن. ستاندالیش، ڕەنگە خـۆی، هـەر پیاوێکی

دەرەوە بووبێ یانی: کەسانێکی لە چینی هەرە پاینی کۆمەڵەوە هاتووی ئاشقە بەرەو سەروو هەڵکشان، گیرۆدەی بەرەژوور هەڵکشان بوون.. لەم چەرخەیشماندا ئەم جۆرە ئینسانانە دەبینین. کەسانی ستاندال، لە سەرێکەوە دەتوانین بە ڕێبەر و نموونەی ئاشقە سەرمایەداری و بە سەرمایەدارییەوە گیرەوەبوونێکی بە سام لە قەڵەم بدەین. دیارە، گیرۆدەییەکی تریش هەیە، ئاشقە لایەنێکی تریش هەیە: گیرۆدەیی خەبات لە پێناوی دنیاگۆڕیندا، ئەم ئاشقە خەباتی دنیا گۆڕینەیش لەمبەری ئاشقە سەرمایەدارییەوە وەستاوە.

* یانی، تەنیا خواست و ئارەزووی چینێک نییە.

– نەخێر.

* خواست و شوور و شەوقی دنیا گۆڕین.

– شوور و شەوقی گۆڕینی دنیایش بۆ خۆی گیرۆدەیی و ئاشقێنییەکی بەسامە.

شوور و ئارەزووی خۆگۆڕینیش و دنیاگۆڕینیش لە کەسانی ستاندالدا زۆر چاکی کار تێدا کراوە. بەڕاستی، ستاندال ئەو پیاوە بەشوور و شەوقە بێ پایانانەی زۆر چاک لەکار هێناون.

* ستاندال یەکێکە لەو نووسەرانەی لە مێژووی کۆمەڵی فەرەنسزاندا قۆناغێکیان بڕیوە، وەنییە؟

– بەڵێ وایە. قۆناغێکی هەرە گەورەیش.

* باشە، ستاندال، ئەو کەلەپوورە کەڵەکەبووەی پێش خۆی، ئەو کەلەپوورە کەڵەکە بووە گەورەیەی چۆن لە خۆیدا هەزم دەکا و دەیکا بە هی خۆی؟ بەلای تۆوە، لە مەسەلەی دنیاگۆڕیندا، ئەم کەلەپوورە کەڵەکەبووەی چۆن بەکار هێناوە؟ ئەم چالاکییەی لەم ڕووەوە دەبێتە چی؟

– من پێم وایە، ستاندال لەم دنیا بەم جۆرە گۆڕینەدا بەدەردێکەوە نەگلاوە، هیچ گرفتێکی نییە. سەرەڕای ئەمەیش ئاشقە ناپلیۆنە. بەڵام بڕوانە، ناپلیۆن، خۆی پیاوێکە لە ناوجەرگەی خولیای دنیاگۆڕیندایە. خۆی بۆ خۆی هەڵوەدای ئەو شەوق و شوورەیە. جا ستاندالیش لەو شەوق و شوورەی بەرانبەر بە ناپلیۆن سەرسوڕمانەدایە. خۆی لە ئەسڵدا، هەرچی نموونە کەسەکانی ڕۆمانەکانی ستاندالیش هەن سەرلەبەر، هەر بەو شەوق و شووری لە ناپلیۆن سەرسوڕمانەدان. ستاندال چونکە خۆی ئاشقە ناپلیۆنە نموونە قارەمانەکانی ڕۆمانەکانیشی هەر بەو ئەشق و خولیایەوە گووراندوون. جۆلیان سۆڕێلیش فابریس دێل دۆنگۆی بەو جۆرە خوڵقاندوون.

* چونکە ستاندال بۆ خۆی عەودالی ناپلیۆنە.

– بەڵام چۆن عەودالبوونێ! گەرچی ستاندال، بیر و بڕوای خۆی و لە دنیا نۆڕینی خۆی تێکەڵ بە ڕۆمانەکانی دەکا، بەڵام وێڕای ئەوەیش، ستاندال هەرگیز جولیان سۆڕێل نییە، فابریس دێل دۆنگۆ نییە و نەشبووە بەوان، هیچ پێویست بەوە ناکا. ئەو کەسانە هێندە بە سەرسووڕهێنی، هێندە بەسەرکەوتنێکی گەورەیان دەگوورێنێ، تەنانەت لە ئەمان خۆشیان و لەوان خۆشیان بەڕاستەقانیتر لێ دەکا و بەڕاستەقانیتریان دەگوورێنێ.

* دەتەوێ بڵێی، ئەگەر ستاندال خۆی لە خۆی دووابا کەسانی ئاوهای بەو ڕاستەقانێتییە وا نەدەگووراند؟

– کەسێکی ڕۆماننووسێ، هونەرمەندێ، داستاننووسێ دەیگوورێنی، خۆی لە خۆی ڕاستەقانیترە. ئەمەیە قنیاتی من. من لەو بڕوایەدام هونەرمەندان، تێکڕا، کەسانێکی لێیان دەدوێن، لە خۆیان بەڕاستەقانیتر دەگوورێن. کەسانێکی تۆلستۆی گووراندوونی، کەسانێکی ستاندال گووراندوونی بە نموونە بێنییەوە، لە مرۆگەلێکی ڕاستەقانی ڕاستەقانیترن. جارێ خۆ کەسانێ کە گۆگۆل دەیانگوورێنێ بە نموونە بێنینەوە، ئەوە هەر

ڕاستەقانییەکانی ڕاستەقانین. جا گرینگیی ڕۆمانیش لەمەڕا هاتووە. بەنموونەی ئەو سریشتەی فۆلکنەر گووراندوویە لەو سریشتەی ئێمە دەیبینین و دەیزانین و بۆی دەچین سریشتێکی ڕاستەقانیترە. جا بێتو لێرەڕا بۆ مەسەلەکە هەڵکشێین وابزانم دەگەینە شوێنێ.

* دەتوانی باسەکە بە ڕۆماننووسانی خۆمانەوە گرێ دەی؟

– ڕۆمانەکانمان بە داو و دەستووری داستانبێژیی خۆمانەوە ببەستین، بتوانین ببەستین. دەتوانین لە ڕۆماننووسیدا هەنگاوێکی گەورە بەرەوپێش هەڵێنین.

* بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی خۆمان؟ پێشنیهادی ئەوە دەکەی لە پێشان لە سەرچاوەکانی خۆمانڕا تێ هەڵچین، نەک لە ڕۆمانی دنیاوە؟

– ڕۆمانی دنیا دەسکەلایەکی گرینگە بەدەستمانەوە. زۆر شت هەن لە ڕۆمانی دنیاوەیان فێر بین. لە تورکیا بوون بەڕۆماننووس، بەبێ زانینی ڕۆمانی ڕووس، کارێکی سانا نییە. بەڵام ئەی داستانی کوێرئۆغڵووی خۆمان چییە؟ ئەو چۆن گوتراوە؟ داستانەکەی کوێرئۆغڵوو لە ڕاستینی گەورەی ئەو نەگەین کارێکە لە کردن نایە و سەر ناگرێ. بوون بە ڕۆماننووس. برێ هەلومەجی خۆی هەن.

* دەکرێ نەختێ داو و دەستووری داستانبێژیی کوێرئۆغڵوومان بۆ بگێرییەوە؟ چونکە هەمیشە قسە لەو شوێنە هەرە گرینگە دەکەی کە داستانی کوێرئۆغڵوو لە ڕۆماننووسیی تۆدا گرتوویە.

– کوێرئۆغڵوو دەڵێی...

* یانی هەر کوێرئۆغڵوو نا، تەبیعی. مەبەستم کەلەپووری گەورەی خەڵکی وڵاتەکەمانە، ئەوەی خەڵک وەسەریەکی ناوە.

– ئەوەی خەڵک وەسەریەکی ناوە؟ جا بڕوانە، من فۆلکلۆر بە شتی دەزانم

دەژی. من فۆلکلۆر بە کۆمەڵێ هۆی مردوو نابینم. فۆلکلۆرەوانی ڕاستەقانی ئەمە زۆر چاک دەزانێ. لە هەموو سەردەمێکدا هونەرمەندی چاکیان لە ناو خەڵکدا هەڵدەکەوێ. گەل لەسەر داهێنانی شتی خێونەناسی بەردەوامە و هەر بەردەوامیش دەبێ. بڕوام بەمەیش هەیە. فۆلکلۆرەوانەکان خۆیان شایەتی ئەمەن. گەلان لە هەموو چەرخێکدا، لە هەموو شوێنێ. هەرگیز لە داهێنان ناکەون، بەڵام بەمەرجێ لە ڕەسەنایەتیی خۆیان دانەشۆرێن. بەنموونە لە ئیسوێچ ڕادیۆ و سینەما و تەلەڤزیۆن جێگەی داهێنانی خەڵکەکە ناگرێتەوە، بەشی خەڵکەکەی نەگرتووەتەوە. سەرەڕای ئەم هەموو هۆ تازانە خەڵکەکە لە گۆرانی و لاوژە داهێنانی خۆیان، لە چیرۆک و داستان داهێنانی خۆیان، لە مەتەڵۆک داهێنانی خۆیان ناکەون و هەمیشە هەر بەردەوامن. ئەمە لە مۆدێرنترین وڵاتی وەک ئینگلستان و فەرەنگستانیشدا هەر وایە. کەچی وێڕای ئەمەیش، بەڵام زۆر خەڵکەکە ئەم جۆرە بابەتانە هەر ڕەنێو دێن و لە داهێنانیان دوا ناکەون. هەرچەندە ئێمە لەم سەردەمی ژیانەماندا نموونەی ئەمانە زۆر کەم دەبینین. ئەمە لێشاوێکە هەر وا هاتووە و هەر وایش دەڕوا. ئەوانەی خەڵک بۆ خۆیان دەیگوورێن ئینسانانی پاش سەد ساڵی تر بە چاوی خۆیان بیانبین و بەگرتنی دەست بیانگرن. دەمەوێ ئەوەیش بخەمە سەر قسەکەم: ئینسانانی وڵاتی ئێمە هێشتا فێرە خوێندن و نووسینێکی وا نەبوون. تەلەڤزیۆن تازە لە وڵاتی مە پەیدا بووە. ڕادیۆ تازە وا خەریکە دەکەوێتە هەمووماڵێکی. لە سەردەمێکدان، هێشتا زۆرمان فەرقە لەگەڵ هەندەران. سەرەتا فۆلکلۆرانەکان، داهێنان و ئیجاتکاری ناو خەڵک، پێداویستێکی زەروورن. چونکە داهێنان هەر بۆ خۆی پێداویستێکی زەroورە. هونەر ماکێکە لە خوێنی مرۆدا دەگەڕێ، شتێ نییە لە مرۆ بەدەر بێ، هونەر لە مرۆ جوێ ناکرێتەوە. ئینسان بێ هونەر نابێ. هەر لەبەر هەندێیشە خەڵکی هەموو شوێنێ، بێ چەندوچۆن لە داهێنان و گووراندنی خۆ ناکەون و بەبێ داهێنان و گووراندن دەرنابەن و هەڵناکەن، هەمیشە هەر دادەهێنن و دەگوورێن و درێژە بەو کارە دەدەن. تا خەڵک هەبن بەرهەمی هونەری داهێنان

و گووراندنیش هەر دەبێ. ئەم مەیدانەیش لە کن ئێمە تا بڵێی دەوڵەمەند و بەبرِشت و ئیرووە. مەلای مەزبوورەیش هەیە، قەرەجە ئوغلانیش هەیە، پیرسوڵتان عەودالیش هەیە، کوێرئۆغڵوویش هەیە، هۆمیرۆسیش هەیە، داستانی ماناسیش هەیە، هەیەی کورِی هەیەیش هەیە. بۆ درێژەدان بەم پێداویستییە گەورەیە، ئەمرِۆکە، لە ئەنەدۆڵێ، سەدان شاعیر هەن، داستان دەگێرِنەوە، سەرتاسەری ئەنەدۆڵێ بگەرِێ تووشی زۆر پاژی هۆمیرۆس دێی. ئەمانە لە کوێرا هاتوون؟ لە چیرۆکەکانماندا زۆر تووشی چیرۆکی هیندییان دێی. دەتوانی ئەمرِۆ لە ئەنەدۆڵی چیرۆکی عەرەبان، ئی هەزار و یەکشەوە بەئاشکرا ببینییەوە. تەنانەت تووشی زۆر پاری داستانی گەلگامێش دێی لە ئەنەدۆڵێ. ئەم داستان و چیرۆکانە بە زمانێکی پاراو و تەرِوبرِ و پێشکەوتە و زۆر جوان لە ئەنەدۆڵێ دەگێرِدرێنەوە. خۆ لە باری زمان پاراوییەوەیان بگری ئەوە هەر مەپرسە. گەلان لە یەکبینە خەریکی زمان داهێنانن. هەر شتێکی داشی دەهێنێ، بەپێی پێداویستیی سەروبەندی خۆی دای دەهێنێ. هەر لەم سەروبەندەی ئێستاکێماندا وشی وا لە ئەنەدۆڵێ داهێندراون هەرگیز بەرگوێ نەکەوتوون و ئەم وش داهێنانەیش هەر بەردەوامە. زۆر وشە لەسەر مەکینە داهێندران لە ئەنەدۆڵ. کەچی زۆر نییە مەکینە کەوتووەتە ولاتی تورکیاوە. زۆر وشە لەسەر رِادیۆ داهێندراون بیانبیستی سەیرت لێیان دێ. وشە لەسەر تراکتۆر، لەسەر پارچەکانی داهێندراون. وشەی زۆر تازە و نوێباون، تا ئێستا نەبیستراون. تراکتۆر چلۆن کار دەکا؟ چۆن چۆنی دەرِوا؟ ئەمانە سەرلەبەر، وشی سەیر سەیریان بۆ داهێندراون.

تراکتۆر چیرۆک و مەتەڵ و سترانی لەسەر گوتراون. ئێستا دەتوانم چەند سترانێک، لەوانی لەسەر تراکتۆر هەڵبەستراون بۆ لێ دەم. «مەکینە مەکینە، هۆ مەکینەی خوێنرِێژ..» گۆرانییەکە دەتوانم بۆتی بڵێم. واتە خەڵک هەمیشە خەریکی داهێنانە. ئەگەر سەری زمان و بنی زمانم هەمیشە هەر باسی کوێرئۆغڵوو و چیرۆکەکانی کوێرئۆغڵوو بێ، ئەوە لەبەر هەندێکەیە کە ئەمانە بوون بە کولتووری شێوە و تەرزی دەربرِینم. ئەوەی بەسەر زاری خەڵکەوەیە

یەکێکە لە کولتووری بنەڕەتی من. ئەمن دەمەوێ بە زمانی خەڵکەکەم بدوێم. تەڕ و پاراویی زمان لەوەدایە. ئەو زمانە هەموو ڕۆژێ شتێکی نوێ دەگوورێنێ. چونکە ژیی مرۆ خۆی بۆ خۆی گووراندن و خولّقاندنە، بەلاّم بەمەرجێ مرۆ ڕەسەنایەتیی خۆی نەدۆڕاندبێ. خەڵک لە ئاخاوتنندا، لە گێڕانەوەی ڕووداوێکدا هەمیشە شتی تازە دادەهێنێ. پێنج کەس ڕووداوێ دەگێڕنەوە، هەریەکەیان بەجۆرێکت بۆ دەگێڕێتەوە. ڕووداوەکە بەپێنج شێوەی جیاجیا، بەپێنج جۆرە تێڕوانین، بە پێنج جۆرە ژیان دەگێڕنەوە. چونکە دەربڕین بۆ خۆی جۆرێکە لە داهێنان و گووراندن. ئەو هیمەی ئەمن ئەرزی داهێنانی خۆمم لەسەر ڕۆناوە ئەمەیە. منیش لە نیگای شتان دادەهێنم. بەلاّم کولتوورێکی وا دادەهێنم کە هی مەڵبەندی کولتووری ئەنەدۆکە، دەریای کولتووری ئەنەدۆڵە، لە کولتوورێکی دەگوورێنم تایبەتە بە خۆم. دەتوانم بڵێم من خۆم لەگەڵ ئەنەدۆڵدا پێک هێناوە. کە زمانی خۆم پێک هێنا، خۆمم لەگەڵ ئەنەدۆڵدا پێک هێنا.

* باسەکە بادەینەوە سەر کوێرئۆغلّوو..

- ئا، جا بابزانین کوێرئوغلّوو بە چ شێوەیێ دەدوێ؟ ئەمن لەوەم نۆڕیوە. بەڕاستی ئەمە سانایییەکی بۆ ساخ کردمەوە. دیارە من کە لە بابەتەکانی خۆم دەدوێم، هەڵبەتە لە بابەتەکانی کوێرئۆغلّوو نادوێم. ئەوەی لە کوێرئۆغلّوودا باس کراوە. من باسی ناکەم. تەنانەت لە باسکردنی ئەسپەکەیشیدا ئەمن وەکو وی باس ناکەم.

* ئای کە چەند لەسەر ئەسپەکە دەڕۆی..

- لە کوێرئۆغلّوویشدا ئەو سەرەتایەی پتری درێژە لەسەر پێ درابێ ئەسپەکەیە. داستانی کوێرئۆغلّوو لەسەریڕا تا دواییەکەی پڕە لە سەرەتای ئەسپ. ئەمن کە لە ئەسپەکە دواوم هەرگیز وەک کوێرئۆغلّووی لێ نەدواوم، لاسایی ئەوم نەکردووەتەوە. بەلاّم جێگەی داستانی کوێرئۆغلّوو لە

دروستبوونمدا گەورەیە. هەڵبەتە بەپلەیەک گەیشتووم نووسەرێ، هونەرمەندێ، دەگاتە پلەی گەشەکردن و فراژیبوون، دەگاتە پلەی شێوە دەربڕینێ. بەڵام من کە باسی ئەسپم کردووە، بێگومان کوێرئۆغڵوو لەم جۆرە باسکردنەیمدا، لە گەیشتنم بەو جۆرە دەربڕینەمدا دەوری یەکەمی گێڕاوە، من ئەمە زۆر چاک دەزانم.

* وا بزانم لە ئەسپ باسکردندا هەر لەو ڕێگەیەوە بەڕێ کەوتووی کە کوێرئۆغڵوو لێوە بەڕێ کەوتووە. واتا زانیوتە کوێرئۆغڵوو بە چ شێوەیێک لە ئەسپ دواوە.

– هیچ جۆرە بەندیوارییەکم بە شێوە ئەسپ وەسپکردنی کوێرئۆغڵووەوە نییە. قسە لەوەیە، مرۆ چۆن خۆی پێ دەگەیەنێ، نووسەر چۆن دەکەوێتە سەر باری تایبەتی خۆی، قسە لەوەیە، تۆ لە هونەری ئەسپ وەسپکردنی کوێرئۆغڵوویش پسپۆڕ بی و بۆ خۆشت کە دەکەوییە سەر ئەسپ وەسپکردن وای وەسپ بکەی، هەر لە خۆت بووەشێتەوە و لە شێوە وەسپکردنی خۆت بچێ، نەک لە ئی یەکی تر. هەر کەسە خۆی لەگەڵ جۆرە کەلەپوورێکدا گەشە پێ دەدا.

دیارە کوێرئۆغڵوو لە شێوەی ئەسپ وەسپکردنی مندا یەکەم جێگەی گرتووە. بەڵام من لە شێوە ئەسپ وەسپکردنی تۆلستۆیش کەڵک وەردەگرم کە لە (ئاننا کارینینا)کەیدا خوێندوومەوە. واتا شێوە ئەسپ وەسپکردنی تۆلستۆیش دەزانم و شێوە ئەسپ وەسپکردنی ستاندالیش دەزانم، کە لە (دێری پارما)دا خوێندوومەوە. لێ کێهەیان بنەڕەت و هیمی منە؟ کوێرئۆغڵوو. ئەمەیش وەنەبێ ڕێگەی لە ئەزموونی تری سوود وەرگرتنی لێ گرتبم، لە ئەزموونی هەموو دنیایش سوود وەردەگرم. بارگیرەکەی فابریس دێل دۆنگۆ لە شەڕ و گەڕدا، ئەسپەکانی شەڕ و تێک گیرانەکەی بۆرۆدینۆ، بارگیرەکانی ئەو شەڕە، ئەسپەکانی (ئاننا کارینینا)، هەروەها تەرز و شێوە باسکردنیان، جا بەڕاستی تۆلستۆی زۆر جوانی وەسپ کردوون، شێوەی ئەسپ وەسپکردنی

تورکمـانەکـانی چقـورئۆوا، ئەمـانە سـەرلەبەر دەسـتـیـان لە سـاخکردنەوەی شێوەی تایبەتی ئەسپ وەسپکردنی مندا هەیە. من ئەمانەم هەموو، لە خۆمدا هەڵشێلاون و شێوەی لە ئەسپ ڕوانینی خۆم لەسەر هەڵناوە. ئینجا ئەوساکە، وا بزانم شێوە دەربڕینێکی دەوڵەمەند و تێروپڕ و بەهێز و پێز دێتە گۆڕێ. ئەم گەشەکردن و فراژیبوونە لە بابەتی تریشدا دەبیندرێ: لە خۆرسکدا، لە ئاودا، لە دار و درەخـتـدا، لە باڵندە و پەلەوەردا، لە گیـاوگۆڵدا لە گـوڵ و گـوڵاڵە و گوڵێک و گوڵووکاندا، لە ئینسانانداا، لە هەمـوو شـتـی زیندوو و وەک زیندوودا دەبیندرێ. بەڵێ باسی ئینسـانیش هەیە. زۆر گـرینگە ئینسـان، کوێرئۆغـڵـوو باسـی دەکـا، چیـرۆکـەکـانمان وەسـپی دەکـەن، خـەڵکی وڵاتـەکـەمـان، بەجـۆراوجـۆری وەسپ دەکەن. بەڵام تۆلسـتـۆیش وەسپی دەکا، سـتـانداڵیش وەسپی دەکا، ئەلبێر کامۆیش وەسپی دەکا. هونەرمەندێکی بە ڕەنگ و ڕیشە ئەنەدۆڵی بێتـو شـێـوەی لە ئینسـان گـەیشـتنی ئەم چەرخە لەگەڵ کـەلەپوورە بەسـەریەکـدا کـەڵەکـەبووەکـەی خـۆیدا تێکەڵ بکا، شـێـوەی لە ئینسـان گەیشتنێکی هـەڵاوێردەی جیاوازی لێ دێتـە گۆڕێ. ڕەگ و ڕیشـەکەی خـۆی لە سـەرێکەوە و کـەلەپووری دنیـایش لە سـەرێکەوە. ئینسـانێ دێتـە گـۆڕێ لە سـەرتۆپی ئەمـانە خـەمـڵـیـبێ. ئینسـانێکی تایبـەت بە خـۆی، نموونە هونەرمەندێکی لێ دێتە گۆڕێ.

* ئاخـر ئەسـتـەمـبـووڵیش هەیە. ئەویش بۆ خـۆی شـتێکی جیـاوازە. لە پاڵ هونـەرمـەندە بـە ڕەگ و ڕیشـە ئەنەدۆڵیـیـەکاندا، هونـەرمـەندی بە ڕەگ و ڕیشە ئەستەمبووڵیشمان هەن.

– نەخێر. ئەمڕۆ، شـاکار لە ئەسـتـەمـبوول ناگورێ. ئەسـتـەمـبووڵییـەکان زمـانیان نییە. کۆڵ و کۆڵەوارن. تورکییان نییە. کە زمان نەبوو کەلەپووریش نییـە. کـەلەپووری ئێـمـە لە نێـوجـەرگـەی خـەڵکەوە سـەری هەڵداوە و لەگـەڵ چەندین جـۆرە شـارسـتـانیـەتیی سـەدان سـاڵدا هەڵشـێلدراوە و هەڵاتووە، کـەلـەپوورێکی زۆر دەوڵەمـەندە. زمـانەکـەشـمـان هـەر بەو جـۆرەیە. زاری

ئەوڕۆکەی ئەستەمبووڵی هێندەی بەبەرەوە نییە ڕۆمانی پێ بنووسرێ، شیعری پێ بنووسرێ. بەشی ئەوە ناکا چیی پێ بنووسرێ. تورکیی ئەستەمبووڵ سەری بگری و بنی بگری لە فەرهەنگۆکێکی سێ سەد! پێنج سەد وشەیی بەولاوە نارِوا.

تورکیی عوسمانیش هەر بەو ئاوایەیە. زمانێکە لە ژیان بەدەر بووە و ڕەق و هیشک هەڵاتووە، کوتومت وەک تورکییەکەی ئەستەمبووڵ. نووسین بە زمانی ئەستەمبووڵ لەبار بوایە، نازم حیکمەت لە هەموو کەسێکی چاتر پێ دەنووسی. نازم حیکمەت چەندین ساڵ لە زیندان نەخرابا، بەو کەلەپوورە ئەنەدۆڵییە دەوڵەمەندە، بە تورکیی ئەنەدۆڵ پێ نەگەیشتبا، نەدەبوو بە نازم حیکمەت، خۆی بەو تورکییە ئەنەدۆڵییە دەوڵەمەندە بێ پایانەی لە یۆنس عەمرە و تمەرەجە ئۆغلان و پیرسوڵتان عەبداڵ و داداڵ ئۆغلووەوە، پشتاوپشت، هاتووەتە خوار و گەیشتووەتەوە پسەل گۆشی نەکردبا نەیدەتوانی شیعرەکانی، شیعرە شاکارەکانی ڕەنێو بێنێ.

* لە پاشان دەگەڕێینەوە سەر نازم حیکمەت. بەجیا لێی دەدوێین.

– نا، پێم وایە تا ماوەیەکی دوور و درێژ ڕۆمان لە شارانەوە سەرهەڵنادا. سەریش هەڵبدا هەر لە ئەنەدۆڵەوە سەرهەڵدەدا. لەگەڵ عابیدین دینۆدا دەمانکردە گەمە، دەمانگوت بریا هەموو نووسەرێکی ئەستەمبووڵییان ساڵێ بەتۆبزی لە گوندی چەرداخ، لە ناوچەی چقورئۆوا دەهێشتەوە، نەختێ بۆ خۆی فێرە تورکی بوایە.

* ئەتۆ بێ پشوو، هەر لەسەر چقورئۆوات نووسیوە.

– نووسیومە. مرۆ لەنێو کۆمەڵە هەلومەرجێکدا لەدایک دەبێ و گەورە دەبێ و دەمرێ. ئینسان هەلومەرج دەیکا بە بوو. ئەمن مارکسیستێکم، هەوڵ دەدەم هەمیشە بە بیر و بڕوای مارکسییانە بیر بکەمەوە. فەلسەفەی مارکسیسزمیش ئەمە هەر بەو جۆرە دەڵێ: ئینسان لە ئاسمان نەهاتووەتە

خوار، ئینسان لە هەلومەرج و دەوروبەری خۆی ڕووت ناکرێتەوە.

جارێکیان لێیان پرسیم: «ئەوە بۆچی هەمیشە هەر بە چقورئۆواوە گرتووتە و لە یەکبینە هەر باسی چقورئۆوا دەکەی؟» لە ئەمەریکا لە کۆنفرانسێکدا لێیان پرسیم. من لە چقورئۆوا لەدایک بووم و گەورە بووم. لە چقورئۆوا ژیاوم. سەرانسەری ژیانم لەو ناوە بەسەرچوو ئێستایش لەم دەمەدا، وا لە ئەستەمبووڵم، لە ئەستەمبووڵ دەنووسم. لەوێ گوتم: «خۆ هەر من لە چقورئۆوا نانووسم. تۆڵستۆیش چقورئۆوای نووسی. سێرڤانتسیش چقورئۆوای نووسی، ستاندالیش چقورئۆوای نووسی. هەرچی نووسەری ڕەسەنی ئەم دنیایە هەیە، هەرچی هونەرمەندی ڕەسەنی ئەم دنیایە هەیە، سەرلەبەریان چقورئۆواین. چونکە هیچ مرۆیەکی لە هەلومەرج و دەوروبەری خۆ داماڵکاو نابێ بە هونەرمەند. هونەرمەندی ڕووت نییە و نەبووە. ئینسانێکی ڕووت و پەتی لە بیرکردنەوە نایە. هونەرمەندیش، وەک هەر ئینسانێکی تۆ بیگری، لەگەڵ هەلومەرج و دەوروبەری خۆیدا پەیدا بووە و هەڵکەوتووە.

* دەتەوێ بڵێی ئەو هونەرمەندە گەورانە، هەریەکە چقورئۆوای خۆی گێڕاوەتەوە. هەریەکە لە نیگای لەیلێی خۆیەوە ڕوانیویەتە دنیا.

– تاکە هونەرمەندێکی گەورە چییە نادۆزییەوە، خۆولاتی نەبێ. لەو وتارەمدا پترم پێ لێ هەڵبڕی، گوتم: «هونەرمەندی هەرە خۆولاتی کافکایە.» کە نووسینەکانی کافکا دەخوێنییەوە، هەست دەکەی دیوارێکی تاریکی ئەستووری لە پێشە خۆی داناوە، دنیا بەلای ئەوەوە دیوارێکی تاریکە. گۆرانی و لاوژەی ئەو خەمە. گۆرانیی خەم دەچڕێ. مرۆ چۆن دەتوانێ گۆرانیی وا خەماوی و ناهومێدانە بچڕێ؟ دەبێ لە پێشان بزانی چۆن ژیاوە، دەبێ لە ژیانی ورد بێتەوە، ژیانی کافکا زۆر سەیرە، نەک هەر کافکا، ژیانی هەموو هونەرمەندێکی ڕەسەن وا سەیرە. ئەم سەیرایەتییەشیان لەوەدایە کە لە خۆیان نادوێن، لەوەدایە کە لە تیرەی ئینسان، لە سرشت دەدوێن. فلۆبەرت

دەڵێ: «من مەدام بۆڤاری»م، ناڵێ: «من دارم، بەردم.» چونکە شتی وا نابێ و نەبووە. ئینسان خۆی دنیایە. ئینسان کەڵەکەبووی تێگەیشتنە گەورەکانە. لەبەر ئەوە، کە لە دنیا دەدوێ، وای لێ نادوێ شتێکی تر بێ، وای لێ نادوێ دار و بەرد بێ. دەتوانێ وەک فلۆبەرت بێ ئەوەی «مەدام بۆڤاری» بێ، لە دنیا بدوێ. سەرلەبەری هونەرمەندە گەورەکانیش، لەوەتی هاتوونە گۆڕێ، تا ئەمڕۆکە، لە هەر چییەک دوابن، وای لێ دواون، هەر خۆیان دەتوانن بەو جۆرەی لێ بدوێن. لە دنیا دواون، لە خۆیان بەدەر دواون، لە دار دواون، لە ئاو دواون. هیچ پێویست بە لەخۆدوان ناکا.

جا چ دەبێ؟ وا لە خۆیشیان دوان. من لە دژ ئەمەیش نیم. بە من چی؟ بەڵام تەنیا هەر «من مەدام بۆڤاری»م، ئەمە شتێکی زۆر هەڵەیە. هەڵەی هونەری ئەمڕۆی ئێمەیش هەروەک ئەو هەڵەیەیە کە لە ڕێبازەکەی فلۆبەرتی فەرەنسزانەوە هاتووەتە گۆڕێ. چونکە زۆربەی هونەرمەندەکانی ئێمە، هەر دەڵێی هونەرمەندی بە بنەچەکە فەرەنسزن. زۆربەی هونەرمەندەکانمان، تا دەگاتە ئەمڕۆ، ڕووناکییان لە هونەرمەندانی فەرەنسزانەوە وەرگرتووە. بە تروسکەی وان بەرپێی خۆیان دیتووە. ئەمن ناڵێم ئەدەبیاتی فەرەنسزان نەخوێننەوە، فێری نەبن، نەخێر، ئەمن وا ناڵێم. لەوەتەی هەم، کتێبەکەی ستاندالم لە دەست ناکەوێتە خوار، دەسکەلای دەستم ئەو کتێبەیە، هەر جارێکی دەیخوێنمەوە، شتێکی تازەی لێوە فێر دەبم. بەڵام هەرگیز نەکەن لاساییان بکەنەوە. کوتومت لاسایی کرانەوە، هەرچی لاسایی نەکردبنەوە بەچاوی سووکیان نۆڕیونێ و بەکەمیان زانیون.

یەک لە شاعیرە لاوەکانمان گوتوویە: « بێز لەم فۆلکلۆر و مۆلکلۆرە دەکەمەوە؟» یانی چی؟ یەکجار بە چاوی سووکی دەنۆڕییە فۆلکلۆر. قەرەجە ئۆغلانی بەلاوە شتێکی کەم بوو، گاڵتەی بە یۆنس عەمرە دەکرد. شتی وا نابێ. نابێ، وا بێ پارەکە، یەک لە چیرۆکنووسەکانمان گۆتبووی: «ئەمن زۆر سەرسامی بێتهۆڤنم، قێزم لە گۆرانیی نێو خەڵک دەبێتەوە.» یانی چی؟ خۆ بێتهۆڤن خۆی قێزی لە فۆلکلۆر نەدەکردەوە، نەک هەر ئەوە، بگرە بەهرەشی

لێ وەرگرتووە. بێتهۆڤن خۆی بنەڕەتەکەی فۆلکلۆرە. سەرلەبەری هونەرمەندە گەورەکانی دنیا تالاری هونەریان لەسەر فۆلکلۆر هەڵانیوە. فۆلکلۆر هیمی هونەری هەموو هونەرمەندانی سەر دنیایە. بە ستران و لاوژەتەوە، بە داستانتەوە، بە چیرۆک و مەتەڵتەوە، بەدرێژاییی چەرخەکان هەر ئەو سەرچاوەیان بووە. واتا: ئەو سەرچاوە گەورەیەی خەڵک پێکەوەی ناوە. کۆمەڵگە ڕای ناوە. هونەرێ لەوی بچڕابێ هونەر نییە، بیژۆکە، نەوەکامە، کاڵە، کرچە... چ نییە. نموونەی نییە بیهێنمەوە. یەک تاکە زەلامی وا هەڵفەکەوتووە. کە دەڕوانییە بێتهۆڤن بنەوەی، بنەوەی ئەو بلیمەتییەی سەرلەبەر مۆسیقای نێو خەڵک و سەرزاری خەڵکە. بەرچە و ڕێچکە، بە بنەڕەت، هی ناو خەڵکەکەیە.

بێگومان، بۆ خۆیشی شتی تازەی خۆی داهێناوە، بەڵام کە لێی دەکۆڵییەوە یەکسەر کەلەپوورە بە سەریەکدا کەڵەکەبووەکەی گەلت تووش دێ. (باخ)یش هەر بەو ڕەنگەیە، شێکسپیر بگرە، هەرچییەکی هێناوەتە گۆڕێ سەرلەبەر، لەوان شتانن کە لە ڕێگەی گەلەوە، لە نیگا و ڕوانگەی گەلەوە، لە نیگای خەڵکەوە، لێیان تێ هەڵچووە و گووراندوونی. خۆ بێیتە سەر ڕاستییەکەی، (هاملێت) بەر لە شێکسپیر و پاش شێکسپیریش نووسراوە. بەردەوام هەر نووسراوە، بەڵام شێکسپیر لە هەمووانی جوانتر نووسیوە. (ماکبەس)یش هەر بەو ئاواییە. ئەمانە گشت، لە ئەفسانەی کۆن و چیرۆکی کۆن هەڵگوێزراون. لە (ڤاوست)ەوە بگرە تا نازانم کێ، ئەمانە زۆربەی زۆریان بەو جۆرەن. ئەمە وەنەبێ نموونە هێنانەوەیەکی دەق لە سەدا سەدیش بێ. ئینسان بابەتیش دەگوورێنێ. برێ ئینسان پەیدا بوون، برێ بابەتیان گووراندووە. زۆریش تازە و نرت و نوێن. قاعیدە و بنکە دانانێم، بەڵام ئەوەیش بزانە کە بەسەرکردنەوەی شاکارەکانی نێو خەڵک کارێکی سانایە. ئینسانانەتر خۆی ساخ دەکاتەوە، بە باری قازانجێکی گەورەتردا دەکەوێتەوە. ئەمەیش هەروا بەو سووک و سانایە بە نووسەرانمان ناسەلمێندرێ. ئەدەبیاتی ئێمە بووە بە ئەدەبیاتێ لە دەرەوەی کەوشەنی خۆی پەیدا بووە، بووە بە ئەدەبیاتێکی لەخۆ بەدەر. ئەدەبیاتی ئێمە

بە لاساییکردنەوە بووە بەو شتەی پێی دەڵێن ئەدەبیات. تا ئێستا ئێمە لەگەڵ کەلەپووری خۆمان، لەگەڵ کەلەپووری خەڵکەکەماندا نەبووین.

* چاکە، ئەدی نازم حیکمەت؟

– کەسێکی لە سەرینچاوەی ئەنەدۆڵەوە یەکەم شاکاری شیعری بۆ داهێنابین، یەکەم شاکاری هونەریی بۆ داهێنابین، نازم حیکمەتە. با نەختێ لە نازم حیکمەت باخێوین.

* دەق نۆرەی خۆیەتی.

– نازم حیکمەت لە خێزانێک کەوتووەتەوە باپیرە گەورەی ئەو خێزانە مەولەوی بووە. بنەماڵەکە بنەماڵەیەکی عوسمانی بووە. مەولەوی یانی چی؟ مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی شیعری بەفارسی گوتووە. هاتووە تەریقەتێکی دامەزراندووە. هەرکە گوترا مەولەوی، واتا: پیاوی تەریقەتە و کەسانی سەر بەو تەریقەتە. باپیری نازم حیکمەت یەک لەو پیاوانەیە. شیعری نووسیوە. نازم لە ناو دنیای ئەم فەلسەفە ئاینییە، ئەم فەلسەفەی سۆفییەتییەدا پێ دەگا. لەبەرئەوەی کە کوڕی پاشایەکی عوسمانی بووە. بتەوێ و نەتەوێ، وەک هەموو چینەکانی هەورازی عوسمانییان، لە لەلەکانی فێرە فەرەنسزی دەبێ. تا چ ڕادەیەک بە عوسمانیەتی پەل داوێ، هێندەیش بە فەرەنسیزیەتی فراژی دەبێ. نەختێ عەرەبی، نەختێکیش فارسی فێر دەبێ. ڕاستت گەرەکە، زمانی عوسمانیش هەر لەمانە پێک هاتووە، کەڵکەبووی ئەمانەیە. کەلەپووری عوسمانی کەلەپوورێکی دەربارە و لەم دوو سەرینچاوە کەلەپوورە عەرەبی و فارسییە ئاو دەخواتەوە. لەم و لەو هاتووەتە گۆڕێ، هەڕەمەیە. لە پاشان نازم لە سەروبەندی شەڕی ڕزگاریدا دەچێ بۆ سۆڤیێت. بە سەردەمی هەرە بەگڕی شۆڕشی گەورە ڕادەگا. ئەو شتەی پێی دەڵێن سۆسیالیزم لەوێی دەخوێنێ. هەر لەوێ دەست بە شیعر نووسین دەکا. دەکەوێتە ژێر کاری شیعری شۆڕشگێڕانەی ئەو سەروبەندەوە. نۆبەرە شیعرەکانی نازم، ئەو شیعرانەی لە

سۆڤیێت نووسیونی زۆر مامناوەنجین. پەڕەنگەکانی بلیمەتیی ئەمرۆکەی نازم لەو شیعرانەدا نابینین. شیعری هەرە بەناوبانگی ئەو سەردەمەی دەریای خەزەر و شەنگەبییە. بەڵام ئەمانەیش پێت و پەڕەنگی بلیمەتیی نازم حیکمەتیان پێوە نییە. نازم لەو ڕۆژانەدا مردبا، پێت و پەڕەنگ و ئاورەنگی بلیمەتیمان ، شاعیرێتیمان تەنانەت لەو شیعرانەیدا هەرگیز نەدەبینی. نازم هەرکە دەگەڕێتەوە بۆ تورکیا و ناگەڕێتەوە دەچێتە نێو کۆڕ و دنیای دەستەیەک لە شاعیرانەوە، دەبێ بە خەڵکی دنیایەکی شاعیرانەی تر. دەبێ بە هاوڕێی پێنج بڕگەییەکان. لەگەڵ واندا شیعر دەنووسێ. ئەمانە شیعر بە بڕگەهۆن دەهۆننەوە، شیعری بە کێش و قافیە دەنووسن. نازم شیعری بێ قافیە دەنووسێ و هیچ شتێکی ئەوتۆیش نانووسێ لەوان سەرکەوتووتر و سوارچاکتر دیار بێ. بەنموونە: فارووق فایز (شۆڕشە تۆپەڵ نوورەکان لە زگە برسییەکانەوە هەڵدێن) دەنووسێ: نازمیش سەری بگری و بنی بگری هەر بەم پێودانە شیعر دەنووسێ. هەنگاوێ بەرەو پێشێ ناڕوا. لەمە بەولاوە ناڕوا. ئەوپەڕەکەی هەر ئەوەندەیە، ئەو نوختۆکەیێ لەوان چاترە.

* زۆر شۆڕشگێڕە

– بۆ شۆڕشگێڕی، شۆڕشگێڕە، بەڵام لەوێدا شاعیرێکی مامناوەندییە. نازم لە پێشترێ شۆڕشی دیتبوو. لەوێدا شتێ پێک دێ. نازم کە لە سۆڤیەت دەبێ، لەگەڵ مایاکۆڤسکیدا دەبێ بە ئاشنا و ڕۆشنا. کەمۆکەیێ لە پووشکین دەگا، نەختێ لە هونەرەکەی هەڵدەگرێتەوە، ڕەنگە لەوێ پووشکینیشیان بەدەرز پێ خوێندبێ. ئەمن بۆ خۆم لەم بارەوە قسەم لەگەڵ کردووە. لێم پرسی: «پووشکینت دەناسی؟» «هەڵبەتە،» گوتی. فێری چەند شیعرێکی بووبوو. لەوەندەی گەیشتبوو، با کەمیش بێ، پووشکین چ کارێکی لە ئەدەبیاتی ڕووس کردووە. جا هەر لەو سەروبەندەدا دەگەڕێتەوە بۆ تورکیا، لە پاش ماوەیێ دەگیرێ و لە زیندان دەکرێ. چەند ساڵێکی بۆ لە زیندان دەنوێ. نازم چیی لێ پەیدا دەبێ؟ کەلەپووری فەرەنسزی، کەلەپووری فارس،

کەلەپووری عەرەب، کولتوورێکی تازەباویش کە لە جەنگەی شۆڕشگێڕیدا هەڵکەوتبوو، ئەمان هەمووی کەمە تا کورتێ فێر دەبێ. بەڵام نازم هێشتاوەکونێ ناتەواوییەکی گەورەی هەبوو، کەلێنێکی گەورەی تێدا بوو. نازم هێشتا پیاوی گەلەکەی خۆی نەبوو.

* پیاوی ئەستەمووڵە.

– ئەستەمووڵ ئەمە سەد ساڵە، دوو سەد ساڵە، شاعیرێ، هونەرمەندێکی پێ نەبەخشیوین. تۆفیق فیکرەت هەیە. یەحیا فایق هەیە. نامەوێ لە پیاوێکی وەک تۆفیق فیکرەت دابشکێنم و بۆسۆی کەم، بەڵام بە هیچ کامێک لەمانە ناڵێین شاعیری گەورە. ئەمانە شاعیری مامناوەندین. نازم لەو سەروبەندەدا، کە لە زیندانیان پەستاوت، تووشی خەڵک دێ، لە پاش دوو ساڵ زیندان شتێکی سەیری لێ هەڵدەکەوێ. بە کۆڵێ کولتووری دەماودەمی خەڵک بەکۆڵێ گۆرانی و لاوژە و ستران، بە برێ ئەفسانە و داستانەوە سەری دەرێناوە. نازم دەبێ بە شتێکی تر. ئەو کەرەستە لەسەر یەک کەڵەکەبووە لە پڕێکدا دەتەقێتەوە، نازم لە خەڵک موتوربە کرا، یا خەڵک لە نازم موتوربە کرا. بەڵێ بەمە دەگوترێ موتوربە. هەرکە لە خەڵک موتوربە دەکرێ، یەکسەر (داستانی شێخ بەدرەدین) دێتە گۆڕێ. شێرەکانی مە بەهەندەوەش ناوەستن، نازم بە چەندین ساڵ حوکمی زیندانکردنی دەدەن. نازم لە چوروومەوە بگرە، لە سینۆپەوە بگرە، تا بورسە، دەکەوێتە نێو جەنگە و هەڕەمەی جۆربەجۆری خەڵکی ئەنەدۆڵەوە و لەوێندەر داستانە گەورەکەی ڕەنێو دەهێنێ. من هەمیشە لەمەڕ نازمم گوتووە و دەڵێم: ئەو پیاوە دوا ئاڵقەی داو و دەستووری شاعیرییەتی یونس عەمرە و قەرەجە ئۆغلان و پیرسوڵتان ئەبداڵ و داداڵ ئۆغلووە. قەرەجە ئۆغلان کامەیە؟ یەکێکە لە ناوجەرگەی خەڵکەکەیدا هەڵتۆقیوە. پیرسوڵتان ئەبداڵ چییە؟ لە ناوجەرگەی گەلەکەیدا ڕسکاوە. لەسەر بارت و ڕەوتی ئایدیۆلۆجیی گەلەکەی هەڵازنیوە. داداڵ ئۆغلوو کێ هەیە؟ کەوڵسووری پێش لەشکری گەلە یاخیبووەکەیەتی. باسی سەربزێوی و

لە ناپیاوی ڕاپەڕین دەکا. ئەم هۆزانانە شیعر و گۆرانیی گەلەکەیان پێ گەیاندووە. یۆنس عەمرە چییە؟ دەنگی ئایدیۆلۆجییەکەی خۆیەتی، هۆرەی تەکییەکەی خۆیەتی. ئەمانە سەر و ماڵی گەورەی ئەو جەماوەرە گەورە و گرانەن، ئەمانە هەموو شتێکی ئەو خەڵکە زۆر و زەوەندەیەن. بەنموونە: داداڵ ئۆغلووێک هەموو شتێکی ئەو جەماوەرە گەورە و گرانەیە کە ڕاست بوونەوە و یاخی بوون. پێداویستی، زەرووریٚ بوو دەبوو ببێ. کولتوورییانە، گۆرانییانە، زانستیانە، ئەڵها و تاسە و ئاوات و ئارەزووییانە، دەنگیانە. نازم حیکمەتیش کوتومت وایە. لەنێو زیندانەکانی ئەنەدۆڵدا، لە زانستەوە، یا بێ زانست، بەجاریٚ دەبێ بەهەموو شتێکی کۆمەڵگەکەمان، خەڵکەکەمان. نازم دەبێ بە موتوربەی گەورەی خەڵک، لەناو خەڵکەکەیدا، لەگەڵ خەڵکەکەیدا، پێکەوە، شیعرەکانی، ڕەنێو دەهێنێ. کەوایش بێ، دیارە بلیمەتێکی گەورەمان بۆ لێ هەڵدەکەوێ.

* نازم لە سای بلیمەتیی خەڵکەکەیەوە دەبێ بەو بلیمەتە و بەو تەرزە هەڵدەکەوێ.

– بەڵێ، لە خەڵکەکەی موتوربە دەکریٚ. لە سای بلیمەتیی خەڵکەکەیدا دەڕسکێ و یەک دەگریٚ.

* بەتایبەت بە زمانی خەڵکەکەی.

– ئەی چۆن! بەنموونە: نازم قسەیەکی هەیە، دەڵێ: « ئەم زستانە بێتەوە ڕێوی مس دەڕیێ.» لە ناوچەی چقوورئۆواکەی ئێمە قسەی وا نییە. یانی ئەم زستانە هێند سارد دەبێ، ڕێوی لە تاوان مس دەڕیێ... ئەم قسەیە قسەی ئەنەدۆڵی ناوەندییە. نازم هەر لە ئەستەموولٚ مابایەوە، قەت قسەی وا تەرز فێر نەدەبوو.

* قسەیەکی ئابوورییانەی سەیرە. یەکێکە لەو نموونانەی کە بە کەمترین وش پێوارترین ڕەمز داهێنی.

– بەڵام چۆنیش. نازانم قسەیەکی هێند پڕ بە باڵا و بەدەن چەسپ و بنەبڕی تر هەیە سەرماوسۆڵەی ڕۆژانێ زمهەری زستانێ بەو جۆرە دەربڕێ. ئەم قسەیە شێوە دەربڕینی خەڵکێکە ئەزموونی هەزار ساڵی لەگەڵ سەرماوسۆڵەی زستاندا پێکەوە نابێ. ئەمە کەلەپووری قەرەجە ئۆغلانە، کەلەپووری یۆنس عەمرەیە. هەر وا بە سانایی دروست نابێ. بەلای منەوە، ئەدەبیاتی ڕاستەقانیی گەورەی ئەمڕۆکەی ئێمە لە نازم حیکمەتەوە دەست پێ دەکا. لەگەڵ لە ئەستەمووڵ دەرچوونی نازم حیکمەت و بوون بە دوا ئاڵقەیەکی گەورەی تازە بەدووی ئەڵقەی داداڵ ئۆغلوودا، دەست پێ دەکا. چونکە دوو شاعیری گەورەی گەلمان داداڵ ئۆغلووە، جا نازم ئەو ئاڵقە تازەیەیە، کە وەسەر ئەم دوا ئاڵقەیە خراوە.

* چاکە، ئەدی پاش نازم حیکمەت کێ دێ؟

– پاش ئەوەی کۆمار داهات، ئینسانی تازەبابەت پەیدا بوون. لەو مەعهەدانەی لە گوندەکان دامەزران، لە ناو گوندییەوە، لە خوێندەوارانی پاش کۆمار دروست بوون پیاوی تازە جۆر هەڵدەکەون. ئەمانە زۆربەی زۆریان، بیانەوێ و نەیانەوێ دەبن بە سۆسیالیست، چونکە لە ناوجەرگەی خەڵکی هەژار و دەستەوسانی ئەنەدۆڵەوە هەڵکەوتبوون.

* ناکۆکی و دژایەتییەکانیان دەبینن.

– دەیانبینن. بە خۆیانەوە، بە دەوروبەریانەوە بەندن. بە خۆیانەوە بوونیان هەیە. بەگەلەکەی خۆیانەوە، بە وڵاتەکەیانەوە، بە زمانەکەیانەوە بەندن و هەر بەو جۆرەش دەمێننەوە، هەر لە تەک خەڵکیشدا دەبن. ئەمە ناچارییەکە و دەبێ وا بێ. ڕۆماننووس پەیدا دەبن، چیرۆکنووس هەڵدەکەون، شاعیر پەیدا دەبن. بەنموونە: ئەحمەد عارف لە دیاربەکر هەڵدەکەوێ. ئەم شاعیرە کەڵەکەبووی ئاکامی سەقافەت و کولتوورێکی گەورەیە. ئەحمەد عارف دوا ئاڵقەی پاش نازم حیکمەتە، دوا ئاڵقەی تازەی پاش نازم حیکمەتە. شتێکی

نرت و نوێیە. بگرە لە کولتووریکی جۆراوجۆریشەوە هەڵکەوتووە. ئەو دەوروبەرەی ئەوی تێدا هەڵکەوتووە، مەڵبەندی سەقافەت و کولتووریکی هەمەتەرز و هەمەڕەنگە. کولتووریکی عەرەبی، کە لە مۆزەپۆتامیاوە هاتووە ئەمانە سەرلەبەر لە ئەحمەد عارفدا کەڵەکەیان کردووە و خەست بوونەتەوە. دەنگی ئەحمەد عارف دەنگێکی زۆر دەوڵەمەند و ڕەنگینە. دەنگی شیعرکانیەتی. لەبەرئەوەی داستانی و ئیپۆپای کورد، هی تورک زۆر چاک شارەزام، لەو دەوڵەمەندییەی لە ئەحمەد عارفدا کەڵەکە بووە چاک گەیشتووم. ئەحمەد عارف هەرەمەیەکی سەرلەبەری دەنگەکانی ئەنەدۆڵە. گەورەیی ئەحمەد عارف لەوە ڕا هاتووە: ئاڵقەیەکی تازە هەڵکەوتووی نازم حیکمەتە. بوونی بە خاوەن دەنگی لە دەنگی سەرلەبەری شاعیرانی تورکیا وەستاترە و بەشەخسییەتتر لەمەڕا هاتووە. لەبەرئەوەی لە جەماوەرانی گەورەی خەڵکەوە نزیکترە، لەبەرئەوەی ژیانی خەڵکەکە زۆر لە دڵترەوە، ئێجگار لە قووڵترەوە دەژی بۆیە وایە. چاکە، لە خەڵک گەیشتن کارێکی هێندە پێویستە؟ بەڵێ لە چەرخی بیستەمدا خەڵکی سەر دنیا چوار میلیارە. چوار میلیار ئینسان لەسەر ڕووی زەوی دەژی. هەڵبەتە لەنێو ئەمانەدا بۆرجوازیش هەن. سەقافەت و کولتووری خەڵکەکە بەلای ئەم بۆرجوازیانەوە شتێکی زۆر سەغڵەم و ڕوختەیە و تا بڵێی خەلاقە. بێگومان دەبێ لە سەقافەت و کولتووری بۆرجوازیش زۆر پسپۆڕ و بەڵەد بین. دەبێ سوودیشی لێ وەرگرین. ئەمە کارێکی ناچارییە، زەرورە. بەڵام تا چە ئەندازەیەک بە ڕەگ و ڕیشەی خۆوە، بە ڕەگ و ڕەگەمای خۆوە، بە خەڵکەکەی خۆوە بەندیوار بین، هێندەیش دەوڵەمەند دەبین. ئەمەیش ڕاستییەکە ئاو لێڵ ناکا، ئەحمەد عارف بێگومان هێندەی شاعیرانی، سەرلەبەر، شارەزای سەقافەت و کولتووی بۆرجوایە. واتا: هێندەی هەمووان شیعر دەزانێ. نازم حیکمەت زێتری لێ دەزانی، بەڵام ئەحمەد عارف سەربارێکی تری هەیە. سەد لە سەدی، ئەوەیە کە لە نێوجەرگەی خەڵکدایە.

نازانم دیاربەکرت دیتوە؟ دیاربەکر ببینی، لە ئەحمەد عارف گەیشتن

هاسـانه. بەشـوورەکـەیەوە، شـووره بـه سـامـەکـەی، بەگـۆرانی و لاوک و حـەیرانەکـانیـەوە، بە بەندیخـانەکـەیەوە، بـەگـڕە و گـەرمـاکـەیەوە، بە سـەرماوسۆڵەکەیەوە، بەو هەموو سـەقافەت و کولتوورەوەی کە لە هەموو لاڕا هەڵدەکا. پێگەیشتنی شـاعیرێکی وەک ئەحمەد عارف لەو چەرخەی مـەدا کـارێکی هێند سـانا نییـه. دیاربەکر مـەڵبـەندی هەڵکەوتن و گـەشـەکردنی سـەقافـەت و کولتووره گەورەکانه. دووئاوانی سـەقافـەت و کولتووری گەوره و گرانی دنیـایه. سـەرجەوسـەری کولتووری گەوره گەورەیه. ئەحمەد عارف لە مۆڵگەیەکی ئاوها هاتووەتە گۆڕێ. ئۆرخـان کەمالیش هەر بەو جۆره لە ئەدەنە دروست بوو. چقورئۆدا جێگەیەکی زۆر گرینگە. مۆڵگەیەکی گەوره و گرانی تورکمانانە. تراکتۆری پەنجا و حەوتەمینی فابریقەی هانۆماگ هاتووەتە چقورئۆواوە لە (١٨٠٠)ەکـانەوە بـەمـلاوە، چقورئۆوا ڕەمـزی پیـشـەسـازیی قورسـه لە تورکیا. جا ئاوا هەڵکەوتنی چقورئۆوا، هەروەها سەبارەت بەوە کە مـەڵبـەندی کولتووری تورکمـانانە زیندوو و سـەرسـەختـه، ئا ئەم سـەقافـەتە سـەرسـەختە و ئەم دەوروبەرە ئۆرخـان کەمالی گووراندووە. قـەرەجـە ئۆغلان، دادالّ ئۆغلو، قۆل عەبدورەحمـان چین؟ شاعیرەکانی چقورئۆوا دەڵێم. حاجی ئاشقی گاورداغ چییـه؟ هەر وه سەدان هۆزان و داسـتانبێژ و شـاعیر کێن؟ ڕۆژگـارێکی لەگەڵ ئۆرخـان کەمالدا لە کوچە و کۆڵانانی ئەدەنە دەخولاینەوە، بڕێ شاعیرمان دەدیت. بەو سەرشۆسـه و ڕێگەیانەدا بڵاو بووبوونەوە سازیان دەژەند، لە باخـچـەکاندا، سازیان دەژەند. لاویەتی ئێـمـەمـانانیش بەو ڕەنگە بەسـەرچوو لەگەڵ ئۆرخـاندا. بەهەڵەیش بیـڵێین، بە ڕاسـتیش بیـڵێین، گوێ نادەمێ، ئەمەیە ڕاستییەکەی تورکیای ئەمڕۆکەمان، ئەمەیە ڕاستییەکەی خەڵکەکەمان خۆش بێ یا ترش بێ. من دەڵێم سـەرلەبەری هونەرمەندەکانمان هەرچی هونەرمـەندی گـەورەی وڵاتەکـەمـان هەن هەریـەکـە ئاڵقـەیەکـە لەو ئەدەبیـاتە بە بەندوباوەی ئەنەدۆڵێ. نازم ئاڵقـەیەکی پاش دادالّ ئۆغـڵـووە. ئاڵقەکانی پاش نازمیش ئەحمەد عارفە، ئۆرخـان کـەمالە، فەقیر بایقورتە. ئەدەبیاتی ئێمە خاوەن ڕەگ و ڕیشەیە، لەسەر بنجی خۆی ڕواوە.

* بۆ هەموو ئەدەبیاتێکی تر ئەمە ناگوترێ؟

- هەموو ئەدەبیاتێ کەم تا زۆر هەر وایە. دیارە ئەگەر ئەدەبیاتێکی خۆبەیەکێکی تر هەڵواسی و نەبێ بە نموونە ئەدەبیاتی فەرەنسزی لە لاتینیی کۆنەوە هاتووە، لە ئەدەبیاتی کۆنی گریکەوە سەری هەڵداوە، ڕەگ و ڕیشەی وا لەوێیە. بەڵام ئەدەبیاتێکی سەربەخۆ لە فەرەنسا لە دایک بووە ستاندالێ لەدایک بووە. لە ڕەگ و ڕیشەی ستاندال بکۆڵییەوە هۆمیرۆست تووش دێ. هەر هۆمیرۆسێکی ڕاستەقانیش، هۆمیرۆسێکی تەواو خۆی، شێوازی داستانبێژیی ڕاستەقانی دەدۆزییەوە. ستاندال. دەڵێ: «من وەک عەرز و حاڵچی دەنووسم» ڕۆژاواییەکانی لە ستاندال بەدەر بە هەڵە لە هۆمیرۆس گەیشتوون. وایان زانیوە ئەوانەی هۆمیرۆس نووسیونی شانامەی پاڵەوانییەتی و قارەمانییەتیی داستانی قارەمانێتین، وایان زانیوە ئەدەبیاتێکی بە گێزوگوڵینگی بە هەیتوهووتی نووسیوە، بەڵام وە نییە، هۆمیرۆس وەک لە قاوەخانە دانیشتبێ، داستانی بەو جۆرە گێڕاوەتەوە، بێ هەیتوهووت. بەو پێیەی لێزانان تێیان گەیاندووم، شێکسپیریش هەروەک لە قاوەخانە قسان بکا، ئەدەبیاتی بەو جۆرە گوتووە. بەندوباوی ئێپۆپە. ستاندال یەک لەوانەیە. هەستی بەمە کردووە. وەک عەرز و حاڵچی نووسینیشی لەمەڕا هاتووە. ئەوی نووسیویە ئێپۆپەی ڕاستەقانییە. ئەمن ستاندالم، لە تەمەنی بیست، بیست و دوو ساڵاندا، بە لاوێتی ناسی. هێشتا بێ زانست بووم. ئەوەی سەرسامی بووم، هەر بەجارێ حەیرانی بووم، تەنیا ستاندال بوو. بۆچی؟ نازانم. چونکە بیچمی دەربڕین و شێوازی گێڕانەوەکەی لە ڕەگ و ڕیشەی منەوە زۆر نزیک بوو، ئاشنا بوو. خەڵکەکەی وڵاتی منیش کوێرئۆغڵوو لە قاوەخانان دەگێڕنەوە. داستانی کوێرئۆغڵوو لای ئێمە وەک لە قاوەخانان بگێڕدرێتەوە. بەو جۆرە دەگوترێ. یانی چۆن لە قاوەخانەیەکی گوندی باسی هەموو شتێکی دەکەن، یەک دەڵێ: «گەنمەکەم ئەو ساڵ چاکی هێنا، دەغڵەکەی ئەو ساڵم تەرزە کوتای، لە ڕێی تووشی ئەحمەد بووم» ئاوهای دەگێڕنەوە. داستانە گەورە و بەناوبانگەکان ئەو تەرزە گێڕانەوەیەیان لە ڕەگ و ڕیشەدایە.

وەک بڵێ: «دەغڵەکەم تەرزە لێی دا، لافاو ڕای ماڵی، باران باری» ئا بەو جۆرەیە. ئەمەیە تەرزی گێڕانەوەی ئەپیک، ئەو ڕاستەقانێتییەی ستاندال لە ئەدەبیاتی فەرەنسزیدا پێ گەیشتووە و ئەمەیە. ئەگەر ئەدەبیاتی فەرەنسزی ئەم ڕێگەیەی ستاندال ڕچەی شکاند، نەگرتبا بەر، ئەمڕۆکە ئەدەبیاتی دنیاکەمان هەر بە تەواوی شتێکی تر دەبوو، زۆر جیاواز. من ئەمەیە قەناعەتم. لەبەر ئەوە، ئێمە زۆر بەختمان هەیە، کە ئەدەبیاتی تازەمان پێ دەگا، هونەرمەندی لە ڕەگ و ڕیشە سەر بەخەڵکەکەمان زانستانە هەڵدەکەون. خاوەن زانستن. بەڕاستی ئەمە مایەی خۆشبەختییە، دەبینی، فەقیر بایقورت پەیدا دەبێ، فێرە زانست دەبێ، زانستانە، زانایانە بیر دەکاتەوە. ئەحمەد عارف دێتە گۆڕێ، ڕووناکبیری دەگرێتە بەر، فێرە زانیاری دەبێ. نازم حیکمەت پێ گەییوە، زانیاری فێر بووە لەم بابەتەوە. یانی لە سەقافەت و کولتووری دنیا، لە ئەدەبیاتی دنیا چاک شارەزا ببێ، بە ڕەگ و ڕیشەی خۆوە بە وریاییەکی تەواو بگا پیاو، لەمە ئەدەبیاتێکی ساغڵەم و ڕاست و دروست لەدایک دەبێ. بەڵام لێمان تێک نەچێ، نابێ خۆ بەم هونەرمەندانەوە هەڵاواسن. نابێ لاسایی شیعری دەماودەم، نازم حیکمەت، ئەحمەد عارف بکرێتەوە. ئەمانە ئێستا هەریەکە بووە بەکولتوورێ بۆ خۆی. ئەحمەد عارفیش وەک نازم حیکمەت، بۆ لاوەکانمان بووە بە سەقافەت و کولتوورێ. ئۆرخان کەمالیش هەر بەو جۆرەیە. سەعید فایقیش. تەنانەت هاتنە گۆڕێی یەکێکی وەک سەعید فایق، هەر لەوەڕا هاتووە کە لەسەر ڕەگ و ڕیشەی ئەنەدۆڵێ ڕواوە. سەعید فایق، وەک هێندێ برادەران بۆی چوون، وا نییە. ئەتۆ کە دەنۆڕییە هەمە تەرزایەتیی زمانی سەعید فایق، بنەچەکە و بنەڕەتی زۆری ئەدەبیاتی دەماودەمی نێو خەڵک دەبینی.

* یانی دەتەوێ بڵێی تەنیا هەر سەعید فایق بە نووسەرێکی بە ڕەگ و ڕیشە ئەستەمووڵی وەرناگرین.

– سەعید فایق نووسەرێکە بە ڕەگ و ڕیشە ئەنەدۆڵییە. ئەمن تورکییەکی

سەعید فایق لە چاو تورکیی نووسەرانی تر، زۆر زۆر، بە جوان و پوخت دەبینم. تورکییەکەی تا بڵێی دەوڵەمەندە. بەلای منەوە، لە ڕاستەنووسیی تورکیدا سەعید فایق، لە شیعردا نازم حیکمەت کەسانێکن، تورکییان بەباری هەرە جوان و لەباریدا بەکار بردووە. بەڕاستی ئینسانی بەدەگمەنن.

* سەعید فایق، پارەکە دەرکەی هەروا مشتومڕێکی وەسەر گازی پشت خست. نەچینە ئەم باسەوە. دەمەوێ لەوەی مەبەستمە بپرسم. لەم ڕۆژانەدا نووسینی وا دەنووسرێن، نووسەرەکانمان بەپێی دەوروبەریان، بەپێی چینە کۆمەڵایەتییەکی تێیداندا هەڵکەوتوون نێو لێ دەنێن و دەرەنگێن. فلان، ڕۆماننووسی گوندە، فیسار، ڕۆماننووسی شارە، ئەمیانە سەر بە سەقافەت و کولتووری دەرەبەگایەتییە، ئەویان لە پەیڕەوانی کولتووری بۆرجوایە، یەکی تریان، دەروێشی کولتووری پرۆلێتاریایە...

– ڕاستە. تێکەولێکەیەکی سەیر و سەمەرەیە. کوڕە تومەزا، داداڵ ئۆغڵوو لە کولتوورێکی دەرەبەگایەتییەوە سەری هەڵداوە، پیرسوڵتان سەر بە کولتووری فیوداڵە، بەڵێ نێویان بۆ ڕۆماننووسیش هەڵبەست: (ڕۆماننووسی گوند) ئەمەش شتێکە بۆ یەکەم جار تەنیا لە وڵاتی تورکیا بەرچاو دەکەوێ. بەمە دەڵێن، (عەیب و عاری کولتوور). ئەمە دەکرێ تەنیا یەک نێوی هەبێ و بەس، ئەویش ئەوەیە: (فەهێتی کولتوور). ئەم پیاوانە دانیشتوون باسی عەیب و عار و فەهێتی کولتوور دەکەن. خۆ کەسێکیش نییە لێیان ڕاسێ ئەم عەیب و عارەیان، ئەم هەڵانەیان، ئەم درۆیانەیان بە چاودا بداتەوە. بە نموونە: کەسێ ڕاست نەبووەوە بە گۆگۆڵی گوتبێ «گۆگۆڵ ڕۆماننووسی گوند»ە. کەچی گۆگۆڵیش خۆ هەروەک نووسەرانی ئەمڕۆی تورکیا کۆمەڵگەی خۆی، کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیی ڕووسی، گوندییە ڕووسەکانی، بیرۆکراتە ڕووسەکانی نووسیوە. فەقیر بایقوورت چی نووسیوە؟ ئەویش هەر فیوداڵیتەی تورک، بیرۆکراتە تورکەکان، گوندییە تورکەکانی نووسیوە. ئۆرخان کەمالیش

هەر بەو ڕەنگەیە، هیچ کەسێ نەهات، بەگۆگۆڵ بێژێ، «گۆگۆڵی ڕۆماننووسی ڕووسیی گوند» بێیتە سەر باری ڕاستی، هەر ڕەپ و ڕاست ڕۆمانی گوند و گوندیی نووسیوە. کەس بە تۆلستۆی نەگوت «ڕۆماننووسی گوند» نایشیڵێ. کەس بە دۆستۆیفسکیی نەگوت «ڕۆماننووسی بیرۆکراتان»... ئەم نووسەرانە ئینسانیان نووسیوە، بنیادەم لە بارودۆخی گوندیشدا دەنووسرێ و لە بارودۆخی شاریشدا. پیاو لە هەر بارودۆخێکدا دەنووسێ، مەرج ئەوەیە بنووسێ، کە نووسی، دەبێ بە ڕۆماننووسی چاک. نەینووسی دەبێ بە ڕۆماننووسی خراپ. ئەمە کارێکە بەدەست هونەرمەندەکە، بەدەست بەهرە و لێهاتوویی خۆیەتی، گوندی، وەک گۆگۆڵ بنووسی دەبی بە بلیمەت، ئەگەر وەک، نامەوێ ئێستا نێویان بێنم، نووسەرە پلە سێیەمینەکانی لەمەڕ خۆشمان، گوندی و گوندایەتی بنووسی، قەت بە هیچ نابی. سەرلەبەر هەر گوندی نووسین، سەرلەبەر هەر شاری نووسین، شتی وا نییە. مرۆ جیهانی دەنووسی. بەنموونە، گۆیا من، بەتەنێ، هەر گوندی دەنووسم؟ گوندیش لە ڕۆمانەکانمدا هەن، شاریشیان تێدا هەن. دەبێ سەرانسەری تورکیا لە ڕۆمانەکانماندا جێگەی خۆیان بگرن. ئەمن بە ڕەگ و ڕیشە چقورئۆواییم. هەرچی لە چقورئۆوا هەیە دەینووسم.

* بەڵام بەزۆری کێهە زۆر چاک دەزانی ئەوە دەنووسی.

– ئەوە دەنووسم کە لە هەمووانی چێتر دەزانم. دەوروبەرەکەی خۆم دەنووسم. یانی ئەوڕۆکە شار دەنووسم. گۆیا دەبم بە ڕۆماننووسێکی خراپ؟ یا تاوەکو دوێنێ، کە گوندم دەنووسی، بۆیە بە ڕۆماننووسی چاک دەژمێردرێم؟ ئەمە نەختێ گێلۆکانەیە. بەنموونە، خۆ دەکرا هەرزەگوێییەکی وەک «شێکسپیر نووسەری ئەریستۆکراتان»ە، گوترابا. هێندێ پیاو لە تورکیا دەتوانن ئەم عەیبی کولتوورە بکەن.

* وەک بەسێرڤانتسیان گوت « نووسەری دەرەبەگایەتی».

– ئەمن بۆ خۆم، تەنانەت ناوێرم «نووسەری لە دنیا بیانی کەوتن»یشی پێی بڵێم سێرڤانتس هەڵبەتە، ڕۆماننووسێکی چەرخی لە دنیا بیانی کەوتنە. ڕۆماننووسی چەرخ و چاخی دەور و بەسەرچوونێکە. یانی ئەو ڕۆماننووسە گەورەیەیە کە سەردەمی بەسەرچوونی سەقافەت و کولتووری شۆڕەسوارێتی و لە جێی وی شینبوونی سەقافەت و کولتووری بۆرجوا هێناویەتە گۆڕێ. نووسەری سەردەمی ڕاگوێزان و پەڕینەوەیەکە. من تەنانەت لە گوتنی ئەمەیش دەترسێم. ئەو ڕۆماننووسی مرۆیە. تۆلستۆی ڕۆماننووسی مرۆیە. گەورەییەکەیشی لەمەدایە. هۆمیرۆسیش هەر وایە: «هۆمیرۆش داستانبێژی شەڕوشۆڕە» دەشێ قسەی وا بکرێ؟ یانی عەیبە، عەیبە سەقافەتێ دەقەومێ ئەو هەموو ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و لێزانانەمان هەن. هەر کەسە لە ڕاستی خۆوە بێدەنگە. کەسێ هەڵناداتێ، گاڵتەیێ، گەمەیێ، جەفەنگێ بەم عەیب و شوورەییکەرانە بکا. گاڵتە بە چی دەکرێ. ئەی بەمە نەکرێ بە چی دەکرێ؟

* یەشار کەمال. ئەتۆیش لەم بارەیەوە بێدەنگ وەستای. خۆ بە تۆیشیان گوت: «ڕۆماننووسی گوند» ئەی تۆ بۆچی بێدەنگ بووی؟

– من نامەوێ لەگەڵ کەس گاڵتە بکەم. تەنیا شتێکی من حەزی لێ ناکەم ئەوەیە کە ببی بەمایەی گاڵتەوگەپ. ئەم بابەتە لەوانەیە ببێ بە بابەتی گاڵتە. من نامەوێ گاڵتە لەگەڵ کەسدا بکەم.

* ئێستا دەتوانین لێرە بەولاترەوە پێ هەڵبڕین. بۆ خۆت دەزانی چەرخەکەمان چەرخی چینە کۆمەڵایەتییەکی نوێیە. چەرخی چینی کرێکارە. پرۆلیتاریا. ئێستا قسە لە کولتوورێکی پرۆلیتاریا دەکرێ. کولتوورێکی جیاواز. تەنانەت هونەرمەندانیش بەپێی ئەوە دابەش دەکرێن، کێهەیان هونەرمەندی پرۆلیتارییایە، کێهەیان هی پرۆلیتاریا نییە، یانی دابەشکردنێکی شێماتیکانە. نەخۆشەییانە.

– ئەمەیش شتێکی نوێباوە لە کن ئێمە. ئەم مەسەلەیە لە سەرانسەری دنیا، زۆری کێشە و هەرا لەسەر کرا. لە پاش شۆڕشە گەورەکەی ڕووسیاوە « کولتی– پرۆلیتاریا » کولتووری پرۆلیتاریا، شتێکی ئاوا وایی هێندرایە ئاراوە. تەنیا کولتوور و سەقافەتی پرۆلیتاریا و بەس. هەبوو لە دژ ئەمە وەستا، هەبوو داکۆکیی لێ کرد. نازانم ترۆتسکی، بەڵام لێنین خۆی لە دژ ئەمە ڕاوەستا. لێنین «کولتووری مرۆڤایەتی دەبێ» گوتی «ڕۆژێ، پاش دێرزەمانێ، پرۆلیتاریا دەتوانێ شەقڵ و مۆرکی خۆی بەم سەقافەت و کولتوورەوە بنێ. بەڵام ئێمە میراتگری سەرلەبەری سەقافەت و کولتووری مرۆڤایەتین.» کەچی ئێستا دەبینی لای ئێمە بەنموونە بابایەک ڕاست دەبێتەوە دەڵێ « دادالّ ئۆغلّوو شاعیری دەرەبەگایەتییە» دادالّ ئۆغلّوو، سوور لە ناوچەرگەی دەرەبەگایەتییەوەیش هاتبێ، شاعیری مرۆڤایەتی، شاعیری یاخیبوون و سەربزێوییە. دادالّ ئۆغلّوو دەمڕاستی دژ بە زۆرەملێ جێنشینکردنی تورکمانانە. دەمڕاستی ئەو سەربزێوی و یاخیبوونانەیە کە لە سەدەی یازدەمین بەملاوە درێژەیان کێشاوە و هەر لە گڕ و بڵێسەدا بوون. دانەچیایش هەر لەم بابەتەیە. ئەشقیایەتیشی هەر لەم ڕەنگەیە. بەهەڵە یا بەڕاست ئەشق یاخییە. لە ئێنجە مەمەددا من ئینسانی (یاخی)م نووسی، ڕەنگ و ڕەوەی مرۆی سەربزێو و یاخیم داڕشت.

* یەکێ لە نووسەرەکانمان دەیگوت دادالّ ئۆغلّوو سەمبولی کۆنەپەرستیی ئەو تورکمانانەیە، ئەو تورکمانە ڕەوەندانەی چقورئۆوایە کە سالانی ساڵ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا تێک گیرابوون و هەمیشە دەستەوبەرۆکی یەک بوون. یانی عوسمانی دەیویست لەسەر بارێکی لەبارتری ژیانیان دامەزرێنێ، کەچی ئەوان تا دەهات هەر بەلای بارێکی کۆنەپەرستتردا دایان دەتاشێ و لە دژ عوسمانی دەوەستان. دادالّ ئۆغلّوو دەنگی ئەم لە دژ وەستانەیە دەنگی کۆنەپەرستییە و چی و چی... لەم جۆرە قسانە.

– ئەمن بۆ خۆم لە مەڵبەندی ئەو ڕاپەڕین و هەڵستانە لەدایک بووم. تەنانەت لەگەڵ هێندێ لەوانی هاوبەشی ڕاپەڕینەکەشیان کردبوو، بووم بە ئاشنا. خۆ جارێ یەکیان هەبوو، هەر بۆ خۆی کۆمۆنەکەی پاریسی کردبوو. هۆزە تورکمانەکان هەویا و ئاواتی هەرە گەورەیان ئەوە بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە دژ دەوڵەتی عوسمانی بۆ خۆیان پێکەوە بنێن. دەوڵەتی عوسمانی کە دەستی بەلاوازبوونی کرد، ئەم تورکمانانەیش بوون بە دەوڵەتی نیوە سەربەخۆ و کوڕی دولقەدەر (ذوالقدر) سەربەخۆ بوو. ئەم هەڵستان و ڕاپەڕینە هەڵپە و تەقەلایێ بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێ. ئەم هەڵستان و سەربەرزکردنەوەیە، بە تێکۆشان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت هەویا و ئاواتی هەرە بەشەرەف و بە داو و دەستوورانەی مرۆڤایەتییە. سەربزێوی و هەڵستان لە ئەنەدۆڵێ ڕەگ و ڕیشەی لەنێو داو و دەستووریدا زۆر قووڵ و ڕەگ ئاژۆیە و پشتاوپشت بۆی ماوەتەوە. لەناو کرۆکی داوونەریتیدایە. بە هەزاران هۆزان و بەیتبێژ ئەم هەڵستان و سەربڵیندکردنەوەیان بەزمان هێناوە: هەڵستان و یاخیبوون لە دژ بۆ یەمەن ڕەهەنەکردن، قاتوقڕ، گرەوگەرما. یاخیبوون لە دژ عوسمانی. کەواتە دادالَ ئۆغلۆو بە کۆنەپەرست بزانین و ناوی لە دەفتەر بسڕینەوە؟ کەوابوو سێرڤانتس چونکە باسی فیودالی کردووە، دەیسڕینەوە؟ کەوایە بلا یۆنانی کۆن و هۆمیرۆسیش بسڕینەوە، دادالَ ئۆغلوو دەسڕینەوە و بەمە دەبین بە پێشکەوتخواز. ئەمە بەتاڵکردنەوە و ئاشبەتاڵ پێکردنی تەنانەت کولتووری کلاسیکی مرۆڤایەتییە، لە کەلەپووری سالانی سالی ئادەمزاد لاریبوونە. قەرەجە ئۆغلان لەبەرئەوەی وەلامی ئەوین و دڵداریی ئەم چەرخ و چاخەیەش دەداتەوە، ئەویش هەر کلاسیکە. تا هەست و نەستی بنەڕەتی مرۆڤایەتی نەگۆڕێ سایکۆلۆجییەت و نەفسییەتی نایەتە گۆڕین. دادالَ ئۆغلوو لەگەڵ گەلەکەیدا لە دژ عوسمانی هەڵستاوە و یاخی بووە. سەری داناوە. ڕەهەنە کراوە. کوژراوە. بەزیون. شکاون. سەرتۆپێکی عەشاماتێکی زۆر و زەوەندی تورکمان، لە دیاربەکردا، بەیۆزگاتدا پەرت و بلاو کرانەوە. جا ئەم دادالَ ئۆغلووە، بەبرای خۆم بڵێم،

شاعیری مرۆڤایەتییە. هی دەرەبەگایەتی نییە.

* جارێکیان بە نووسەرێکیان گوتووە، تۆ نووسەری پرۆلیتاریا نیت، نووسەری بۆرجوا، نووسەری دەرەبەگایەتی، بە کۆنەپەرستیان نێوبردووە، ئەویش بەوە زۆر پەست دەبێ... بەناوی ئەم بۆرە تاوانبارکردنانەوە شتی ئاوهایش ڕوو دەدا.

– دایکۆڵەکەم، ئەمن هێندە گوێ بەم گەمژەییانە نادەم تەنانەت هەر لەسەر ئەمە ئاخاوتن و پەیڤینیش بە زیاد دەزانم. پێم وایە ئەم جۆرە کەسانە هەر بۆ ئەوە خاسن پێیان بخەنی و تێ پەڕی.

* بەڵام چ دەکەی، ئەم مەسەلەیە ئەمڕۆکە زۆر لە باوە کێشەیەکی زۆری لەسەرە. چۆن دەبێ هەروا بە پێکەنینەوە بەسەریدا باز دەدەین؟

– بەڵێ، مەسەلەیە کێشەی زۆر لەسەرە، بەڵام بابەتێکە هەر بۆ ئەوە باشە دەبەر گاڵتە و تیزوتەوسی دەی. یانی ئەو ئینسانانەی بەجارێ لە ڕەسەنایەتی داشۆراون ئەم قسانە دەکەن. ئەو کەسانە دەیکەن فریان بەسەر هیچ ڕەسەنایەتییەکەوە نەماوە، نامەوێ قسە بکەم، شوورەییە. هەر بە ڕاستی عەیبێکی گەورەی سەقافەت و کولتوورە. ئەمە لەگەڵ قسەی (ڕۆماننووسی گوند)دا چ فەرقی نییە. من هەر لەبەرئەوەی گوند و گوندیم نووسیوە، نابم بە ڕۆماننووسێکی خراپ، بگرە من تەنیا لەبەرئەوەی ڕۆمانی خراپ بنووسم، دەبم بە ڕۆماننووسی خراپ. چاکە، ئێستا ئێمە بە فەقیر بایقورت بڵێین «ڕۆماننووسی خراپە، چونکە ڕۆماننووسی گوندییە» لێمان دەعەیبە ناگیرێ؟ بەڵام «ئەگەر بڵێین فەقیر بایقورت لەبەرئەوەی بۆی نەلوا بەهرە لە سەقافەت و کولتووری گەورە، سەقافەت و کولتووری مرۆڤایەتی، ئەو سەقافەت و کولتوورە گەورەیەی لە ناوچەرگەی خەڵکەوە شەوق دەداتەوە، وەربگرێ، لەم ڕووەوە ڕۆماننووسی خراپە» و بەمەیش قەناعەت بێنین هەنگێن ڕەنگە بتوانین، بڵێین، قسەیەکی ڕاستمان کردووە. بە ئەحمەد عارف بگوترێ «شاعیری

دەرەبەگـایەتی» عـەیبـوشـوورەییی هـەرە گـەورەیە. عـەیبی هەرە گـەورەی سـەقافییانە ئەحمەد عارف ڕەنگە شاعیری هـەرە نوێباو و مۆدێرنی چەرخی بیسـتـەم بێ. بۆچی؟ چونکە یەکێکە لەو شـاعـیرانەی چاکـترین داکـۆکی لە مـەسـەلەی پرۆلیـتـاریا دەکا. چونکە ئینسـانێکە سـەری لە پێناوی هەرا و کێشـەی ئینسـانانی ڕەنجخـوراودا داناوە. چونکە ئەحـمـەد عـارف نموونەی هونەرمـەندی ئایدیالی چەرخی بیسـتـەمـە، لەبەر ئەوە ئێمـە ناڵێین ئەحـمـەد عارف شاعیری دەرەبەگایەتییە. بگرە ئەحـمـەد عارف ئینسـانێکە بەهرەی لە سـەقـافـەت و کـولتـووری گـەورەی ئەنەدۆڵێ وەرگـوتووە، ئەحـمـەد پیـاوێکی بوعدفرەوانی گەورەی ڕابردووە. پیاوە هەرە سـەرپەڕەکەی چەرخی بیستەمە، مۆدێرنترین و نـوێباوترین شاعیری چەرخی بیستەمە. یانی جۆرە ئینسـانێکی تازەبابەتە.

ئەحمەد عارف لە جۆری ئینسـانێکی تازەبابەتە. لە جۆری هەرە تازەبابەتی ئینسـانی شـەڕ و هەرای سـۆسـیـالیـسـتـە. یەکـێکە لـە شـاعـیـرە هەرە ڕاستەقینەچیایەتی و هەرە کەڵەکانی چەرخـەکەمان. پیرسوڵتانیش تیپی هەرە ئایدیالی چەرخی خـۆیەتی. داداڵ ئۆغـڵوویش، یۆنس عـەمـرەیش، قـەرەجـە ئۆغـلانیش، نازم حـیکمـەتیش. سـەقـافـەت و کـولتـوور بەش بەشکردن و پچڕپچڕکردنی، بەپێی چین دابەشکردنی هەڵەیەکی گەورەیە، زۆر هەڵەیە.

* باشە ئەگەر وا بڵێین: بڵێین «پرۆلیتاریا لە سەردەمی خۆیدا خاوەنی هەرە ڕاسـتـەقـانی. هەرە دوایـنی سـەرتـۆپی سـەقـافـەت و کـولتـووری مرۆڤایەتییە» چ دەڵێی؟

– زۆر ڕاسـتـە «لێنین»یش گـوتوویە هەر وای لێ دێتـەوە. قسـەکـەی «لێنین» وەک ئەم قسەیەی تۆیە، دەق وەک تۆی گوتووە.

* چاکە کۆمەڵگەکان لە پێشەوەچوونیاندا، لەم گۆڕانە چینایەتییەدا، لەم گەشـەکردنـە چینایەتییەدا. هـەر تیپـە کۆمـەڵگەیـەک، تیپـە مرۆی

خۆی دیاری ناکا، شەقڵ و مۆرەی خۆی پێوە نانێ؟ واتا، هونەرمەند، کە لەم سەقافەت و کولتوورانەوە بەرێ دەکەوێ، چۆن چۆنی خۆی دەکا بە خاوەن گۆڕانێکی لە مرۆدا دێتە گۆڕێ؟

– ئەمە سەرەنجامی لە دنیای خۆ بیانیبوونە و ناچارییە، واتا ئاکامی لە ناچاری نامۆکەوتنە. لە سەرلەبەری سەردەمی ئەو هەموو پەڕینەوە و ڕاگوێزانانەدا هونەرمەندی گەورە گەورە پەیدا دەبن.

* یانی مرۆیش دەگۆڕێ؟

– دیارە دەگۆڕێ. کە دەوربەر و بارودۆخ گۆڕا مرۆیش دەگۆڕێ.

* زۆر بەجێیە. چاکە مرۆ کە هەمیشە لە گۆڕاندایە و دەگۆڕێ، ئەوانەی سێرڤانتس و شکسپیر گوتوویانە، بەجێیان دەزانن.

– چۆن؟

* مرۆ ئەمڕۆ زۆر گۆڕاوە؟

– لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە؟

* لە زۆر ڕووەوە. دەڵێم، لایەنی وا هەن لە مرۆدا ناگۆڕێن. مرۆ زۆر خێرا گۆڕابا، ئەمڕۆکە، نووسینی نووسەرەکانی سەردەمانی ڕابردوومان نەدەخوێندەوە.

– مادامێکی مرۆ فیزیاوییانە ناگۆڕێ، ئەو نووسەرانەیش کۆن نابن. سایکۆلۆجییەتی مرۆ، بەدرێژاییی چەرخ و چاخان بێ وچانییەک دەنوێنێ. شادی و خۆشییەک، ئێش و ئازارێکی لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە کەوتبێتەوە، ئێمە تا ئەوڕۆکەش لە دڵ و هەناوماندا دەیانژێنین.

شا ئۆدییوس تا ڕۆژی ئەوڕۆکەیش دەژین، هەروەکە خۆ چۆن بوو، دەق ئاوهای دەژێنین، کوڵ و کەسەرەکەی ئاخیلۆس تا ئەوڕۆکەیش لە دڵ و دەروونماندا دەژین. ئەو ئازاری شا پریاموس لە داواکردنەوەی لاشەی

کوڕەکەیدا پێ دەکرد، ئێمەیش هەستی پێ دەکەین ئەمڕۆ، کێ هەستی پێ ناکا؟ ئەو ئازارە گەورەیەی جگەرگۆشان. پێم وایە، تا بنیادەم لەدایک ببێ، تا بنیادەم زگوزا بکا، تا بنیادەم داک و باوی هەبێ ئەم ئازارە هەر دەژێین.

* با هەمان دەرد و ئازار لە دایک و باوکی دەنیز و یوسف و حوسەین و هەرچی ڕۆڵەی کوژراوی تر هەن، لە خۆیان بپرسین، بزانین، ئەوان چ دەڵێن؟

– دەق وەک یەکن. ئەگەر عەلی ئەلوێردی کوشتنی دەنیزی بە ئازاردان پەسند کردبا، هەی بە گوریی ئاخیلۆس بێ باوکی دەنیزیش دەق وەک شا پریاموسی ئیلیادە بە هەمان شێوە پاڕانەوەی باوکانە لاشەی کوڕەکەی لەم سەردەمەدا بە هەمان شێوە، لە عەلی ئەلوێردی داوا دەکرد، بەڵام عەلی ئەلوێردی وەک ئاخیلۆس وەجاخ زادە نەبوو، لاشەی دەنیزی نەدایەوە بە باوکی، دەنا ئەویش دەبوو بە داستانێکی تری ئەم چەرخەمانە. نێرەیەکی بێ ئێش و ئازاری ئادەمزاد هاتە گۆڕێ بەڵام زۆریش نەگۆڕا. ئاخیلۆس دەیتوانی سەری پریامۆسیش ببڕێ و لە تەنیشت سەری کوڕەکەیەوەی دانێ، بەڵام نەخێر ئەو وەجاخ زادە بوو. هەرچی عەلی ئەلوێردییە وەجاخ زادە نییە، ئەمە دەزانین.

* دەچمە نێو باسێکی ترەوە. لە ڕۆمانەکانتدا سەرەتای (مەتەڵ) زۆر پێ دادەگرێ. لە مەسەلەی مەتەڵدا، وەک بزانم، خۆ تێگەیاندنی بەتامت هەن تەنانەت تۆ دۆنکیشۆت وا وەسف دەکەی، کە چیرۆکەکانی وەک مەتەڵ بەسەر زاری خەڵکەوە دەگەڕێن.

– گێڕانەوە هەر ئەو گێڕانەوەیە، بۆیە وا دەڵێم.

* ئەوجا (حیکایەتخوان)یشت پێ دەڵێن. نەک پەسەندانت، بگرە بۆ شکاندنت وات پێ دەڵێن.

– دەزانم، ئەوانەی داستان چاک دەزانن، ئەوانەی شێوە گێڕانەوەی

سەرزاری خەڵک چاک شارەزا و پسپۆڕن، ئەوانی داو و دەستووری دەماودەم چا دەزانن، کاتێکی (دۆنکیشۆت) دەخوێننەوە و زۆر بە سانایی دەزانن ئەم کارە لە دەفتەردا نووسرانی داو و دەستووری دەماودەمە.

* دەق وەک دەدە قۆرقوت.

– دەق گێڕانەوەکەی (دۆنکیشۆت) وەک گێڕانەوەکەی دەدە قۆرقوت وایە. جارێکیان لە پسپۆڕێکی ئیسپانێولیم پرسی، گوتی «بەڵێ زارگۆتنی نێو خەڵک ئەوەیە وا لە دۆنکیشۆتدایە». دیارە پێشتر، خەڵکی بڕێ مەتەڵ و چیرۆکی شۆڕەسواریشی لەنێو خۆدا دەگێڕایەوە. نەقڵ و سەرگوزشتەکانی سێرڤانتسیش زۆریان بەوانەوە بەندن: بەو مەتەڵە کۆنانەوە زۆر بەندن. هەر بەرەی مرۆیی بگری، ئیپۆپەی خۆی لەگەڵ خۆدا هێناوە. تۆلستۆی چۆنی مەتەڵان هەڵگوێزتوون شکسپیر، گۆتێ، چۆنیان لە ئەفسانەی کۆنڕا هەڵگوێزتووە سێرڤانتیش لە ئەدەبیاتی دەماودەمی پێشەخۆوە بەڕێ کەوتووە. لە پاش دادالٔ ئۆغلوو، دەنۆڕی سەدان دادالٔ ئۆغلوو هاتوونە گۆڕێ لە چقورئۆوا. ڕەگ و ڕیشەی چیرۆک و مەتەڵ، هەروا دەکەی، لە هیندستان، لە چین دەبینییەوە. دۆنکیشۆت یەکەم نموونەی ڕۆمانە لە ڕۆژاوا. دەنۆڕییە تەکنیکی، وا تێ دەگەی حیکایەت و مەتەڵن بووبن بە بەستە و سترانی سەرزاری خەڵک. هەرچی ڕۆمانی خۆمانە خێوی داو و دەستووری دوو هەزار ساڵەیە. هۆمیرۆس لەسەر ئەم خاکە ژیا. داستانی کوێرئۆغلوو بەلای منەوە، داستانێکی هاوچەرخی بێ خەوشە. تەنانەت لە ئیلیادەدا دەتوانین تووشی خۆڕوویی و تایبەتێتیی ڕۆمانی سایکۆلۆجیی هاوچەرخیش بێین. بەشی بەخۆم، کە (حیکایەتخوان)م پێ دەڵێن، کۆڵێ شانازیم بەخۆدا دێتەوە. ئەوان بۆ شکاندنم وەم پێ دەڵێن، بەڵام بوون بە حیکایەتخوان شتێکە جێی شانازییە. دەبا بیر لەوە بکەینەوە، بزانین مەتەڵێ چۆن لەدایک دەبێ؟ بلا بیر لە مەتەڵێ بکەینەوە. هەزار ساڵ، دە هەزار ساڵ، یان سێ هەزار ساڵ لە ئەنەدۆڵ لەدایک بووبێ. ئەم مەتەڵە دەگێڕدرێتەوە، لە سەدان کوڕ و کۆمەڵاندا،

له هەزار گوند و دێدا. خۆ مەتەڵ و چیرۆک وە نەبێ هەر مەتەڵبێژەکە، تەنیا هەر خـۆی دای هێنێ، گـوێدێریش مـەتەڵ دادێنێ، ئەویش بەشی خـۆی دەگـووڕێنی. مەتەڵ و چیرۆک دەق وەکو ئەو چەگل و چەوانە وان، چل هەزار ساڵ لە بن ئاودا مابنەوە، شۆرابنەوە، لێک و لووس بووبن، مشتومـاڵ بووبن، زاخاو و جەلا و ئارایشت داربن. لە ئاکامی ڕەنجی ئەم حەمکە ئینسانە، لە ئەنجامی ئەم هەموو ئارەقڕشتنە مەتەڵ و چیرۆک دێنە گۆڕێ. بۆ بەنوپلەی بێ قوسووری گەیشتنی، کارێکی هەروا سانا نییە. مەتەڵۆکەیێ میلیۆنان خەڵکی تێ ورووکـاوە و دایان هێناوە. بەو جـوانی و زیواییـیە گـەیشـتنە، پەی بەو سادەگییە بردنە لە کێشی مندا نییە. من حیکایەت و چیرۆک و داستانبێژێکی کەم نەفسم، بەو نۆ پلە گەیشتنە لە توان بەدەرە. ئەوانی بۆ شکاندنی من وام پێ دەڵێن لە گـەمـژەییی خـۆیان وەم پێ دەڵێن. وێڕای ئەوەش ئەگـەر نووسینەکانم نەختۆکەیەک لە مەتەلان بچن زۆرم شانازی بەخۆیە و بە زیاد بێ، پانی ئەگەر بەو سادەیی و ڕەوانییە نەگەیشتبم، ئەوەی من بۆ ئەدەبیاتی تورکم کـردووە دەبێ بە دۆسـتـایەتیـیەکی زۆر سـەرسـامکەر... ئەمـە بە گەشـەکردنێ دەزانم بۆ ئەدەبیاتی تورک. واتا، ئەگەر نەختـۆکەیێ لە مـەتەڵ نزیککەوتنەوەم لێ وەشـابێتـەوە. بەو سـادەیی و ڕەوانی و بێ خـەوشـییە گـەیشـتنە، قـەت ناکرێ و ناشێ بۆ ئینسـانێکی وەک مـەمـانان، بۆ تازە لە ئەدەبیات هەڵچوویەکی وەک مەمانان، بۆ زەلامێ تازە دەستی دابێتە قەڵەم و لە ئەدەبیات نووسیندا بگاتە جوانیی مـەتەلان نووسـینەکـانی، بەو بـەهرەیە گەیشتن هاسـان نییـە. من ئەوەم لەبەر گران نییە نووسینەکانم وەک مەتەڵ دەچوێن (کـە زۆرم پـێ ناخـۆشـە) خـۆزی لەبەر ئەوە لەپێش چاوی خـەڵکیـان ڕەش کردبام، کە نووسینەکانم لە مەتەڵ دەچوێن، نەخێر، سەبارەت بە شتی تر ئەو شـەکـرانە دەشکێن. هەر بۆیەش زۆر شـانازی نـاکـەم. بە نموونە: (ئەفسـانەی چیـای ئاگری) بەنموونە: (کـاریتـە) بەنموونە: (زەویی ئاسن و ئاسـمان مس)، (گـیـای نەمـران) بەنموونە (ئەفسـانەی هەزار کەڵەگـایان)ەم گوتووە، لەبەرئەوەی وشەی (ئەفسانەم)م بەگەڵ خستوون لێیان کردم بە هەرا:

«ئەها دزمان گرت، دیتمانەوە کوڕینە، هیزە بگرن، ئەمەیە، کوتومت ئەمەیە مەتەڵ، دەی بەقوربانە، بەسەر و گوێلاکی وەربن».

کابرا مەتەڵ دەنووسێ. شتی لە وڵات بەدەر دەنووسی، «ئیدی لێم بە هەنجەت کەوتن، لە منیان کەوێ، ئەما بە هەنجەت کەوتن». بەڵام خۆ (کاریتە) ڕۆمانێکی مەجازیی ڕەمزییە. نەک هەر ئەوەندە ڕوویشی داوە. قەوماوە. ئەم ڕۆمانە بە شایەتیی خۆم قەوماوە. ڕەمزێتیی ئەم ڕۆمانە پێنج قامک بەرەژوور، پێنج قامک بەرەخوار ژیانی مرۆڤە. ژیانی مرۆڤایەتییە. ئینسان پێش سەدان ساڵ دایکی خۆی، بار و بنەی خۆی بەم جۆرە ڕاگوێزتووە. هەر لەبەر هەندێکەشم نێوناوە (کاریتە). کاریتە و کۆڵەکەی ژیان برێتییە لە خۆڕاگری و بەرگەگریی مرۆڤ. دوێکە، نووسەرێ لە نۆرویجەوە هاتبوو، ویستی گفتوگۆیەکم دەگەڵ ساز دا، پرسی: «مەبەستت چییە لە هەموو ڕۆمانەکانتدا؟» دەسبەجێ گوتم، بە تەنیا وشەیەک: «خۆڕاگری». «کاریتە» خۆڕاگریی مرۆڤایەتییە. کۆڵنەدانی مرۆڤایەتییە، سەرسەختیی مرۆڤایەتییە، هێز و گوڕ و توانی مرۆیە، مرۆی نەبەز، مرۆی بە هیچ شتێ کەوی نەبوو، مێ نەبوو، نەخەساو، بۆڕنەخۆر. خۆڕاگریی ئەو ئینسانەیە کە مرۆڤایەتیی لەو هەموو پەتا و تاعوونە بە سامانە، لەو هەموو تێداچوونانە لەو هەموو هەژاری و دەستکورتی و ڕەنجەڕۆییانە، لەو هەموو قاتوقڕ و برسێتی و توینێتییانە دەرباز کردووە و تا ئێرەی هێناوە...». ئەوەی من واقم لێ وڕماوە و دەمەوێ بە داستانی بنووسم ئەوەیە «کاریتە، ڕەمزی ئەوە. کاتێ تنۆکێ ئاو بەر ئەو خۆڕاگرییە دەکەوێ، کاتێ مرۆ تەنگەتاو دەبێ، یانی کە «زەوی دەبێ بە ئاسن و ئاسمان دەبێ بە مس» کە باران لە ئاسمان نەباری و گیا لەسەر زەوی نەڕوا، ئینسان چ دەکا؟ مرۆ خۆی بە خەونێکەوە هەڵدەواسی. واتا: ئەمە ڕۆمانی لە ناچارییان، لە ناهومێدییان، پەنا وەبەر دنیای ئەفسانە دنیای خەون و خەیاڵبردنی کۆمەڵێکە «زەویی لێ بووبێ بە ئاسن و ئاسمانی لێ بووبێ بە مس» وا شپرزە و تەنگەتاو بووبێ، هیچ دەرەتانێ، هیچ دەرووەیەکی بۆ نەمابێتەوە. هەرچی «گیای نەمران»ە... (بەرگی سێیەمی سێینەی: کاریتە،

زەویی ئاسن و ئاسمان مس، گیای نەمران. ئەمیش ڕۆمانی تاکە مرۆیەکە، دنیای بەم پان و بەرینییە لێ وێک دێتەوە و «زەوی دەبێ بە ئاسن و ئاسمان دەبێ بە مس» یانی مەمیدیک (پاڵەوانی ڕۆمانەکە – وەرگێڕ.) لە (گیای نەمران)دا دنیای خەون و خەیاڵی بۆ خۆی ڕۆ دەنێ، پەنای پێ دەبا. ئەمە ڕۆمانێکی ڕەمزییە، گوتم، ئەمە ئەوەیە: مرۆ کە دەکەوێتە ئاستەنگ و بەجارێ ناهومێدی ڕووی تێ کردووە، تەنانەت لە سەردەمی هەرە قات و قڕ و نەهامەتیشدا، لەم چەرخەی ئێستاشماندا، دیکتاتۆری دروست کردووە، کەڵەگای دروست کردووە. لە پاش شەڕی یەکەمی جیهان نەتەوەی ئەڵمان ناچار هیتلەری دروست کردووە، یەکەتیی سۆڤیەت ناچار ستالینی دروست کردووە. چار ناچارە. هیچ چارەیێ نییە. ئەو خەڵکە بڵێ و نەڵێ پەنا وەبەر دیکتاتۆرێ هەر دەبەن. ئینسان بە درێژاییی مێژووی هەر دای تاشیوە و پەنای وەبەر بردووە. ئەمە هەڵاتنێکە من لە سێینەی (کاریتە، زەویی ئاسن و ئاسمان مس، گیای نەمران)دا لە شتێ گەڕاوم لە حەقیقەتی ئینساندا هەیە. ئەویش ئەوەیە: کە ئینسان تا چ ئەندازەیەک بە خەون و خەیاڵ دەژی، تا چ ڕادەیێ دەتوانێ لەو ناو ڕاستینە مادییانەیدا تێیاندا دەژی، دەربەرێ. ئێستا لەم ئانانەدا دەژین. تا چ ئەندازەیەک لە خەون و خەیاڵداین لەم ترووکە ژیانەی ئێستاماندا؟ تا چ ڕادەیەک لە نێو ڕاستیداین؟ کەوشەن و سنووری ئەمە بەڵەد نین. ئەمن لە ڕۆمانەکانمدا بەم سەرحەد و سنوور تێ هەڵکێشییەوە، بەم بێ سنوورییەوە خەریکم، ئەم کارە دەکەم. لە (ئەفسانەی چیای ئاگری)دا، لە (ئەفسانەی هەزار کەڵەگایاندا)، تەنانەت لە جیاتی (ئاغاکانی ئاقچەساز)یشدا ویستم ناوی گشتیی ئەو ڕۆمانەیش هەر (ئەفسانەی ئاقچەساز) بنووسم. من لە هەموو ڕۆمانەکانمدا ویستم تێ هەڵکێشی سەرحەد و سنوور، بێ سنووریی ژیانی خەون و خەیاڵ، ئەفسانە، مەتەڵ، واتا ئەو دنیا دووەمەی مرۆ بۆ خۆی دەیهێنێتە گۆڕێ پیشان بدەم. (ئەفسانە)م هەر لەبەر هەندێکە بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی بتوانم قسەکانم پتر زەق و زۆپ کەم، بۆ ئەوەی بتوانم چاتر دەرد و ئێش و ئازارەکەم دەربڕم. چونکە

دۆزینەوەی سنووری خەون و ڕاستی، سنووری ڕاستی و ئەو خەون و خەیاڵەی مرۆ دروستی دەکا، بەو نیشانە و کێڵەڕێ و ڕەمزانەوەی خۆی دایاندەنێ، لە نێو ئەو ڕاستییەیدا، تێدا دەژی زۆر هەستەمە و دژوارە. (لێرەدا سێ شت بەبیردا دێ: خەون و خەیاڵ، ڕاستی، واقیع – وەرگێڕ) ئەمە بە ڕۆمان لە مرۆ گەیاندن کارێکی زۆر سەخت و تووشە. گوتم هەر هیچ نەبێ، بەناوەکانیاندا، با سەرەداوێ بەدەست خوێنەرەوە بدەم، تێی بگەن. بەرەی ئینسان لە خەونیشدا و لە ڕاستیشدا تێ هەڵکێش دەژی. گوتم با ببێ بە سەرەداوێ بۆیە (ئەفسانە)م لە کتێبەکانمدا، بەکار هێنا. تەبیعی لەبەرئەوەی کە ئەدەبیاتی ئێمە هەرگیز لە گاڵتەبەدەر پێشوازیی لێ ناکرێ، لێکۆڵینەوەکانمان، هاوڕێیانمان، ئەدەبیاتشناسەکانمان، ڕۆماننووس و هونەرمەندەکانمان لە گاڵتەبەدەر پێشوازیی لێ ناکەن، لەبەرئەوەی زۆر خەمخۆرانە و مشوورخۆرانە ئاوڕ لە ڕێبازەکانیان نادەنەوە، دەڵێن «کابرا چیرۆکبێژە» و زۆر بە هاسانی پیاو بەدناو و بۆسۆ دەکەن، یا بەجارێ پەڕ و باڵی پێوە ناهێڵن. بە جیدییەت و خەمخۆرییەوە لە هونەرمەندێ ناکۆڵنەوە. لە ناو ئێمەدا هێشتا لێکۆڵینەوە و تەرزە بیرکردنەوەی وا گەشەی نەکردووە. تەنانەت تا ئێستا، لە چەند کەسێ بترازێ، لێکۆڵەوەی ڕاست و دروستمان نییە. لێکۆڵەوەی دروستی ئەدەبیاتمان نییە. ئەو لێکۆڵەوانەی داکۆکی لە بیر و بڕوای خۆیان بکەن، ئەوانەی کەسایەتیی ئەدەبیی خۆیان هەبێ، زۆر کەمن. بە نموونە: سەعید فایق جیهانبینییەک، لە جیهان گەیشتنێکی هەیە، بەڵام لێکۆڵەوەیەکی جیهانبین، بیچم لێکۆڵەوەیەکی لە جیهان گەیشتوومان نییە. ئەوی بەرەو ئەم ڕووکارە دەڕۆیشت، فەتحی ناجی بوو. ئەویش لەبەر نالەباریی بارودۆخ هەلومەرجی زۆر کارکردنی کەم بۆ ڕەخسا. بەڕاستی من تا ئێستا تووشی لێکۆڵەوەیەکی چاک نەهاتووم. ویستم لەمەڕ (ئاغایەکانی ئاقچەساز)یشەوە هێندێ شت بڵێم. بەنموونە: تا هەنووکە ئابووریشناسێ نەهات، بڵێ، «ئەم نووسەرە ڕۆمانی ئەو ماوەیەی نووسیوە کە دەرەبەگایەتی لە چقورئۆوا تەواو گەشەی کردبوو و پێی هاوێشتبووە سەرمایەدارییەوە، نەیگوت، «ئەمە ڕاستە، یا

هەڵەیە». من لەو دوو بەرگـــەی (تاوانی بازاڕی ئاسنگەران) و (یۆســـفی یۆسفۆکە)دا برێ و بیر و بڕوای وام گوتووە ، لە وڵاتی خۆشمان و تەنانەت لە سەرانسەری دنیایەش، زۆر کەم گوتراون. گوتوومە، «کاتێکی چینەکان دەگۆڕێن، بتەوێ و نەتەوێ سروشتێش لەگەڵ خۆیاندا دەگۆڕێن.» من ئەمەم بە چاوی خۆم دیت. شایەتی دەدەم. سروشتی دەرەبەگایەتی ئاوها بوو، کە چووە نێو سەرمایەدارییەوە، سروشت ئەم بار و شێوەیەی وەرگرت کە دەیبینی. ئاوهای بەسەرهات کە دەیبینی.

* لە «ئاغاکانی ئاقچەساز»دا؟

– بەڵێ. لەبەر ئەوە دەبینی دواییهاتنی دەرەبەگەیاتی و هیشکبوونی ئاقچەساز لە یەک ئاندا ڕێک دێن. لە سەرێکەوە، کاتێکی ئامێری زل و زەبەلاح کەفچەی خۆیان دادەگرن و دوا خاک و خۆڵی نێوان ئاودڕگەکەیش ڕادەماڵێ، دەرویێش بەگیش لەو دەمەدا بە ناچاری یوسفی پیاوی خۆی کە ڕەمزی دەرەبەگایەتییە لە ڕۆمانەکەدا، دەکوژێ. لاشەی کوڕە لەگەڵ ئاوەکەدا، لەگەڵ ئاوە (ئیرکمیش)ەکەدا، (ئیرکمیش) واتا بەسەدان ساڵ لەوێدا (چاوەنۆڕ کردووە) دەڕوا و حیکایەتەکەیشی شان بەشان لەگەڵیدا دەڕوا.

* ئەمەیە مانای «ئیرکمیش»؟

– ئەم وشەیە بە واتای زۆر چاوەڕێکردوو هاتووە. ئەمەیش تا ئێستا کەس بەبیریدا نەهات. پێم وایە ئەوانەی دەیانووسم ئەگەر ڕاست بن لە ژیانی مرۆدا زۆر بە بایەخن: گۆڕانی سروشت لەگەڵ گۆڕانی چینەکاندا، ئەمە بۆ یەکەم جار، موبەججەل کرای، بە ڕادیۆ باسی کرد. زانایانە باسی کرد. ئەوی ئەمەی لە من گەیاند هەر ئەو بوو، من بۆ خۆم لەوەوە لەم مەسەلەیە گەیشتم. بەڵام موبەججەل کرای لێکۆڵەوەیێ نییە، پرۆفیسۆرێکی سۆسیۆلۆجییە، بە موبەججەل کرایم گوت «موبەججەل» گوتم، دۆستێکی کۆنمە، «من بۆ خۆم دەمویست ئەمە ئاوها بکەم، بەڕاستی زۆرم کەیف بەو جۆرە چارەسەرکردنە

هاتەوە، بەڵام، گوتم، «باشە ڕۆمـاننووسـە گـەورەکـانی سـەدەی نۆزدەم» کـە ڕۆماننووسـی ڕاستەقانی ئەوانن، «بۆچی» گوتم، «بۆچی پێوەندیی ئەم چینە و سروشتیان پێش من نەنووسیٚ؟» وەڵامەکەی موبەججەل ئەمە بوو: گوتی «ئەم ڕووداوە لە ئەوروپا، یانی لە دەرەبەگایەتییەوە پەڕینەوە بۆ بەری سەرمایەداری وچانێکی دوور و درێژە، » گوتی. «ڕۆمـاننووسەکان لەم وچانە دوور و درێژەدا گۆڕانـی سـروشت و کـۆمـەڵگەیـان شـان بەشـانـی یەک پێکەوە نـەدیٚت. هـەرچی تۆی لە پڕێکدا تراکتـۆر هاتە نێو ژیانتـەوە لـە سـاڵی ١٩٤٦دا، لە پڕ. دەوەن و قەرەقـاچ نەمان، لە ناکاو ژاژەڵان و قـەمیشـەڵان نەمان، ئاو و زەلکاو و زۆنگ و زەمـەند و قـۆپی نەمـان، لە ناکـاو دار و درەخت نـەمـان، لـە پڕ لێـڕ و جـەنگەڵ نەمان. پەپوولە، باز، قوشقەڵە، هەوێردە، هەڵۆ، خەرتەل، سەرگەڕ هەموو ڕایان دا، سـروشت نەمـا، بـەجـاریٚ تەواو بوو بڕایەوە. سـروشـتـێکی نرت و نویٚ..» ئاوهـای گـوت. وە ئەمـانە سـەرانسـەریان کـێـڵـدران لە چقـورئۆوا. لێـڕ و جەنگەڵیش کێڵدران. هەرچییەکی تۆ دەبینی دەکێڵدریٚ لە چقۆرئۆوا، چونکە دنیـای سەرمـایەداری دەیەویٚ «لەسـەر خاکە بە پیتەکانی» وەک چقـورئۆوا. لە هەر زەڕە خـاکێکی سـوود وەرگریٚ. سـروشت مـاوە، مـردووە، ئەو سـەروبەندی خۆی دەزانیٚ، ئانندە دەزانی یەکسەر، چەوساندنەوەی خۆی دەخـاتە کار. هـەر دەڵێی مووی بۆ هـەڵدەکڕوزریٚ، لە حەوت ڕۆژەڕێگەوە بۆنی سوودی خۆی دەکا. دنیـای سـەرمـایەداری مرۆ چۆن دەچـەوسـێنێتـەوە، سـروشـتیش بـەو ئاوایە دەچەوسـێنێتـەوە. بە نموونە، هـەروەک کـەس بیـری لـەم ڕۆمـانانە نـەکـردەوە هەروەهـایش بیریان لـەم ڕاسـتییـەیش نـەکردەوە. تەنیـا هـەر گـوتیـان: «ئەمـانە ڕۆمـاننووسـی گوندین.» سـەبارەت بەوە کە باسـی گوندی دەکـەن ڕۆمـاننووسـی خـراپن، گـوتیـان و لە کـارەکـە وەک بـەرزەکی بانان بـۆی دەرچوون. لەو سـەردەمـەدا، لە دەرەبەگـایەتییـەوە ڕاگـوێزان بۆ سـەرمـایەداری، ڕەسـەنایەتیی مرۆیش لەگەڵ سروشتدا بەرچاو دەکەویٚ، ئەمیش ڕوو لە داشۆران و کەڵک لیٚ بڕان دەکـا. ئینسـانەکـان لەم ڕاگـوێزانەدا یا بـەیەکـجـارەکی دەپـەڕنەوە بەری سـەرمـایەداری، یا، ئەگـەر بیانەویٚ لە شـوێنـی خۆیان بمێننەوە، وەک شـەخس

ڕەسەنایەتییەکەیان دەدۆڕێنن، دادەشۆڕێن، لە ئینسانەتی دەکەون، گەڕ دەبن، نەخۆش دەکەون، نامێنن، دەبڕێنەوە. بنۆڕییە دەروێش بەگ و مستەفا بەگی ئاق یۆللو، دەبینی ئەمانە مرۆگەلێکن بەدوای تۆڵەی خوێنی دوو سەد ساڵەدا دەگەڕێن، کێشەی بەدوا تۆڵە گەڕانەکەدا لە پڕ دەبێ بە یاریی مندالان. یەکیان بە خەیاڵ دەروێش بەگ دەکوژێ، ئەوی تریان هەست بە دۆستایەتییەکی زۆر سەیر دەکا بەرانبەر بە مستەفا بەگ ، سەبەب؟ چونکە، دنیایەکی نرت و نوێ هاتووە، جغزی بە چواردەوردا کێشاون و لە ناوەندیدا ماونەوە، یانی لە نێو چەمبەریی ئاگردا هەرکان بە تەنێ ماونەوە. وە لە دوا دواییدا کە هۆردووکیان دەبڕێنەوە، مستەفا بەگ ئێگجار بەسام چاوەڕێی دەروێش بەگ دەکا. کە دەمرێ، ئەوی تریش بێ کات بەفیڕۆدان یەکسەر، بۆ دیتنی دەچێ. هەردووکیشیان لەسەر نەمان و بڕانەوەن، ڕەفتە نین. وە هەردووکیان بە بتوونی لە ناوجەرگەی نەماندان، وە تادێ هێندەی تر لێک دەئاڵێن. یەکیان کوڕەکەیان سووکایەتیی پێ دەکا، کۆمەڵگە سووکایەتیی پێ دەکا، دایکی، ژنەکەی سووکایەتیی پێ دەکەن. ئیدی لە چەرخ و چاخی ئەو سەردەمی بەدەرن، بە تاکی تەنیا دەمێننەوە، ئەمە دەبێ بە کارەساتێکی بەسام. دەبێ بە کارەساتێ وەک کارەساتە بە سامەکەی گریکان. لەناوچوونی چینێ مردنیشی، هێندەی مردنی شەخسێ دەبێ بە کارەسات، بە قەدەر مردنەکەی دەبێ بە ڕووداوێکی تراجیدی. ئاکامێکی زەق و زۆپ. مردنی چینێکیش ڕووداوێکی تراجیدییە. کارەساتێکی بەسامە. با شتێکی سەرنجکێشتان لەمەڕ ئەم ڕۆمانە عەرز کەم. لاوێ بە «سەرسامیی دەرەبەگایەتی»ی وەسپ کردم. جا بەڕاستی ئەو دەرەبەگایەتییەی تورکمانان، بێ کەموکووڕی و بێ قووسوور بوو. خێوی برێ لەو قیەم و بەهایانە بوو کە مرۆڤایەتی پشتاوپشت هێناونی. خێوی بەهای دۆستایەتی، بەهای جوانی، بەهای خۆشەویستی، بەهای درۆنەکردن، بەهای سەرڕاستی و ڕاستگۆیی، بەهای بەزەیی، بەهای بزە و پێکەنین، بەهای لە ساغییەکی بە سامی مرۆبوون. خێوی تۆرەی خۆیان بوون. ئەمنیش هەڵبەتە، سەرسامی ئەم پێوەندییە پێکەڵە و موکەمەلانەی

ئینسـان بووم. بە نموونـە: بابەتی (سـوڵتـان ئاغـا)یەک لـەم ڕۆمـانەدا هـەیە. سـوڵتان ئاغـا پەنای وەبەر قـۆناغێ هێناوە، سـەرلـەبەری دنیـابین، نایدەنەوە، کەچی لە دوایی ڕۆمـانەکەدا، لە تەواوبوونی (یۆسفی یۆسفۆکە)دا، دەدرێتەوە بە داواکـەرانی، داواکەرانیش وەری دەگرنەوە، لەتوپەتی دەکـەن، تووڕی داوێنە نێـو کـەلاکی هەڵۆیـان. چونکە هەڵۆیش نـەمـابوون، ئەوانیش دەوروبـەریان بەسـەر چووبوو. هەڵۆیش یەک لەو سـەرەتایانەی سروشـتـەکـە لە نێو برابوون لەوێندەر. لاشـەی داوونـەریتی هـەرە گەورەی دەرەبەگایەتیش لەسـەر سروشت فڕێ دەدەن، کابرای پەنابەر بەدەستەوە دەدەن. تەسلیمی دەکەنەوە ماڵە خۆی. ئیدی داو و دەسـتـوور و عـەنعاتیش نـەمـان. هـەر من پەسنی ئەم قـیـەم و بەها ئینسـانیـیـانە بەتەنێ نادەم، خـۆ مـارکسـیش ئەمـە دەڵێ. ئەم تێگەیشتن و مـەفـهـوومـەی من تێگەیشتن و مـەفـهـوومی مـارکسـە. لە فیـوداليزم، لە ئینسـانی سـەردەمی دەرەبەگـایەتی، لە قیـمـەت و بەهـای مـرۆڤـایەتـی دواوە.. مـارکس لە دەسـتنووسـەکـانی ١٨٤٤دا لەوە دواوە، ئینسـان چۆن بەدەسـتی سـەرمـایەداری لە ئینسـانەتی دەخـرێ و بەجـارێ تێک و پێک دەشکێندرێ. دەڵێ ئینسـانانی سـەردەمـانی پێـشـووتر لەگـەڵ قـیـەم و بەها ئینسـانیـیـەکـانی خـۆیاندا زۆر ڕاسـتگۆتر و دڵسـۆزتر و پێوەندتر بوون. کـارێکی ئێـمـە دەیکـەین هـەر ئەوەیە، سەرلەنوێ لەگەڵ قیەم و بەهایەکی مرۆڤایەتیدا دەست لەمـلان و شاد و شـوکر دەبنـەوە. ئەدی سـۆسـیـالیـزم ئەوە نیـیـە، مـرۆڤـایەتی بکـەینەوە بە خـاوەن ڕەسـەنایەتییەکی دێرینەی خۆی کە لە دەستیان چوواندووە..

* کاتێکی کۆمەڵگەیەکی بێ چین و چینایەتی دێتە گۆڕێ.

– بەڵێ، مـرۆڤایـەتی جارێکی تـر قیـەم و بەهایەکی خـۆی بەسـەر دەگرێتـەوە، سـەرلـەنوێ دەبێتـەوە بە خێـوی ڕەسـەنایەتییـەکەی لـە ناهـەق لە باری بردراوە. ئەوەی گرینگە دەبێ پێش لە کلک و گوێکردن و ڕەسـەنایەتی لەباربردن بگیرێ. یا لە نامۆکەوتن و بیـانی کەوتن بگیرێ. یانی یەک لەوانەی مرۆڤـایەتی ئێگجار زۆرتر بریندار کردووین لە دنیـا بیانی کەوتنە، مرۆڤایەتـی خۆی لەو دنیا پان و

بەرینەدا بەغەریب و نامۆ بزانێ، وەک بە تاقی تەنیا بژی، وەک هیچ فرێکی بەسەر هیچەوە نەبێ... ئەم ڕۆمانە ڕۆمانی جۆرە نامۆکەوتن و لە دنیای خۆبیانیکەوتنێکە. واتا، دەروێش بەگ و مستەفا بەگ جۆرە دۆن کیشۆتێکی چقۆرئۆوان. کارەسات (تراجیدیا)یەکی بەسامە. ئەمن بۆ خۆم ئەوە ژیام. حیکایەتی چقورئۆوا حیکایەتێکی ئێگجار بەسامە. کاتێکی بەرگی سێیەمی (ئاغاکانی ئاقچەساز) دەنووسم و دەیخوێننەوە، دەبینن.

* زۆربەی زۆری کتێبەکانت بە زمانە ڕۆژاواییەکانیش لە چاپ دراون، گوتت، لێکۆڵەوانی تورکیا، بەو جۆری خۆت بۆی چووی، لە ڕۆمانەکانیان نەکۆڵیویەوە، ڕاستە. بەڵام ڕۆژاوا بەو جۆرە تێی گەیشتون؟

– بەنموونە: لە ئیسویچرە (ئەفسانەی هەزار کەڵەگایان) دەوروبەری شێست – حەفتا بابەتی لەسەر نووسرا. لێکۆڵینەوەیی ئێگجار دوور و درێژن بڕوانە، دوا نووسین ئەمەیە:

نووسینی لێکۆڵەوەیەکی ئیسویچرەیی کە نێوی رووس هالدێنە یەک لەو نووسینانەیە کە خۆشم لێ هات. دەڵێ: «وێنەکێشانە زگماکەکانی یەشار وەک وێنەکێشانە زگماکەکانی ڤان کۆخ دەچن»، ئەمە لەمەڕ «ئەفسانەی هەزار کەڵەگایان»، دەڵێ. دەربارەی (گیای نەمران)یش پارەکە، نووسەرێکی تر پەیدا بوو، ئۆلوف لاگیر گرانس، شاعیری گەورەی ئیسویچرە بوو. سەردێری نووسینەکە ئەمە بوو: (هۆمیروس لە ئەنادۆڵ) لە ئیسوێچ تەنیا کەسێکی لەگەڵیدا ئاخاوتبێتم هەر ئەوە بوو. ئیدی لەگەڵ کەسێکی تردا قسەم نەکرد. چونکە لەوێ کارم دەکرد. پیاوەکە پێی گوتم: «ئەمن زۆرم لە ئەدەبیاتی دنیا کۆڵیوەتەوە تەنیا نووسەرێکی لەم دنیایە سورگون نەبووبێ ئێوەن، گوتی. وا هەست دەکەم لە نێو دەروونمدای، وا دەزانم هەمیشە لەگەڵ گەلەکەتدای و بستێکی لێ هەڵنابڕێی. سەرتۆپی نووسەران، خواروو ژوور، لەباری سورگونیدان. تاکە نووسەرێکی سوڕگون نەبووبێ تۆی» گوتی، زۆریش بەمە

شادم، پێم وابوو چاکم تێ گەیشتووە. چونکە ئەمن وەک هۆشیارێ، وەک خوێندەوارێ لەناو گەلەکەمدا ژیاوم. هەشت ساڵ لەناو (پارتی کرێکارانی تورک)دا، لەناو وەنەوشەی گوندەکەمدا هەموو لاوێنیم لەگەڵ گەلەکەمدا، بەسەر چوو. هەر بەڕاستی خۆم هەرگیز بە سورگون نەزانی. هەر لەم ڕۆژانەدا نووسینێ لە (نیویۆرک تایمس)دا بڵاو بووەتەوە. لە جۆزەرداندا نووسینێکی جۆن دۆمیسیۆن، ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسا لە (فیگارۆ)دا بڵاو بووەوە. بەڕاستی پیاو هەق بڵێ، چاک لە (زەویی ئاسن و ئاسمان مس) گەیشتووە. یانی لێکۆڵەوانی هەندەران، بە تایبەت ئەمەریکاییەکان لە هەمووان چاترم تێ دەگەن. لەم وتاری لە (نیویۆرک تایمس)دا بڵاو بووەتەوە. نووسەرەکەی دەڵێ، «یەشار کەمال لە تۆلستۆی، لە تۆماس هاردی دەچوێنن، کەچی هەروەک خۆیشی دەڵێ، پتر لە فۆلکنەر دەچێ، چونکە دەوروبەری ئۆکلاهامای فۆلکنەر کە تێیدا ژیاوە کوتومت چقورئۆوایەکەی یەشار کەمالە.» ڕەنگە ڕاست بێ. ئەمنیش ئەگەر بۆ خۆم، لەو چەرخەدا نووسەرێ هەبێ هەست بە نزیکایەتییێ بکەم، هەر فۆلکنەرە. پێم وایە لە سروشت گەیشتنمان زۆر لێک دەچن. لێم بپرسن کێهە نووسەر لە نووسەرانی ئەم چەرخە پەسند دەکەی، دەڵێم فۆلکنەر. ئەمە نزیکایەتیی ئاو و گڵە. گڕە و گەرما هەر ئەو گڕە و گەرما، لۆکە هەر ئەو لۆکە..

* بەڵام بە هەمان شێوە دەربڕین نییە.

– تەبیعی، هەر ئەو شێوەیە نییە. وەناشبێ. چۆن دەبێ، ئەو لە بەندوباوێکی ترەوە هەڵکەوتووە ، من لە بەندوباوێکی ترەوە سەرم هەڵداوە. ڕەگ و ڕیشەی من ڕەگ و ڕیشەیەکە، بە داستانەوە بەندە، هەرچی فۆلکنەرە بە شیعری ئینگلیزییەوە، بە ڕۆمانی جێمس جۆیسەوە بەندە. ڕەگ و ڕیشەی ئەو ئینگلوساکسۆنە. ئەو تەرزی گێڕانەوە و دەربڕینی ئەدەبیاتی نووسراوە و ئەدەبیاتی دەماودەم تێک دەبەستێ، ئەمنیش تەرزی گێڕانەوەی ئەدەبیاتی دەماودەم و ئەدەبیاتی تۆمارکراو تێک دەبەستم. ئەوەهێیە لێکەوە

نزیکایەتیمان. بەڵام لای ئەو تەرزی گێڕانەوەی ئەدەبیاتی نووسراو پتر پێ دادەگرێ. هەرچییەکی منم، تەرزی گێڕانەوەی ئەدەبیاتی دەماودەمم لە کن زێتر پێ دادەگرێ.

* یەشار کەمال من پێم وایە لە (ئاغاکانی ئاقچەساز)یشدا شێوازی دەربڕینی ئەدەبیاتی نووسراوت زێتر بەسەر قەڵەمدا زاڵە.

– لە تورکیا شتێکی لە گوێن (ئاغاکانی ئاقچەساز)ی من نییە لە ئەدەبیاتی نووسراوەدا. من بۆ خۆم، هەر خۆم تەرزی ئەدەبیاتێکی نووسراو لەمەدا دەئەزموونم. یانی لەو ڕۆمانە بوعد فراوانەدا تەرزە دەربڕینێکی نوێی وا دێنمە گۆڕێ دەشێ ببێ بە سەرەتایەک بۆ ئەدەبیاتەکەمان، ئەگەر بیپێکێ شتێکی ڕووکەش نەبێ چەشنی دەربڕینەکەی.

* گوتت، دە ئەزموونم.

– دە ئەزموونم.

* تازە لە ئیسوێچەوە گەڕاویتەوە. لام وایە پێنج مانگی لەوێ مایتەوە، وەنییە؟ لەوێ چیی وات نووسی؟

– بەڵێ یەکیان ڕۆمانێکی کورتە. ناوی (باڵندەکانیش ڕۆیشتن) ئەوی تریان ڕۆمانێکە هێشتا تەواوم نەکردووە. ٥٠٠–٦٠٠ڕووپەڕێ دەگرێتەوە. ڕۆمانێکی بیندرێژە. ناوی (دەریا کورا سەلیم)، سێیەمیان هێشتا ناوم لێ نەناوە، نیازم وایە لێرە پێوە بچم، تەواوی کەم.

* چاکە لەم ڕۆمانانەتدا بە تەمای درێژە بە ئەزموونی شێوازی ئەدەبیاتی تۆمارکراو بدەی؟

– خۆ وەنەبێ دەجور، سەد جۆرە شێوازی دەربڕین هەبن بۆ ڕۆمان نووسین. زۆر بە قنیاتە. ئێمە تازە دەستمان بەم کارە کردووە. تەنیا بنچەیێک تەنیا کەسێکی سوودم لێ وەرگرتبێ نازم حیکمەتە. لە شێوەی دەربڕیندا.

شێوە دەربڕینی سەرزارەکی نێوخەڵکیش. بەنموونە: (کۆشکی بلووری)[1]. جا هەرچەندێکم توانیبێ کەڵکی لێ وەرگرم. تەنانەت سوود لە کتێبی چاپی بەردیش زۆر وەردەگرم. وێڕای ئەوەیش هەڵبەتە شێوازە دارشتن و دەربڕینێکی خۆشم هەیە. بەنموونە، ئێمە زۆر لە ڕۆمانی ڕووس شارەزاین. چاکی دەزانین. وەرگێڕانی چاک چاک لە ئەدەبیاتی ڕووسەوە کراون. لەویشڕا شێوازە دەربڕینێکم وەرگرتووە. قابیلە لە ستاندالەوە شێوازی دەربڕین وەرنەگرم؟ دەستم بە هەر ڕۆمانێ کردبێ لە پێشان ئەو دەخوێنمەوە. کتێبەکانی بوون بە کتێبی ژوورسەرم. هەڵبەتە سوودیان هەر لێ وەردەگرم، ئەی چۆن... خۆ هەر هیچ نەبێ ئەمانە شێوازی دەربڕین و دارشتن، دنیاکەم لە بۆ فراوان دەکەن، دەیانرەنگێنن، جۆراوجۆریان دەکەن. بەش بەخۆم شێوازە دەربڕینێ لە دروستبووندایە، ماتەی داوە. ئەمەیش ڕەنگە، بە ئەنقەست نەیکەم. بەنموونە شێوازی دارشتنی هیچ ڕۆمانێکم وەک (لە بازاڕی ئاسنگەران) و (یۆسفی یۆسفۆکە) ناچێ. ئەمە سەڵت و قوڵت بە خوایشتی خۆت، بە خواستی نووسەر پێک نایێ. کەواتا، بابەتی نووسین ئەو شێوازە دەربڕین و دارشتنە دێنێ. حیکایەتێکی نێوخەڵکی دەماودەم مومکین نییە، وای دەرنابڕێ. سەروساختیان پێکەوە نییە. بەڵام بێگومان سوود لەو داو و دەستووره گەورە وەرگرتنێ لە ڕەگ و ڕیشەمدا هەیە. حەز دەکەی بڕێ سەرەتای شێوازی دەربڕینی دەماودەمی نێو خەڵکت بۆ بژمێرم لەوانی پەڕیونەتە نێو ئەدەبیاتی سەر کاغەز. یانی دەتوانم هەر لە (ئاغاکانی ئاقچەساز)دا لە گوێن ڕەگ و ڕیشەی خۆم، لە گوێن شێوازە دەربڕینی خۆم گەلێکت شت بۆ ببینمەوە. زۆر زۆریش. دوو ڕووپەڕە ڕست لەو کتێبەکەمدا هەن. ئەدەبیاتی دەماودەمی نێو خەڵک ئەمەی تێدا نییە. بەڵام ئەگەر

١- کۆشکی بلووری: حیکایەتێکی دەماودەمی نێو خەڵکە. وەختی خۆی سەباحەدین عەلی نووسیویەتییەوە و بڵاوی کردووەتەوە. نووسەرێکی بەناوبانگی کورد لە چلەکاندا کردوویە بە کوردی، (لە عەرەبییەوە) پاشان هەژاری موکریانی بە نێوی (بەیتی سەرەمەڕە) بڵاوی کردووەتەوە. لە دیوانەکەیدا هەیە. وەرگێڕ

شاعیرێکی دەماودەمی شیعروێژی نێو خەڵک ویستبای شیعرەکانی خەست و خۆڵتر و چڕتر دەربڕیبا، دەیتوانی ئەمە لە ئەدەبیاتی سەر کاغەز و تۆمارکراویشدا بەجێ بێنێ و لە ئەدەبیاتی زارگۆتیشدا. گەلۆ، بۆچی گۆیا، ڕووپەڕ و نیوێ ! دوو ڕووپەڕ ڕست بەو جۆرە دەکەم.

* کێ ناڵێ هۆزانە بەیتبێژەکانی نێو خەڵک لە سەروبەندی خۆدا وەیان نەدەکرد، بەڵام ئەو ڕستە بیندرێژانە نەگەیشتوونە ئەمڕۆکە. نابێ؟

– ڕەنگە، ها! بەڕاست من بۆ خۆم تووشی ڕستی وا هاتم. تووشی شێوازە دەربڕینی دەماودەمی نێو خەڵک، شێوازی دوور و درێژ زۆر بووم.

* لەو شیعر شیعرێنانەدا، لە شیناندا..

– بەڵێ، ڕاستە. شەڕەشیعر تاک ڕستن. ڕاستە. زۆر ڕاستە. زۆرم سوود لەو مەتەڵۆک و شیعر شیعرێنانە، بۆ ئەم ڕۆمانانە لێ وەرگرتوون. شتی زۆر ڕەنگین و جۆراوجۆر هەن سوودم لێیان وەرگرتبێ. «سەری براوە، زەق زەق تەماشا دەکا» ئەمە مۆتیفێکە بەڵام هێندە هەیە، ئەم ئەدەبیاتە دەماودەمییە هێندە زۆر پێ داناگرێ لە کنم.

* شێوازی گێڕانەوەت لەم ڕۆمانانەی ئێستا بە دەستەوەن دەیاننووسی، چۆن دەبێ؟

– بەرەبەرە تا دێ، بەرەو پەتییەتی و سادە و لووسی دەڕۆم. نووسەران تا بەنێو ساڵدا پتر بچن، ئەدەبیات تا پتر پێ بگات و بگەیێ زێتر بەرەو پەتییەتی و سادەگی و بێ بەزەک و دۆزەک دەڕۆن. بەرەو پەتییەتییەکی بێ سەر و سنوور دەچێ کارەکە. ئینسان دەبێ تا ڕادەی دەربڕینی بێ وشە بڕوا ئەمن ئێستا وای بیر لێ دەکەمەوە. ئەمن بیر لەوە دەکەمەوە کە ئینسان هێند بە ڕاشکاوی و بێ پەنا و پەردە، هێند هاسان، هێند ڕاستەوخۆ، هێند بێ گرێ وگۆڵ بتوانێ لە خەڵک ڕاگەیێنێ، کە هیچ پێوە گیر نەخۆن، زۆر حەزم

لەوەیە. بە تاسەی ئەوەوەم. شتێ هەبێ دڵی پیاو خۆش کا ئەوەیە. کە ڕۆژێ بێ، ئینسان بتوانێ چەرخەکەی، حەقیقەتی ئینسان، حەقیقەتی سروشت وەک شیری برا، ڕوپ و ڕاست دەربڕێ. بێ ئەوەی هیچ شاخ و باڵێک لە شتان برووێنێ. هیچ زێدەیەکی وەسەر خەی، لە ئینسان ڕاگەیەنی. (مێرووە ڕدێن سوورە شەلەکە)م شتێکە تا ڕادەیەک تێدا بەو پلەیەی بە ئەزرەتەوەییم بیگەمێ، ئەوە بە دیار دێخی.

* جیهانی ڕۆژاوا لە بابەتی ڕۆماندا زۆری پلە بڕیوە، پلەی گەورە گەورەی بڕیوە. ئەمڕۆکە قسەی «ڕۆمان مرد» لە ڕۆژاوا بەسەر زارانەوە دەگەڕێ. دەڵێن ئەمڕۆ لە ڕۆژاوا ڕۆمان بە جارێ لە کەڵک براوە، زۆری داوەتە بار و ڕواڵەت و شێوازچیەتی، کە دەڵێی ڕۆمان، واتا: شێوازەکەی، ئا بە حاڵە گەیشتووە ئەدەبیات لە ڕۆماننووسیدا دەڵێن. بگرە لە مەیدانی تر دەگەڕێن، لە ئاران و مەیدانی بەپیت و بەرەکەت دەگەڕێن. بەنموونە، ئەوەتا ڕۆژاوا زۆر بە ڕۆمانەکانی تۆوە خەریکن و زۆریان بەتەنگەوەهاتن پێشان دەدەن، ئەمەیش لە پڕێکدا ڕووی دا. یا ئەو بایەخدانە گەورەیەی کە بە ئەمەریکای باشووری دەدەن، زۆر بایەخ بە ئەدەبیاتی ئەمەریکای باشوور دەدرێ. ئەمە تاسە و ئارەزووێکە بۆ ئاران و مەیدانی نوێ. یانی ڕۆژاوا، ئەوەی خۆی نایکا، لە جێگەیەکی تری وەردەگرێ. کە لێی دەکرێ. ئێستا ئێمە لەم بارەوە سوود و قازانجمان چییە؟

– ڕۆمان نووسین، کاری وەستا و شاگردە. لە ڕۆژاوایش بووە بە کاری وەستا و شاگرد. بە نموونە، دۆستێکم لە فەرەنسا هەیە. دۆستێکە زۆری ڕێز لێ دەگرم. گوتی: «لە دنیادا ڕۆماننووسێکی لە هەمووانم پتر خۆش بووێ تۆی» زۆرم لای سەیر بوو. ئەمە لەمێژیشە. لە ١٩٦١دا بوو، لە ١٩٦٢دا بوو. گوتم ئەمەی بۆچی پێ گوتم. «بڕوا ناکەم» گوتم. گوتی: «ڕۆمانێکی فەرەنسزی ئەوڕۆکە بێن، نێوی کەسەکانی لە فەرەنسزییەوە بگۆڕن، بیکەن بە ئینگلیزی

کەس هەستی پێ ناکا. نێوی کەسانی ئینگلیزی بکەن بە فەرەنسزی، بڵێن ئەمە ڕۆمانێکی فەرەنسزییە، چ ناقەومێ، کەس هەستی پێ ناکا»

* ئەمە لە کن مەش هەیە.

– گوتی: «هەرچی تۆی، جیاوازییەکت هەیە، فەرقت هەیە. ئێستا نێوی فەرەنسزی، یا ئینگلیزی لە کەسانی ڕۆمانەکانی تۆ بنێین، نابێ سەرناگرێ» «خوێندوو قەناعەت بەو نێوانە ناکا. دەزانێ ئەو کەسانە، نەفەرەنسزین، نەئینگلیزن» گوتی: «ئەتۆ ڕۆمانێکی تازەبابەت دروست دەکەی ئەوڕۆکە» گوتی. ئەمڕۆ سەرلەبەری مرۆڤایەتی لە شتی تازە تازە دەگەڕێن ئەوەی ئێمە هێناومانەتە گۆڕێ دەنگێکی نوێ، هەوایەکی تازەبابەتی نێوباوە لە چاو ڕۆژاواوە. یانی ڕۆژاوا تازە لێی وەخەبەر هاتووە، تازە هەستی بەمە کردووە. ئێمە بیچم و شێوازێکی تازە، شێوازە دەربڕینێکی تازەمان، وابزانم هێنایە نێو ئەدەبیاتەوە. بەنموونە. ڕۆمانێکی وەک (لەسەر زەوییە بەپیت و بەرەکەتان)ی ئۆرخان کەمال بەشاکارێ لە قەڵەم دەدرێ. بەنموونە: ڕۆمانێکی ئۆرخان کەمال لە ڕۆمانەکانی ئەمەریکای باشوور زۆر چاترە بەلای منەوە. ڕۆمانی ئێمە زۆر ساغڵەمترە. چونکە ئێمە لەسەر بنجی خۆمان ڕواوین، ڕیشاژۆین، لە ڕەگ و ڕیشەی خۆمانەوە هەڵمان داوەتەوە. هەرچی ڕۆمانی ئەمەریکای باشوورە، بەقنیاتی خۆم، کە زۆریشی لەسەر نووسرا، ڕۆمانێکە لەژێر کاری سووریالیزمدا سەروبەر نراوە، زیاتر بە ئاو و گڵی ئەو خەمڵیوە. سەقافەت و کولتووری خەڵکەکانی ئەمەریکای باشوور لە گوێن سەقافەت و کولتووری خەڵکەکەی خۆمان نییە. پێم وایە ئەدەبیاتکارانی ئەمەریکای باشوور..

* بە تایبەت مەکسیکۆ.

– بە تایبەت ئەدەبیاتکارانی مەکسیکۆ، لە ڕووی سەقافەت و کولتوورەوە هێندەی ئێمە بە ڕەگ و ڕیشە نین، کولتووری ئێمە ڕەگی قووڵە.

سەبەبەکەیشی ئەمەیە: ئەوان لە ئیسپانیاوە ڕۆیشتوون بۆ ئەو وڵاتانە. هیچ بایەخێکیان بە سەقافەت و کولتووری خەڵکە نیشتەنییەکەی ئەوێ نەداوە، یا هەر بەجارێ لە نێویان داون و ئاسەواریان بڕیونەوە. جا لەبەرئەوەی لە سەقافەت و کولتووری خۆیان دابڕاون و سەقافەت و کولتوورەکەی خۆشیان لە کولتووری ڕۆژاوا دابڕاوە، کولتوورەکەیان کولتووری خەڵکێکە هێشتا پێ نەگەیشتووە و تەواو نەخەمڵیوە. لە ئەمەریکای باشوور کولتوور ونکردنێ ڕووی داوە. سەبارەت بەوە دەبینی بە سالانی ساڵ، قەرەجە ئۆغلانێ لە ئەدەبیاتی ئەمەریکای باشووردا هەڵنەکەوتووە. پیرسوڵتانێ، مەلا مەزبوورەیێ، تەنانەت هەرگیز نازم حیکمەتێ هەڵنەکەوتووە بەنموونە، وەک لێزانان دەڵێن، نێرۆدایەک، هەرگیز نەبووە بە نازم حیکمەتێ. سەبەبەکەش ئەوەیە: ئەدەبیاتی نوێی ئەمەریکای باشوور لە ١٩دا دەست پێ دەکا. لە فەرەنسا. لە فەرەنسای ١٩٠٠دا سووریالیزم، لێشاوی سووریالیزم فەرمانڕەوایە. لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا. ئاستووریاسەکان، برێ ئەدەبیاتنووسی ئەمەریکای باشوور.. ئەمانە هەموو لە سەرچاوەی فەرەنسا ئاو دەخۆنەوە و لەو سەروبەندەدا زۆر زۆر دەکەونە ژێر تەئسیری سووریالیزمەوە. جا لەبەر هەندێکی جۆرە ئەدەبیاتێکی فەنتازی لەوێ لەدایک دەبێ. بگرە تا گابری ماکزیشیان. هەرچی ئەدەبیاتی تورکە، تا ئێستا یەکێکی وەک مورتەزای ئەدەبیاتی تورک بەنموونە، لە ئەدەبیاتی ئەمەریکای باشووردا نییە. ئەم جۆرە نموونەیەی تا ئێستا تێدا هەڵنەکەوتووە. وە هەڵیش ناکەوێ. بگرە نموونەیەکی وەک سەعید فایقیشیان نییە. حیکایەتنووسێکی وەک ئەویشیان نییە. ئەدەبیاتی ئێمە بۆچی بەسەر ڕاستەڕێیە؟ جارێ یەکەم شت، ئێمە سەقافەت و کولتوورێکی ڕاستەقانیی گەورەمان هەیە. دووەم، ئێمە زۆر چاک لە ئەدەبیاتی ڕووسی گەیشتین، چاکی فێر بووین. لەبەر باری جوگرافیایی، سەبارەت بە باری هەلومەرج، سەبارەت بەوەی کە ستران و گۆرانییەکانمان زۆر لێک دەچن. ئەدەبیاتی ڕووس لە کن ئێمە زۆر چاک هاتە حاڵیبوون و تەرجەمەی چاک چاکیشی لێوە کرا. دێوێکی وەک شەڕ و ئاشتیی

تۆلستۆی، ئەم شاکارە گەورەیە نازم حیکمەت کردی بە تورکی. وەستایەکی گەورەی وەک نازم حیکمەت کردی بە تورکی، لە بیرمان نەچێ! ڕەنگە سەبارەت بە لێک نزیکایەتیی سەقافەت و کولتوور بێ لێک نزیکایەتییەکی زۆریش، تەرجەمەی ئێگجار چاکی لێ وەبەرهەم هاتووە. دەڵێن چاترین تەرجەمەی دنیا، ئەو تەرجەمانەیە لە ڕووسییەوە کراون بۆ تورکی و دۆستویفسکی، چێخۆف... سەبارەت بەوەش کە ئەدەبیاتی ڕووسی ئەدەبیاتێکی ساغڵەم و ڕەختەیە، زۆرمان بەکەڵک هاتووە. ڕەگ و ڕیشەی ئەدەبیاتی ڕووسیش لە سەدا سەد هەر بە ئەدەبیاتی نێو خەڵکەوە بەندە، بەسەر بنجی دەماودەم ڕەگی داکوتاوە. نازم حیکمەت لە کن ئێمە چۆنە، پوشکینیش، لە ئەدەبیاتی ڕووسدا شاعیرێکە لە نێو خەڵکەوە، لە نێو ئەدەبیاتی خەڵکەوە سەری هەڵداوە، شاعیرێکە کەڵەکەبووێک گووراندوویە ڕەگ و ڕیشەی لە نێو ئەدەبیاتی دەماودەمدایە. لەبەرئەوەی ئەدەبیاتی ڕووسی بەو دەستی پێ کردووە بە ڕەگ و ڕیشە ڕەسەنەکەی خۆیەوە زۆر بەتوندی ماوەتەوە. جا سەبارەت بەوەی کە ئێمەیش زۆر شارەزای ئەو ئەدەبیاتەین، سەبارەت بەوەی کە خاوەن ڕەگ و ڕیشەی خۆمانین؛ یەکێکی وەک ئۆرخان کەمالمان لێ هەڵکەوتووە. ئەمن پێم وانییە یەکێکی وەک ئۆرخان کەمال لە ئەمەریکای باشوور بتوانی هەڵبکەوێ. ناتوانێ (مورتەزا)یەک بێنێتە گۆڕێ. ناتوانێ (لەسەر زەوییە بەپیت و بەرەکەتەکان) و (کۆنەفرۆشەکە و کوڕەکانی) تێدا هەڵبکەون. باوەڕ ناکەم شاکارێکی وەک (کیسەڵەکان)ی فەقیر بایقورت لەوێ دروست ببێ.

* چاکە ئەدی بۆچی بە ئەدەبیاتێکی ئاوها بەبایەخ ناناسرێ؟

– بەڵێ، بۆچی (مورتەزا)یەک لەسەر ڕووی زەوی پەیدا نەبوو؟ جارێ باری سیاسیمان، خۆ ئەوە هەر بەجارێ، دیارە چەند نالەبارە. ئێمە وڵاتێکی سەر بە سیاسەتی دەرەکین، دەسدا و تابیعێکین بە دەوری سیاسەتێکی دەرەکیدا دەخولێینەوە. ڕۆژاوا گوێ بە سیاسەتی تابیعیەتیی دەرەکی نادا، بە تەنگ ئەو

جۆره کلکانەوە نییە. دووەم ئێمە زمانەکەمان زۆر لاچەپە، زۆر چەپەکە. ئەوانەی لەم سەر زەوییە زمانی تورکی فێر بووبن، زۆر کەمن. گرفتی وەرگێرانیش کۆسپێکی زۆر گەورەیە. بەنموونە: تا ئێستا دە کتێبم کراوە بە زمانی ئیسوێچی. تەنیا یەکێکیان (ئەگەر مارەکە بکوژن)، سەد ڕووپەڕێ دەبێ، هەر ئەویان بە زمانی تورکییەوە یەکسەر کراوە بە ئیسوێچی. ئەوەیشی بەهۆی یەکێکەوە، کە مەجەرییەک بوو، زمانی تورکی دەزانی لە وەرگێڕاندنی کتێبەکانمدا لە ئینگلیزییەوە بۆ ئیسوێجی. من کتێبەکانم تەنیا بە دوو زمان تەرجەمە دەکرێن. بە سای سێ کەسەوە. یەکیان THALDA تێلدا، یەکی تریان گزین دینۆ، سێیەمیان مونەوەر ئانداچ[٢]. زمانی تورکی زۆر بێ بەختە. بەنموونە: نەناسینی شاعیرێکی گەورەی وەک یۆنس عەمرە، بۆ تیرەی مرۆ، بە سەقافەت و کولتووری مرۆڤایەتی کەموکووڕییەکی ئێجگار گەورە و ستەمە. تەنانەت یەکێکی وەک نازم حیکمەتیش تاوەکو ئێستا دنیای ئینگلیز نایناسێ. تەرجەمە نەکرا. نازم حیکمەت نێرۆدایەک نییە. کتێبەکانی نێرۆدا وەک ئاو دەڕۆن لە ئینگلستان، ئەمەریکا. نازم دیار نییە. ناناسرێ. لە وڵاتێکی وەک ئیسکاندناڤیا، فینلەندە نازم حیکمەت دەناسن و بەس.

* بەڵام ئەگەر ڕاست و دروست تەرجەمە بکرێ، جۆره سڵ و پرینگانەوەیێ دێتە گۆڕێ، وەنییە؟

– چۆن نابێ؟ کە لە ئیتاڵیا وەریان گێڕا، تا نێو گوندییانیش لێشاوی ئاژنی نا.

* لەگەڵ ئەوەیشدا کە گۆیا، زۆر خراپیش کراوە بە ئیتاڵیایی.

– لە دنیای ئیسپانیۆلدا هەموو گوندێ نازم دەناسێ. بەلای دنیای ئیسپانیۆلەوە کەڵەشاعیری گەورە نێرۆدا نییە. نازم حیکمەتە. ئێستا لە فەرەنسا، نازم حیکمەت بە شاعیری هەرە گەورەی دنیا دەزاندرێ. چاک

٢- بەداخەوە یەشار کەمال ئاگای لە کارەکانی مامۆستا شوکور نییە. کاروان.

تەرجـەمـە کـرا. یانی لە نێوچاوانی ئـاسـتـەنگ و نالەباریی وەرگێـڕانەوە، ئەو ئەدەبیاتە گەورە و گرانەی ئێمـە لە هەندەران ناناسرێ. چاک تەرجـەمە بکرێ، ئەمڕۆ ئۆرخـان کەمـال دەبێ بە مـەشـوورترین نووسـەری ئەو دنیـایە. بە نموونە فەقیر بایقورت هەموو ڕۆمانەکانی ناڵێم بەڵام هەر تەنیا (کیسەڵەکان)ی..

* پاشان (ماڵەغان)ەکەی.

- مـاڵـەغـان[٣] فـەقـیـر ئەمـڕۆکـە تەنیـا هـەر بە (کـیـسـەڵەکـان)ی دەبوو، بە نووسەرێ لە هـەموو نووسـەرانی دنیـا ڕۆمانەکـانی پتر دەفرۆشـران. هێندە، بە (کیسـەڵەکان)ی فـەقـیرەوە دەنازم، تەرجـەمـە کرابا، هـەرایەکی زۆر گـەورەی لە ڕۆژاوا دەنایـەوە. پێم وایە هـەرایەکی دەنایەوە. لـە هـەرای ئـیـسـپـانـیـۆل و باشووری ئەمـەریکا زۆر گەورەتر و بەبایەخـتر. ڕۆمانی ئەوڕۆی تـورک. تەبیعی ئەگەر تەرجـەمە بکرێن. لام وایە شـیـعریشـمـان هـەر وایە، ئەویش هـەرای گەورە دەنێتـەوە. ئەحـمـەد عـارف، ئەحـمـەد عـارفێ بکرێ بە فـەرەنسـزی، وەک بۆمـبـا دەتەقێتەوە. دەڵێن تەرجەمەکردنی ئێگجار زەحمەتە. بڕوا بەمە ناکەم. ئەحمەد عارف تەرجـەمە دەکرێ. زۆر بە هاسـانیش. چونکە ئەحـمـەد عارف شاعیرێکی ڕیشـاژۆیە، شـاعـیـرێکی دەمـاودەم بێژی بە ڕەگ و ڕیشـەیە. قـسـە و گـوتەی ڕەسـەن و ئەسڵ هەموو سـەروەختێ تەرجـەمە دەکرێ. ئەحـمـەد عارف پیاوێکە قسـەکانی زۆر بە ڕەسـەن و بە ڕەگن. یانی لە ناو جـەرگییەوە، لەناو هەناو و دەروونیـیـەوە قـسـان هـەڵدەکـەنێ و دەیانـڵـێ، یان وش و ڕسـتێ بەکـار دەبا تا مشـتووان لە نێو دڵ و هەناوی خـتمن. شیعری ئەحـمەد عـارف زۆر قووڵە، بنی ئێگجـار دوورە. جا هـەر لەبەر هەندێکیشـە زۆر بەهـاسـانی تەرجـەمـە دەکرێ، زۆرم بڕوا بەمـەیە. شـتێکی تریش هەیە ڕۆمـانی ئێـمـە جـۆراوجـۆرن. بـیـچم و شـێوازی جۆربەجۆریان هـەیە. بە تایبـەت، بەشی بە حـاڵی ڕۆمانەکانی خـۆم قسـان دەکەم. چونکە کارێکی خۆم کردوومە چاتری تێ دەگەم. لە ڕۆمـانـەکـانی

٣- مـاڵەغـان: تریـان، گەرەنتـوو، جۆرە داسـێکی دەسک درێژە بە پێـوە دروێنەی پێ دەکەن.

مندا هیچ جۆره بیچم و شێوازێکی ڕۆژاوایانه نابینییەوە. هی خۆمە و هەر لە خۆم دەوەشێتەوە، نەبێ بەخۆهەڵکێشان. ڕۆمانەکانم لە گۆرانییەکانمانەوە، لە تەرزی داڕشتنیاندا، لە قورمیشکردنیاندا ، لە یاپی و بنیاتنان و میعمارییاندا لە گۆرانییەکانمانەوە ئاو دەخۆنەوە، دەقاودەق وەک گۆرانییەکانمان هەڵنراون.

* یانی چۆن؟

– ڕۆمــان مــیــعــمــارییــەتێکی خــۆی هەیە. دەربڕین و گــێــڕانەوە، قورمیشکردنێکی خۆی هەیە. گێڕانەوە ئەوە دەردەخا، یانی ئەو قورمیشە تەرزی گێڕانەوەی ڕۆمان دروستی دەکا، ئەمن ڕۆمانەکانم زۆر لە گۆرانی و لاوژەکانمان دەچن. گۆرانییەکانی لای خۆمان، لە ئەنەدۆڵی، بە هەمان ڕست و قسە دواییان دێ. گۆرانی و لاوک و حەیرانەکانمان زۆریان بەو چەشنەن بە وردی لە ڕۆمـانەکـانم ڕامـێنی ئەوەی لیـریکی و گـۆرانی ئامـێـزیان تێـدا دەخەملێنی ئەو قورمیشەیە. یانی هێندە لە سەرەتا گوتن پێ دانەگری، جۆرە یەکنەواختییەک، چەشنە یەکنەسەقییەک، تەرحە یەک هەواییەکیش بەکار بێنی. تەبیعی (بازاڕی ئاسنگەران) و (یۆسفی یۆسفۆکە) لەمانە بەدەرن. تەنانەت لە (بازاڕی ئاسنگەران)یشدا بەرانبەر بەمە، ئاسەوار و نیشانەی هەر هیی خۆ و تایبەتی پێوە دیارە. چاپکی و لیریکایەتیی (گۆرانیی ئامێزایەتی)ی ڕۆمـانە ئەوە بەدی دەهێنێ لە قـەوارە و بارسـتی (بازاڕی ئاسنگەران)دا لە فراوانیدا، لە زۆر نموونە و جۆراوجۆری کەسەکانیدا چەند نموونە کەسی تێدایە، نازانم، سەدن، سەد و پەنجان، بگرە دوو سەدیشن ڕۆمانێکی ئاوها هەمــەدەنگ، هەمــەچەشن، ئەوەندە بەهێــز شــتی وا لە ڕۆژاوا نادۆزییــەوە. ئەمەیش چی ئیسپاتی دەکا؟ ئەوە ئیسپاتی دەکا کە چەند بە ڕەگ و ڕیشەی خـۆمانەوە بەندین، ئەو شـێوازە ئیـسـپاتی دەکا لە دەدە قـورقـوت، لە کـوێر ئۆغڵووەوەمان وەرگرتووە. سرەکە لێرەدایە، لەم بیچمە کولتوورەدایە. بیچم و شێوازی ڕۆمانیش کولتوور و سەقافەتێکە.

* دوێکە ئێوارە. لە جێگەیێ گفتوگۆیەکی ئاواوایی ڕووی دا: یەکێ لە

– ئەمن بۆ خۆم، تەنانەت ناوێرم «نووسەری لە دنیا بیانی کەوتن»یشی پێی بڵێم سێرڤانتس هەڵبەتە، ڕۆماننووسێکی چەرخی لە دنیا بیانی کەوتنە. ڕۆماننووسی چەرخ و چاخی دەور و بەسەرچوونێکە. یانی ئەو ڕۆماننووسە گەورەیەیە کە سەردەمی بەسەرچوونی سەقافەت و کولتووری شۆڕەسوارێتی و لە جێی وی شینبوونی سەقافەت و کولتووری بۆرجوا هێناویەتە گۆڕێ. نووسەری سەردەمی ڕاگوێزان و پەڕینەوەیەکە. من تەنانەت لە گوتنی ئەمەیش دەترسێم. ئەو ڕۆماننووسی مرۆیە. تۆلستۆی ڕۆماننووسی مرۆیە. گەورەییەکەیشی لەمەدایە. هۆمیرۆسیش هەر وایە: «هۆمیرۆش داستانبێژی شەڕوشۆڕە» دەشێ قسەی وا بکرێ؟ یانی عەیبە، عەیبە سەقافەتێ دەقەومێ ئەو هەموو ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و لێزانانەمان هەن. هەر کەسە لە ڕاستی خۆوە بێدەنگە. کەسێ هەڵناداتێ، گاڵتەیێ، گەمەیێ، جەفەنگێ بەم عەیب و شوورەییکەرانە بکا. گاڵتە بە چی دەکرێ. ئەی بەمە نەکرێ بە چی دەکرێ؟

* یەشار کەمال. ئەتۆیش لەم بارەیەوە بێدەنگ وەستای. خۆ بە تۆیشیان گوت: «ڕۆماننووسی گوند» ئەی تۆ بۆچی بێدەنگ بووی؟

– من نامەوێ لەگەڵ کەس گاڵتە بکەم. تەنیا شتێکی من حەزی لێ ناکەم ئەوەیە کە ببی بەمایەی گاڵتەوگەپ. ئەم بابەتە لەوانەیە ببێ بە بابەتی گاڵتە. من نامەوێ گاڵتە لەگەڵ کەسدا بکەم.

* ئێستا دەتوانین لێرە بەولاترەوە پێ هەڵبڕین. بۆ خۆت دەزانی چەرخەکەمان چەرخی چینە کۆمەڵایەتییەکی نوێیە. چەرخی چینی کرێکارە. پرۆلیتاریا. ئێستا قسە لە کولتوورێکی پرۆلیتاریا دەکرێ. کولتوورێکی جیاواز. تەنانەت هونەرمەندانیش بەپێی ئەوە دابەش دەکرێن، کێهەیان هونەرمەندی پرۆلیتارییە، کێهەیان هی پرۆلیتاریا نییە، یانی دابەشکردنێکی شێماتیکانە. نەخۆشەییانە.

– ئەمەیش شتێکی نوێباوە لە کن ئێمە. ئەم مەسەلەیە لە سەرانسەری دنیا، زۆری کێشە و هەرا لەسەر کرا. لە پاش شۆڕشە گەورەکەی ڕووسیاوە « کولتی- پرۆلیتاریا » کولتووری پرۆلیتاریا، شتێکی ئاوا وایی هێندرایە ئاراوە. تەنیا کولتوور و سەقافەتی پرۆلیتاریا و بەس. هەبوو لە دژ ئەمە وەستا، هەبوو داکۆکیی لێ کرد. نازانم ترۆتسکی، بەڵام لێنین خۆی لە دژ ئەمە ڕاوەستا. لێنین «کولتووری مرۆڤایەتی دەبێ» گوتی «ڕۆژێ، پاش دێرزەمانێ، پرۆلیتاریا دەتوانێ شەقڵ و مۆرکی خۆی بەم سەقافەت و کولتوورەوە بنێ. بەڵام ئێمە میراتگری سەرلەبەری سەقافەت و کولتووری مرۆڤایەتین.» کەچی ئێستا دەبینی لای ئێمە بەنموونە بابایەک ڕاست دەبێتەوە دەڵێ « دادال ئۆغلوو شاعیری دەرەبەگایەتییە» دادالْ ئۆغلوو، سوور لە ناوچەرگەی دەرەبەگایەتییەوەیش هاتبێ، شاعیری مرۆڤایەتی، شاعیری یاخیبوون و سەربزێوییە. دادالْ ئۆغلوو دەمڕاستی دژ بە زۆرەملێ جێنشینکردنی تورکمانانە. دەمڕاستی ئەو سەربزێوی و یاخیبوونانەیە کە لە سەدەی یازدەمین بەملاوە درێژەیان کێشاوە و هەر لە گڕ و بڵێسەدا بوون. دانەچیایش هەر لەم بابەتەیە. ئەشقیایەتیشی هەر لەم ڕەنگەیە. بەهەڵە یا بەڕاست ئەشق یاخییە. لە ئێنجە مەمەددا من ئینسانی (یاخی)م نووسی، ڕەنگ و ڕەوەی مرۆی سەربزێو و یاخیم داڕشت.

* یەکێ لە نووسەرەکانمان دەیگوت دادالْ ئۆغلوو سەمبولی کۆنەپەرستیی ئەو تورکمانانەیە، ئەو تورکمانە ڕەوەندانەی چقورئۆوایە کە ساڵانی ساڵ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا تێک گیرابوون و هەمیشە دەستەوبەرۆکی یەک بوون. یانی عوسمانی دەیویست لەسەر بارێکی لەبارتری ژیانیان دامەزرێنێ، کەچی ئەوان تا دەهات هەر بەلای بارێکی کۆنەپەرستتردا دایان دەتاشێ و لە دژ عوسمانی دەوەستان. دادالْ ئۆغلوو دەنگی ئەم لە دژ وەستانەیە دەنگی کۆنەپەرستییە و چی و چی... لەم جۆرە قسانە.

– ئەمن بۆ خۆم لە مەڵبەندی ئەو ڕاپەڕین و هەڵستانە لەدایک بووم. تەنانەت لەگەڵ هێندێ لەوانی هاوبەشی ڕاپەڕینەکەشیان کردبوو، بووم بە ئاشنا. خۆ جارێ یەکیان هەبوو، هەر بۆ خۆی کۆمۆنەکەی پاریسی کردبوو. هۆزە تورکمانەکان هەویا و ئاواتی هەرە گەورەیان ئەوە بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە دژ دەوڵەتی عوسمانی بۆ خۆیان پێکەوە بنێن. دەوڵەتی عوسمانی کە دەستی بەلاوازبوونی کرد، ئەم تورکمانانەیش بوون بە دەوڵەتی نیوە سەربەخۆ و کوڕی دولقەدەر (ذوالقدر) سەربەخۆ بوو. ئەم هەڵستان و ڕاپەڕینە هەڵپە و تەقەلایێ بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێ. ئەم هەڵستان و سەربەرزکردنەوەیە، بە تێکۆشان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت هەویا و ئاواتی هەرە بەشەرەف و بە داو و دەستوورانەی مرۆڤایەتییە. سەربزێوی و هەڵستان لە ئەنەدۆڵێ ڕەگ و ڕیشەی لەنێو داو و دەستووریدا زۆر قووڵ و ڕەگ ئاژۆیە و پشتاوپشت بۆی ماوەتەوە. لەناو کرۆکی داوونەریتیدایە. بە هەزاران هۆزان و بەیتبێژ ئەم هەڵستان و سەربڵیندکردنەوەیان بەزمان هێناوە: هەڵستان و یاخیبوون لە دژ بۆ یەمەن ڕەهەنەکردن، قاتوقڕ، گڕەوگەرما. یاخیبوون لە دژ عوسمانی. کەواتە دادالْ ئۆغلۆو بە کۆنەپەرست بزانین و ناوی لە دەفتەر بسڕینەوە؟ کەوابوو سێرڤانتس چونکە باسی فیودالّی کردووە، دەیسڕینەوە؟ کەوایە بلا یۆنانی کۆن و هۆمێرۆسیش بسڕینەوە، دادالْ ئۆغلۆو دەسڕینەوە و بەمە دەبین بە پێشکەوتخواز. ئەمە بەتاڵکردنەوە و ئاشبەتاڵ پێکردنی تەنانەت کولتووری کلاسیکی مرۆڤایەتییە، لە کەلەپووری سالانی سالّی ئادەمزاد لاریبوونە. قەرەجە ئۆغلان لەبەرئەوەی وەلامی ئەوین و دڵداریی ئەم چەرخ و چاخەیەش دەداتەوە، ئەویش هەر کلاسیکە. تا هەست و نەستی بنەڕەتی مرۆڤایەتی نەگۆڕێ سایکۆلۆجییەت و نەفسییەتی نایەتە گۆڕین. دادالْ ئۆغلۆو لەگەڵ گەلەکەیدا لە دژ عوسمانی هەڵستاوە و یاخی بووە. سەری داناوە. ڕەهەنە کراوە. کوژراوە. بەزیون. شکاون. سەرتۆپێکی عەشاماتێکی زۆر و زەوەندی تورکمان، لە دیاربەکردا، بەیۆزگاتدا پەرت و بلاو کرانەوە. جا ئەم دادالْ ئۆغلۆوە، بەبرای خۆم بڵێم،

شاعیری مرۆڤایەتییە. هی دەرەبەگایەتی نییە.

* جارێکیان بە نووسەرێکیان گوتووە، تۆ نووسەری پرۆلیتاریا نیت، نووسەری بۆرجوا، نووسەری دەرەبەگایەتی، بە کۆنەپەرستیان نێوبردووە، ئەویش بەوە زۆر پەست دەبێ... بەناوی ئەم بۆرە تاوانبارکردنانەوە شتی ئاوهایش ڕوو دەدا.

– دایکۆڵەکەم، ئەمن هێندە گوێ بەم گەمژەییانە نادەم تەنانەت هەر لەسەر ئەمە ئاخاوتن و پەیڤینیش بە زیاد دەزانم. پێم وایە ئەم جۆرە کەسانە هەر بۆ ئەوە خاسن پێیان بخەنی و تێ پەڕی.

* بەڵام چ دەکەی، ئەم مەسەلەیە ئەمڕۆکە زۆر لە باوە کێشەیەکی زۆری لەسەرە. چۆن دەبێ هەروا بە پێکەنینەوە بەسەریدا باز دەدەین؟

– بەڵێ، مەسەلەیە کێشەی زۆر لەسەرە، بەڵام بابەتێکە هەر بۆ ئەوە باشە دەبەر گاڵتە و تیزوتەوسی دەی. یانی ئەو ئینسانانەی بەجارێ لە ڕەسەنایەتی داشۆراون ئەم قسانە دەکەن. ئەو کەسانە دەیکەن فریان بەسەر هیچ ڕەسەنایەتییەکەوە نەماوە، نامەوێ قسە بکەم، شوورەییە. هەر بە ڕاستی عەیبێکی گەورەی سەقافەت و کولتوورە. ئەمە لەگەڵ قسەی (ڕۆماننووسی گوند)دا چ فەرقی نییە. من هەر لەبەرئەوەی گوند و گوندیم نووسیوە، نابم بە ڕۆماننووسێکی خراپ، بگرە من تەنیا لەبەرئەوەی ڕۆمانی خراپ بنووسم، دەبم بە ڕۆماننووسی خراپ. چاکە، ئێستا ئێمە بە فەقیر بایقورت بڵێین «ڕۆماننووسی خراپە، چونکە ڕۆماننووسی گوندییە» لێمان دەعەیبە ناگیرێ؟ بەڵام «ئەگەر بڵێین فەقیر بایقورت لەبەرئەوەی بۆی نەلوا بەهرە لە سەقافەت و کولتووری گەورە، سەقافەت و کولتووری مرۆڤایەتی، ئەو سەقافەت و کولتوورە گەورەیەی لە ناوجەرگەی خەڵکەوە شەوق دەداتەوە، وەربگرێ، لەم ڕووەوە ڕۆماننووسی خراپە» و بەمەیش قەناعەت بێنین هەنگێن ڕەنگە بتوانین، بڵێین، قسەیەکی ڕاستمان کردووە. بە ئەحمەد عارف بگوترێ «شاعیری

دەرەبەگــایەتـی» عــەیبـوشــوورەییی هـەرە گــەورەیە. عــەیبی هـەرە گــەورەی سـەقافییانە ئەحمەد عارف ڕەنگە شاعیری هـەرە نوێباو و مۆدێرنی چەرخی بیستـەم بێ. بۆچی؟ چونکە یەکێکە لەو شـاعـیـرانەی چاکتـرین داکـۆکی لە مـەسـەلەی پرۆلیـتـاریا دەکا. چونکە ئینسـانێکە سـەری لە پێناوی هـەرا و کێـشـەی ئینسـانانی ڕەنجـخـوراودا داناوە. چونکە ئەحـمـەد عـارف نموونەی هونەرمـەندی ئایدیالی چەرخی بیسـتـەمـە، لەبەر ئەوە ئێـمـە نالێین ئـەحـمـەد عارف شاعیری دەرەبەگایەتییە. بگرە ئەحـمـەد عارف ئینسانێکە بەهرەی لە سـەقـافـەت و کـولتـووری گـەورەی ئـەنەدۆڵێ وەرگـوتـووە، ئەحـمـەد پیـاوێکی بوعدفرەوانی گەورەی ڕابردووە. پیاوە هـەرە سـەرپەڕەکەی چەرخی بیستـەمە، مۆدێرنترین و نـوێباوترین شاعیری چەرخی بیستەمە. یانی جۆرە ئینسانێکی تازەبابەتە.

ئەحمەد عارف لە جۆری ئینسانێکی تازەبابەتە. لە جۆری هـەرە تازەبابەتی ئینسـانی شـەڕ و هەرای سـۆسـیـالیـسـتـە. یەکـێکە لە شـاعـیـرە هەرە ڕاستەقینەچیایەتی و هـەرە کەڵەکانی چەرخـەکەمان. پیرسوڵتانیش تیپی هـەرە ئایدیالی چەرخی خـۆیەتی. دادالْ ئـۆغـڵوویش، یۆنس عـەمـرەیش، قـەرەجـە ئۆغـلانیش، نازم حـیکمـەتیش. سـەقـافـەت و کـولتـوور بەش بەشکردن و پچڕپچڕکردنی، بەپێی چین دابەشکردنی هەڵەیەکی گەورەیە، زۆر هـەڵەیە.

* باشە ئەگەر وا بڵێین: بڵێین «پرۆلیتاریا لە سەردەمی خۆیدا خاوەنی هـەرە ڕاسـتـەقـانی. هـەرە دوایـنی سـەرتـۆپی سـەقـافـەت و کـولتـووری مرۆڤایەتییە» چ دەڵێی؟

– زۆر ڕاسـتـە «لێنین»یش گـوتوویە هـەر وای لێ دێتـەوە. قسـەکـەی «لێنین» وەک ئەم قسەیەی تۆیە، دەق وەک تۆی گوتووە.

* چاکە کۆمەڵگەکان لە پێشـەوەچوونیاندا، لەم گۆڕانە چینایەتییەدا، لەم گەشـەکردنـە چینایەتییـەدا. هـەر تیپـە کۆمـەڵگەیـەک، تیپـە مرۆی

خۆی دیاری ناکا، شەقڵ و مۆرەی خۆی پێوە نانێ؟ واتا، هونەرمەند، کە لەم سەقافەت و کولتوورانەوە بەڕێ دەکەوێ، چۆن چۆنی خۆی دەکا بە خاوەن گۆڕانێکی لە مرۆدا دێتە گۆڕێ؟

– ئەمە سەرەنجامی لە دنیای خۆ بیانیبوونە و ناچارییە، واتا ئاکامی لە ناچاری نامۆکەوتنە. لە سەرلەبەری سەردەمی ئەو هەموو پەڕینەوە و ڕاگوێزانانەدا هونەرمەندی گەورە گەورە پەیدا دەبن.

* یانی مرۆیش دەگۆڕێ؟

– دیارە دەگۆڕێ. کە دەوربەر و بارودۆخ گۆڕا مرۆیش دەگۆڕێ.

* زۆر بەجێیە. چاکە مرۆ کە هەمیشە لە گۆڕاندایە و دەگۆڕێ، ئەوانەی سێرڤانتس و شکسپیر گوتوویانە، بەجێیان دەزانن.

– چۆن؟

* مرۆ ئەمڕۆ زۆر گۆڕاوە؟

– لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە؟

* لە زۆر ڕووەوە. دەڵێم، لایەنی وا هەن لە مرۆدا ناگۆڕێن. مرۆ زۆر خێرا گۆڕابا، ئەمڕۆکە، نووسینی نووسەرەکانی سەردەمانی ڕابردوومان نەدەخوێندەوە.

– مادامێکی مرۆ فیزیاوییانە ناگۆڕێ، ئەو نووسەرانەیش کۆن نابن. سایکۆلۆجییەتی مرۆ، بەدرێژاییی چەرخ و چاخان بێ وچانییەک دەنوێنێ. شادی و خۆشییەک، ئێش و ئازارێکی لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە کەوتبێتەوە، ئێمە تا ئەوڕۆکەش لە دڵ و هەناوماندا دەیانژێنین.

شا ئۆدییوس تا ڕۆژی ئەوڕۆکەیش دەژین، هەروەکە خۆ چۆن بوو، دەق ئاوهای دەژێنین، کوڵ و کەسەرەکەی ئاخیلۆس تا ئەوڕۆکەیش لە دڵ و دەروونماندا دەژین. ئەو ئازاری شا پریاموس لە داواکردنەوەی لاشەی

کوڕەکەیدا پێ دەکرد، ئێمەیش هەستی پێ دەکەین ئەمڕۆ، کێ هەستی پێ ناکا؟ ئەو ئازارە گەورەیەی جگەرگۆشان. پێم وایە، تا بنیادەم لەدایک ببێ، تا بنیادەم زگوزا بکا، تا بنیادەم داک و باوی هەبێ ئەم ئازارە هەر دەژێین.

* با هەمان دەرد و ئازار لە دایک و باوکی دەنیز و یوسف و حوسەین و هەرچی ڕۆڵەی کوژراوی تر هەن، لە خۆیان بپرسین، بزانین، ئەوان چ دەڵێن؟

– دەق وەک یەکن. ئەگەر عەلی ئەلوێردی کوشتنی دەنیزی بە ئازاردان پەسند کردبا، هەی بە گوریی ئاخیلۆس بێ باوکی دەنیزیش دەق وەک شا پریاموسی ئیلیادە بە هەمان شێوە پاڕانەوەی باوکانە لاشەی کوڕەکەی لەم سەردەمەدا بە هەمان شێوە، لە عەلی ئەلوێردی داوا دەکرد، بەڵام عەلی ئەلوێردی وەک ئاخیلۆس وەجاخ زادە نەبوو، لاشەی دەنیزی نەدایەوە بە باوکی، دەنا ئەویش دەبوو بە داستانێکی تری ئەم چەرخەمانە. نێرەیەکی بێ ئێش و ئازاری ئادەمزاد هاتە گۆڕێ بەڵام زۆریش نەگۆڕا. ئاخیلۆس دەیتوانی سەری پریامۆسیش ببڕێ و لە تەنیشت سەری کوڕەکەیەوەی دانێ، بەڵام نەخێر ئەو وەجاخ زادە بوو. هەرچی عەلی ئەلوێردییە وەجاخ زادە نییە، ئەمە دەزانین.

* دەچمە نێو باسێکی ترەوە. لە ڕۆمانەکانتدا سەرەتای (مەتەڵ) زۆر پێ دادەگرێ. لە مەسەلەی مەتەڵدا، وەک بزانم، خۆ تێگەیاندنی بەتامت هەن تەنانەت تۆ دۆنکیشۆت وا وەسف دەکەی، کە چیرۆکەکانی وەک مەتەڵ بەسەر زاری خەڵکەوە دەگەڕێن.

– گێڕانەوە هەر ئەو گێڕانەوەیە، بۆیە وا دەڵێم.

* ئەوجا (حیکایەتخوان)یشت پێ دەڵێن. نەک پەسەندانت، بگرە بۆ شکاندنت وات پێ دەڵێن.

– دەزانم، ئەوانەی داستان چاک دەزانن، ئەوانەی شێوە گێڕانەوەی

سەرزاری خەڵک چاک شارەزا و پسپۆڕن، ئەوانی داو و دەستووری دەماودەم چا دەزانن، کاتێکی (دۆنکیشۆت) دەخوێننەوە و زۆر بە سانایی دەزانن ئەم کارە لە دەفتەردا نووسرانی داو و دەستووری دەماودەمە.

* دەق وەک دەدە قۆرقوت.

– دەق گێڕانەوەکەی (دۆنکیشۆت) وەک گێڕانەوەکەی دەدە قۆرقوت وایە. جارێکیان لە پسپۆڕێکی ئیسپانیۆلیم پرسی، گوتی «بەڵێ زارگۆتنی نێو خەڵک ئەوەیە وا لە دۆنکیشۆتدایە». دیارە پێشتر، خەڵکی بڕێ مەتەڵ و چیرۆکی شۆڕەسواریشی لەنێو خۆدا دەگێڕایەوە. نەقڵ و سەرگوڕۆشتەکانی سێرڤانتسیش زۆریان بەوانەوە بەندن: بەو مەتەڵە کۆنانەوە زۆر بەندن. هەر بەرەی مرۆیی بگری، ئیپۆپەی خۆی لەگەڵ خۆدا هێناوە. تۆلستۆی چۆنی مەتەڵان هەڵگوێزتوون شکسپیر، گۆتێ، چۆنیان لە ئەفسانەی کۆنڕا هەڵگوێزتووە سێرڤانتیش لە ئەدەبیاتی دەماودەمی پێشەخۆوە بەرێ کەوتووە. لە پاش دادڵ ئۆغلوو، دەنۆڕی سەدان دادڵ ئۆغلوو هاتوونە گۆڕێ لە چقورئۆوا. ڕەگ و ڕیشەی چیرۆک و مەتەڵ، هەروا دەکەی، لە هیندستان، لە چین دەبینییەوە. دۆنکیشۆت یەکەم نموونەی ڕۆمانە لە ڕۆژاوا. دەنۆڕییە تەکنیکی، وا تێ دەگەی حیکایەت و مەتەڵن بووبن بە بەستە و سترانی سەرزاری خەڵک. هەرچی ڕۆمانی خۆمانە خێوی داو و دەستووری دوو هەزار ساڵەیە. هۆمیرۆس لەسەر ئەم خاکە ژیا. داستانی کوێرئۆغلوو بەلای منەوە، داستانێکی هاوچەرخی بێ خەوشە. تەنانەت لە ئیلیادەدا دەتوانین تووشی خۆڕوویی و تایبەتێتیی ڕۆمانی سایکۆلۆجیی هاوچەرخیش بێین. بەشی بەخۆم، کە (حیکایەتخوان)م پێ دەڵێن، کۆڵێ شانازیم بەخۆدا دێتەوە. ئەوان بۆ شکاندنم وەم پێ دەڵێن، بەڵام بوون بە حیکایەتخوان شتێکە جێی شانازییە. دەبا بیر لەوە بکەینەوە، بزانین مەتەڵێ چۆن لەدایک دەبێ؟ بلا بیر لە مەتەڵێ بکەینەوە. هەزار ساڵ، دە هەزار ساڵ، یان سێ هەزار ساڵ لە ئەنەدۆڵ لەدایک بووبێ. ئەم مەتەڵە دەگێڕدرێتەوە، لە سەدان کۆڕ و کۆمەڵاندا،

له هەزار گوند و دێدا. خۆ مەتەڵ و چیرۆک وە نەبێ هەر مەتەڵبێژەکە، تەنیا هەر خۆی دای هێنێ، گوێدێریش مەتەڵ دادێنێ، ئەویش بەشی خۆی دەگووڕێنی. مەتەڵ و چیرۆک دەق وەکو ئەو چەگل و چەوانە وان، چل هەزار ساڵ لە بن ئاودا مابنەوە، شۆرابنەوە، لێک و لووس بووبن، مشتوماڵ بووبن، زاخاو و جەلا و ئارایشت داربن. لە ئاکامی ڕەنجی ئەم حەمکە ئینسانە، لە ئەنجامی ئەم هەموو ئارەقڕشتنە مەتەڵ و چیرۆک دێنە گۆڕێ. بۆ بەنوپلەی بێ قوسووری گەیشتنی، کارێکی هەروا سانا نییە. مەتەڵۆکەیێ میلیۆنان خەڵکی تێ ورووکاوە و دایان هێناوە. بەو جوانی و زیوایییە گەیشتنە، پەی بەو سادەگییە بردنە لە کێشی مندا نییە. من حیکایەت و چیرۆک و داستانبێژێکی کەم نەفسم، بەو نۆ پلە گەیشتنە لە توان بەدەرە. ئەوانی بۆ شکاندنی من وام پێ دەڵێن لە گەمژەییی خۆیان وەم پێ دەڵێن. وێڕای ئەوەش ئەگەر نووسینەکانم نەختۆکەیەک لە مەتەڵان بچن زۆرم شانازی بەخۆیە و بە زیاد بێ، پانی ئەگەر بەو سادەیی و ڕەوانییە نەگەیشتبم، ئەوەی من بۆ ئەدەبیاتی تورکم کردووە دەبێ بە دۆستایەتییەکی زۆر سەرسامکەر... ئەمە بە گەشەکردنێ دەزانم بۆ ئەدەبیاتی تورک. واتا، ئەگەر نەختۆکەیێ لە مەتەڵ نزیککەوتنەوەم لێ وەشابێتەوە. بەو سادەیی و ڕەوانی و بێ خەوشییە گەیشتنە، قەت ناکرێ و ناشێ بۆ ئینسانێکی وەک مەمانان، بۆ تازە لە ئەدەبیات هەڵچوویەکی وەک مەمانان، بۆ زەلامێ تازە دەستی دابێتە قەڵەم و لە ئەدەبیات نووسیندا بگاتە جوانیی مەتەڵان نووسینەکانی، بەو بەهرەیە گەیشتن هاسان نییە. من ئەوەم لەبەر گران نییە نووسینەکانم وەک مەتەڵ دەچوێن (کە زۆرم پێ ناخۆشە) خۆزی لەبەر ئەوە لەپێش چاوی خەڵکیان ڕەش کردبام، کە نووسینەکانم لە مەتەڵ دەچوێن، نەخێر، سەبارەت بە شتی تر ئەو شەکرانە دەشکێن. هەر بۆیەش زۆر شانازی ناکەم. بە نموونە: (ئەفسانەی چیای ئاگری) بەنموونە: (کاریتە) بەنموونە: (زەویی ئاسن و ئاسمان مس)، (گیای نەمران) بەنموونە (ئەفسانەی هەزار کەڵەگایان)م گوتووە، لەبەرئەوەی وشەی (ئەفسانەم)م بەگەڵ خستوون لێیان کردم بە هەرا:

«ئەها دزمان گرت، دیتمانەوە کوڕینە، هیزە بگرن، ئەمەیە، کوتومت ئەمەیە مەتەڵ، دەی بەقوربانە، بەسەر و گوێلاکی وەربن».

کابرا مەتەڵ دەنووسێ. شتی لە وڵات بەدەر دەنووسی، «ئیدی لێم بە هەنجەت کەوتن، لە منیان کەوێ، ئەما بە هەنجەت کەوتن». بەڵام خۆ (کاریتە) ڕۆمانێکی مەجازیی ڕەمزییە. نەک هەر ئەوەندە ڕوویشی داوە. قەوماوە. ئەم ڕۆمانە بە شایەتیی خۆم قەوماوە. ڕەمزێتیی ئەم ڕۆمانە پێنج قامک بەرەژوور، پێنج قامک بەرەخوار ژیانی مرۆڤە. ژیانی مرۆڤایەتییە. ئینسان پێش سەدان ساڵ دایکی خۆی، بار و بنەی خۆی بەم جۆرە ڕاگوێزتووە. هەر لەبەر هەندێکەشم نێوناوە (کاریتە). کاریتە و کۆڵەکەی ژیان برێتییە لە خۆڕاگری و بەرگەگریی مرۆڤ. دوێکە، نووسەرێ لە نۆرویجەوە هاتبوو، ویستی گفتوگۆیەکم دەگەڵ ساز دا، پرسی: «مەبەستت چییە لە هەموو ڕۆمانەکانتدا؟» دەسبەجێ گوتم، بە تەنیا وشەیەک: «خۆڕاگری». «کاریتە» خۆڕاگریی مرۆڤایەتییە. کۆڵنەدانی مرۆڤایەتییە، سەرسەختیی مرۆڤایەتییە، هێز و گوڕ و توانی مرۆیە، مرۆی نەبەز، مرۆی بە هیچ شتێ کەوی نەبوو، مێ نەبوو، نەخەساو، بۆڕنەخۆر. خۆڕاگریی ئەو ئینسانەیە کە مرۆڤایەتیی لەو هەموو پەتا و تاعوونە بە سامانە، لەو هەموو تێداچوونانە لەو هەموو هەژاری و دەستکورتی و ڕەنجەڕۆییانە، لەو هەموو قاتوقڕ و برسێتی و توینێتییانە دەرباز کردووە و تا ئێرەی هێناوە...». ئەوەی من واقم لێ وڕماوە و دەمەوێ بە داستانی بنووسم ئەوەیە «کاریتە، ڕەمزی ئەوە. کاتێ تنۆکێ ئاو بەر ئەو خۆڕاگرییە دەکەوێ، کاتێ مرۆ تەنگەتاو دەبێ، یانی کە «زەوی دەبێ بە ئاسن و ئاسمان دەبێ بە مس» کە باران لە ئاسمان نەباری و گیا لەسەر زەوی نەڕوا، ئینسان چ دەکا؟ مرۆ خۆی بە خەونێکەوە هەڵدەواسی. واتا: ئەمە ڕۆمانی لە ناچارییان، لە ناهومێدییان، پەنا وەبەر دنیای ئەفسانە دنیای خەون و خەیاڵبردنی کۆمەڵێکە «زەویی لێ بووبێ بە ئاسن و ئاسمانی لێ بووبێ بە مس» وا شپرزە و تەنگەتاو بووبێ، هیچ دەرەتانێ، هیچ دەروویەکی بۆ نەمابێتەوە. هەرچی «گیای نەمران»ە... (بەرگی سێیەمی سێینەی: کاریتە،

زەویی ئاسن و ئاسمان مس، گیای نەمران. ئەمیش ڕۆمانی تاکە مرۆیەکە، دنیای بەم پان و بەرینییە لێ وێک دێتەوە و «زەوی دەبێ بە ئاسن و ئاسمان دەبێ بە مس» یانی مەمیدیک (پاڵەوانی ڕۆمانەکە – وەرگێڕ.) لە (گیای نەمران)دا دنیای خەون و خەیاڵی بۆ خۆی ڕۆ دەنێ، پەنای پێ دەبا. ئەمە ڕۆمانێکی ڕەمزییە، گوتم، ئەمە ئەوەیە: مرۆ کە دەکەوێتە ئاستەنگ و بەجارێ ناهومێدی ڕووی تێ کردووە، تەنانەت لە سەردەمی هەرە قات و قڕ و نەهامەتیشدا، لەم چەرخەی ئێستاشماندا، دیکتاتۆری دروست کردووە، کەڵەگای دروست کردووە. لە پاش شەڕی یەکەمی جیهان نەتەوەی ئەڵمان ناچار هیتلەری دروست کردووە، یەکەتیی سۆڤیەت ناچار ستالینی دروست کردووە. چار ناچارە. هیچ چارەیێ نییە. ئەو خەڵکە بڵێ و نەڵێ پەنا وەبەر دیکتاتۆرێ هەر دەبەن. ئینسان بە درێژاییی مێژووی هەر دای تاشیوە و پەنای وەبەر بردووە. ئەمە هەڵاتنێکە من لە سێینەی (کاریتە، زەویی ئاسن و ئاسمان مس، گیای نەمران)دا لە شتێ گەڕاوم لە حەقیقەتی ئینساندا هەیە. ئەویش ئەوەیە: کە ئینسان تا چ ئەندازەیەک بە خەون و خەیاڵ دەژی، تا چ ڕادەیێ دەتوانێ لەو ناو ڕاستینە مادییانەیدا تێیاندا دەژی، دەربەرێ. ئێستا لەم ئانانەدا دەژین. تا چ ئەندازەیەک لە خەون و خەیاڵداین لەم ترووکە ژیانەی ئێستاماندا؟ تا چ ڕادەیەک لە نێو ڕاستیداین؟ کەوشەن و سنووری ئەمە بەڵەد نین. ئەمن لە ڕۆمانەکانمدا بەم سەرحەد و سنوور تێ هەڵکێشییەوە، بەم بێ سنوورییەوە خەریکم، ئەم کارە دەکەم. لە (ئەفسانەی چیای ئاگری)دا، لە (ئەفسانەی هەزار کەڵەگایاندا)، تەنانەت لە جیاتی (ئاغاکانی ئاقچەساز)یشدا ویستم ناوی گشتیی ئەو ڕۆمانەیش هەر (ئەفسانەی ئاقچەساز) بنووسم. من لە هەموو ڕۆمانەکانمدا ویستم تێ هەڵکێشی سەرحەد و سنوور، بێ سنووریی ژیانی خەون و خەیاڵ، ئەفسانە، مەتەڵ، واتا ئەو دنیا دووەمەی مرۆ بۆ خۆی دەیهێنێتە گۆڕێ پیشان بدەم. (ئەفسانە)م هەر لەبەر هەندێکە بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی بتوانم قسەکانم پتر زەق و زۆپ کەم، بۆ ئەوەی بتوانم چاتر دەرد و ئێش و ئازارەکەم دەربڕم. چونکە

دۆزینەوەی سنووری خەون و ڕاستی، سنووری ڕاستی و ئەو خەون و خەیاڵەی مرۆ دروستی دەکا، بەو نیشانە و کێڵەڕێ و ڕەمزانەوەی خۆی دایاندەنێ، لە نێو ئەو ڕاستییەیدا، تێدا دەژی زۆر هەستەمە و دژوارە. (لێرەدا سێ شت بەبیردا دێ: خەون و خەیاڵ، ڕاستی، واقیع – وەرگێڕ) ئەمە بە ڕۆمان لە مرۆ گەیاندن کارێکی زۆر سەخت و تووشە. گوتم هەر هیچ نەبێ، بەناوەکانیاندا، با سەرەداوێ بەدەست خوێنەرەوە بدەم، تێی بگەن. بەرەی ئینسان لە خەونیشدا و لە ڕاستیشدا تێ هەڵکێش دەژی. گوتم با ببێ بە سەرەداوێ بۆیە (ئەفسانە)م لە کتێبەکانمدا، بەکار هێنا. تەبیعی لەبەرئەوەی کە ئەدەبیاتی ئێمە هەرگیز لە گاڵتەبەدەر پێشوازیی لێ ناکرێ، لێکۆڵینەوەکانمان، هاوڕێیانمان، ئەدەبیاتشناسەکانمان، ڕۆماننووس و هونەرمەندەکانمان لە گاڵتەبەدەر پێشوازیی لێ ناکەن، لەبەرئەوەی زۆر خەمخۆرانە و مشوورخۆرانە ئاوڕ لە ڕێبازەکانیان نادەنەوە، دەڵێن «کابرا چیرۆکبێژە» و زۆر بە هاسانی پیاو بەدناو و بۆسۆ دەکەن، یا بەجارێ پەڕ و باڵی پێوە ناهێڵن. بە جیدییەت و خەمخۆرییەوە لە هونەرمەندێ ناکۆڵنەوە. لە ناو ئێمەدا هێشتا لێکۆڵینەوە و تەرزە بیرکردنەوەی وا گەشەی نەکردووە. تەنانەت تا ئێستا، لە چەند کەسێ بترازێ، لێکۆڵەوەی ڕاست و دروستمان نییە. لێکۆڵەوەی دروستی ئەدەبیاتمان نییە. ئەو لێکۆڵەوانەی داکۆکی لە بیر و بڕوای خۆیان بکەن، ئەوانەی کەسایەتیی ئەدەبیی خۆیان هەبێ، زۆر کەمن. بە نموونە: سەعید فایق جیهانبینییەک، لە جیهان گەیشتنێکی هەیە، بەڵام لێکۆڵەوەیەکی جیهانبین، بیچم لێکۆڵەوەیەکی لە جیهان گەیشتوومان نییە. ئەوی بەرەو ئەم ڕووکارە دەڕۆیشت، فەتحی ناجی بوو. ئەویش لەبەر نالەباریی بارودۆخ هەلومەرجی زۆر کارکردنی کەم بۆ ڕەخسا. بەڕاستی من تا ئێستا تووشی لێکۆڵەوەیەکی چاک نەهاتووم. ویستم لەمەڕ (ئاغایەکانی ئاقچەساز)یشەوە هێندێ شت بڵێم. بەنموونە: تا هەنووکە ئابووریشناسێ نەهات، بڵێ، «ئەم نووسەرە ڕۆمانی ئەو ماوەیەی نووسیوە کە دەرەبەگایەتی لە چقورئۆوا تەواو گەشەی کردبوو و پێی هاوێشتبووە سەرمایەدارییەوە، نەیگوت، «ئەمە ڕاستە، یا

هەڵەیە». من لەو دوو بەرگــەی (تاوانی بازاڕی ئاسنگەران) و (یۆسفی یۆسفۆکە)دا برێ و بیر و بڕوای وام گوتووە ، لە وڵاتی خۆشمان و تەنانەت لە سەرانسەری دنیایەش، زۆر کەم گوتراون. گوتوومە، «کاتێکی چینەکان دەگۆڕێن، بتەوێ و نەتەوێ سروشتێش لەگەڵ خۆیاندا دەگۆڕن.» من ئەمەم بە چاوی خۆم دیت. شایەتی دەدەم. سروشتی دەرەبەگایەتی ئاوها بوو، کە چووە نێو سەرمایەدارییەوە، سروشت ئەم بار و شێوەیەی وەرگرت کە دەیبینی. ئاوهای بەسەرهات کە دەیبینی.

* لە «ئاغاکانی ئاقچەساز»دا؟

– بەڵێ. لەبەر ئەوە دەبینی دواییهاتنی دەرەبەگایاتی و هیشکبوونی ئاقچەساز لە یەک ئاندا ڕێک دێن. لە سەرێکەوە، کاتێکی ئامێری زل و زەبەلاح کەفچەی خۆیان دادەگرن و دوا خاک و خۆڵی نێوان ئاودڕگەکەیش ڕادەماڵێ، دەروێش بەگیش لەو دەمەدا بە ناچاری یوسفی پیاوی خۆی کە ڕەمزی دەرەبەگایەتییە لە ڕۆمانەکەدا، دەکوژێ. لاشەی کوڕە لەگەڵ ئاوەکەدا، لەگەڵ ئاوە (ئیرکمیش)ەکەدا، (ئیرکمیش) واتا بەسەدان ساڵ لەوێدا (چاوەنۆڕ کردووە) دەڕوا و حیکایەتەکەیشی شان بەشان لەگەڵیدا دەڕوا.

* ئەمەیە مانای «ئیرکمیش»؟

– ئەم وشەیە بە واتای زۆر چاوەڕێکردوو هاتووە. ئەمەیش تا ئێستا کەس بەبیریدا نەهات. پێم وایە ئەوانەی دەیاننووسم ئەگەر ڕاست بن لە ژیانی مرۆدا زۆر بە بایەخن: گۆڕانی سروشت لەگەڵ گۆڕانی چینەکاندا، ئەمە بۆ یەکەم جار، موبەججەل کرای، بە ڕادیۆ باسی کرد. زانایانە باسی کرد. ئەوی ئەمەی لە من گەیاند هەر ئەو بوو، من بۆ خۆم لەوەوە لەم مەسەلەیە گەیشتم. بەڵام موبەججەل کرای لێکۆڵەوەیێ نییە، پرۆفیسۆرێکی سۆسیۆلۆجییە، بە موبەججەل کرایم گوت «موبەججەل» گوتم، دۆستێکی کۆنمە، «من بۆ خۆم دەمویست ئەمە ئاوها بکەم، بەڕاستی زۆرم کەیف بەو جۆرە چارەسەرکردنە

هاتەوە، بەڵام، گوتم، «باشە ڕۆمـاننووسـە گـەورەكـانی سـەدەی نۆزدەم» كـە ڕۆماننووسـی ڕاستەقـانی ئەوانن، «بۆچی» گوتم، «بۆچی پێوەندیی ئەم چینە و سروشتیان پێش من نەنووسیٚ؟» وەڵامەكەی موبەججەل ئەمە بوو: گوتی «ئەم ڕووداوە لە ئەوروپا، یانی لە دەرەبەگایەتییەوە پەڕینەوە بۆ بەری سەرمایەداری وچانێكی دوور و درێژە، » گوتی. «ڕۆمانـنووسەكان لەم وچانە دوور و درێژەدا گۆڕانـی سـروشت و كـۆمـەڵگەیان شـان بەشـانی یەک پێكەوە نـەدیت. هـەرچی تۆی لە پڕێكدا تراكتـۆر هاتە نێو ژیانتەوە لـە سـاڵی ١٩٤٦دا، لە پڕ. دەوەن و قەرەقـاچ نەمان، لە ناكاو ژاژەڵان و قـەمیشـەڵان نەمان، ئاو و زەلكاو و زۆنگ و زەمـەند و قـۆپی نەمـان، لە ناكـاو دار و درەخت نـەمـان، لـە پڕ لێـڕ و جـەنگەڵ نەمان. پەپوولە، باز، قوشقەڵە، هەوێردە، هەڵۆ، خەرتەل، سەرگەڕ هەموو ڕایان دا، سـروشت نەمـا، بەجـاریٚ تەواو بوو بڕایەوە. سـروشـتـێكی نرت و نویٚ..» ئاوهـای گـوت. وە ئەمـانە سـەرانسـەریان كـێـڵـدران لە چقـورئۆوا. لێـڕ و جەنگەڵیش كێڵدران. هەرچییەكی تۆ دەبینی دەكێڵدریٚ لە چقۆرئۆوا، چونكە دنیای سەرمایەداری دەیەویٚ «لەسـەر خاكە بە پیتەكانی» وەک چقورئۆوا. لە هـەر زەڕە خـاكێكی سـوود وەرگریٚ. سروشت مـاوە، مردووە، ئەو سـەروبەندی خۆی دەزانیٚ، ئاننده دەزانی یەكسەر، چەوساندنەوەی خۆی دەخـاتە كار. هـەر دەڵێی مووی بۆ هـەڵدەكڕوزریٚ، لە حەوت ڕۆژەڕێگەوە بۆنی سوودی خۆی دەكا. دنیـای سـەرمـایەداری مرۆ چۆن دەچـەوسێنێتـەوە، سـروشـتیش بـەو ئاوایە دەچەوسـێنێتـەوە. بە نموونە، هـەروەک كـەس بیـری لـەم ڕۆمـانانە نـەكـردەوە هەروەهایش بیریان لـەم ڕاستییـەیش نـەكردەوە. تەنیـا هـەر گـوتیـان: «ئەمـانە ڕۆمـاننووسـی گوندین.» سـەبارەت بەوە كە باسـی گوندی دەكـەن ڕۆمـاننووسـی خـــراپن، گـــوتیـــان و لە كـــارەكـــە وەک بـەرزەكـی بـانان بـۆی دەرچوون. لەو سـەردەمـەدا، لە دەرەبەگایـەتییـەوە ڕاگـوێزان بۆ سـەرمـایەداری، ڕەسـەنایەتیی مرۆیش لەگەڵ سروشتدا بەرچاو دەكەویٚ، ئەمیش ڕوو لە داشۆران و كەڵک لیٚ بڕان دەكـا. ئینسـانـەكـان لەم ڕاگـوێزانەدا یا بـەیەكـجـارەكی دەپـەڕنەوە بەری سـەرمـایەداری، یا، ئەگـەر بیانەویٚ لە شـوێنـی خـۆیان بمێننەوە، وەک شـەخس

ڕەسەنایەتییەکەیان دەدۆڕێنن، دادەشۆڕێن، لە ئینسانەتی دەکەون، گەڕ دەبن، نەخۆش دەکەون، نامێنن، دەبڕێنەوە. بنۆڕییە دەروێش بەگ و مستەفا بەگی ئاق یۆللۆ، دەبینی ئەمانە مرۆگەلێکن بەدوای تۆڵەی خوێنی دوو سەد ساڵەدا دەگەڕێن، کێشەی بەدوا تۆڵە گەڕانەکەدا لە پڕ دەبێ بە یاریی منداڵان. یەکیان بە خەیاڵ دەروێش بەگ دەکوژێ، ئەوی تریان هەست بە دۆستایەتییەکی زۆر سەیر دەکا بەرانبەر بە مستەفا بەگ ، سەبەب؟ چونکە، دنیایەکی نرت و نوێ هاتووە، جغزی بە چواردەوردا کێشاون و لە ناوەندیدا ماونەوە، یانی لە نێو چەمبەریی ئاگردا هەرکان بە تەنێ ماونەوە. وە لە دوا دواییدا کە هۆردووکیان دەبڕێنەوە، مستەفا بەگ ئێگجار بەسام چاوەڕێی دەروێش بەگ دەکا. کە دەمرێ، ئەوی تریش بێ کات بەفیرۆدان یەکسەر، بۆ دیتنی دەچێ. هەردووکیشیان لەسەر نەمان و بڕانەوەن، ڕەفتە نین. وە هەردووکیان بە بتوونی لە ناوجەرگەی نەماندان، وە تادێ هێندەی تر لێک دەئاڵێن. یەکیان کوڕەکەیان سووکایەتیی پێ دەکا، کۆمەڵگە سووکایەتیی پێ دەکا، دایکی، ژنەکەی سووکایەتیی پێ دەکەن. ئیدی لە چەرخ و چاخی ئەو سەردەمی بەدەرن، بە تاکی تەنیا دەمێننەوە، ئەمە دەبێ بە کارەساتێکی بەسام. دەبێ بە کارەساتێ وەک کارەساتە بە سامەکەی گریکان. لەناوچوونی چینێ مردنیشی، هێندەی مردنی شەخسێ دەبێ بە کارەسات، بە قەدەر مردنەکەی دەبێ بە ڕووداوێکی تراجیدی. ئاکامێکی زەق و زۆپ. مردنی چینێکیش ڕووداوێکی تراجیدییە. کارەساتێکی بەسامە. با شتێکی سەرنجکێشتان لەمەڕ ئەم ڕۆمانە عەرز کەم. لاوێ بە «سەرسامیی دەرەبەگایەتی»ی وەسپ کردم. جا بەڕاستی ئەو دەرەبەگایەتییەی تورکمانان، بێ کەموکووڕی و بێ قووسوور بوو. خێوی برێ لەو قیەم و بەهایانە بوو کە مرۆڤایەتی پشتاوپشت هێناونی. خێوی بەهای دۆستایەتی، بەهای جوانی، بەهای خۆشەویستی، بەهای درۆنەکردن، بەهای سەرڕاستی و ڕاستگۆیی، بەهای بەزەیی، بەهای بزە و پێکەنین، بەهای لە ساغییەکی بە سامی مرۆبوون. خێوی تۆرەی خۆیان بوون. ئەمنیش هەڵبەتە، سەرسامی ئەم پێوەندییە پێکەڵە و موکەمەلانەی

ئینسـان بووم. به نموونـه: بابەتی (سـوڵتـان ئاغـا)یەک لـەم ڕۆمـانـەدا هـەیە. سـوڵتـان ئاغـا پەنای وەبەر قـۆناغێ هێناوە، سـەرلـەبەری دنیابـێن، نایدەنەوە، کەچی لە دواییی ڕۆمـانـەکەدا، لە تەواوبوونی (یۆسفی یۆسفـۆکە)دا، دەدرێتەوە بە داواکـەرانی، داواکەرانیش وەری دەگرنەوە، لەتوپەتی دەکـەن، تووڕی داوێنە نێـو کـەلاکی هەڵۆیان. چونکە هەڵۆیش نـەمـابوون، ئەوانیش دەوروبـەریان بەسـەر چووبوو. هەڵۆیش یەک لەو سـەرەتایانەی سروشـتـەکـە لە نێو برابوون لەوێندەر. لاشـەی داوونـەریتی هـەرە گـەورەی دەرەبەگایەتیش لەسـەر سروشت فڕێ دەدەن، کابرای پەنابەر بەدەستەوە دەدەن. تەسلیمی دەکەنەوە ماڵە خۆی. ئیدی داو و دەسـتـوور و عـەنعـاتیش نـەمـان. هـەر من پەسنی ئەم قـیـەم و بەها ئینسـانـیـیـانە بەتەنێ نادەم، خـۆ مـارکسـیش ئەمـە دەڵێ. ئەم تێگـەیشـتن و مـەفـهوومـەی من تێگەیشـتن و مـەفـهوومی مـارکسـە. لە فیـوداليزم، لە ئینسـانی سـەردەمی دەرەبەگـایەتی، لە قیـمـەت و بەهـای مـرۆڤـایەتـی دواوە.. مـارکس لە دەسـتنووسـەکـانی ١٨٤٤دا لەوە دواوە، ئینسـان چۆن بەدەسـتی سـەرمـایەداری لە ئینسـانەتی دەخـرێ و بەجـارێ تێک و پێک دەشکێندرێ. دەڵێ ئینسـانانی سـەردەمـانی پێـشـووتر لەگـەڵ قـیـەم و بەها ئینسـانـیـیـەکـانی خـۆیاندا زۆر ڕاسـتگۆتر و دڵسـۆزتر و پێوەندتر بوون. کـارێکی ئێـمـە دەیکـەین هـەر ئەوەیە، سەرلەنوێ لەگەڵ قیەم و بەهایەکی مرۆڤایەتیدا دەست لەمـلان و شـاد و شـوکر دەبنـەوە. ئەدی سـۆسـیـالیـزم ئەوە نیـیـە، مـرۆڤـایەتی بکـەینەوە بە خـاوەن ڕەسـەنایەتییەکی دێرینەی خۆی کە لە دەستیان چوواندووە..

* کاتێکی کۆمەڵگەیەکی بێ چین و چینایەتی دێتە گۆڕێ.

– بەڵێ، مـرۆڤایـەتی جارێکی تـر قیـەم و بەهـایەکی خـۆی بەسـەر دەگرێتـەوە، سـەرلـەنوێ دەبێتـەوە بە خـێوی ڕەسـەنایەتییـەکەی لـە ناهـەق لە باری بردراوە. ئەوەی گرینگە دەبێ پێش لە کلک و گوێکردن و ڕەسەنایەتی لەباربردن بگیرێ. یا لە نامۆکەوتن و بیـانی کەوتن بگیرێ. یانی یەک لەوانەی مرۆڤـایەتی ئێگجار زۆرتر بریندار کردووین لە دنیـا بیانی کەوتنە، مرۆڤایـەتی خۆی لەو دنیا پان و

بەرینەدا بەغەریب و نامۆ بزانێ، وەک بە تاقی تەنیا بژی، وەک هیچ فرێکی بەسەر هیچەوە نەبێ... ئەم ڕۆمانە ڕۆمانی جۆرە نامۆکەوتن و لە دنیای خۆبیانیکەوتنێکە. واتا، دەروێش بەگ و مستەفا بەگ جۆرە دۆن کیشۆتێکی چقۆرئۆوان. کارەسات (تراجیدیا)یەکی بەسامە. ئەمن بۆ خۆم ئەوە ژیام. حیکایەتی چقورئۆوا حیکایەتێکی ئێگجار بەسامە. کاتێکی بەرگی سێیەمی (ئاغاکانی ئاقچەساز) دەنووسم و دەیخوێننەوە، دەبینن.

* زۆربەی زۆری کتێبەکانت بە زمانە ڕۆژاواییەکانیش لە چاپ دراون، گوتت، لێکۆڵەوانی تورکیا، بەو جۆری خۆت بۆی چووی، لە ڕۆمانەکانیان نەکۆڵیویەوە، ڕاستە. بەڵام ڕۆژاوا بەو جۆرە تێی گەیشتون؟

– بەنموونە: لە ئیسویچرە (ئەفسانەی هەزار کەڵەگایان) دەوروبەری شێست – حەفتا بابەتی لەسەر نووسرا. لێکۆڵینەوەیی ئێگجار دوور و درێژن بڕوانە، دوا نووسین ئەمەیە:

نووسینی لێکۆڵەوەیەکی ئیسویچرەیی کە نێوی رووس هالدێنە یەک لەو نووسینانەیە کە خۆشم لێ هات. دەڵێ: «وێنەکێشانە زگماکەکانی یەشار وەک وێنەکێشانە زگماکەکانی ڤان کۆخ دەچن»، ئەمە لەمەڕ «ئەفسانەی هەزار کەڵەگایان»، دەڵێ. دەربارەی (گیای نەمران)یش پارەکە، نووسەرێکی تر پەیدا بوو، ئۆلوف لاگیر گرانس، شاعیری گەورەی ئیسویچرە بوو. سەردێری نووسینەکە ئەمە بوو: (هۆمیروس لە ئەنادۆڵ) لە ئیسوێچ تەنیا کەسێکی لەگەڵیدا ئاخاوتبێتم هەر ئەوە بوو. ئیدی لەگەڵ کەسێکی تردا قسەم نەکرد. چونکە لەوێ کارم دەکرد. پیاوەکە پێی گوتم: «ئەمن زۆرم لە ئەدەبیاتی دنیا کۆڵیوەتەوە تەنیا نووسەرێکی لەم دنیایە سورگون نەبووبێ ئێوەن، گوتی. وا هەست دەکەم لە نێو دەروونمدای، وا دەزانم هەمیشە لەگەڵ گەلەکەتدای و بستێکی لێ هەڵنابڕێی. سەرتۆپی نووسەران، خواروو ژوور، لەباری سورگونیدان. تاکە نووسەرێکی سورگون نەبووبێ تۆی» گوتی، زۆریش بەمە

شـادم، پێم وابـوو چاکم تێ گـەیشـتـووە. چونکە ئەمن وەک هۆشـیـارێ، وەک خـوێندەوارێ لەناو گـەلەکـەمـدا ژیاوم. هەشت سـاڵ لەناو (پـارتی کرێکارانی تورک)دا، لەنـاو وەنەوشـەی گـوندەکـەمـدا هەمـوو لاوێنیم لەگەڵ گـەلەکـەمـدا، بەسـەر چوو. هـەر بەڕاسـتی خـۆم هەرگـیـز بە سـورگـون نەزانی. هـەر لەم ڕۆژانەدا نـووسـینێ لـە (نیـویۆرک تـایمس)دا بـڵاو بووەتەوە. لـە جـۆزەردانـدا نووسـینێکی جۆن دۆمـیـسـیۆن، ئەندامی ئەکـادیمیـای فـەرەنسـا لە (فـیگارۆ)دا بڵاو بووەوە. بەڕاسـتی پیـاو هـەق بڵێ، چاک لە (زەویی ئاسن و ئاسـمـان مس) گـەیشـتـووە. یـانی لێکۆڵـەوانی هەندەران، بـە تایبـەت ئـەمـەریکاییـیـەکـان لە هەمـووان چاترم تـێ دەگـەن. لەم وتاری لە (نیـویۆرک تـایمس)دا بڵاو بووەتەوە. نووسـەرەکەی دەڵێ، «یەشـار کەمـال لە تۆلسـتۆی، لە تۆمـاس هاردی دەچوێنن، کـەچی هـەروەک خـۆیشی دەڵێ، پتـر لە فـۆلکنەر دەچێ، چونکە دەوروبەری ئۆکلاهامای فۆلکنەر کە تێیدا ژیاوە کوتومت چقورئۆوایەکەی یەشار کەماڵە.» ڕەنگە ڕاست بێ. ئـەمنیش ئـەگـەر بۆ خـۆم، لـەو چەرخـەدا نووسـەرێ هـەبێ هەست بە نزیکایەتییێ بکـەم، هەر فۆلکنەرە. پێم وایە لە سروشت گەیشـتنمان زۆر لێک دەچن. لێم بپرسن کێـهە نووسـەر لە نووسـەرانی ئەم چەرخـە پەسند دەکەی، دەڵێم فـۆلکنەر. ئەمە نزیکایەتیی ئاو و گڵە. گڕە و گەرمـا هـەر ئەو گڕە و گەرما، لۆکە هەر ئەو لۆکە..

* بەڵام بە هەمان شێوە دەربڕین نییە.

– تەبیعی، هەر ئەو شێوەیە نییە. وەناشبێ. چۆن دەبێ، ئەو لە بەندوباوێکی ترەوە هەڵکەوتووە ، من لە بەندوباوێکی ترەوە سـەرم هەڵداوە. ڕەگ و ڕیشـەی من ڕەگ و ڕیشـەیەکـە، بە داسـتـانەوە بەنـدە، هەرچی فـۆلکنەرە بـە شـیـعـری ئینگلیـزییـەوە، بە ڕۆمـانی جـێـمس جـۆیسـەوە بەندە. ڕەگ و ڕیشـەی ئەو ئینگلوسـاکسـۆنە. ئەو تـەرزی گێـڕانەوە و دەربڕینی ئەدەبیـاتی نووسـراوە و ئەدەبیـاتی دەمـاودەم تێک دەبەسـتێ، ئەمنیش تەرزی گێڕانـەوەی ئەدەبیـاتی دەمـاودەم و ئـەدەبیـاتی تۆمـارکـراو تێک دەبەسـتم. ئەوەهـێـیـە لێکەوە

نزیکایەتیمان. بەڵام لای ئەو تەرزی گێڕانەوەی ئەدەبیاتی نووسراو پتر پێ دادەگرێ. هەرچییەکی منم، تەرزی گێڕانەوەی ئەدەبیاتی دەماودەمم لە کن زێتر پێ دادەگرێ.

* یەشار کەمال من پێم وایە لە (ئاغاکانی ئاقچەساز)یشدا شێوازی دەربڕینی ئەدەبیاتی نووسراوت زێتر بەسەر قەڵەمدا زاڵە.

– لە تورکیا شتێکی لە گوێن (ئاغاکانی ئاقچەساز)ی من نییە لە ئەدەبیاتی نووسراوەدا. من بۆ خۆم، هەر خۆم تەرزی ئەدەبیاتێکی نووسراو لەمەدا دەئەزموونم. یانی لەو ڕۆمانە بوعد فراوانەدا تەرزە دەربڕینێکی نوێی وا دێنمە گۆڕێ دەشێ ببێ بە سەرەتایەک بۆ ئەدەبیاتەکەمان، ئەگەر بیپێکێ شتێکی ڕووکەش نەبێ چەشنی دەربڕینەکەی.

* گوتت، دە ئەزموونم.

– دە ئەزموونم.

* تازە لە ئیسوێچەوە گەڕاویتەوە. لام وایە پێنج مانگی لەوێ مایتەوە، وەنییە؟ لەوێ چیی وات نووسی؟

– بەڵێ یەکیان ڕۆمانێکی کورتە. ناوی (باڵندەکانیش ڕۆیشتن) ئەوی تریان ڕۆمانێکە هێشتا تەواوم نەکردووە. ٥٠٠–٦٠٠ڕووپەڕێ دەگرێتەوە. ڕۆمانێکی بیندرێژە. ناوی (دەریا کورا سەلیم)، سێیەمیان هێشتا ناوم لێ نەناوە، نیازم وایە لێرە پێوە بچم، تەواوی کەم.

* چاکە لەم ڕۆمانانەتدا بە تەمای درێژە بە ئەزموونی شێوازی ئەدەبیاتی تۆمارکراو بدەی؟

– خۆ وەنەبێ دەجور، سەد جۆرە شێوازی دەربڕین هەبن بۆ ڕۆمان نووسین. زۆر بە قنیاتە. ئێمە تازە دەستمان بەم کارە کردووە. تەنیا بنچەیێک تەنیا کەسێکی سوودم لێ وەرگرتبێ نازم حیکمەتە. لە شێوەی دەربڕیندا.

شێوە دەربڕینی سەرزارەکی نێوخەڵکیش. بەنموونە: (کۆشکی بلووری)[1]. جا هەرچەندێکم توانیبێ کەڵکی لێ وەرگرم. تەنانەت سوود لە کتێبی چاپی بەردیش زۆر وەردەگرم. وێڕای ئەوەیش هەڵبەتە شێوازە دارشتن و دەربڕینێکی خۆشم هەیە. بەنموونە، ئێمە زۆر لە ڕۆمانی ڕووس شارەزاین. چاکی دەزانین. وەرگێڕانی چاک چاک لە ئەدەبیاتی ڕووسەوە کراون. لەویشرا شێوازە دەربڕینێکم وەرگرتووە. قابیلە لە ستاندالەوە شێوازی دەربڕین وەرنەگرم؟ دەستم بە هەر ڕۆمانێ کردبێ لە پێشان ئەو دەخوێنمەوە. کتێبەکانی بوون بە کتێبی ژوورسەرم. هەڵبەتە سوودیان هەر لێ وەردەگرم، ئەی چۆن... خۆ هەر هیچ نەبێ ئەمانە شێوازی دەربڕین و دارشتن، دنیاکەم لە بۆ فراوان دەکەن، دەیانڕەنگێنن، جۆراوجۆریان دەکەن. بەش بەخۆم شێوازە دەربڕینێ لە دروستبووندایە، ماتەی داوە. ئەمەیش ڕەنگە، بە ئەنقەست نەیکەم. بەنموونە شێوازی دارشتنی هیچ ڕۆمانێکم وەک (لە بازاڕی ئاسنگەران) و (یۆسفی یۆسفۆکە) ناچێ. ئەمە سەڵت و قوڵت بە خوایشتی خۆت، بە خواستی نووسەر پێک نایێ. کەواتا، بابەتی نووسین ئەو شێوازە دەربڕین و دارشتنە دێنێ. حیکایەتێکی نێوخەڵکی دەماودەم مومکین نییە، وای دەرنابڕێ. سەروساختیان پێکەوە نییە. بەڵام بێگومان سوود لەو داو و دەستوورە گەورە وەرگرتنێ لە ڕەگ و ڕیشەمدا هەیە. حەز دەکەی بڕێ سەرەتای شێوازی دەربڕینی دەماودەمی نێو خەڵکت بۆ بژمێرم لەوانی پەڕیونەتە نێو ئەدەبیاتی سەر کاغەز. یانی دەتوانم هەر لە (ئاغاکانی ئاقچەساز)دا لە گوێن ڕەگ و ڕیشەی خۆم، لە گوێن شێوازە دەربڕینی خۆم گەلێکت شت بۆ بیینمەوە. زۆر زۆریش. دوو ڕووپەڕە ڕست لەو کتێبەکەمدا هەن. ئەدەبیاتی دەماودەمی نێو خەڵک ئەمەی تێدا نییە. بەڵام ئەگەر

١- کۆشکی بلووری: حیکایەتێکی دەماودەمی نێو خەڵکە. وەختی خۆی سەباحەدین عەلی نووسیویەتییەوە و بڵاوی کردووەتەوە. نووسەرێکی بەناوبانگی کورد لە چلەکاندا کردوویە بە کوردی، (لە عەرەبییەوە) پاشان هەژاری موکریانی بە نێوی (بەیتی سەرەمەڕە) بڵاوی کردووەتەوە. لە دیوانەکەیدا هەیە. وەرگێڕ

شاعیرێکی دەماودەمی شیعروێژی نێو خەڵک ویستبای شیعرەکانی خەست و خـۆڵتـر و چڕتر دەربڕیبـا، دەیتـوانـی ئەمــە لـە ئەدەبیـاتـی سـەر کـاغـەز و تۆمارکراویشدا بەجێ بێنێ و لە ئەدەبیاتی زارگۆتیشدا. گەلۆ، بۆچی گۆیا، ڕووپەڕ و نیوێ ! دوو ڕووپەڕ ڕست بەو جۆرە دەکەم.

* کێ ناڵێ هۆزانە بەیتبێژەکانی نێو خەڵک لە سەروبەندی خۆدا وەیان نەدەکرد، بەڵام ئەو ڕستە بیندرێژانە نەگەیشتوونە ئەمڕۆکە. نابێ؟

– ڕەنگە، ها! بەڕاست من بۆ خۆم تووشی ڕستی وا هاتم. تووشی شێوازە دەربڕینی دەماودەمی نێو خەڵک، شێوازی دوور و درێژ زۆر بووم.

* لەو شیعر شیعرێنانەدا، لە شیناندا..

– بەڵێ، ڕاستە. شەڕەشیعر تاک ڕستن. ڕاستە. زۆر ڕاستە. زۆرم سوود لەو مەتەڵۆک و شیعر شیعرێنانە، بۆ ئەم ڕۆمانانە لێ وەرگرتوون. شتی زۆر ڕەنگین و جۆراوجۆر هەن سوودم لێیان وەرگرتبێ. «سەری بڕاوە، زەق زەق تەماشا دەکا» ئەمە مۆتیفێکە بەڵام هێندە هەیە، ئەم ئەدەبیاتە دەماودەمییە هێندە زۆر پێ داناگرێ لە کنم.

* شێوازی گێڕانەوەت لەم ڕۆمانانەی ئێستا بە دەستەوەن دەیاننووسی، چۆن دەبێ؟

– بەرەبەرە تا دێ، بەرەو پەتییەتی و سادە و لووسی دەڕۆم. نووسەران تا بەنێو ساڵدا پتر بچن، ئەدەبیات تا پتر پێ بگات و بگەیێ زێتر بەرەو پەتییەتی و سادەگی و بێ بەزەک و دۆزەک دەڕۆن. بەرەو پەتییەتییەکی بێ سەر و سنوور دەچێ کارەکە. ئینسان دەبێ تا ڕادەی دەربڕینی بێ وشە بڕوا ئەمن ئێستا وای بیر لێ دەکەمەوە. ئەمن بیر لەوە دەکەمەوە کە ئینسان هێند بە ڕاشکاوی و بێ پەنا و پەردە، هێند هاسان، هێند ڕاستەوخۆ، هێند بێ گرێ وگۆڵ بتوانێ لە خەڵک ڕاگەیێنێ، کە هیچ پێوە گیر نەخۆن، زۆر حەزم

لەوەیە. بە تاسەی ئەوەوەم. شتێ هەبێ دڵی پیاو خۆش کا ئەوەیە. کە ڕۆژێ بێ، ئینسان بتوانێ چەرخەکەی، حەقیقەتی ئینسان، حەقیقەتی سروشت وەک شیری برا، ڕوپ و ڕاست دەربڕێ. بێ ئەوەی هیچ شاخ و باڵێک لە شتان بڕوێنێ. هیچ زێدەیەکی وەسەر خەی، لە ئینسان ڕاگەیەنی. (مێرووە ڕدێن سوورە شەلەکە)م شتێکە تا ڕادەیەک تێدا بەو پلەیەی بە ئەزرەتەوەییم بیگەمێ، ئەوە بە دیار دێخی.

* جیهانی ڕۆژاوا لە بابەتی ڕۆماندا زۆری پلە بڕیوە، پلەی گەورە گەورەی بڕیوە. ئەمڕۆکە قسەی «ڕۆمان مرد» لە ڕۆژاوا بەسەر زارانەوە دەگەڕێ. دەڵێن ئەمڕۆ لە ڕۆژاوا ڕۆمان بە جارێ لە کەڵک براوە، زۆری داوەتە بار و ڕواڵەت و شێوازچیەتی، کە دەڵێی ڕۆمان، واتا: شێوازەکەی، ئا بە حاڵە گەیشتووە ئەدەبیات لە ڕۆماننووسیدا دەڵێن. بگرە لە مەیدانی تر دەگەڕێن، لە ئاران و مەیدانی بەپیت و بەرەکەت دەگەڕێن. بەنموونە، ئەوەتا ڕۆژاوا زۆر بە ڕۆمانەکانی تۆوە خەریکن و زۆریان بەتەنگەوەهاتن پێشان دەدەن، ئەمەیش لە پڕێکدا ڕووی دا. یا ئەو بایەخدانە گەورەیەی کە بە ئەمەریکای باشووری دەدەن، زۆر بایەخ بە ئەدەبیاتی ئەمەریکای باشوور دەدرێ. ئەمە تاسە و ئارەزووێکە بۆ ئاران و مەیدانی نوێ. یانی ڕۆژاوا، ئەوەی خۆی نایکا، لە جێگەیەکی تری وەردەگرێ. کە لێی دەکرێ. ئێستا ئێمە لەم بارەوە سوود و قازانجمان چییە؟

– ڕۆمان نووسین، کاری وەستا و شاگردە. لە ڕۆژاوایش بووە بە کاری وەستا و شاگرد. بە نموونە، دۆستێکم لە فەرەنسا هەیە. دۆستێکە زۆری ڕێز لێ دەگرم. گوتی: «لە دنیادا ڕۆماننووسێکی لە هەمووانم پتر خۆش بووێ تۆی» زۆرم لای سەیر بوو. ئەمە لەمێژیشە. لە ١٩٦١دا بوو، لە ١٩٦٢دا بوو. گوتم ئەمەی بۆچی پێ گوتم. «بڕوا ناکەم» گوتم. گوتی: «ڕۆمانێکی فەرەنسزی ئەوڕۆکە بێنن، نێوی کەسەکانی لە فەرەنسزییەوە بگۆڕن، بیکەن بە ئینگلیزی

کەس هەستی پێ ناکا. نێوی کەسانی ئینگلیزی بکەن بە فەرەنسزی، بڵێن ئەمە ڕۆمانێکی فەرەنسزییە، چ ناقەومێ، کەس هەستی پێ ناکا»

* ئەمە لە کن مەش هەیە.

– گوتی: «هەرچی تۆی، جیاوازییەکت هەیە، فەرقت هەیە. ئێستا نێوی فەرەنسزی، یا ئینگلیزی لە کەسانی ڕۆمانەکانی تۆ بنێین، نابێ سەرناگرێ» «خوێندوو قەناعەت بەو نێوانە ناکا. دەزانێ ئەو کەسانە، نەفەرەنسزین، نەئینگلیزن» گوتی: «ئەتۆ ڕۆمانێکی تازەبابەت دروست دەکەی ئەوڕۆکە» گوتی. ئەمڕۆ سەرلەبەری مرۆڤایەتی لە شتی تازە تازە دەگەڕێن ئەوەی ئێمە هێناومانەتە گۆڕێ دەنگێکی نوێ، هەوایەکی تازەبابەتی نێوباوە لە چاو ڕۆژاواوە. یانی ڕۆژاوا تازە لێی وەخەبەر هاتووە، تازە هەستی بەمە کردووە. ئێمە بیچم و شێوازێکی تازە، شێوازە دەربڕینێکی تازەمان، وابزانم هێنایە نێو ئەدەبیاتەوە. بەنموونە. ڕۆمانێکی وەک (لەسەر زەوییە بەپیت و بەرەکەتان)ی ئۆرخان کەمال بەشاکارێ لە قەڵەم دەدرێ. بەنموونە: ڕۆمانێکی ئۆرخان کەمال لە ڕۆمانەکانی ئەمەریکای باشوور زۆر چاترە بەلای منەوە. ڕۆمانی ئێمە زۆر ساغڵەمترە. چونکە ئێمە لەسەر بنجی خۆمان ڕواوین، ڕیشاژۆین، لە ڕەگ و ڕیشەی خۆمانەوە هەڵمان داوەتەوە. هەرچی ڕۆمانی ئەمەریکای باشوورە، بەقنیاتی خۆم، کە زۆریشی لەسەر نووسرا، ڕۆمانێکە لەژێر کاری سووریالیزمدا سەروبەر نراوە، زیاتر بە ئاو و گڵی ئەو خەمڵیوە. سەقافەت و کولتووری خەڵکەکانی ئەمەریکای باشوور لە گوێن سەقافەت و کولتووری خەڵکەکەی خۆمان نییە. پێم وایە ئەدەبیاتکارانی ئەمەریکای باشوور..

* بە تایبەت مەکسیکۆ.

– بە تایبەت ئەدەبیاتکارانی مەکسیکۆ، لە ڕووی سەقافەت و کولتوورەوە هێندەی ئێمە بە ڕەگ و ڕیشە نین، کولتووری ئێمە ڕەگی قووڵە.

سەبەبەکەیشی ئەمەیە: ئەوان لە ئیسپانیاوە ڕۆیشتوون بۆ ئەو وڵاتانە. هیچ بایەخێکیان بە سەقافەت و کولتووری خەڵکە نیشتەنییەکەی ئەوێ نەداوە، یا هەر بەجارێ لە نێویان داون و ئاسەواریان بڕیونەوە. جا لەبەرئەوەی لە سەقافەت و کولتووری خۆیان دابڕاون و سەقافەت و کولتوورەکەی خۆشیان لە کولتووری ڕۆژاوا دابڕاوە، کولتوورەکەیان کولتووری خەڵکێکە هێشتا پێ نەگەیشتووە و تەواو نەخەمڵیوە. لە ئەمەریکای باشوور کولتوور ونکردنێ ڕووی داوە. سەبارەت بەوە دەبینی بە سالانی ساڵ، قەرەجە ئۆغلانێ لە ئەدەبیاتی ئەمەریکای باشووردا هەڵنەکەوتووە. پیرسولتانێ، مەلا مەزبوورەیێ، تەنانەت هەرگیز نازم حیکمەتێ هەڵنەکەوتووە بەنموونە، وەک لێزانان دەڵێن، نێرۆدایەک، هەرگیز نەبووە بە نازم حیکمەتێ. سەبەبەکەش ئەوەیە: ئەدەبیاتی نوێی ئەمەریکای باشوور لە ١٩دا دەست پێ دەکا. لە فەرەنسا. لە فەرەنسای ١٩٠٠دا سووریالیزم، لێشاوی سووریالیزم فەرمانڕەوایە. لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا. ئاستووریاسەکان، بڕێ ئەدەبیاتنووسی ئەمەریکای باشوور.. ئەمانە هەموو لە سەرچاوەی فەرەنسا ئاو دەخۆنەوە و لەو سەروبەندەدا زۆر زۆر دەکەونە ژێر تەئسیری سووریالیزمەوە. جا لەبەر هەندێکی جۆرە ئەدەبیاتێکی فەنتازی لەوێ لەدایک دەبێ. بگرە تا گابری ماکزیشیان. هەرچی ئەدەبیاتی تورکە، تا ئێستا یەکێکی وەک مورتەزای ئەدەبیاتی تورک بەنموونە، لە ئەدەبیاتی ئەمەریکای باشووردا نییە. ئەم جۆرە نموونەیەی تا ئێستا تێدا هەڵنەکەوتووە. وە هەڵیش ناکەوێ. بگرە نموونەیەکی وەک سەعید فایقیشیان نییە. حیکایەتنووسێکی وەک ئەویشیان نییە. ئەدەبیاتی ئێمە بۆچی بەسەر ڕاستەڕێیە؟ جارێ یەکەم شت، ئێمە سەقافەت و کولتوورێکی ڕاستەقانیی گەورەمان هەیە. دووەم، ئێمە زۆر چاک لە ئەدەبیاتی ڕووسی گەیشتین، چاکی فێر بووین. لەبەر باری جوگرافیایی، سەبارەت بە باری هەلومەرج، سەبارەت بەوەی کە ستران و گۆرانییەکانمان زۆر لێک دەچن. ئەدەبیاتی ڕووس لە کن ئێمە زۆر چاک هاتە حاڵیبوون و تەرجەمەی چاک چاکیشی لێوە کرا. دیۆێکی وەک شەڕ و ئاشتیی

تۆلستۆی، ئەم شاکارە گەورەیە نازم حیکمەت کردی بە تورکی. وەستایەکی گەورەی وەک نازم حیکمەت کردی بە تورکی، لە بیرمان نەچێ! ڕەنگە سەبارەت بە لێک نزیکایەتیی سەقافەت و کولتوور بێ لێک نزیکایەتییەکی زۆریش، تەرجەمەی ئێگجار چاکی لێ وەبەرهەم هاتووە. دەڵێن چاترین تەرجەمەی دنیا، ئەو تەرجەمانەیە لە ڕووسییەوە کراون بۆ تورکی و دۆستۆیفسکی، چێخۆف... سەبارەت بەوەش کە ئەدەبیاتی ڕووسی ئەدەبیاتێکی ساغڵەم و ڕەختەیە، زۆرمان بەکەڵک هاتووە. ڕەگ و ڕیشەی ئەدەبیاتی ڕووسیش لە سەدا سەد هەر بە ئەدەبیاتی نێو خەڵکەوە بەندە، بەسەر بنجی دەماودەم ڕەگی داکوتاوە. نازم حیکمەت لە کن ئێمە چۆنە، پوشکینیش، لە ئەدەبیاتی ڕووسدا شاعیرێکە لە نێو خەڵکەوە، لە نێو ئەدەبیاتی خەڵکەوە سەری هەڵداوە، شاعیرێکە کەڵەکەبووێک گووراندوویە ڕەگ و ڕیشەی لە نێو ئەدەبیاتی دەماودەمدایە. لەبەرئەوەی ئەدەبیاتی ڕووسی بەو دەستی پێ کردووە بە ڕەگ و ڕیشە ڕەسەنەکەی خۆیەوە زۆر بەتوندی ماوەتەوە. جا سەبارەت بەوەی کە ئێمەیش زۆر شارەزای ئەو ئەدەبیاتەین، سەبارەت بەوەی کە خاوەن ڕەگ و ڕیشەی خۆمانین؛ یەکێکی وەک ئۆرخان کەماڵمان لێ هەڵکەوتووە. ئەمن پێم وانییە یەکێکی وەک ئۆرخان کەمال لە ئەمەریکای باشوور بتوانی هەڵبکەوێ. ناتوانێ (مورتەزا)یەک بێنێتە گۆڕێ. ناتوانێ (لەسەر زەوییە بەپیت و بەرەکەتەکان) و (کۆنەفرۆشەکە و کوڕەکانی) تێدا هەڵبکەون. باوەڕ ناکەم شاکارێکی وەک (کیسەڵەکان)ی فەقیر بایقورت لەوێ دروست ببێ.

* چاکە ئەدی بۆچی بە ئەدەبیاتێکی ئاوها بەبایەخ ناناسرێ؟

– بەڵێ، بۆچی (مورتەزا)یەک لەسەر ڕووی زەوی پەیدا نەبوو؟ جارێ باری سیاسیمان، خۆ ئەوە هەر بەجارێ، دیارە چەند نالەبارە. ئێمە وڵاتێکی سەر بە سیاسەتی دەرەکین، دەسدا و تابیعێکین بە دەوری سیاسەتێکی دەرەکیدا دەخولێینەوە. ڕۆژاوا گوێ بە سیاسەتی تابیعەتیی دەرەکی نادا، بە تەنگ ئەو

جۆره کلکانەوه نییه. دووەم ئێمه زمانەکەمان زۆر لاچەپە، زۆر چەپەکە. ئەوانەی لەم سەر زەوییە زمانی تورکی فێر بووبن، زۆر کەمن. گرفتی وەرگێڕانیش کۆسپێکی زۆر گەورەیە. بەنموونە: تا ئێستا دە کتێبم کراوە بە زمانی ئیسوێچی. تەنیا یەکێکیان (ئەگەر مارەکە بکوژن)، سەد ڕووپەڕێ دەبێ، هەر ئەویان بە زمانی تورکییەوە یەکسەر کراوە بە ئیسوێچی. ئەوەیشی بەهۆی یەکێکەوە، کە مەجەرییەک بوو، زمانی تورکی دەزانی لە وەرگێڕاندنی کتێبەکانمدا لە ئینگلیزییەوە بۆ ئیسوێجی. من کتێبەکانم تەنیا بە دوو زمان تەرجەمە دەکرێن. بە سای سێ کەسەوە. یەکیان THALDA تێلْدا، یەکی تریان گزین دینۆ، سێیەمیان مونەوەر ئانداچ[٢]. زمانی تورکی زۆر بێ بەختە. بەنموونە: نەناسینی شاعیرێکی گەورەی وەک یۆنس عەمرە، بۆ تیرەی مرۆ، بە سەقافەت و کولتووری مرۆڤایەتی کەموکوورییەکی ئێجگار گەورە و ستەمە. تەنانەت یەکێکی وەک نازم حیکمەتیش تاوەکو ئێستا دنیای ئینگلیز نایناسێ. تەرجەمە نەکرا. نازم حیکمەت نێرۆدایەک نییە. کتێبەکانی نێرۆدا وەک ئاو دەڕۆن لە ئینگلستان، ئەمەریکا. نازم دیار نییە. ناناسرێ. لە وڵاتێکی وەک ئیسکاندناڤیا، فینلەندە نازم حیکمەت دەناسن و بەس.

* بەڵام ئەگەر ڕاست و دروست تەرجەمە بکرێ، جۆره سڵ و پرینگانەوەیێ دێتە گۆڕێ، وەنییە؟

– چۆن نابێ؟ کە لە ئیتاڵیا وەریان گێڕا، تا نێو گوندییانیش لێشاوی ئاژنی نا.

* لەگەڵ ئەوەیشدا کە گۆیا، زۆر خراپیش کراوە بە ئیتاڵیایی.

– لە دنیای ئیسپانیۆلدا هەموو گوندێ نازم دەناسێ. بەلای دنیای ئیسپانیۆلەوە کەڵەشاعیری گەورە نێرۆدا نییە. نازم حیکمەتە. ئێستا لە فەرەنسا، نازم حیکمەت بە شاعیری هەرە گەورەی دنیا دەزاندرێ. چاک

٢– بەداخەوە یەشار کەمال ئاگای لە کارەکانی مامۆستا شوکور نییە. کاروان.

تەرجـەمـە كـرا. یانی لە نێوچاوانی ئاسـتـەنگ و نالەباریی وەرگێـڕانەوە، ئەو ئەدەبیاتە گەورە و گرانەی ئێمـە لە هەندەران ناناسرێ. چاك تەرجەمە بكرێ، ئەمڕۆ ئۆرخـان كەمـال دەبێ بە مـەشـوورترین نووسـەری ئەو دنیـایە. بە نموونە فەقیر بایقورت هەموو ڕۆمانەكانی ناڵێم بەڵام هەر تەنیا (كیسەڵەكان)ی..

* پاشان (ماڵەغان)ەكەی.

– مـاڵـەغـان[٣] فـەقـیـر ئەمـڕۆكـە تەنیـا هـەر بە (كـیـسـەڵەكـان)ی دەبوو، بە نووسەرێ لە هـەموو نووسـەرانی دنیـا ڕۆمانەكـانی پتر دەفرۆشـران. هێندە، بە (كیسـەڵەكان)ی فـەقـیرەوە دەنازم، تەرجـەمـە كرابا، هەرایەكی زۆر گـەورەی لە ڕۆژاوا دەنایـەوە. پێم وایە هـەرایەكی دەنایەوە. لـە هـەرای ئـیـسـپـانـیـۆل و باشووری ئەمـەریكا زۆر گەورەتر و بەبایەختر. ڕۆمانی ئەوڕۆی تـورك. تەبیعی ئەگەر تەرجـەمە بكرێن. لام وایە شیعریشمـان هـەر وایە، ئەویش هـەرای گەورە دەنێـتـەوە. ئەحـمـەد عـارف، ئەحـمـەد عـارفێ بكرێ بە فـەرەنسـزی، وەك بۆمـبـا دەتەقێتەوە. دەڵێن تەرجەمەكردنی ئێگجار زەحمەتە. بڕوا بەمە ناكەم. ئەحمەد عارف تەرجـەمە دەكرێ. زۆر بە هـاسـانیش. چونكە ئەحـمـەد عارف شاعیرێكی ڕیشـاژۆیە، شـاعـیـرێكی دەمـاودەم بێژی بە ڕەگ و ڕیشـەیە. قـسـە و گـوتەی ڕەسـەن و ئەسڵ هەموو سـەروەختێ تەرجـەمە دەكرێ. ئەحمـەد عارف پیـاوێكە قسـەكانی زۆر بە ڕەسـەن و بە ڕەگن. یانی لە ناو جـەرگییـەوە، لەناو هـەناو و دەروونیـیـەوە قـسـان هـەڵدەكـەنێ و دەیانـڵـێ، یان وش و ڕسـتێ بەكـار دەبا تا مشـتووان لە نێو دڵ و هەناوی ختمن. شیعری ئەحمەد عارف زۆر قووڵە، بنی ئێگجار دوورە. جا هـەر لەبەر هـەندێكیشـە زۆر بەهـاسـانی تەرجـەمـە دەكرێ، زۆرم بڕوا بەمـەیە. شـتێكی تریش هـەیە ڕۆمـانی ئێـمـە جـۆراوجـۆرن. بـیـچم و شـێوازی جـۆربەجـۆریان هـەیە. بە تایبـەت، بەشـی بە حـاڵـی ڕۆمـانەكانی خـۆم قسـان دەكەم. چونكە كارێكی خـۆم كردوومە چاتری تێ دەگەم. لە ڕۆمـانەكـانی

٣– مـاڵـەغـان: تریـان، گـەرەنتـوو، جـۆرە داسـێكی دەسك درێژە بە پێـوە دروێنەی پێ دەكەن.

مندا هیچ جۆرە بیچم و شێوازێکی ڕۆژاوایانە نابینییەوە. هی خۆمە و هەر لە خۆم دەوەشێتەوە، نەبێ بەخۆهەڵکێشان. ڕۆمانەکانم لە گۆرانییەکانمانەوە، لە تەرزی دارشتنیاندا، لە قورمیشکردنیاندا ، لە یاپی و بنیاتنان و میعمارییاندا لە گۆرانییەکانمانەوە ئاو دەخۆنەوە، دەقاودەق وەک گۆرانییەکانمان هەڵنراون.

* یانی چۆن؟

– ڕۆمان میعمارییەتێکی خۆی هەیە. دەربڕین و گێڕانەوە، قورمیشکردنێکی خۆی هەیە. گێڕانەوە ئەوە دەردەخا، یانی ئەو قورمیشە تەرزی گێڕانەوەی ڕۆمان دروستی دەکا، ئەمن ڕۆمانەکانم زۆر لە گۆرانی و لاوژەکانمان دەچن. گۆرانییەکانی لای خۆمان، لە ئەنەدۆڵی، بە هەمان ڕست و قسە دواییان دێ. گۆرانی و لاوک و حەیرانەکانمان زۆریان بەو چەشنەن بە وردی لە ڕۆمانەکانم ڕامێنی ئەوەی لیریکی و گۆرانی ئامێزیان تێدا دەخەملێنی ئەو قورمیشەیە. یانی هێندە لە سەرەتا گوتن پێ دانەگری، جۆرە یەکنەواختییەک، چەشنە یەکنەسەقییەک، تەرحە یەک هەواییەکیش بەکار بێنی. تەبیعی (بازاڕی ئاسنگەران) و (یۆسفی یۆسفۆکە) لەمانە بەدەرن. تەنانەت لە (بازاڕی ئاسنگەران)یشدا بەرانبەر بەمە، ئاسەوار و نیشانەی هەر هیی خۆ و تایبەتی پێوە دیارە. چاپکی و لیریکایەتیی (گۆرانیی ئامێزایەتی)ی ڕۆمانە ئەوە بەدی دەهێنێ لە قەوارە و بارستی (بازاڕی ئاسنگەران)دا لە فراوانیدا، لە زۆر نموونە و جۆراوجۆری کەسەکانیدا چەند نموونە کەسی تێدایە، نازانم، سەدن، سەد و پەنجان، بگرە دوو سەدیشن ڕۆمانێکی ئاوها هەمەدەنگ، هەمەچەشن، ئەوەندە بەهێز شتی وا لە ڕۆژاوا نادۆزییەوە. ئەمەیش چی ئیسپاتی دەکا؟ ئەوە ئیسپاتی دەکا کە چەند بە ڕەگ و ڕیشەی خۆمانەوە بەندین، ئەو شێوازە ئیسپاتی دەکا لە دەدە قورقوت، لە کوێر ئۆغڵووەوەمان وەرگرتووە. سرەکە لێرەدایە، لەم بیچمە کولتوورەدایە. بیچم و شێوازی ڕۆمانیش کولتوور و سەقافەتێکە.

* دوێکە ئێوارە. لە جێگەیێ گفتوگۆیەکی ئاواوایی ڕووی دا: یەکێ لە

برادەرانی بەڕێز و خۆشەویستم گوتی: چەرخەکەمان چەرخێکی ئیدی زۆر خێرا دەژی زۆر بەپەلە دەژی. تەلەڤزیۆن، فەزا، نازانم چی و فلان، خوێندووی دنیا ئیدی شکسپیر و سێرڤانتس و بیلزاک وەک جاران ناخوێنیتەوە. چونکە ئەو نووسەرانە لەم ناو دنیا بەپەلە و خێرا گوزەرانییەدا بە سست و قورسی دەزانن.

لەگەڵ پێی ژیانی ئەمرۆکەدا دەرناچن. هێندێ کتێب ناخوێندرێنەوە ئیتر. ڕووداوێ نییە بۆ سبەینێی هەڵگری. شتێ نییە بۆ سبەینێ بمێنێتەوە، پەزێرە دەبێ. خوێندوو حەوسەڵە و بوردەباریی خوێندنەوەی ڕۆمانی بەبەرەوە نەماوە. برادەرەکەم ئاوهای دەگوت. تۆ چ دەڵێی لەم بارەیەوە با ئەمە دوا پرسیارم بێ؟

– ڕۆمان تا دێ، پتر دەخوێندرێتەوە ئەو حوکمەی برادەرەکەت داویە هەر بە تەواوەتی هەڵەیە. تەبیعی ژمارەی ئینسانان زیادی کردووە. بەڵام ئینسان دەیەوێ پتر فێر بێ، ئەمەیش هەیە. دەیەوێ زۆر فێر بێ، قەت تێر ناخوا، هەڵبەت کلاسیکەکانیش مردنیان بۆ دەمرن. هێندەی کلاسیک سەروەختی خۆیان گوزەراندووە و دەڕۆن، لەباو کەوتوون. بەڵام ئەو کلاسیکانەی سەروبەندی خۆیان پیر نەکردووەتەوە، هێشتا دەوری خۆیان قەپات نەکردووە، تا بێ زێتر دەخوێندرێنەوە و خوێندووی زۆریش بۆ خۆیان دەبیننەوە.

* یانی ئەو برادەرە دەیگوت، ئیلیادەی هۆمیرۆس، دۆنکیشۆتی سێرڤانتس ئیدی چیی تێدا بەستە نییە، چیی لێ هەڵدەکرێندرێ بۆ ئەمرۆ.

– چۆن چیی تێدا بەستە نییە؟ هەر بەتەواوەتی هەڵەیە. تا ئینسان نەگۆڕێ، ئەوانەی هۆمیروس و سێرڤانتس گوتووشیانە ناگۆڕێن. ئینسانیش بەم جۆرە دەگۆڕێ: لەوانەیە کلکی هەشت مەتر درێژ ببێ، مێشکی، سەری وەک لوولەی لێ بێ، چووزانم، دەبێ بە سێ بەشەوە، یانی سەری دەبێ بە سێ فلیقانە، سێ قولوو، هەشت دانە گوێچکەی دەبێ..

* یانی گۆڕانێکی فیزیکی. (فسیۆلۆجی).

– چووزانم، بنیادەم ببێ بە شتێکی تر، هەر بەجارێ ببێ بە شتێکی زۆر جیاواز ئەوساکە گۆڕانێکی سایکۆلۆجیش ڕوو دەدا واتا: ئەگەر ئینسان بوو بە شتێکی تری جیاواز، نەفسییەتیشی دەگۆڕێ دیارە.

* یانی کە لە ئینسانەتی دەردەچێ.

– بەڵێ، کە لە ئینسانەتی دەردەچێ. کە دەبێ بە شتێکی جیاواز بە نموونە، وەک هەڵۆ بفڕێ، چووزانم..

* یانی لایەنی وا لە ئینساندا هەیە نەگۆڕێ.

– هەیە. بەڵام کلاسیکەکانیش کۆن دەبن. وەک هەموو شتێ چۆن کۆن دەبێ، ئەویش کۆن دەبێ. ئەویش ماوەیەکی خۆی، ئەویش دەوری ژیانێکی خۆی هەیە. بەڵام ئەمە لە گۆڕانی مرۆوە نایە، لەبەر ئەوە نییە، ئینسانەکە گۆڕاوە، لەبەرئەوەیە کلاسیکەکە کۆن بووە، سەردەمی بەسەر چووە، لە بەندوباو کەوتووە.

ئینسان شروشکلێکی جیاواز وەرناگرێ، بگرە دەچێتە نێو بارودۆخێکی ترەوە، دنیاکەی دەگۆڕێ. ئەو کلاسیکانە وایان لێ دێ ئیدی کەڵکی وەڵامدانەوەی مرۆیان بەبەرەوە نامێنێ. بەڵێ سەبارەت بەوە کە کلاسیکەکە لەو بارودۆخەدا ئیدی بە فریای ئینسان ناکەوێ کۆن دەبێ. بەڵام ستاندال وانییە. ستاندال ئیدی ناخوێندرێتەوە، قسەی وا هەڵەیە. بەپێچەوانەوە، ئەمڕۆکە ستاندال بگرە زێتر دەخوێندرێتەوە. نەخوێندنەوەی ڕۆمانی درێژ گۆیا لەم چەرخەدا، ئەمەیش هەڵەیە، زۆر هەڵەیە ئەمڕۆکە تۆلستۆی سەرژمێرییەکی بۆ بکرێ لە هەموو نووسەرانی دنیا پتر دەخوێندرێتەوە. ئەوەشت لە بیر نەچێ چەرخەکەمان پتر دەخوێنێتەوە. کتێبی گیرفان لە ڕۆژاوا بە میلیۆنان دەفرۆشرێن. هەڵپەی کتێب فرۆشتنێکی بەسام لە دنیادا بەرچاو دەکەوێ. چونکە بنیادەم پتر فێرە خوێندەواری دەبن، بە ژمارەی زۆر

زۆر، وە وەختیشیان بۆ فەراهەم دەبێ. من لام وایە ماوەی دە ساڵی تەلەڤزیۆن، ئەو هەڵپەیەی مرۆ لە دە ساڵدا بۆ تەلەڤزیۆن تەماشاکردن بە خەرجی دەدا بایی تەواوی ژیانیەتی. کاتێکی تەلەڤزیۆن هاتە گۆڕێ دەوری پێنج ساڵێ سینەما لە باو کەوت و مرد. بەڵام ئەوەتا ئەوڕۆکە سەرلەنوێ بە ڕمێن و ڕەوا کەوتووەتەوە. پێمان وایە ئێستا رۆمان لە باو کەوتووە. هەرچی تەماشای سینەما دەکا وا دەزانێ. ئەمە هەڵەشەیە. هەرکە تەلەڤزیۆن داکەوت، کتێب فرۆشتن زیادی کرد، هەر وا زیاد دەکا. دە ساڵ لەمەوپێش وەبیر خۆ بێنەوە. ئەو دەمی تەلەڤزیۆن (لە تورکیا – وەرگێڕ) پەیدا نەبووبوو هێشتا، نووسەران کتێبەکانیان لە سێ هەزار بەولاوە زێتر نەدەفرۆشران. کەچی ئێستا تەلەڤزیۆن پەیدا بووە کتێب خۆ لە بیست و پێنج هەزار دەدا لە فرۆشتندا. ئەمە چۆن تەفسیر دەکرێتەوە؟ گۆیا ڕۆمانی درێژ ناخوێندرێتەوە. (بازاڕی ئاسنگەران)ەکەی من شێست و پێنج هەزار، حەفتا و پێنج هەزاری لێ فرۆشرا. لە هەموو ڕۆمانەکەمان بەبرەو ڕمێنتر بوو. ئەمە لە ماوەی چەندیشدا بڵێ؟ لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا، کەچی، (ئەگەر مارەکە بکوژن)م کە کورتترین ڕۆمانمە هەر لەو کاتەدا (بازاڕی ئاسنگەران)ە کەم دەرچوو، ئەویش کەوتە بازاڕەوە، هەر پێنج هەزاری لێ فرۆشرا. (بازاڕی ئاسنگەران)م وا ئێستا لە ئێسوێچ دەردەچێ. دەبینین، بزانن چۆن خۆی لە هەشتا هەزاریش و بەولاتریشەوە دەدا. لام وایە تا سەد هەزاریشی لێ دەفرۆشرێ. ئەوەشت لە بیر نەچێ ولاتی ئیسوێچ، سەرباریش، رەهبەری ولاتە پیشەسازییەکانە. لە لووتکەدایە. چڵەپۆپەیە. ئەم قسانەی دەیکەین لە بێ بەرپرسیارەتییەوەیە. جۆرە بەرەلاییەکە. ئەوەت لە بیر نەچێ، تا پیشەسازیی قورس پتر پێش کەوێ، ئامێر و دەزگای جۆربەجۆر تا پتر گەشە بکا، مرۆ هێندەی تر وەخت بۆ پتر پاشەکەوت دەبێ. مرۆ تا دێ پتر دەبێ بەڕۆمان، پتر دەبێ بەشیعر، پتر دەبێ بەمۆسیقا بەڵام هەرکاتێکی گۆڕا، گۆڕانەکەی بە شێوەیەکی بوو، لە ڕووی فیزیکییەوە، لە ئینسانییەتی شۆرایەوە، ئەوساکە ڕەنگە هەر بەر بەلای ئەم جۆرە شتانەیشەوە نەکا. ئینسان کە خۆی نەگۆڕا، بنیاتی نەگۆڕا

ڕۆمانیش کە پێداویستییەکی ئینسانە ناگۆڕێ، تا ڕۆژێ قیامەتێ ئەرکی خۆی هەر دەبینێ.

یەشار کەمال هەرچەند تا ڕۆژی قیامەت ناژی، بە هەویام تا ڕۆژێ قیامەتێ بخوێندرێیەوە.

١٩٧٧/٧/٢٥

لە کۆواری کاروان ژمارە ٢٥ و ژمارە ٢٦

لە تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٤

بە دوو بەش بڵاو بووەتەوە.

لەبارەی ئەدەب و تەکنۆلۆجیاوە

یەشار کەمال

پرۆفیسۆر دوکتۆر نیکۆلاس کانانۆی ناوێک، بەمەبەستی دانانی کتێبێک بەناوی (ئەدەب و تەکنۆلۆجیا)وە، لە ساڵی ١٩٧٢دا گفتوگۆی لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە هونەرمەند و نووسەر و ئەدیبە بەناوبانگەکانی دنیا کرد کە یەکێکیشیان یەشار کەمالی نووسەری تورکیایی بوو. وا لێرەدا ئەو پرسیار و وەڵامانە دەکەین بەکوردی کە لەگەڵ یەشار کەمال کراون.

* ڕۆمانی لادێ لە ١٩٥٠دا ڕچەتان شکاند. لە ڕۆمانەکانتاندا بەزۆری بەلای لادێیی تورکیادا دادەتاشن. مەسەلەی وڵات پیشەسازکردن تا چ ئەندازەیەکی بەپەرۆش خستوون؟

– یەکەم ڕۆماننووس بە بنەچەک لادێیی لە تورکیا منم. بەر لە من، نازمی نەبی زادە، ئەبوبەکر حازمی تەپەیران، یاقووب مەدرسی، قەرە عوسمان ئۆغڵو، سەباحەدین عەلی، ڕۆمان و چیرۆکی لادێیان دەنووسی. ئۆرخان کەمال و کەمال تاهیریش ڕۆمانی لادێیان نووسی، بەڵام ئەمانە هەموو، یا خەڵکی شارە چکۆلەکان یا خەڵکی شارە گەورەکان بوون.

من بۆیەش لە ڕۆمانەکانمدا باسی لادێییان دەکەم، چونکە خۆم بەبنەچەک لادێییم و ماوەیەکی دوور و درێژ، لە گوندەکەی خۆم، لە چقورئۆوا ژیاوم. لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵەمدا، بۆ ئەستەمووڵ هاتم. بووم بە ڕیپۆرتاجنووسێکی ڕۆژنامەیەکی گەورە. کارم ئەوە بوو لە ئەنەدۆڵەوە ڕیپۆرتاج بنووسم. بەشی زۆری دوازدە ساڵ ڕۆژنامەنووسیم، لە ئەنەدۆڵ بەسەرچوو.

چقورئۆوا تەنیا زێدی لەدایکبوون و تێدا گەورەبوونی من نییە، جۆرە زێد و نیشتمانێکی ڕۆمانەکانیشمە. بەنموونە ڕەفتاری هەر ئینسانێ، هەر کەسێ ڕۆمانێکم لە ئەستەموول، لە ئەنقەرە، لە هەر شوێنێکی دنیا، لە ڕۆماننووسیندا تووش بێ، یەکسەر بۆ چقورئۆوا، بۆ بارودۆخی چقورئۆوا، بۆ ئاووهەوا و دەوروبەری چقورئۆوایان ڕادەگوێزم. زۆر لەو کەسانەی، زۆر لەو ڕەوشت و ڕەفتارانەی، زۆر لەو بارە نەفسییانەی، زۆر لەو گووراندن و خولقاندنانەی لە ڕۆمانەکانمیاندا بەکاریان دێنم، هەر ئەوانە نین کە لە چقورئۆوایان فێر بووم. من چقورئۆوا لە ڕۆمانەکانمدا سەرلەنوێ دەخولقێنمەوە، لە نوێژەنەوە دای دەڕێژمەوە. با دووپاتی کەمەوە، باشوورێکی منی تێدا لەدایک بووم، منی تێدا پیرۆکە و وەڕوێڕکە بووم، باشووری نییە تەنیا هەر منی لێ لەدایک بووبم و هەر منی لێ پێرۆکە و وەڕوێڕکە بووبم نیشتمانی ڕۆمانەکانیشمە. ئەوەی من لە ڕۆماندا خولقاندووم و دروستم کردووە، بەلای خۆمەوە ڕۆمانئاوایەکە بۆ خۆی.

جا بەرانبەر بەوە کە لەوێ ولاتێکی ڕۆمان ئاوەدان دەکەمەوە، ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ هەموو شتێکی چقورئۆوا، لەگەڵ باری ئابووری، نەفسی، کۆمەلایەتی، لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا ئاشنایەتی پەیدا دەکەم. دیرۆک و جوغرافیای چقورئۆوا لە دیرۆک و جوغرافیای هەموو دنیا چاتر دەزانم. دێ بەدێی چقورئۆوا گەڕاوم، ئەویش بە پێیان، فۆلکلۆرم خڕ کردەوە، لە فۆلکلۆرم کۆڵییەوە. پێنج ساڵی خشت ئەمە کارم بوو. لە شیوەننامە و بەیت و بالۆرە، لە چیرۆک، لە پەندی پێشینان، لە مەتەڵۆکە، لە سەربهورد و نوکتە و قسەی خۆشم کۆڵیوەتەوە. هەوەڵ کتێبم، کە لە ١٩٤٣دا بلاو کردەوە ئەو (شیوەننامانە) بوون لە چقورئۆوام کۆ کردبوونەوە و لێم کۆڵیبوونەوە. بارودۆخی گوندایەتی بۆ من، ئەو مرۆوایەتییەیە کە ڕەوشت و ڕەفتاری خۆی هەزار ساڵ دەبێ بەرانبەر بەسروشت دەستنیشان کردووە. بارودۆخێکی بەڕەگ و بەڕیشەی نەفسی و کۆمەلایەتییە.

پەڕینەوەی گوندایەتی بۆ بەری مەکینە بەکارهێنان ئەو ڕەوشت و ڕەفتاری

مرۆوایەتییەیە کە ئەمرۆکە، من بەچاترین شێوە بەخەڵکی ئاشنا دەکەم و شایەتیی بۆ دەدەم، لە بەری سروشتەوە بۆ بەری مەکینە بەکارهێنان پەڕینەوە، بەنموونە، لە زەویی بە گا و ئێستر کێلانەوە بۆ بەزەوی بەتراکتۆر کێلان بۆ مرۆوایەتی، بارودۆخێکی تازە و نرت و نوێیە، لە داو و دەستووری کۆن، لە بیر و بڕوای کۆن، لە ڕەوشت و ڕەفتاری کۆن دەست هەڵگرتن، واتە چوونە سەر بارودۆخێکی تر، واتە بیر و بڕوایەکی تر پەسندکردن، واتە بیر و بڕوایەکی تر خستنە کارەوە، واتە لەسەر ڕەوشت و ڕەفتارێکی تر ڕاهاتن، ئەم بارە بەلای منەوە باری هەرە بەپێوەندیی مرۆیە. کە لە بەری سروشتەوە بۆ بەری مەکینە بەکارهێنان پەڕیوەتەوە. ڕەنگە بۆ یەکەم جار بێ کە بەختەتی درشت لە مێژووی خۆیدا، بەو بنەوەبڕییەوەی لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر باز دەدا. ناڵێم پێیدا دەڕوا، هەر بەڕاستی باز دەدا. ئەم باری بازدانە بۆ ڕۆمانووسێ، تا دوا پلە بەدوای لە کرۆک کۆڵینەوەی نەفسییەتی مرۆدا هەڵوەدا بێ، تا دوا پلە بیەوێ سەرلەبەری توانا و بەهرەی مرۆ بخاتە بەر ڕووناکی، خەریکی ئەوە بێ لە مرۆدا لە نەفسییەتی بێ پایانی مرۆدا ئاسۆی زۆر و زەوەندی تازە بدۆزێتەوە، لە ڕووی سەرنج بزواندنیەوە بارێکی ئێگجار نایابە. جارێ خۆ ئەگەر ئەم بارە، ڕۆمانووسێ، خۆی تێیدا ژیابێ، لە هەوەڵەوە بەهێستر و گاوگۆتاڵ جووتی ڕانیبێ و لە پاشان بەتراکتۆر ملی لە زەوی کێلان و وەرد و شۆدانەوە نابێ، لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە لە گوند دەرچووبێ و لە کارگە و فابریقە و کارخانەی زەلامدا کاری کردبێ داخۆ...

لادێییەکی بارەو ئاوها هەڵکەوتوو، بەلای منەوە سەرنج بزێوە. نەفسییەتی بارەو ئاوها هەڵکەوتوو لەوپەڕی دەوڵەمەندی و تێکەڵ و پێکەڵی و هەڕەمەییدایە. لادێییەکی وایە کە لە سەدان هەزار ساڵ بەملاوە ئاشنای سروشت بووە و ئێستا لە ناکاو خۆی لە ناو هەل و دەرفەت و بارودۆخی مەکینەدا دەبینێتەوە.

ئینسانانی وڵاتە کەم فراژییەکانی کوتوپڕ خۆیان لە بەرابەر شتی تازە ئیجات، بەزۆری مەکینەی سەیر سەیردا دەبیننەوە. لە ئەوروپا مەکینە

بەکارهێنان هەروەها بەکوتوپڕی سەری هەڵنەداوە، مەودایەکی دوور و درێژی پێ چووە.

هەرچی وڵاتە کەم فراژییەکانن ئەم مەودا درێژەیان بەخۆیانەوە نەدیوە و مرۆ لە ناکاو تووشی بەتووشی مەکینەوە بووە. ئەمەیش لە باری کوتوپڕدا بەرتەکی جۆراوجۆر، ڕەوشت و ڕەفتاری چەشناوچەشن، بۆ هەڵسووڕان و بۆلووانی تەرزاوتەرزی لێ دێتە گۆڕێ. بچی لە ناوەندی دنیایەکی نرت و نوێی وەک دنیای مەکینەدا، کە لە نێو دنیایەکی زۆر کۆندا هەڵتۆقیوە، لەگەڵ مرۆدا پێکەوە ژیان بەسەر ببەی و سەروەت و سامانی بەهرە پێکەوە بنێی، ئەمە بۆ ڕۆمانوسێ بارێکە بەدەست ناکەوێ... دەرفەتێکە لەدەست نادرێ... لەم کارەشدا کرێکار و وەرزێر زۆر گرنگن.

ژیانی بۆرجوا، وردە بۆرجوا، هەر لە کۆندا، لە ئەوروپا چۆن بوو بەچ دەورێکدا ڕۆیشت، لە ڕۆژئاوای وڵاتیش هەر بەو دەورەدا دەڕوا. بۆرجواکان هەر لەخۆڕا، کوتوپڕ دەوڵەمەند دەبن، لە پڕێکدا دەبن بەخاوەن مەکینە، بەڵام کرێکار، وەک لادێیی هەر چۆنێک بێ، ئێگجار وا لەگەڵ مەکینەدا نابن بە یەک ماڵ و دیوار بەدیوار. ئێگجار وا لەگەڵ مەکینەدا بەناچاری نابن بەئاشنا. بەنموونە، دوا ڕۆمانێ، کە بەناوی "ئەفسانەی هەزار کەڵەگایان"ەوەم نووسیوە لەم بابەتە دەدوێ. چقورئۆوا کارخانەی وای تێ کەوتووە، بەم مەکینەی هەرە نوێباوی دنیا ڕازاوەتەوە. ئەمرۆ برێ لە کارخانەی تەون و جوولاییەتیی هەرە تازە و هەرە گەورەی تورکیا لە چقورئۆوا دامەزراون. یەکێ لە ئاوبارە هەرە گەورەکانی تورکیا لە چقورئۆوایە. کشتوکێڵ لە چقورئۆوا، خوار و ژوور، هەمووی بەمەکینە دەکرێ. بەڵام بەتەنیشت ئەم هەموو بە مەکینە کارکردنەوە، لە چقورئۆوا هۆز و خێڵی ڕەوەک و ڕەوەندی تورکمان و کوردیش هەن. مەودای نێوان بە مەکینە کارکردن و ڕەوەکایەتی دەبێ مەدوایەکی دوور و درێژی تەواو بێ. ئەم ڕەوەندانە لەوەتەی هەزاران ساڵەوە هەر بەم جۆرە دەژین. زستانان دێنە خواری بۆ چقورئۆوا و هاوینانیش بەرەو چیا و کەژەکانی تۆرۆس هەڵدەکشێن واتا وەک هەموو هۆز و خێڵە کۆچەرەکانی تر

گەرمیان و کوێستان دەکەن.

بەپەز بەخێوکردنەوە خەریکن. بەخوری و شیر و ڕۆنی مەڕ بەڕێوە دەچن. ژیانی خێڵەکی و ڕەوەندایەتی، لە سۆنگەی بارودۆخ گۆڕانی چقورئۆواوە وا خەریکە بەسەر دەچێ. ئەمن بۆ خۆم لەم ساڵانەی دواییدا، لەگەڵ هۆبە تورکمانێکی ڕەوەندا، کە لە ئاخر و ئۆخری دەور بەسەرچوونیدا بوو ئاشنایەتیم پەیدا کرد. چەندین ساڵ لە زۆرانبازی و کێشەی نێوان داو و دەستووری کۆن و نوێم کۆڵییەوە. ڕۆمانی "ئەفسانەی هەزار کەڵەگایان" لەم لێکۆڵینەوەیە هاتە گۆڕێ. هۆبەیەک کە داغان دەبێ، حاڵی خەڵکەکەی، لە کوێ دەحەوێنەوە، بۆ کوێ دەچن، بەرانبەر بەتورکمانە پاشکەوتووەکان، بەرانبەر بەتورکمانێتیی خۆی، هۆبە چۆن داغان بوو، دەوری بەسەر چوو، ئەمانەم نووسی. بەلای منەوە، تووشی باری نەفسیی تازە و مۆر و شەقڵ نەشکاو بووم. من لەگەڵ ئینسانێکدا کە بەرانبەر بەسروشت هەموو ڕەفتارێکی بەدیار کەوتبێ و ساغ بووبێتەوە چۆن پێوەندی دەگرم و چەند سەرنج دەبزوێنێ، لەگەڵ ئینسانێکیشدا کە بۆ بەری مەکینە بەکارهێنان پەڕیوەتەوە و خەریکە لەگەڵ مەکینەدا سەری داوی سپیی تێ دەکەوێ، بەو ئەندازەیە پێوەندی دەگرم و سەرنجم دەبزوێنێ.

لە دنیا زێدەکردنی هەر خشتێکی نوێ، هەر وەسەرنانێکی نوێ، چ خۆڕسک، چ دەسکرد، دنیا دەوڵەمەندکردنێکە. مەکینەش وەک کردەکانی تری هونەر دەوڵەمەندیەکی دنیایە. دەوڵەمەندیەکی مرۆیە.

* سەبارەت بەگەشە و هەڵدانی تەکنۆلۆجی، ئینسان لە ڕابردووی ئینسانەتی دابڕاوە. بەمە نیگەران نین؟

– ئینسان لە ناوچاوانی تەکنۆلۆجییەوە لە ئینسانەتی دانەبڕاوە. بەلای منەوە، شتێ نییە پێی بگوترێ دابڕانی ئینسان لە ڕابردووی ئینسانانە. مەسەلەکە، مەسەلەی بیانی کەوتن و نامۆیی لێکردنە. ئەمەیش حیکایەتێکی دوور و درێژە. مەسەلەی بیانی کەوتن و نامۆییکردنی مرۆ لە مەکینەوە دەستی

پێ نەکردووە. بیانی کەوتن و نامۆییکردن لە پێشتریشدا هەر هەبووە و لە پاشانیشدا هەر دەبێ. پێم وایە مەسەلەکە هەمووی مەسەلەی خەست و خۆڵبوونەوەی بیانی کەوتن و نامۆییکردنی ئینسانە. هەڵبەتە لەمەدا مەکینە کاری هەرە گەورەی کردووە و هۆی هەرە گەورە ئەوە مەکینە، لەو بارەوەی کە بووە بەهۆی چەوساندنەوە، دەرکەین، ئەم بیانی کەوتن و نامۆکەوتنە بەلای منەوە کەم دەبێتەوە. ئینسان چەند لە سروشتەوە نزیکە ئەوەندەیش لە مەکینە نزیک دەکەوێتەوە. من ئەمەم لەو ئینسانانەدا کە تازە لەگەڵ مەکینەدا ڕووبەڕوو وەستاون زۆر لە نزیکەوە دیت. هاوپێوەندیی مرۆ لەگەڵ مەکینەدا، ئەگەر مەکینە لە گیانی مرۆ خراپ نەخوێنێ، دەبێتە مایەی هاوپێوەندییەکی زۆر ئینسانانە. ئاشقە مەکینەییەکی زۆر سەیرم لە ئینسانی ئیشکەردا دیت، تەنانەت لەباری ئەمڕۆکەشدا.

مرۆ لە ترسان، لە منەتبارییان سروشتی دەپەرست. ئینسانی ئەو چەرخەشمان، بەڕاستی لە هەموو هەل و دەرفەتێکدا منەتباریی خۆی لە ڕاست مەکینە بە ڕاشکاوی دەردەبڕی. سەبارەت بەوە کە مەکینە یەکڕاست دەست مرۆوایەتی نەکەوتووە و چینێکی مرۆچەوسێن داگیری کردووە و لەسەر دەستی ئەو بە گەشە کەوتووە، بووە بە گەورەترین بێ یەغبالی، بگرە لەمێژینەی، مرۆوایەتی. بێتو مەکینە لە دەست ئەم چینە دەرهێندرێ ڕاستەوخۆ بکرێ بە ماڵی مرۆوایەتی، هەر برین و جەخارێکی تا ئەمڕۆ لە ناوچاوانی مەکینەوە بەر مرۆ کەوتووە سارێژ دەبێتەوە و هەل و دەرفەتی تازە و نرت و نوێشی بۆ دابین دەبێ و دەڕەخسێ. مرۆ کە لە مرۆوایەتی دابڕابێ، وەک بزانین هەقیشێتی، جارێکی تر بە خەست و خۆڵترەوە باوەش بە مرۆوایەتیدا دەکاتەوە و لە بیانی کەوتن و نامۆییکردن خاوێن و پاکژ دەبێتەوە. نەخۆشی و دەردەدارییەکە خۆی هەموو لەوەدایە کە مەکینەیش و سروشتیش بە دەست چینێ ئینسانەوەن و مەکینەکەیش و سروشتییەکەیش و ئینسانەکەیش بە خواست و ئارەزووی ئەم چینە، بێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوە لە کار دەکرێن. سەبارەت بەوە کە چینی بۆرجوا سەرتۆپی

ئیمکانات و مەکینە و بەشی هەرە گەورەی مرۆوایەتی، لە کرێکار و وەرزێر و هەروەها سروشتیشی دروست کردووە و دنیا بە دەسەڵاتی سامناکی وی بەڕێوە دەچێ، زۆڵەک کەوتووە و ڕەسەنایەتیی خۆی دۆڕاندووە و بە جاریێ بووە بە بیانی و نامۆییی لێ دەکرێ. ئەم چینە نەخۆش و دەغەزارە سەبارەت بە ڕەنگ و ڕووە زگماکەکەی، سەبارەت بەو جۆرە گەشەکردنەی، سەبارەت بەوە کە بووە بە خێوی هەموو ئیمکاناتێ، پشتی لە هەموو بەهای مرۆوایەتی هەڵکردووە و تووشی نیوە شێتییەک بووە. سروشتی بێ پایان و مەکینە و سەرلەبەری ئیمکاناتێکی کە بە دەست چینی بۆرجواوەیە سەرتۆپ شێت و شبری کردوون. ئەو ژیانەیش کە بووە بە ناچاری بۆ چینی بۆرجوا لەم نیوە شێت و شبربوونەیدا دەورێکی گەورەی بینیوە و هەر بە جاریێ لە هەموو بەهایەکی مرۆوایەتیی شتووەتەوە. چینی بۆرجوا، لە ڕووی هاتنەگۆڕێی، لە ڕووی بە گەشەکەوتنی، لە ڕووی ژیانییەوە، پشتی لە ڕابردووی ئینسانانەی ئینسانەتی، لە هەموو بەها و نرخێکی ئینسانەتی هەڵکردووە و حاڵی بووە بە حاڵی نیوە شێت. ئەم بیر و ئەندێشانەم دەتوانم بە نموونەیەک بچەسپێنم: شەڕی ڤێتنام بەڵگەی هەرە گەورەی ئەوەیە، کە چینی بۆرجوای ئامریکا تا چ ڕادەیەک نانی هاریی بە دەمەوە گرتبوو و نیوە شێت و شبر بووبوو. بۆرجوای ئەمەریکا زۆر چاک دەزانێ خەڵکی ڤێتنام بۆ پارووە برنجێ بە لاس و پەڵاسدا دەچێ. یەک لەو بەها گەورانەی مرۆوایەتی هێناویە ئەوەیە کە یارمەتیی هاوڕەگەزی خۆی بدا، بەڵێ، ئینسانێکی خوسایی و عادەتی برنج بۆ ئەم ئینسانە برسی و دەستەوسانانە دەنێرێ، وەنییە؟

سەنگ و ڕەنگ و بەهادارییی مرۆوایەتی ئەمەی دەوێ، وەنییە؟ بۆمبا و قومپارە و ژەهری لە ئەقڵ و ئاوەزبەدەر بە سەر و پۆتەڵاکی ئەم برا ئینسانە هەژارانەماندا دەبارێنن، بە تەکنیکی هەرە پێشکەوت دەیانکوژن. باشە تەکنۆلۆجی و تەکنیک لەمەدا گوناهی چییە؟ لێرەدا ئەوە هەیە. کە تەکنیک دەست چینێکی نیوە شێت و هار کەوتووە.

ئەم تەکنیکە حەواڵەی دەستی ئینسانەتی بکەینەوە هەموو شتێ ڕزگار

دەبێ. چونکە چینێک دەتوانێ بیانی بکەوێ و نامۆییی لێ بکرێ، هار دەبێ. دەبێ بە دڕندە، پشت لە هەموو بەهایەکی مرۆوایەتی دەکا، بەڵام ئینسانەتی تێکرا، نەبیانی دەکەوێ، نەنەخۆشیش دەکەوێ، نەپشت لە هیچ بەهایەکی ئینسانەتی، خۆی هێنابێتی، هەڵدەکا چونکە هەرچی بەها هەیە، بە سەدان هەزار ساڵ خۆی خولقاندوویە، ئەو گەشەی پێ کردووە، ئەو تا ئێرەی بە ئێمە گەیاندووە.

لەسەرێکی ترەوە قسە لە سروشت کوشتن دەکرێ، تەکنیک چۆن خەڵکی ڤێتنام دەکوژێ هەر ئاوهایش سروشت ناکوژێ؟ نموونەیەک بۆ ئەمە دێنمەوە: وڵاتەکەی من، تورکیا ئەمڕۆ لەگەڵ مردن و ژیاندا دەستەوبەرۆک وەستاون. ئەم مردنە نە لە ناوچاوانی تەکنیکەوەیە و نە لە ناوچاوانی هیچ هۆیەکی ترەوەیە. هۆی مردنی وڵاتەکەم، هەموو لە ناوچاوانی بۆرجوای کۆمپرادۆرەوەیە، لە ناوچاوانی بۆرجوای دنیاوەیە. هۆی مەرگ بۆرجوایە. وڵاتی تورکیا، پارچە خاکێکی گەورە و فرەوان، نیوە ئادێنەیەکە. سێ دەریا، دەریایەکی ئەندەروون و چەندین گۆلی هەن. گوێ دەریاکانی تورکیا، سەرلەبەر بە لێڕەوار تەندراون. تورکیا، ئەمڕۆ تەنیا ١٠٪ی لێڕەوار بوو. لێزانانی زانست وایان دەگوت. هەرێمی تورکیا خۆیشی هەر گیانێکی بەم شریتە لێڕەوارە گوێ دەریایانەیە. وا بڕوا، بەم زووانە، ئەم لێڕەواری گوێ دەریایانە، بەرەبەرە دەبڕێنەوە، لە دوارۆژێکی زۆر نزیکدا کار وا بڕوا، تورکیا لە پارچە سەنگجارێکی دنیا بەولاوە هیچی تری لێ بەجێ نامێنێ. ماوەیەکی زۆر کورت لەمەوپێش دەریاکانی تورکیا، بە تایبەت دەریای مەڕمەڕە، هەریەکە دەبۆیەکی ماسی بوو بۆ خۆی، کەچی ئێستا وا خەریکە ماسی لە دەریاکانماندا بەرەو نەمان دەچێ. هۆی سەرلەبەری مردنی ئەم بەروبووی هەموو خاکە، بەروبووی هەموو لە ئینسانەتی بەدەرەوەیە کە بۆرجوا دای مەزراندووە. بە نموونە: نۆ میلیۆن گوندی لە لێڕەوارەکانی تورکیادا دەژین. ئەم نۆ میلیۆن گوندییە خۆیان و بزنەکانیان بە تاقی تەنیا لەم لێڕەوارانەدا دەژین.

ئەوەی هەڵی دەتەکێنێ و دەیچینێ هەر لێرەکەیە، ئەوەی هەڵی دەتەکێنێ و دەیفرۆشێ هەر لێرەکەیە، ئەوەی زستان دەیسووتێنێ هەر لێرەکەیە، ئەوەی دەیخوا هەر لێرەکەیە. ئەوەی دەیخواتەوە هەر لێرەکەیە. لەسەرێکی ترەوە شیرکەت و کۆمپانیای زەلام زەلام لێرەوار دەخۆن و دەیانبڕنەوە. بۆرجوای کۆمپرادۆر هەر لە پێناوی دەسەلات وەدەستهێنان و فەرمانڕەواییدا بێ ئەوەی بیر لە دوو ساڵی دوایی بکرێتەوە، چاو لەو هەموو وڵات وێرانکردن و لێڕەوار لەناوبردنەی دەستە و دایەرەی سەربەخۆیان دەپۆشن، خەڵکی ناچاری تورکیا و بۆرجوای تورک بەشێکی سروشتی دنیا وێران و خاپوور دەکەن. لەلایەکی ترەوە جۆرە ڕاوەماسییەک لە تورکیا داکەوتووە، سەرلەبەری کان و کانگای ماسی وێران دەکا. بە نموونە: لەم ڕاوەماسییەدا، بۆ یەک تاکە ماسی دە هەزار ماسی لەناو دەبرێ. بۆرجوای کۆمپرادۆری تورک هەقی دەریا کوشتنی بەم سەرمایەدارانەی سەربەخۆی داوە. ئەوەی لە پشت ئەم بۆرجوایەوەیە و دەستی بەسەر فەرمانڕەوایی تورکیادا گرتووە بۆرجوای ئەمەریکایە، خەڵکی تورکیا، کە هەموو ساڵێ لە میلیۆنێ پتر زیاد دەکا و زەوی و خاکەکەی ساڵێ نزیکەی یەک میلیۆن مەتر چوارگۆشە بەداخزان لەناو دەچێ، بەم نزیکانە لەگەڵ برسێتیدا ڕووبەڕوو دەوەستێ. ئەمەیش بە پیشەسازکردنی وڵاتەکە پینە و پەڕۆ ناکرێ و هیچ لە باری مەسەلەکە ڕاست ناکاتەوە. چونکە ئێرانیش هەر وایە و یۆنانستانیش هەر بەو دەردە چووە و هەرچی وڵاتی کەم فراژیی ژێردەستەی بۆرجوای کۆمپرادۆریشە هەر وایە. پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان دەست بەسەر ئەم بارە بەسامەدا بگرێ. سەر زەوی لە وڵاتە کەم فراژییەکانی جیهاندا بەرەنگاری بێ بژێوییەکی بەسام بووە. ئەمەیش خەتای تەکنۆلۆجی نییە، خەتای بیانی کەوتنی تەکنیکە، خەتای ئەوەیە کە تەکنیک دەست بەشێ ئادەمزادی لە ئینسانەتی داشۆراو کەوتووە.

ئەمە چەندین ساڵە من ئەم (ecosid)ە بەسامەی تورکیام لە ریپۆرتاجەکانمدا، لە ڕۆژنامەکەدا دەردەبڕم. ئەمە چەندین ساڵە ئەم (ecosid) لە ڕۆمانێکی پێنج بەرگدا دەنووسم.

* تۆ بڵێی نووسەرێ هەبێ لە وشاری تەکنۆلۆجی ڕزگاری ببێ؟

– وشاری تەکنۆلۆجی بۆ نووسەرێ، بۆ ئەم چەرخەمان، بابەتی قسە و لێدوان نییە. هەرکەسێ پێی وابێ تەکنۆلۆجی وشار دەکا، سامی ڕێ نیشتووە، مەزنەکردنی تەکنۆلۆجیبوون بە وشار، سامێکە لە سەردەمی تۆلستۆیەوە بە میرات ماوەتەوە. تەکنۆلۆجی، لەبەرئەوەی کە ئەو سەردەمە هێشتا شتێکی نوێبارتر بووە، بڕێ نووسەری ترساندووە. تەکنۆلۆجی لە ڕووی دوواڕۆژی مرۆوایەتییەوە، لە پڕ تاخمێ ئینسانی نیگەران کردووە. ئەم هەیولا گەشەکردووە لە سەرەتاوە، هەڵبەتە ڕووداوێکی بە سام بوو لە ڕواڵەتدا. لە سەرێکیشەوە بڕوانی، ئەوەی گوتیان و پێیان وابوو، بە ڕاست گەڕا. تەکنیک لە جیاتی ئەوەی بێ مرۆ بەختەوەر کا، لە بری ئەوەی جوانترین ڕووپەڕی پێشکەوتی مرۆوایەتی بێ، کەچی ئینسانی کرد بە دیل و بەندە و ئینسان لە ناوچاوانی تەکنیکەوە تووشی زوڵم و زۆری وا بوو نەدیتراوە و نەبیستراوە.

من هیچ وشارێکی خراپی تەکنیکم بە خۆمەوە نەدیت و نایبینم. تەکنیک بە لای منەوە، وەک پەرجووێک، وەک ئەفسوونێ دەچێ. زۆربەی خەڵکیش سەرەڕای ئەم هەموو زەرەر و زیانەی لە تەکنیکیان دیوە، ئەوانیش تەکنیک وەک پەرجووێک، وەک ئەفسوونێ دەبینن. بێتو تەکنیک دەست خەڵکەکە کەوێ، تەکنیکیش و نووسەرانیش و هونەرمەندانیش ئازاد دەبن. بیانی کەوتن، لە ڕەسەنایەتی کەوتن، ونکردنی بەهای ئینسان عونسووری هەرە گەورەن. ئەو عونسوورە هەرە گەورانەن کە کۆسپ و تەگەرە دەخەنە بەر بەهرەی داهێنان و خوڵقاندنی مرۆ. خەڵک لە تەکنۆلۆجیی ئازاد بیانی کەوتن، لە ڕەسەنایەتی داشۆران، لە ئینسانەتی دۆڕاندن ئازاد دەبێ. مرۆوایەتی لە هەموو وشارێکی کە کۆسپ دەخەنە بەر تاو و گوڕی خوڵقاندن و داهێنان، پاک و خاوێن دەبێتەوە.

مەکینە دەست ئینسانان بکەوێ هیچ وشار و زەرەر و زیانێکی لەسەر

ئینسانەتی نابێ، بە پێچەوانەوە ئادەمیزاد لە زیانی مەنفیی سروشت ڕزگار دەکا. گەزەن و زیانی تەکنیک بۆ مرۆ و سروشت هەر بە تەکنیکەکە خۆی لادەبرێ.

* هەست بە بەرەبەرە پەرەساندنی حاکمییەتیی زانست و تەکنۆلۆجی دەکەن؟

– وشاری زانست و تەکنۆلۆجی، ڕاستەوخۆ نەخەڵک هەستیان پێ دەکا و نەنووسەرانیش. ترس و سام، زۆر و ستەم لە ئینسانەتی بەدەریی زانست و تەکنۆلۆجیای بەردەستی بۆرجوازی ئینسانەتی هەموو کاتێ هەستیان پێ دەکا. ڕکی لە زانستیش و تەکنیکیش دەبێتەوە، زانست و تەکنۆلۆجی کاتێکی دەست مرۆوایەتی دەکەون چ تەنگ و چەڵەمەیەک دێننە پێش مرۆوایەتی ئەوە لە ئێستاکەوە ناتوانین هەڵبێنین. نازانین، لەوانەیە شتێکی لێ هەڵکرێنین. بەلای منەوە، مرۆوایەتی لە سەدان هەزار بەملاوە چۆن لەگەڵ سروشتدا برایانە دەری بردووە، هەر لەگەڵ تەکنۆلۆجیدا، لەگەڵ زانستیشدا برایانەتر دەردەبا و هەڵدەکا. تەکنۆلۆجی و زانست مرۆوایەتی لە هەموو جۆرە بیانی کەوتنێ قوتار دەکا، ئادەمیزاد سەرلەنوێ لەگەڵ خۆیدا، لەگەڵ بەهرەی داهێناندا دەست لەملان و شاد و شوکور دەکاتەوە. زەرەر و زیانی ئەمێستاکەی ئادەمزاد، جەفا و مەینەتییەکی تا ئێستا کێشاویە، لە بەرچاو ناگرین.

* لەبارەی ڕادیۆ و سینەما و تەلەڤزیۆن کار لە ئەدەبیات کردنەوە چ بیر دەکەنەوە؟

– هەر عونسوورێکی تازە دێتە دنیاوە مرۆوایەتییەکەمانی پێ دەوڵەمەند دەبێ، ئەمرۆکە، لەم چەرخە مەنفییەشدا، دەبینین شتی نوێباو تا چ ئەندازەیەک مرۆوایەتیی پێ دەوڵەمەند بووە. سینەما ئەدەبیاتی تەواو پێ دەوڵەمەند بووە، ئاسۆی تازە تازەیی بۆ خستووەتە سەرپشت، هەل و دەرفەتی نوێ نوێی پێ بەخشیوە. ئەو تەکنیکەی، تەکنیکی سینەما بە ڕۆمانی

بەخشیوە لەوانە نییە بە هەل و دەرفەتێکی کەم و بێ پێز بزاندرێ. بێتو تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ دەست مرۆوایەتی بکەون، نەکرێن بە ئامێری سوود و قازانجی چینێک، بۆ پڕوپاگەندەی چینێ بەکار نەهێندرێن، لە بڵاوبوونەوەی ئەدەبیاتدا بەناو جەماوەری بەربڵاودا دەبن بەهۆی زۆر بەکار. تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ کە ئەو دنیا پان و بەرینەت، دەنگ و ڕەنگەوە لە بەرگوێ و لە بەرچاوان بۆ هەڵدەخەن، سینەما و تەلەڤزیۆن کە تا ڕادەی مانگ پیشاندانیان بۆ ڕەخساندووین، هەروەها بۆ لەدایکبوونی ئەدەبیاتێکی تازە و ڕوخت و ڕاستەقانی، بۆ سنوور و کەوشەن پان و هەراوکردنەوەی، بۆ دەرفەت و ئیمکاناتی نوێ پێ بەخشینی، سوود و کەڵکی زۆری دەبێ.

ئێمە ئاگامان لەوە هەیە کە هەروەک سینەما و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن پێویستن، کتێبیش، تەنانەت فرۆتنیشی بە ئاکامی بە هونەرەوە گلانی، سەد لە سەد فەرقی کردووە. بەلای منەوە، ئەم تازە کوورە و نوێباوانە، بە پێچەوانەی زۆر کەسەوە، هیچ زیانێ بە ئەدەبیات نابەخشن، لە جیاتی زیان، بگرە سوود و قازانجیان هەیە.

* کەرەستەیەکی زۆری ڕۆمان هێند لە سینەما و تەلەڤزیۆندا دەجوورێنەوە وەختە بڵێم هەر بە جارێ سواون و لە کەڵک کەوتوون... بەلای ئێوەوە تۆ بڵێی، ڕۆژێ بێ، کتێب ئەرکی خۆی بدۆڕێنێ؟

– ڕاستە، سینەما و تەلەڤزیۆن برێ کەرەستەی زۆر کتێبانی کۆن کردووە و گەیاندوونیە ڕادەی سووان و بۆ ئەوە ناشێن جارێکی تر لە کار کرێنەوە. من هیچ کاتێ زیان لەمەدا نابینم. سووان و لە کەڵکی بەکارهێنان کەوتن عەمارەپووبوونی کەرەستەیێ، تا زووە، بەهۆی سینەما و تەلەڤزیۆنەوە لەناوچوونی شتێکی زۆر بە سوود و پیرۆزە بۆ دەوڵەمەندیی مرۆ، بۆ بەهرەی داهێنانی مرۆ. ئەدەبیات لەم ڕوانگەیەوە، هەل و دەرفەتی بەربڵاوتر، تازەتر بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا، کە پێمان وابوو ئەدەبیات بەرەو بوحرانێ دەڕوا، لەمەوە سەری هەڵداوە. ئەدەبیات، هونەر لە ئیمکاناتی تازە،

له دنیای تازه، له ئاسۆی نەفسیی تازە، لە زەمانی تازە، لە ڕشت و شێوازی تازە دەگەڕێن بۆ خۆیان. ئەدەبیات لە کەرەستەی نوێ دەگەڕێ بۆ خۆی سینەما و تەلەڤزیۆن کە تەنگیان بە ئەدەبیات هەڵچنیوە و بەرەو ئیمکاناتی تازەی ڕادەدا، بۆ مرۆوایەتی شتێکی زۆر چاک و پیرۆزە. خۆ بێتو ئەدەبیات لەگەڵ سینەما و تەلەڤزیۆندا دەسیاوی و هاوکاری پێک بێنێ، ئەوە بۆ ئەدەبیات خۆیشی و بۆ سینەمایش و بۆ تەلەڤزیۆنیش زۆر بەکەڵک دەبێ. هەرسێ عونسوورەکە کار لێک دەکەن. لە سۆنگەی کار لێککردنی هەرسێ عونسوورەکە، ئیمکانات بەرەو فرەوانی و دەوڵەمەندی وەحەوزەڵ دەکەوێ. سینەما و تەلەڤزیۆن جێگەی کتێب لە ژیانی مرۆدا پتر دەچەسپێنن.

* هێندێ ڕۆماننووسی هاوچەرخ نەخشە و بەرنامەڕێژییان دەلا خستووە و بار و بوخچەی کات و شوێنیان بە جارێ پێچاوەتەوە. ئەمە بەلای ئێوەوە جۆرە هەڵاتنێکە لە ڕاستین و کۆڵ و بارەکانی ژیان، یا تەنیا تەکنیکێکی تازەیە؟

– ڕۆماننووسانی تازەی مرۆوایەتیی جیهانی دەوڵەمەندبووی گەشەکردووی لەگەڵ ئیمکاناتی نوێدا ڕووبەڕوو وەستاون، لە پێناوی ئەوەدا مرۆوایەتیی بەڕاستینە تازەکانی بگا، ناچارن بە لاس و پەڵاسدا دەچن. ڕۆماننووس لە دنیایەکی بەم ئەندازەیە بەگەشە کەوتووبێ و هێند دەوڵەمەند بووبێ و گەورە بووبێ و زۆر بووبێتەوە، ناچارە بەشێوەی جۆراوجۆر لە دنیاکەمان و لە ڕاستییەکەمان بگەڕێ. من کات و شوێن پێوەست پێکردنی ڕۆماننووسانی لێشاوی تازە بە هەڵاتن دانانێم. بگرە ئەمە جۆرە ڕەوتێکە بەسەر کۆڵ و باری ژیاندا. لە پاشان کێ ناڵێ ئەم ڕێبازی ڕۆماننووسە تازانە، کە ئێمە بە هەڵاتنی دادەنێین، یا بە نیشانەی هەڵاتنی دەخوێنینەوە ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵە نییە تێیدا دەژین، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێ بیانی کەوتەی لە ڕەسەنایەتیی داشۆراوی بۆرجوا و بۆرجوای بچووک نییە. ئەی ئەمە ڕەنگدانەوەی کات و شوێن ونکردنی کۆمەڵە مرۆیەکی لە سروشت دابڕاو، لە مەکینە دابڕاو لە

کۆمەڵگەی ئینسان، بیەوێ و نەیەوێ، دابڕاو نییە، چییە؟ هەڵبەتە هەڵاتنی مێشکیش هەیە، خۆ بە پەنا و پەسێودانی مێشکیش هەیە. لە ڕاستەقانێیتیی ژیان هەڵاتن، لە بارگرانیی ژیان هەڵاتن کارێکی کۆن و دێرینە. یەک لە تاریفەکانی ئینسان ئەوەیە کە گووراوێکی ئەفسانەداهێنە، هەرچی ئەفسانەیشە، خۆ بۆ هەموو سەردەمێ هەر هەڵاتن و سەرخۆهەڵگرتنە. ئەو جێگەیەی لە پاش بێ ڤیناتی و کوڵ و باری قورس و گران پەنای پێ دەبرێ ئەفسانەیە. کێ ناڵێ ڕۆماننووسە تازەکان بە بەتاڵکردنەوەی کات و شوێن ئەفسانەی هەڵاتن و سەربەخۆ هەڵگرتنێکی تر هەڵنابەستن و پەنا وەبەر ئەفسانەی بێ کاتی و بێ شوێنی نابەن.

من لە ڕۆماننووسە تازەکاندا بەرانبەر بەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین توورەییییەکی لە چارەبەدەر دەبینم. ڕۆمانی تازە بە بتوونییەوەی، بە تەکنیکیەوەی، بە خوتی خۆیەوەی، بەلای منەوە یاخیبوون و سەرکێشییەکە.

لەم ساڵانەی دواییدا درەوشانەوە و لە پڕ کوژانەوەی ڕۆمانی تازە، نەمان و لە تۆمەری نەمانی ئەوە ناگەیێنێ کە شتێکی دەستکرد و داتاشراوە. من لام وایە ڕۆمانی تازە، ئەوەندەی خوێندوومەوە و لێی دەزانم، دەنگی ناچاری و ناگوزوورییەکە. پێم وایە ڕۆمانی تازە لەم بیست ساڵەی دواییدا کە دادێ، ڕێبازی خۆی دەدۆزێتەوە. من مەزەن ناکەم ئەم هەموو هەوراز و نشێوکردنە، ئەم بەوراز هەڵکشێنە خاوەن کەسانی زۆر بە بەها و ژێهاتییە، سەڵت و قوڵت تەنیا هەر بۆ لە تەکنیک گەڕان بێ. لە وڵاتێکی کەم فراژی کردوودا ناچاری و ناگوزووریی ئەوتۆ هەن، تەنانەت پاڵ بە منیشەوە دەنێن لە سنووری ڕۆمانی لەباو بترازێم. من کە بە جۆرێ لەگەڵ شێوازی ئابووریی تازەدا، لەگەڵ شێوازی کۆمەڵایەتیی تازەدا، لەگەڵ شێوازی سایکۆلۆجییەتیی تازەدا ڕووبەڕوو دێم، بە تەکنیکە کۆنە لە باوەکان، لەو ئینسانانەی لەگەڵیاندا دەژیم، نادوێم. باشە، ئەمە منێ بەرەو تەکنیکێکی تازە، بەرەو دەربڕینێکی تازە، بەرەو داوودەزگایەکی تازە ناچار بکا، ئەی چی لە ڕۆماننووسی وڵاتە پێشکەوتەکان ناکا. ئەگەر گەشە و پەرەساندنی تازە، ئەو هەل و دەرفەتە

تازانەی بۆ مرۆ هەڵدەکەون، ڕۆماننووسان بەرەو ئەوە ڕادەن، لە دنیای تازە بگەڕێن، ئەوە بۆ ئەدەبیات شتێکە بەدەگمەن هەڵدەکەوێ.

سنووربەزاندنی ڕۆمانی لەباو ناچارییەکە. دنیاکەمان، هەموو ڕۆژێ یا نموونەی ئینسانی لەبار (ایجابي) یا نموونەی ئینسانی نالەبار (سلبي) دەخولقێنێ. ئەو مەسەلانەی لە بەردەم ئینسانییەتدا زەق دەبنەوە، هەموو ڕۆژێ، بەرەبەرە زیاد دەکەن. خۆ ئیتر کار لەوە ترازاوە هونەر لە تەکنیکێکدا، یا لە چەند تەکنیکدا زیندان بکرێ. بەلای منەوە، بەرانبەر بەم تاوە سەرسووڕێنە لێکۆڵینەوەی ڕۆماننووسە تازەکانیش، تەنانەت سنوور بەزاندنیشیان هێشتا هەر سست و کزە. دەبوو دەستمان دابا لێکۆڵینەوەی زۆرتر و جۆراوجۆرتر و دەوڵەمەندتر. من تەنانەت ئەزموون و تاقیکردنەوەی ڕۆماننووسە تازەکان بەکەم و یەکفەوا دەبینم. دەبوو پێمان لە ئیمکاناتی تەرزتر داگرتبا. نەک هەر ڕۆماننووسە تازەکان، هەموویان. بەداخەوە هونەری ڕۆمان موحافەزەکارترین هونەرە. چونکە لە سەدا سەد بە پێشکەوتنی مرۆوایەتییەوە بەندە. هیچ کاتێ وەک تەکنیک لە نوای مرۆوایەتییەوە ناڕوا. تەنانەت وەک شێوازیش... من لەبەر ئەمە ئەگەر کاری ڕۆماننووسە تازەکان بە زۆر تەرز و زۆر چەشنیش نەبینم، لێکۆڵینەوەکانیان بە کەوشەن و سنووریش بن، هەر پیرۆزباییان لێ دەکەم. ئاواتی هەرە گەورەم ئەوەیە کە سەرکەوتنەکانیان گورج و خێرا بەدی بێن.

* لەگەڵ تەکنیکدا (شێواز، بیچم، هتد.) زانستانە تا چ ڕادەیەک هاوپێوەندن؟

– شتێکی ئاشکرایە، شتێکە زۆر گوتراوە. با منیش بیڵێم. ئینسانی تازە کەرەستەی تازە و بیچمی تازە دێنێتە گۆڕێ، ئەمە ناچارییە، لێ هەلاتنی بۆ نییە. من وەک وریا و دریایەک لە بیچمی نوێ دەگەڕێم. ئەو شتانەی ڕۆماننووسانی چەرخەکەمان دایان هێناوە زۆریان لەسەر دەوەستم. بیر لە لێکۆڵینەوەی شێوازە کلاسیکەکانیان، لە جیاوازی و فەرقی شێوازەکانیان، لە

لێکۆڵینەوەی ڕشت و بیچمەکانیان، لە جیاوازیی بیچمەکانیان، بیر لەمانە هەمــوو دەکــەمــەوە. لە پاشــان، زۆر لە تایبــەتەکـانـی دەوروبەری خـــۆم، لە تایبەتیەتیی خۆم دەفکرم. زۆر هەوڵ دەدەم تا دوا پلە لەگەڵ خۆمدا بمێنمەوە و بە خۆمەوە بگیرسێمەوە. بڕوام بەوەیە کە هەر ئەمە بیچم و شێوازی خوتی خـۆم بۆ دەرەخـسێنێ. زۆر لەسـەر بیـچم و شـێوەی دەربڕیـن و قسـەکـردنی دەوروبەری خۆم ڕادەمێنم و لەسەریان دەوەستم. لە هەرەتی لاوێتیشمدا، وەک پیـاوێکی زانا گـەلێکم کـار لەسـەر بیـچـمـی دەربڕین کـرد. ئەنەدۆڵ جـێگەی چووزەرەکردنی زۆر بیچمە دەربڕینـی تەرز و جۆراوجۆر و دەوڵەمەندبوونی فرە قسە ڕەنگینییە. قسەڕەنگینی لە ناو خەڵکی ئەنەدۆڵدا داو و دەسـتـوورێکی گەورە و هەمەچەشنەی هەیە. لە یۆنانسـتانی کۆنەوە بگرە تـا هیندسـتان، لە فریکی کۆنەوە بگرە تـا هیتیت، پاشەڕۆی دەربڕین و داسـتـان و ئەفسانەی زۆر ئاوەدانی (حـضــارة) ئەمـڕۆکـە بە ئاشکرا، لە ئەنەدۆڵ دۆزینەوە. وابزانم لە کەلەپووری دەربڕینی وڵاتەکەم گەیشتن، بە بیچم و شێواز گەیشتنی، بیچم و شـــێـــواز دەربڕینێکی نوێ بۆ من بەدی دەهێنێ. پێش ئەوەی دەست بە ڕۆماننووسین بکەم خولیای بە دوای بیچمی دەربڕیندا هەڵوەدابوونم تێدا بوو.

* کێهە نووسەر لە هەمووان پتر کاری لە نووسینەکانت کردووە؟

– ژمـاردنی یەکـە بەیەکـەی ئەو نـووسـەرانەی کـاریان تێ کـردووم کـارێکی سەخت و ناهەمـوارە. ئەوانەی ئێسـتاکانێ کوتوپڕ بـە بیرمـدا دێن، دەژمێرم. کـتێـبی (دۆن کـیشـۆت) دەسکەلای دەسـتـمـە. لـە ڕووی بیـچـمــەوە کـەڵکم لە ئەلیکســاندەر دۆمــاس فـیلس وەرگـرتـووە. (ئیلیـادە) و (ئۆدێســە) ئیـرووی وڵاتەکـەی خـۆمـە. وڵاتی مـن، تا ئێسـتـایش، داوونەریتـی داسـتـانبێژیی تێدا دەژی. ئەمـە لە نـاو تورکـمـان و کـورددا لەم وڵاتە زۆر ئـاشکرایە و سێ و دووی لێ ناکرێ[1]. تەنانەت تا ئێسـتایش، نووسەرێکی کە لە هەمـووانم پتر بە دڵەوە چووە ستاندالە. چێخۆفیش کاری تێ کردم، ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا کاری تێ کـردووم نـاڵێم، بەڵام ئـەوی هەست بە خـزمـایەتیـیـەکی نزیکی دەکـەم و

حەیرانی بووم فۆڵکنەری ڕۆماننووسە. ڕاستە قاتیچێتییەکەی فۆڵکنەرم بۆ خۆم خۆماڵ کردووە. کە لەگەڵ ژیانێکیدا بە ئەستووری و خەست و خۆڵی تێیدام، بەراورد دەکەم ڕاستە قایچێتییەکەی فۆڵکنەرم لە هی هەمووان بە ڕاستتر دەبینم. ژیان و گوزەران، بڕوانییە خەڵکی تر، زۆرتر لەوە دەچێ کە فۆڵکنەر دەیڵێ. ئینسانەکانی فۆڵکنەرم زۆر پێ واقیعیتر دێنە پێش چاو، من فۆڵکنەر، وەک هەموو کەس پێی وایە، بەوە نازانم کە وەستایەتی بۆ وەستایەتی دەکا. بەوەی نازانم کە وەستایەتی بۆ ئەوە دەکا پێی بڵێن وەستا. من شێوە دەربڕینی ئەو بەزگماک دەبینم. بە جۆرە هۆمیرۆسێکی دادەنێم. هۆمیرۆس سەردانێکی ئەم چەرخەی کردباین، پێم وایە دەم و دووی وەک دەم و دووی فۆڵکنەر دەبوو. وەک ئەو قسەی دەکرد. بەلای منەوە، هۆمیرۆسیش و فۆڵکنەریش، هەردووکیان لە یەک سەرچاوە ئاو دەخۆنەوە. بە یەک شێواز راز دەر دەبڕن. باری سەرنجی دنیایان زۆر لێک دەچن. لام وایە فۆڵکنەر، نەک هەر ڕۆماننووسی ئەم چەرخەمانە، بگرە داستانبێژی گەورەی ئەم چەرخەیە. لە هەموو ڕوویێکەوە... لە دەستم هاتبا ڕێگەی فۆڵکنەرم وەبەر دەگرت، یا ئەگەر زووترم ناسیبا پترم سوود لێ وەردەگرت. وێڕای ئەوەش لە بوونی داستانبێژێکی گەورەی وا لەم چەرخەدا زۆر منەتبارم. دڵشادم. گەزگەز بالاّ دەکەم.

* ڕیالیزمی سۆسیالیزم، وەک لێشاوێکی ئەدەبی کاری تێ کردووی؟

– کەم ڕۆماننووس هەیە لەم چەرخەدا ڕیالیزمی سۆشیالیزم کاری تێ نەکردبێ، یا بیری لە ڕیالیزمی سۆسیالیزم نەکردبێتەوە. جا سەقەت بێ، هەڵە بێ، لەبار بێ، نەبێ، ڕیالیزمی سۆسیالیزم بیروباوەڕێکە چەرخەکەمان هێناویە. پێم وا نییە زۆری کار تێ کردبم، بەلاّم زۆرم بیر لێ کردەوە. ئەویشم پێ شتێکی دەست هەڵبەست نییە. ئەویش ئیمکانێکە. کام بیر و بڕوا دەگری، کە کۆمەڵ بە وشکەسۆفیەتی دەستەوداوێنی بوو و بەرەو وشکەسۆفیەتی و حەمبەڵیەتی پاڵ پێوە نا، بە دەرخ و لەبەرکردن پێوەی گێژ بوو، ئەوەندەی تر

لایەنە هەڵەکانی لێ ئاشکرا دەبن. ئەگەر هاتوو یاسا و دۆز بوو... خۆ ئەگەر هاتوو بیروباوەڕ، وەک دۆز و ڕەچەتە بەسەر هونەرمەندا، بە زۆری زۆردارەکی داسەپێندرا، ئەوە ئەوساکە ورد و باریک دەگاتە نالەباری (سلبیة).

* بۆچی هێندە تێکەڵ بە سیاسەت بوون؟

– چەندین ساڵ ئەندامیەتیی کۆمیتەی ناوەندی و سەرۆکایەتیی کۆمیتەی پڕوپاگەندەی پارتی سۆسیالیستی کرێکارانی تورکیام کرد. ئەم حزبە لە ساڵی ۱۹۷۲دا داخرا. بۆ ئەوەی سۆسیالیزم بە جەماوەرانی گەورە و بەربلاوی خەڵک گەیەنێ ڕەنجێکی زۆر و زەوەندەی بە خەرج دا. هەروەک لەسەرەوەش گوتم، تا تەکنۆلۆجی و ملکایەتی و فەرمانڕەوایی لە دەست چینی لە ڕەسەنایەتیی داشۆراوی نەخۆشی و بیانی کەوتەدا بمێننەوە، دنیاکەمان لە خراپە ڕزگاری نابێ و حاڵمان لەمە پەرێشانتر دەبێ. جوانترین شتی سەر ئەم دنیایە، کە تیرەی مرۆ ڕەخساندوویە لەناو دەبا. بۆ بەرژەوەندیی تەسک و تروسکی خۆی بەکاریان دێنێ. بۆ کێچێ لێفەیەک دەسووتێنێ. لەبەر شێتی و سەرەڕۆییی خۆی، هەرکە تەنگەتاو دەبێ دنیاکەمان لەناو دەبا. نیشانەی ئەم شێتی و سەرەڕۆییەی، هەموو ڕۆژێ پتر بە دیار دەکەوێ. بۆ ڕزگارکردنی مرۆی چەوساوەی تورکی، بۆ ڕزگارکردنی سروشتی تورکیا، تەنیا هەر هێزی نووسەرایەتی بەش ناکا. نووسەری وڵاتێکی کەم فراژی، نووسەری وڵاتێک کە بە هەموو داراییەکیەوە تووشی بەرەو وێرانبوون، بەرەو خاپوورکران هاتبێ، ناچارە بە کردەوە بچێتە ناو کارەوە. من هەوڵم دا ڕۆماننووسی و سیاسەت، تا حزبەکەم داخرا، یەک بخەم. لەمەوپاشیش کاری سیاسیشم هەر دەبێ. جا بە بەهای چ دەبێ با ببێ. هیوادارم تەواوی هونەرمەندان، بۆ ئەوەی دنیاکەمان لە تۆڕ و داوی وێرانکارییەک قوتار کەین بە کردەوە بەکار بکەوین. هونەرمەندان بەرانبەر بە هەموو شتێ لەم دنیایەدا، هێشتا زۆر بەکارن. خەڵک هەمیشە حیسابیان بۆ دەکا. حیساب بۆ هێز و توانیان دەکا. حیسابی بۆ شیرینکارییان کردووە و لە ڕێز لێنانیان و کرداردا پلە و پایەی هەرە

سەروویان داونێ. هونەرمەندان لە گۆڕینی جیهاندا، گیان بەسەر دەستەوە، دەبن بە هاریکار و یاریدەری خەڵک. دیارە ئەوانەی بۆ گۆڕینی جیهان تێ هەڵناچن، هونەرەکەشیان ناگۆڕێ. ئەوانەی لە ناخی خۆیاندا باوەڕیان بە گۆڕانی جیهان نییە، بۆ گۆڕینی جیهان بەکار نین و کۆمەگی گۆڕینی ناکەن، لە هونەرەکانیشیاندا گۆڕانی گەورە گەورە بەدی ناهێنن. لەمەوپاش وا دەبێ، چونکە جیهان لە سەردەرانەی تێداچوون، گۆڕاندا وەستاوە.

* ئەرکی ڕۆماننووسێ، هونەرمەندێ لە وڵاتێکی کەم فراژیدا چییە؟

– لە وڵاتێکی کەم فراژیدا بوون بە نووسەر، بە کەڵکی چی دێ؟ ئەم پرسیارەم سالانی ساڵ لە خۆم کرد. ماوەیەکی زۆر بڕوام وا بوو کە هونەرمەندایەتی کارێکی لۆکسە و خۆم بە شتێکی بێ بایەخ دەزانی. لە پاشان سارتەریش گوتی، لە وڵاتێکی کەم فراژیدا، پیاو چ ڕۆماننووس بێ، چ فێرکار بێ، وەک یەک وایە. ماوەیەک ئەم بیرە سەرومڕ دای گرتبووم... لە قەڵەم ڕاوەشاندنی ئەو هەموو ساڵەم شەرمەزار بووم. سارتەر هەقی بوو. هونەر چی بۆ ئینسانانی ئازووردە و مەینەت دیدە و برسی و دەسکورت و بێ بژیو دەکرد.. چ سوودێکی دەبوو... ئێگجار بۆ یەکێکی وەک منی بە کردەوە وەخت و کاتی خۆی چۆن بۆ شتێکی بەکارنەهاتووی وا بە خەرج دەدا؟ بەڕاستی ماوەیەک بۆژە بووم. بەڵام کار و کردەوە، پەیدا بوون و خوڵقان بە خۆی هێنامەوە بەو سەرەنجامە گەیشتم کە هونەر بۆ وڵاتێکی کەم فراژیش پێویستە و ئیدی ئۆقرەم هاتێ و ئارامم گرت. ڕۆمان چەند بۆ فرەنسا پێویستە بۆ ئێمەیش ئەوەندە پێویستە. ئەوەی وەک ڕۆماننووسێ بەسەرم هاتووە، لە زۆر وڵاتی کەم فراژیدا بەسەر هیچ کەسێ نەهاتووە. ئەو هەموو چەرمەسەرییەی حوکمڕانانی تورکیا بەسەریان هێناوم، هەر لەبەرئەوەیە، چونکە نووسەرم. لەبەر ئەوە نییە کە کارێکی سیاسییە بەسەرم هاتووە.

ئەو زوڵم و زۆرە لە مرۆوایەتی بەدەرەی، بە درێژاییی ژیانێ، لەسەر دەستی حوکمڕانانی تورکیام چێشتووە ناکرێ هەمووی هەڵڕێژم. زۆری دەوێ. ئەم

زوڵم و زۆرەیان هەر تەنیا لەبەر ئەوە لێ کردم، چونکە لەگەڵ گەلەکەمدا یەکم گرت، بووم بە نووسەری. ئەو زوڵم و زۆرەی لەم بیست ساڵەی دواییدا لێم کراوە بێتو ڕۆژێ لە ڕۆژان بینووسم، هەر بەڕاستی ئینسانەتی لە ئینسانەتیی خۆی شەرمەزار دەبێ. ئەوانەی لەم هەشت مانگەی دواییدا بە من کراون، لەو ڕووەوە کە نووسەرێ لە وڵاتێکی کەم فراژیدا چیی بەسەر دەهێندرێ، سەرنج بزێون. (١) لە مانگی مایسدا بێ پرس و پرسیار گیرام. مانگێ لە ژوورەوە بووم. لە پاشان بێ ئەوەی هیچ بگوترێ بەردرام. (٢) پاش ئەوەی لە زیندان دەرچووم، دوای چەند ڕۆژێ، هەژدە مانگیان حوکم دام. ئەمەیش هەر لەسەر ئەوەی کتێبێکی ئەمیلە برۆنتیم وەرگێڕابوو. (٣) ژنەکەمیان، بێ ئەوەی هیچ وەختێ، بە هیچ ڕەنگێ، خۆی لە قەرەی کارێکی سیاسی دابێ و تەنیا هەر سەبارەت بەوە ڕۆمانەکانی کردووم بە ئینگلیزی و ژنی منە، بە سەیر و سەمەرەترین ئیدیعای دنیا و گەڕ و فزیی نامرۆیانە، چوار مانگیان خستە ژوورێ. مەحکەمەکەی تا ئێستاش هەروا درێژەی هەیە. (٤) ڕۆمانی (ئینجە مەمەد)م، کە لە تورکیا بە برەوترین ڕۆمان دادەنرێ و هەر بەرناکەوێ، بڕبڕ، بە ڕادیۆ بڵاو دەکرایەوە. لە شەشەم ڕۆژی بڵاوکردنەوەیدا یاساخ کرا. هەر ئەو ڕۆمانە فیلمی سینەماکەیشی لە تورکیا قەدەغە کرا. بەشێکی زۆری نووسینەکانم کە بۆ سینەما ئامادە دەکران، ڕاگیران. لە کاتی بچووکترین هەرا و بزاوتی خەڵکدا پۆلیس بە هەیت و هووت و خۆپیشاندانێکی سەیر و سەمەرەوە ماڵەکەیان کون بەکون پشکنیم. لەم هەشت مانگەی دواییدا ماڵەکەم سێ جار، کتێب بەکتێب، کون و کەلێن گەڕان. (٥) لە تورکیا هیچ قانوونێ نییە لەمەوپاش داکۆکێ لە من بکا. یاسا و دۆزی چینی فەرمانڕەوای تورکیا، لە هیچ ڕوویەکەوە لە بەرژەوەندیی من نییە، لە تورکیا دەتوانرێ هەموو شتێ لە من بکرێ... ئەمە بە قانوونی ئەو وڵاتە بێ قانوونی نییە. چونکە من نووسەری گەلەکەمم. گوناهم هەبێ نەبێ، هەر کاتێکی ویستیان دەتوانن بمگرن، ڕەهەندەم کەن، ماڵم بپشکنن... بۆ کردنی ئەمەیش پێویست بە هیچ ڕوخسەتنامەیەک ناکا... ئەمانە هەموو، ئەم

زوڵم و زۆرەی لە من دەکرێ وا دەگەیەنێ کە ئەدەبیات لە وڵاتێکی کەم فراژیدا بە کاری شتێک دێ. ئەدەبیات لەم جۆرە شوێنانە بەکار نەهاتایە، چینی حوکمڕانێک ئێگجار بەو جۆرە دەکەوتنە گیان و وێزەی هونەرمەندێ؟.. قەت یاسا و دۆزی خۆی بەو ڕەنگە پێخوست دەکرد، بۆ زوڵم و زۆرکردن لە ئینسانێ، بۆ ئازار و ئەشکەنجەدانی ئینسانێک خۆی بەم حاڵە دەگەیاند؟ کەواتا ئەدەبیات لە وڵاتێکی کەم فراژیدا زۆر بەکارە. بۆ ئیسپاتی ئەمە، لەوەی بەسەرم هاتووە زۆر دڵشادم، ئێستا زۆرم دڵ خۆشە. کەواتا ئەدەبیاتەکەم بەکار دێ، کەواتا ئەدەبیاتێکی، ڕک و کینەی چینی حوکمڕانم بەم ڕادەیە تووش کا، لە وڵاتێکی کەم فراژیدا زۆر بەکار دێ. ئەو زوڵم و زۆرەی بە من کراوە سارتەریش و منیش بە درۆ دەخاتەوە. لەبەر ئەوە دەبێ پتر خۆ بە ئەدەبیاتەوە هەڵاواسین.

١- یەشار کەمال لە وتارێکدا بەناوی (hakasigi) زۆر بە درێژی باسی داستانبێژیی کورد دەکا. لە وتارێکدا کە بە کوردی بڵاو بووەتەوە و لەسەر داستانبێژیی نازم حیکمەت دەدوێ، داستانی گەورەی ئەحمەدی خانیی نەمری بەنموونە هێناوەتەوە لە ئەدەبیاتی کورددا. (وەرگێر)

کاروان، ژمارە ٧ نیسانی ١٩٨٣

مەسەلە کڕین و فرۆشتنە

عەزیز نەسین

تەلەفۆنیان بۆ دایەرە کرد:

– ئەرێ کاک حەسەن لەوێیە؟

– فەرموون خۆیەتی قسە بکەن.

– زاتی عالیتان؟ ببوورن نارەحەتم کردن. بەندەتان.

گەلۆ کە ئەم (زاتی عالیتان) و (بەندەتان)ە دەبیەم، هەر دەڵێی بەلبادم سەر دەبڕن.

– ئەستەغفیرولڵا.

– من خاوەنی کۆواری (هونەرە هەڵبژاردەکان)م.

– زۆر بەجێیە...

– دەمەوێ بتانبینم. نازانم پێتان دەکرێ؟

لە کابرا وابوو منیش یەک لەو عالەمولڵایەم.

– بۆ ناکرێ هەر کاتێ، دەڵێن ئامادەم.

– سبەینێ سەعات چوار لە شەوچەرەخانەی ئایلان یەکتر ببینین؟

– ئەو شوێنە لە کوێیە؟

– ئاوها!!!... نایزانن؟

– نەخێر...

– چەتین یوکسەلی شاعیر، عەلی جەمال، حوسەین کەمالی چیرۆکنووس، خۆ هەموو لەوێ برشیان هەڵێناوە، چۆن نازانی.

بڕیارمان دا سبەینێ سەعات چوار لە شەوچەرەخانەی ئایلان یەکتر ببینین.

هەر ئەو ڕۆژە کاغەزێکیشم بۆ هاتبوو:

«کاک حەسەن کارێکی زۆر گرینگم پێتە، ڕۆژی هەینی چاوەنۆڕتم، تکا دەکەم تەشریف بێنن بۆ ماڵەوە، ئیدی خۆشیتان».

کوڕینە من نووسەرێکی وا نیم کە تەلەفۆن و مەلەفۆنم بۆ بکرێ و لەملا و لەولاوە کاغەزم بۆ بنووسرێ، بەڵام ڕاوەستن، با لە پێشدا خۆمتان پێشکێش بکەم. لە بەژن و باڵادا ناشکوری نەبێ هێندە کورتەبنەم هەر کچێ بمبینێ کوتوپڕ تووشی نەخۆشیی ناهۆمیدی دەبێ، قژم وەکو سەربازی عەجەم نەدەچێتە ڕیز و نەباری خۆی دەگرێ. ڕاستییەکەیتان گەرەکە، ئەگەر کار و پیشەی پیاو بەدەم و چاویدا دیار بێ، لە شاگرد قەسابێکی لاکۆڵانان پتر دەچم نەک نووسەر. هێندە بەتەنگ جلوبەرگیشەوە نایەم. پێم وایە بەرگ هەر ئەوەندەی کە پیاوی مەدەنی بەشوورەییی دەزانی داپۆشێ، لە سەرما و گەرمات بپارێزێ، بەبەرت ڕەحەت بێ بەسە.

سەندەلییەکانم بێ گۆرەوی لە پێ کرد. پانتۆڵە کەتانە چۆک ئاوساوەکەم لە لنگ هەڵکێشا، کراسێکی قۆڵ کورت. ئەفەندی هەی ئەفەندی.

لە ڕێگا تووشی دۆستێک بووم، گوتی:

– لە ئایلان خاوەنی هونەرە هەڵبژاردەکان چاوەڕوانت دەکا.

بەتەمایە وتار بۆ کۆوارەکەی بنووسی، تۆ بڵێی بەسەت لیرەم بۆ بنووسێ.

– منیش بۆ ئەوێ دەچم.

لە ئایلان چوومە ژوورەوە. لەوانەی دانیشتبوون کێهەیان هەو بوو؟

شەیتان بە نەحلەت بی، نەمزانی لە تەلەفۆنەکەدا پێی بڵێم، گوڵەمێخەکێکی سوور، وەکو لە ئیعلانی (بەکاغەز ژن داخوازیکردن)ی ڕۆژنامەکاندا، بە بەرسنگیدا بکا و بیناسمەوە... سەیر دەکەم هەرچی خاوەن کۆواری بێ برەو هەن، لەوانەی هیچیان لە هەزار دانە پتریان لێ نافرۆشرێ لەگەڵ برێ شاعیر

و چیرۆکنووس و هونەرمەندی دەست و پێ سپی کە هیچ کارێکی تریان لە دەس نایێ و پێشیان وایە دەبێ لە سەرانسەری وڵاتدا بناسرێن هەمیشە وەکو جلە کۆن لەوێ کەوتوون. یەکە بەیەکەی شەوچەرەخانەکەم بەچاو بێژا.

– گوتم دەبێ ئەو ڕۆشنبیرڕەنگە سەرڕووتاوەیە بێ، کە دەستەوارەیەک کتێب و کۆوار لەسەر مێزەکەی ڕیز کراوە و سبیلێ بەدەمیەوەیە.

– ئێوە خاوەنی هونەرە هەڵبژاردەکانن؟

کابرا دەبێ بەبەردەست و مەردەستی شەوچەرەخانەکەی زانیبم، لێم مۆڕ بووەوە.

– منم، چ بووە، چت دەوێ؟

ئارەقێکی شین و مۆرم دەردا.

– هیچ...

– لەسەر تەلەفۆن داوام دەکەن؟

– نەخێر... بڕیار وابوو لێرە بەخزمەت بگەین. من حەسەنم.

– کام حەسەن؟

دەوجا وەرە...

– ئەی دوێنێ بەتەلەفۆن بەخزمەت نەگەیشتین...

– ها!!!، ئەوە ئێوەن؟

ئیدی وەکو بەجارێ بشڵەژێ.

– فە... فە... فەرموون!

جارێ سەیری پێوپلی بێ گۆرەویم دەکا، جارێ لە سەر و قژی بژ و ئاڵۆزکاویم دەنۆڕێ، دیاربوو بەدڵی نەبووم.

– ئەو نووسینانە ئێوە دەیاننووسن؟

– بەڵێ، من دەیاننووسم.

– هەر بەڕاستی ئێوە دەیاننووسن؟

– بەخوا من دەیاننووسم، بەهەزار پێغەمبەر من دەیاننووسم، هەردوو چاوم کوێر بێ...

– بەڕاستی سەیرە...

– لە شەرەف بێ بەری بم من دەیاننووسم.

دەی بەشکو بڵێ «ئەگەر ڕاست دەکەی ئەمە گەز و ئەوە چاو، دە لە پێش چاوم دانەیەکم بۆ بنووسە»!

هەندێ جار دەڵێ: «ئێوە» و دوایی سەیرێکی سەر و سەکوت و شان و شەپێلکم دەکا، بادەداتەوە دەڵێ «تۆ» دووبارە «ئێوە»، نەخێر دیسان «تۆ»...

خۆ لەبارەی نووسین و مووسینەوە ئەوە هەر هیچ و...

– بۆ چتان ویستبووم؟

کابرا هیچ نەبێ بڵێ «زۆرم مەراق بوو، هەروا ویستم بەخزمەت بگەم، حاڵێ حسابێ، خۆشە، کەچی گوتی»:

– من؟ ها، ڕاستە... وانێک... وتارم دەوێ.

کابرا وەکو مەئمووری ئیجرا کە بۆ ماڵ حیجزکردن دێ بەو ڕەنگە داوای نووسینی لێ کردم.

– زۆر بەجێیە، با بنووسم.

کابرا لێم ورد بووەوە، ڕووبەڕووم هەر دەیگوت:

– سەیرە... بەڕاستی سەیرە!...

جارێکی تر، گوتمەوە.

– بنووسم.

– من کۆوارەکەم هەفتانەیە، هەفتەی دوو وتارم گەرەکە بەڵام دەبێ وتارەکان لە ڕۆژی خۆیدا و لە کاتی خۆیدا تەسلیم بکەی!

من لەسەر کار گاڵتە و ماڵتەم نایێ. ئەمە یەک...

دواجاریش نابێ نووسینەکانت هەڵە و مەڵەی ئیملای تێدا بێ. دەبێ زۆر

ورد بی!...

– دووەم،

– پاشان خەتەکەشی خۆش خوێن بێ، چاکتر وایە بەتایپ بینووسی.

کابرا لە دۆستەکەی پرسیبووم «تۆ بڵێی بە سەت لیرەی بنووسێ؟»

دیارە بەسەت لیرە کرە دەکا.

هەستایە سەرپێ گوتی:

– کارم هەیە، من دەڕۆم، وتارەکان زوو بێنە!

بەدوعا.

هێشتا نەچووبووینە دەرێ، گوتم:

– بێ زەحمەت باسی پارەمان نەکرد.

– ئاسانە جانم، کێ هەقی تۆ دەخوا. پەسندی کەم وتاری پێنج لیرەت دەدەمێ، بۆت دەست دەدا؟

– وەڵڵاهی زۆر کەمە...

– ئیتر خۆت دەزانی.

– باشە... ڕازیم...

هەر لەوێ دەرچووم، گورج تەلەفۆنێکم بۆ ئەو کابرایەی تر کرد کە بۆ ماڵەوەی بانگ کردبووم:

– کاکە من حەسەنم.

– فەرموون گەورەم.

شەرت بێ داخی کابرای پێشوو بەتۆ بڕێژم.

– کاغەزەکەم وەرگرتن، بەڵام کارم زۆرە و بەداخەوە ئەمڕۆ ناتوانم بێم.

– ئامان سەد ئامان گەورەم، تکا دەکەم.

– ناکرێ!

– کەواتا با بکەوێتە سبەینێ...

– با لە دەفتەری یاداشتەکەم بنوارم... ها...

– سبەینێش نابێ، سەرم زۆر قاڵە.

– دووسبەی؟

– ناتوانم، مەشغوڵم...

– گەورەم ڕۆژنامەیەکی نوێ دەردێنین... تکای وتارنووسینتان لێ دەکەین.

– جا دەبێ من بێمە خاک و پای ئێوە برادەر!

– داوای لێبووردن دەکەین. دەنووسن. نا؟

– دەستم ناگا، ناتوانم.

– دەخیلە گەورەم، هیزە فریامان کەون.

– دەخیل و مەخیل و هیزە و میزە نییە نانووسم.

– چ ئەمر دەفەرموون دەیدەین.

– مەسەلە پارە و مارە نییە، دەستم ناگات، کارم زۆرە.

– گەورەم خاترمان مەشکێنن.

– دەبا جارێ ڕۆژنامەکەتان دەرچێ ببینم.

– کەواتا قوبووڵ دەفەرموون، زۆر سوپاس... من دەزانم ئەوەی ئێوە دەینووسن لە نرخ نایە، بەڵام چونکە تازەین دانەی سەت لیرەتان بۆ حسێب دەکەین باشە؟

– کەمە... من بە سەت لیرە دەست لە قەڵەم نادەم...

– گەورەم، دەست مەنێ بە ڕوومانەوە، با لەسەر سەت و بیست و پێنج پێک بێین.

– دە قەیناکا، ئەویش لەبەر خاتری ئێوە.

بەڵام دەبێ ئەوەندە بزانی کە من لە کاردا گاڵتە و جەفەنگ نازانم. پارەی نووسینەکانم پێشەکی دەوێ.

- بەسەر چاو.

- هەموو ڕۆژێ یەکێ دەنێرییە ماڵەوە، نووسینەکانی دەدەمێ...

- ئەمر دەفەرموون...

- ئیدی هەر هێندە! چاق تەلەفۆنەکەی داخست.

جا ئێستا بۆ دوو جێگە دەنووسم، یەکێکیان بە پێنج لیرە، ئەوی تریان بە سەت و بیست و پێنج لیرە... بە من چی، کێ پارە دەدا، بیدا خۆ من لە هەموو نووسینێک شەست و پێنج لیرەم بۆ دەمێنێتەوە، منیش هەر ئەوەم گەرەکە.

پاشکۆی عێراق، ژمارە ١٩٧٨/٨/٢١

سفره و خوانی بەربانگکردنەوەی ماڵە مەدەنییەک

عەزیز نەسین

– فەرمووە ئەم ئێوارەیە پێکەوە بەربانگ بکەینەوە.

گوتم:

–ڕۆژوو ناگرم.

– جانم، جا کاممان ڕۆژووگرین؟

لەمێژە، ئێوارەیەکیان دەعوەتی ئەم زاتەم قوبووڵ کرد و بۆ بەربانگکردنەوە چووم بۆ ماڵیان. هێشتا بۆ بەربانگکردنەوە نیو سەعاتی مابوو، سفرە و خوان داندراوە، بەڵام لە سفرە و خوانی ئارەق و مەزە و شتی وا پتر دەچی. ئارەق، بەفر، میوە، زەڵاتە، ترشیات، بستە و چەرەز، شتی سوورەوەکراو.. کچێکیش دێت و دەچێ، هەر دەڵێی جیوەیە، جوان، بزێو، ئیتر مەپرسە. کچە قاچ لەسەر قاچ بەرانبەرم دانیشت، بەڵام وا شڵەژام لە شەرمان هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی ڕووی تێ بکەم. بەدەست خۆت نییە؛ هەرچەند نەشتەوێ، بەڵام چاوە و چی لێ دەکەی کچە پەیتاپەیتا وەکو مەکینە قسەی دەکرد، منیش چاوم لە بنمیچەکە بڕیبوو، گوتم خۆ دەبێ منیش شتێ بڵێم، پرسیم:

– لە کام فێرگە دەخوێنی؟

دایکی هەڵی دایێ:

– گوتمان نەوەک هەڵبێ، هەرکە خوێندنی ناوەندیی تەواو کرد، لە فێرگەمان دەرهانی.

باوکی خەریک بوو پێکم بۆ بکا، نامەخوا کچە وەکو لەشی دەزریاژن بکرێ، زریکاندی:

– ئا ئا ئا، وەڵاهی نابێ، هێشتا تۆپی بەربانگ ئاگر نەدراوە.

پرسیم:

بە ڕۆژوون؟

گوتی:

– نەخێر، بەڵام ئێمە لە حەن داو و دەستووری باو و باپیران یەکجار ملکەچین.

کچی تاین نۆرەی قسەکردنی لە باوکیشی و لە دایکیشی و لە داپیریشی داگیر کردبوو، دەتگوت عەینەمەلە دەخوێنێ، پرسی:

– حەز لە کتێب و متێب دەکەی؟

چت لێ بشارمەوە، کە ئەم پرسیارەی لێ کردم، نەک وەکو لە سەربان بکەومە خوارێ، بگرە وەکو لە سەربانەوە میز بەخۆمدا بکەم، پەشۆکام.

گوتم:

– حەزی لێ دەکەم.

کچە وەک زەمبەلەک ڕاپەڕی، کتێبێکی لە ئەتاژێرەکە دەرهانی و بۆی درێژ کردم و گوتی:

– ئەم کتێبەتان خوێندووەتەوە؟

کە سەیری کتێب دەکەم (ژیانی جنسیمان)ە.

بە باوکیم گوت:

– ماشەڵا کچەکەتان زۆری حەز لە خوێندنەوەیە.

دایکی هەڵی دایێ:

– گوتمان نەوەک ڕابکا، ئیتر بۆ فێرگەمان نەنارد، بەڵام مامۆستای تایبەتمان بۆ ڕاگرت، لە ماڵەوە فێرمان کرد.

تۆپ ئاگر درا، لە دەوری سفرە و خوانی بەربانگ (!) ئاڵقەمان بەست. کچە پێکی بۆ هەمووومان کرد و خۆی لە پێش هەموانەوە پێکەکەی هەڵگرت و

گوتی:

– بەخێر بێن!

هەریەکە پێکی خۆمان هەڵدا. دایکی گوتی:

– گوتمان نەوەک هەڵبێ، نەمهێشت هێندەی بستێکم لێ دوور کەوێتەوە.

– مەزە نافەرموون؟

دایکی دەیویست پتری ڕوون بکاتەوە:

– گوتمان نەبادا هەڵبێ و شتێکی لێ بقەومێ.. باوکی خۆی تێ هەڵکێشا و لەسەر قسەکانی دایکی ڕۆیشت و گوتی:

– بۆ دەرەوەی زۆر نانێرین...

– جەناب، کچەکەم...

باوکی:

– بۆ ئەوەی ڕانەکا و لەگەڵ بێگانە و مێگاناندا..

دایکی:

– ڕێگەی گەڕان و ئەملا و ئەولای نادەم...

باوکەش و دایکەش و کچەش وا دیاربوو خواردنەوەکەیان لە سنوور ترازاندبوو و دەیانبزرکاند:

– تۆ عەشقی خوا ئەگەر لە مەزەکان نافەرمووی، بەربانگکردنەوەیە بێ بەڵا بی!

کچە قەوانێکی هەوا و ئاوازی سەما و دانسی بە شیرِ و هۆڕی خستە سەر پیکاپەکەیان...

دایکی:

– گوتمان نەوەک هەڵێ و لە دەرەوە دانس و مانس بکا...

باوکی:

– ئەرێ، قەت ڕێگەی شتی وای دەدەین؛ تا ئێستا بۆچی ڕۆژێ لە ڕۆژان

خوانەخواستە... نامووس وەکو هیچی تر نییە برادەر، زۆر ناسکە... ئەوە بۆ ناخۆیتەوە...

باوکە لەسەر کورسییەکەی پان بووەوە و دەستی بە پرخ و هۆڕ کرد. ئیتر درەنگ بوو. کە دوعاخوازیم لێ کردن، کابرایان بەزۆر لە خەو ڕاپەڕاند.

– سبەی ئێوارەش هەر لە ماڵی خۆمان بەربانگ دەکەینەوە...

دایکی گوتی:

– کچم میوانەکە بەڕێ کە، تا ئێستگەی پاسەکانی بەرە.

بەرێکی بەلای منیشەوە کرد و گوتی:

– لەگەڵ بێگانە و مێگاناندا قوبووڵ ناکەم، بەڵام جەنابت بە بێگانە نازانین.

باوکی بەدەم و فلّتی سەرخۆشانەیەوە قیڕاندی:

– یەعنی چی، بۆ تا ئێستا لەگەڵ هیچ بێگانەکەیدا... خوامە و خوا...

نۆرەی قسەکردنیان لێ تەنی بووم، سا هەرچۆنێ بوو، هەلم بۆ هەڵکەوت. گوتم:

– ببوورن، با لەمە زیاتر هەڵنەیەین و پێی لێ هەڵنەبڕین، من بە تەنیا دەڕۆم، ڕێگەکە شارەزام. بەخواتان دەسپێرم.

ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٢٧ حوزەیرانی ١٩٧٥